# لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

د. سافیە محەمەد ئەحمەد

هەولێر - ٢٠١٣

# لادان لە شیعری
# هاوچەرخی کوردیدا

# لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

د. سافیە محەمەد ئەحمەد

هەولێر - ٢٠١٣

* ناوی کتێب: لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

* لێکۆڵەر: د. سافیە محەمەد ئەحمەد.

* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.

* نەخشەسازی: عیسام موحسین.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٥٠).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٩٤)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

* ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا نامەیەکی دکتۆرایە پێشکێش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە.

## پێشـەکی

توێژینەوە لە هەر بوار و لایەنێکی دەقی ئەدەبی کـارێکی مەبەسـتدارە و کۆمەڵێك ئامانج لە خۆوە دەگرێت، لادانـیش یەکێکـە لـە بونیاتـەکانی زمـانی شیعری؛ بۆیە:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـانی (**لادان لـە شـیعری هاوچـەرخی کوردیـدا (١٩٨٠–١٩٩١) لێکۆڵینەوەیـەکی شـێوازگەرییە)دا** ئەنجامـدراوە، تێیـدا هەوڵدراوە چەمکی لادان بە گشتی و لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتی بخرێتە ڕوو، ئەمەش بە پشتبەستن بە نموونەی شیعری کـوردی لـە قۆنـاغی ناوبراودا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

وەك بابـەت، لادان بنەمایـەکی سـەرەکیی شـێوازی ئەدەبییـە، لەلایـەکی دیکەشـەوە لـە سـۆنگەی کـەمیی توێژینـەوە و هـەبوونی چـەند کـەلێنێك لـە توێژینـەوەکانی تایبـەت بـەم بـوارە لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا، ئـەم بابەتەمان هەڵبژاردووە. وەکو قۆناغیش

قۆناغی شیعریی کوردی لە (١٩٨٠ – ١٩٩١)هەرچەندە توێژینەوەی تـری لەبارەوە ئەنجامـدراوە، بـەڵام ئامـانجی توێژینەوەکـەمان جیـاوازە و پـتر لـە ڕەهەنـدێکی شـێوازگەرییەوە سـەرنجی قۆناغەکـەمان داوە، ئەمـەش بـۆ ئـەو گۆڕان و تەکانە نوێیەی شیعری کـوردی دەگەڕێتـەوە، کـە لـەم قۆناغـەدا بـە خۆیەوە بینیوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

دیارە توێژینەوەکە بۆ چەمکی لادان لە شیعری کوردیدا تـەرخانکراوەو و تەنیا ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٨٠–١٩٩١)گرتۆتـەوە، لـەم قۆناغەشـدا لەبـەر

بەرفراوانیی بابەتی لادان، کە پێوەندی بە زمان و سەردەم و شێوەزار و کۆمەڵێك بونیاتی جۆراوجۆرەوە هەیە؛ بۆیە:

ا/ تەنیا ئەو دەقە شیعرییانەمان هەڵبژاردوون بە کرمانجی خواروو لە کوردستانی عێراق نووسراون و بڵاوکراونەتەوە.

ب/ نموونە شیعرییەکان تەنیا لەو کۆ شیعرانەوە هێنراونەتەوە بە شێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە، لێرەشدا ئەو بەرهەمانەی دەقەکانیان مێژووی نووسینییان لەسەرە، ڕەچاوی مێژووی نووسینی سەر دەقەکان کراوە و تەنیا ئەو دەقانە وەرگیراون بە پێی مێژووەکەیان دەکەونە نێو قۆناغی توێژینەوەکەمانەوە.

ج/ ئەگەر چی لە نێوان سالآنی (١٩٨٠ـ ١٩٩١) پتر لە (٢٠)نامیلکەی شیعریی لە کوردستانی عێراق بڵاوکراونەتەوە، بەڵام نموونەی شیعرییمان زیاتر لە چەند شاعیرێکی ئەو ماوەیە هێناوەتەوە. وەك (ئەنوەر مەسیفی، جەلال بەرزنجی، جەمال شاربازێڕی، ڕەفیق سابیر، سەباح ڕەنجدەر، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، عەبدوڵڵا عەباس، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، فەرید زامدار، قوبادی جەلیزادە، کەریم دەشتی، موحسین ئاوارە، موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، نەوزاد ڕەفعەت). هەڵبەتە شاعیری دیکەش هەن، بەڵام تەنیا لەبەر سنووربەندیکردنی ئەکادیمی، نەکەوتوونەتە نێو بازنەی تۆژینەوەکەمانەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

کارکردن لەبارەی چەمکی لادان، خۆی لە خۆیدا کارکردنە لەبارەی زمان و شێوازی دەقی شیعریی؛ بۆیە لە ڕووی پراکتیکییەوە سوودمان لە چەند ئاراستەیەکی ڕێبازی شێوازگەری بینیوە. ئەگەرچی توێژینەوە شێوازگەرییەکان زیاتر وەسفیین و دوورن لە هەڵسەنگاندن، بەڵام لەبەر پێویستیی بابەتیی و بایەخی بڕیاری ڕەخنەیی، لە هەندێك شوێنی توێژینەوەکەدا بڕیاری ڕەخنەییمان داوە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

کەمی سەرچاوەی ڕەسەن و تێروتەسەلی ڕەخنەیی تایبەت بەم بوارە لە کتێبخانەی کوردیدا، سەرەکیترین گرفتی ئەم توێژینەوەیە بوو، هەروەها لە وەرگێڕان و دانانی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا لەبەرنەبوونی فەرهەنگێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی دەوڵەمەندی کوردی گرفتمان بۆ دروست دەبوو.

**پرۆگرامی توێژینەوەکە:**

چەمکی لادان بابەتێکی فرەلایەنە؛ بۆیە توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئاستە جیاوازەکان پلانڕێژیی بۆ کراوە و چوار بەشی لە خۆگرتووە:

– **بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (چەمکی لادان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی)یە** بەشێکی تیۆرییە و دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی کراوە:

– **تەوەری یەکەم:** چەمکی لادان لە ڕووی زمان و زاراوەوە ناسێنراوە و پێوەر و ئەرکەکانی لادانیش خراونەتە ڕوو. بە پشت بەستن بە پۆلینی جۆراوجۆریش جۆرەکانی لادان دەستنیشانکراون.

– **تەوەری دووەم:** بەناونیشانی (چەمکی لادان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا)، بە پێی زنجیرەیەکی مێژوویی، تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و وتارە زمانی و ڕەخنەییەکانی تایبەت بەم بوارە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

– **بەشی دووەم:** بە ناونیشانی **(لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکاندا)یەو** لە **(پێش باس)**دا باس لە گرینگیی ئاستی پێکهاتەیی کراوە لە بونیاتی زمانی شیعرییدا و بەشەکە بە سەر دوو تەوەری سەرەکیدا دابەشکراوە:

– **تەوەری یەکەم: (لادان لە ئاستی وشەدا)** گرینگیی وشە وەك پێکهاتێکی زمانی شیعریی و لادانە وشەییەکانی تێدا بە نموونەوە خراونەتەڕوو.

– **تەوەری دووەم**: **(لادان لە ئاستی ڕستەدا)** دوای باسکردنی گرینگیی ڕستە وەك کەرەستەیەکی زمانی شیعریی، بە نموونەوە باس لە لادانە ڕستەییەکان کراوە.

– **بەشی سێیەم:** بە ناونیشانی **(لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکاندا)**، بە نموونەی شیعریی باس لە لادانە واتاییەکان و ئەدگار و میکانزمەکانی لادان لەم ئاستەدا کراوە.

– بەشی چوارەم: بە ناونیشانی **(هەندێك جۆری تری لادان)**، تێیدا لەسەر بنەمای بونیاتی دەق و داهێنان و بەکارهێنان و ئێستێتیکا، چەند جۆرە لادانێك بە نموونەی شیعرییەوە خراونەتەڕوو.

– ئەنجام: هەموو ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێیگەیشتووین خستوومانتەڕوو.

– پاشکۆ: چەند نموونەیەکی شیعریی جۆرەکانی لادان لە بەشەکانی نامەکە خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، هیوادارین خزمەتێکی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان کردبێت.

## بەشی یەکەم

# چەمکی لادان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

### تەوەری یەکەم: چەمکی لادان

**١- ١- ١: لادان، زمان و زاراوە:**

چـەمکی لادان چـەمکێکی فـرە ڕەهەنـدە، بـەو مانایـەی لـە سـنوور و بوارەکانی تری ژیانی وەك (دەروونناسی، ئایین، کۆمەڵناسی، فیزیا.....تـاد) ئامادەیی هەبووە و لە هەریەکێك لەو بوارانەدا بە واتـا و مەبەسـتی تایبـەت و دیـاریکراو بـەکارهێنراوە. ئـەوەی ئێمـە دەمانـەوێت لێـرەدا باسـی بکـەین، چەمکی لادانە لە بواری ئەدەبدا، کە هەڵگری هەنـدێك سـیما و تایبەتمەندییـە لەم بوارەدا و جیایە لە بوارەکانی تر؛ چونکە لادان لێرەدا پێوەندی بە زمـان و پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە.

ئەمەش بە جیاوازی لەگەڵ بوارەکانی تر، کە زیاتر لایەنی هەڵسوکەوت و ڕەفتـار و خوڕەوشـتەکانی مـرۆڤ دەگرێتـەوە، کـە بەچـاو دەبینـرێن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت؛ بەڵام لە بواری ئەدەبدا، نووسەر چـەمکی لادان لـە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبییدا بەرجەستە دەکات و خوێنەریش هەر لە سەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر جـۆر و چـۆنییەتی لادانـەکانی ئـەو نووسـەرە دەدات؛ بۆیە دیاریکردنی چەمکەکەی بە گشـتی و لـە بـواری ئـەدەبیش بـە تایبـەتی، کـارێکی تـا ڕادەیـەك دژوار و قورسـە؛ چـونکە زمـانی ئـەدەب – شـیعر بـە تایبەتی– زمانێکی چڕ و سرووشبەخشە لـە چـاو ئاخـاوتنی ئاسـایی ڕۆژانـە، لادانیش لەم زمانـەدا، ئـەدگارێکی سـەرەکییە بـۆ دەقـی شـیعریی، هـەر لـەم سـۆنگەیەوە (جـان کـۆهین) پێیوایـە: ((هـیچ شـیعرێك نییـە خـاڵی بـێ لـە لادان))[١٢٩: ١٩٢]؛ بۆیـە هـەموو ئـەو ئـەدگار و پێکهاتانـەی شـیعر لـە دەربڕینێکی ئاسایی و جۆرەکانی تـری ئـەدەب جیادەکاتـەوە، زۆربـەی جـار

دەوەستێتە سەر جۆر و ڕێژەی ئەو لادانانەی لە ئاست و بونیاتە جۆراوجۆرەکانی دەقی شیعری ئەنجام دەدرێنن، کە ئەمەش لە لایەك پەیوەستە بە لایەنی ویژدانی و خودی شاعیر، لە لایەکی تریش بەو قۆناغ و سەردەمەی بەرهەمەکەی تێدا نووسراوە؛ چونکە شاعیر بە گشتی هەوڵدەدات بە زمانێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش بنووسێت، زۆربەی ئەو کاریگەری و چێژ و ئێستێتیکای شاعیریش بەرجەستەیان دەکات بۆ شیعرەکەی و بە دوایاندا دەگەڕێت بە ڕێگەی لادان و دەرچوون لە یاسا و دەستووره باوەکان بەدی دێت؛ بۆیە دەگوترێت: ((شیعر سیستەمێکە لە لادان))[١٨٢: ٣٢١]؛ بەڵام مەرج نییە هەموو لادان و دەرچوونێك لە یاساو کۆت و بەندە باوەکان، لادانێکی هونەریی بەرهەم بێنێت؛ بەڵکو دەبێت بە پێی سیستەم و یاسایەکی ڕێکخراو کاریان پێ بکرێت و ((لادانی هونەری ئەوەیە کە خوێنەر مانای نوێی تێدا بەدی بکات))[١٣١: ٢٣٢]، کەواتا لادان یاسای تایبەت و مەبەستێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەم یاسا و مەبەستانە لەبەرچاو بگیرێن.

**أ- لادان لە ڕووی زمانەوە:**

لە فەرهەنگی* چەند زمانێکدا واتای لادان بەم واتایانە لێکدراوەتەوە:

١- لادان:لابردن[٨٤: ٤٨٠].

٢- لادان:١- خستنە کەنارەوە. ٢- لە ڕێ لای دا. ٣- انحراف [٨٥: ٧٥٠].

٣- ترازان: ((dislocation

داڕشتەیەکی ڕێزمانییە کە تێیدا ناو، یان پارچە ڕستەی ناوی لە شوێنی ئاسایی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتا، یان کۆتایی ڕستە و شوێنەکەی خۆشی ڕاناوێك پڕی دەکاتەوە.

---

(*) لە کاتی وەرگرتنی واتای وشەی لادان لە فەرهەنگەکاندا، تەنیا ئەو واتایانەمان هەڵبژاردوون، کە پێوەندییان بە لایەنی ئەدەب و لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە؛ چونکە لێکدانەوەی تریشی بە پێی بوارە جیاجیاکان بۆ کراون.

ئەگەر بگوێزرێتەوە بۆسەرەتا ئەوە ترازانی ڕاستی پێ دەوترێت.

ئەگەر بگوێزرێتەوە بۆکۆتایی ئـەوە ترازانـی چـەپی پـێ دەوترێـت [٨٣: ٥٠].

٤- انتزح: دوورکەوتنەوە [٨٢: ٢٦٢٦ ].

ئەمانـە هـەمووی واتـای وشـەی لادان بـوون لـە فەرهەنگـە کوردییەکانـدا هەمووشیان لـە دەوری یـەك واتـادا دەسـووڕێنەوە کـە لادان پـەیڕەونـەکردنی یاسای بنەڕەتییە کە بە لابردن، یان دوورکەوتنەوە، یـان پـاش و پێشخسـتن ڕوودەدەن.

لە زمانی عەرەبییشدا وشەی لادان زاراوەی جیاوازی بـۆ بـەکارهێنراوە و بەم شێوەیە واتاکەی دیاریکراوە:

١- نزح: بەواتای دوورکەوتنەوە و دیارنەمان هاتووە لە جێگـا و شـوێنی سەرەکی خۆی [١٨٧:١٠٣٢].

٢- نزح: کە بنچینەی وشەی (الأنزیاح)ە واتای دوورکەوتنەوەی کەسـێك دەگەیێنێت، کە شوێن، وڵاتی ڕەسەنی خۆی بەجێبێڵێت، دیارنـەمان. [١٨٦: ٢٣١ -٢٣٢].

٣- الشذوذ: بە واتای لادان لە ڕێ، ناوازە، نائاسایی دێت.[١٨٥: ٣٤٦]

لـە زمـانی عەرەبیشـدا وشـەکە بـەواتای دەرچـوون لـە ڕێـی ئاسـایی و دوورکەوتنەوە لە شوێن و ڕەسەنایەتی دێت.

لە زمانی ئینگلیزییشدا بەم  مانایانە هاتووە:

١- (departure)بە واتای (دەرچوون، لادان، گۆڕان) دێت[٢١١: ١٢٦].

٢- (deviate) بە واتای (ڕووداوێکی نوێ، پەرەسەندن، لادەدا، ڕەفتاری خۆی دەگۆڕێ) دێت [٢١١: ١٣٠].

٣- زاراوەکە لە فەرهەنگی (المورد) بەم جۆرە لێکدراوەتەوە:

- (aberrant): لادەر، ناوازە، شتێکی ناوازە لە شتی باو.

- (aberration): ونبوون، لادان بە تایبـەتی لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـت، یـان ئەوەی سرووشتییە، یان ڕێکخراوە [٢١٣: ١٨].

– (deviation):

أ– الانحراف: لادانی دەرزی قیبلەنما لە ناو کەشتی، یان فڕۆکە بەهۆی کاریگەرییە موگناتیسییەکان.

ب– لادانی ڕووناکی.

ت– لادانە لە ئایدۆلۆژیایەکی جێگیر، یان هێڵی پارتێکی جێگیر.

ج– لادانی ڕەوشتی.....تاد.

– ( deviationism): لادانە لە سیاسەتی پارتێکی جێگیر[٢١٣: ٢٦٧].

٤– (diversion)): واتا لادان، جیابوونەوە.

(divert)): لادان، گۆڕین (ئاراستەی شتێك بۆ شتێکی تر) [٢١٢: ١٣٩]

لە زمانی ئینگلیزییشدا لادان بە واتای داهێنان و ناوێزەیی دێت، بە بەراورد بە شتە باو و ئاساییەکان، هەروەها لادانە لە دەستوور و بیرۆکە و ئەو هێڵانەی جێگیر و باون.

کەواتا بنچینەی وشەی لادان لە ڕووی زمانییەوە، هەروەك لە سەرەوە خستوومانەنە ڕوو، هەموویان هەڵگری یەك مانا و مەبەستن، کە ناوێزەی و لادانە لە شتە باو و ئاساییەکان، جیاوازبوون و داهێنانی دیاردەی نوێ، ونبوون و دوورکەوتنەوە لە شوێن و بنچینەی خۆی.

**ب – لادان وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی:**

سەرەتا پێویستە ئەوە ئاماژە بەو بدەین، کە (لادان) لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چەندین زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە، کاتێك وردەبینەوە دەبینین بنەچەی ئەو جۆرا و جۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی کۆنی عەرەبی و دواتریش باسکردنی لای زمانەوان و ئاراستە نوێیەکانی شێوازگەری لای ئەوروپییەکان هەروەك دەبینین لە سەرچاوە ڕەوانبێژییە کۆنەکاندا بە (العدول) لەڕێ لادان، (ضرورات الشعرية) پێویستی شیعری، (شذوذ) نائاسایی، (حذف) قرتاندن، (تغير) گۆڕان ناونراوە زمانەوان و ڕەخنەگر و شێوازگەرە ئەوروپییەکانیش هەریەکە و زاراوەیەکیان داوەتە پاڵ و لە زمانی عەرەبییدا بەم شێوەیە وەریانگێڕاون وەك: جان کۆهین (Le viol) (الانتهاك)

هەڵـە بـەكارهێنان، تـۆدۆڕۆف (L'incorrection) (اللحـن) هەڵـەی ڕێزمـانی و (Laviolation des normes) و (خـرق السـنن) تێپـەڕین لـەڕێ، ئـاڕاگۆن (La transgression) (العصـیان) یـاخی بـوون، كۆمەڵـەی مـۆ (L'alte'ration) (التحریف) گۆڕین، یان قسە هەڵگێڕانەوە، ڤـالێری (L'e'cart) (الانزیـاح)لادان و (L'abus) (التجـاوز) سـەركردن، سـبیتزر (La de'viation) (الانحـراف) خواری، والاك و فاران (La distorsion ) (الاختلال) ناڕێكی، ڕۆلان بـارت ( Le scandale) (الشناعة) دزێویی، بایتار (La subversion) (الاطاحة) ڕووخاندن، تیری (L'infraction) (المخالفة) سەرپێچیكردن [١١٩: ٧٩-٨٠].

خودی زاراوەی لادان ئێستا لە زمانی عەرەبییـدا جگـە لەمانـە: (الكسـر) شـكاندن و (الغرابـە)نامۆیی و (الخطـأ) هەڵـەو چـەندین زاراوەی تـری بـۆ بەكارهاتووە؛ بەڵام (الانزیاح) لە هەموویان زاڵترە (لانحـراف) و (العدول)یشـی بۆ بەكاردێت، جگە لە بەكارهێنانی زۆری زاراوە لای ئەوروپییەكان هۆكارێكی سـەرەكی تـر ئەوەیـە، كـە ڕەخنـەگرە عەرەبـەكان هەریەكـە و بـە جۆرێـك زاراوەكانیان وەرگێڕاوە و بە پێـی تێگەیشـتن و ئـارەزووی خۆیـان بـۆ مانـای زاراوەكە* و كاریگەربوونی هەریەكێكیان بە بۆچوونی یـەكێك لـە ڕەخنـەگرانی ئەوروپی؛ بۆیە هەموویان هـاوڕا و كـۆك نەبوونـە لەسـەر تاكـە زاراوەیـەك بـۆ نموونە: لـە كاتێكـدا (د.صـلاح فضـل)لـە نووسـینەكانیدا (الكسـر) شـكاندنی بـەكارهێناوە، بـەڵام (د.عبـد السـلام المسـدی) (المخالفـە) سەرپێچـیكردنی بـەكارهێناوە، (د.عـدنان بـن ذریـل) كۆمـەڵێك زاراوەی تـری وەك (الجسـارة اللغویـة) ئازایـەتی زمانـەوانی، (الابتكـار) داهێنـان، (الخلـق) دروسـتكردنی بەكارهێناوە، ئەم حاڵەتەی زۆری زاراوەییە درێژبۆتەوە ناو ڕەخنەی ئـەدەبی كوردی و ڕەخنەگرانی كوردیش بە هەمان شێوە زاراوەكـانی (تـرازان، خـزان، لادان، دووركەوتنەوە.....تاد) یان بەكارهێناوە، كە لە تەوەری دووەمی ئـەم

(*) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە [١٨١: ٣٢،٣٣]، كە تێیدا زۆر بە وردی هـەموو زاراوە و وەرگێڕانـە جیاجیایانی لە لایەن ڕەخنەگرانی عەرەبەوە ڕوون كردووەتەوە.

بەشەی توێژینەوەکەماندا بە شێوەیەکی وردتر و تایبەتیتر تیشکی دەخەینە سەر.

لە بواری ڕەخنە و تیۆری ئەدەبدا، باسکردنی لادان بۆ یەکەم جار لە کتێبی (هونەری شیعری)ی ئەرستۆ (٣٨٤–٣٢٢پ.ز) بەرچاو دەکەوێت، یان بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەرستۆ یەکەم کەس بووە باسی لە لادان کردووە وەك دیاردەیەکی ڕەخنەیی؛ بەڵام بێ ئەوەی ناوی بێنێ، یان ناوێکی لێبنێت، بەڵام بە زمانی شیعری پەیوەست کردووە و دەڵێت: ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەڕووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوە مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو)وشەی خوازراوە و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ))[٧٨: ٨٣].ئەوەی لەو پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە، کە زمانی ئاسایی پێوەری جیاکردنەوەیە لە زمانی شیعر.

مەرج نیە لادان لە شیعر دا هەر لایەن و ئاستەکانی زمان بگرێتەوە، بەڵکو دەکرێ هەرلایەنێکی تربێ لە شیعردا، گرینگ ئەوەیە ناباو بێ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لایەنەکانی تری پێکهاتەی شیعر بە ڕوخسار و ناوەرۆکیشەوە. (ئەرستۆ) لەبارەی داهێنانی وشەی شیعری دەڵێت: ((وشەیەکە لەناو خەڵك بەکار نەهاتووە شاعیرخۆی دایدەهێنێ))[٧٨: ٧٩].لێرەدا ئەرستۆ ئاماژەی بە یەکێك لەڕێگاکانی پەیدابوونی لادان کردووە لە زمانی شیعریدا، کە ئەویش داهێنانی وشەی نوێیە.

دوای ئەرستۆ لادان وەك زاراوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە فەرهەنگە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە:

١– المخالف (سەرپێچیکار): (ابن سنان)پێی وایە سەرپێچیکردن: بریتییە لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی دوو وشەی دژیەك وەك: ڕەش و سپی و دەڵێت: ئەو سەرپێچیکردنە ڕێبازی شاعیرەکانە؛ چونکە بەردەوام سوورن لەسەر ناوبردن و درێژەدان پێی.

بەڵام (قدامة بن جعفر) ئەمەی بە سەرپێچیکردنی دابونەریت ناوبردووە ئەمەش لە عەیبەکانی واتایە ئەوەی دێت لە دابونەریت و پاشخاندا نییە[١٨٩: ٢٢٩ ].

٢- دەرچوونە لە یاسا و سەر پێچیکردنی پێوەر ئەو دەرچوونە لە زاراوەی زمانەوانییە نوێیەکاندا هەموو گۆڕانێك لە ڕێکخستنی پیتەکانی ناو وشەیەك و وشەکان لەناو ڕستە و بەکارهێنانی دەربڕین بە شێوەی خوازەیی بۆ مەبەستێکی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە[١٩٢: ١١٨].

٣- أ- الانحراف (لە ڕێ لادان): دەرچوونە لە پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵەی تێیدا گەشەی کردووە.

ب- التحريف (گۆڕین، قسە هەڵگێڕانەوە): شوێن پەنجەی نووسینی دەقێکە کە ڕێگا بە خۆی دەدات هەرشتێك بڵێت.

ج- التحريف النص (گۆڕینی دەقی): تێپەڕاندنە لە نووسین بە کرتاندن، زیادکردن.....تاد.

د - التحريف الشكلي أوالمضموني (گۆڕینی ڕوخساری، یان ناوەرۆکی)خۆی لەگەڵ هەمان ئەنجام ڕێك دەخات.[١٩٠: ١٦٢].

٤- أ- أغلوطة القصد: هەڵەی مەبەستدار: (intentional fallacy )

دەربڕینێکە بۆ وەسفکردنی بڕیاردانی هەڵە بەکاردێت لەسەر مانای کاری ئەدەبی و سەرکەوتنی شوێنی مەبەستی ئاشکرای نووسەر دەگرێتەوە لە نووسینەکەیدا.[١٩١: ٣٨].

ب- الرخصة الشعرية (الاجازة) ڕوخسەتی شیعریی (مۆڵەت وەرگرتن) (potic licensa)

ئازادییە، کە نووسەر، یان شاعیر، یان ڕۆماننووس، یان شانۆنووس، یان وتارنووس بەخۆی دەدات بۆ بەدیهێنانی کاریگەرییەکی مەبەستدار بە دەرچوون و لادان لە شێوە و یاسا چەسپاوەکان هەتا بە لادان لە واقیع و مەنتق. زۆربەی نووسەران بە تایبەتی شاعیر مۆڵەت بەخودی خۆی دەدات بۆ دەرچوون لە ڕیزبوونی باوی وشەکان و ڕوخسەت وەردەگرێت لە

بەکارهێنانی وشە کۆن و بەسەرچووەکان، یان بەکارهێنانی زمانێکی خوازراو و زێدەڕۆیی کردن لەو بەکارهێنانە، بەکارهێنانی مۆسیقا و ڕێکخستنی مۆسیقایە بە جۆرێك، کە لە ئاخاوتنی ئاساییدا نییە[١٩١: ١٦٨].

زاراوەی لادان لە فەرهەنگە ئەدەبییەکانی زمانی ئینگلیزی (DEVIATION) ی بۆ بەکاردێت، واتای زاراوەکە بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

١- أ- (Deviation): لادان: کردارێکە، کە لە کاری ئاسایی و پەسندکراو دوور بێت، جیاواز لەوەی، کە چاوەڕوان و پەسند دەکرێت: لادانە لە نەریتە پەسندکراوەکانی پێشوو، لادانی ڕەگەزە، لادان لە پلان. [١٩١: ١٦٨]

ب- (Device): ١- ئەنجامدانی کارێك، کە ئەنجامێکی تایبەت بەرهەم دێنێت. ٢- پیلان، یان فێڵێکە لە لایەن کەسێك بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی شتێك. [٢١٥: ٤١٦]

٢- (Device): زاراوەکە لە ماتماتیك وەرگیراوە، بە تایبەتی بۆ ئەو دانەپاڵ و بەکارهێنانە زمانەوانییانەی بۆ وەسفکردنی نیشانە بەرجەستەکان و بونیاتنانێکی تایبەت بەکاردێت، کە ناتوانرێت شرۆڤەی بۆ بکرێت. [٢١٤: ١٣٤]

لە ئەنجامی خستنەڕووی هەموو ئەو زاراوە جیاجیایانەی، گوزارشت لە لادان دەکەن بۆمان دەردەکەوێت، کە لادان:

١- دیاردەیەکی ئەدەبییە لە شیعر و ڕۆمان و وتار و شانۆدا هەیە.

٢- بە واتای دوورکەوتنەوە و تێپەڕین لە دەستوور و یاسا و دابونەریت و زمانی ئاسایی دێت.

٣- بە چەندین ڕێگاو لە ئاستە جیاجیاکانی وەك دەنگ و ڕێزمان و واتاو تەنانەت واقیع و مەنتقیش ئەنجام دەدرێت.

٤- لادان پێوەر و یاسایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو شاعیر و نووسەران ڕێگە بە خۆیان دەدەن و ئەنجامی دەدەن.

ئەگەر سەرنج لە چەند سەرچاوەیەکی تیوری نوێی ئەدەب بدەین بە هەمان شێوەی زاراوەکان پێناسەی هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگی چەمکی لادان بە دی دەکەین، هەریەکەیان لە ئاسۆیەکەوە سەرچاوەی گرتووە و مانا و مەبەست و نیشاندەری جۆر و ئاستێکە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتگیر و سەرتاپاگیری بۆ لادان کارێکی قورس بێت، بە جۆرێك بتوانێت هەموو ئەو پێناسانەی بۆی کراون لە بازنەی یەك پێناسەدا بخرێنە ڕوو.

(جان کۆهین) بنچینەی ڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر چەمکی لادان دامەزراندووە و پێیوایە لادان تاکە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشانە و دەڵێت: ((لادان لە نێو شیعر تەنیا هەڵەیەکی مەبەستدارە، تا لە ڕێگایەوە بگەنە ڕاستکردنەوەکانی تایبەت بە شیعر))[١٨١: ٢٢٦]واتا لادانەکانی شیعر بە مەست ئەنجام دەدرێن و ڕێگەش بۆ زانینی هەڵەکانی تر خۆش دەکات.

(أميمة الرواشدة) پێی وایە، کە لادان ((بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە لایەن داهێنەرەوە، (گوزارە، پێکهات، وێنە) بەکارهێنانێکی بەدەر لە هەموو ئەو شتانەی باو و ئاساین، تاکو ئەدگاری داهێنەرانە بە بەرهەمەکەی ببەخشێت لە تایبەتمەندێتی و هێزی سەرنجڕاکێشان))[١٥٠: ٤٣] کەواتە لادان دەبێتە بنەمایەك بۆ بونیاتنانی پرۆسەی ئەفراندن و دەرکەوتنی کەسایەتییەکی داهێنەرانە، بەڵام لای (د.أحمد ويس) لادان پێوەرێکە بۆ ئاخاوتنی هونەریی و دەڵێت: ((لادان جیاکەرەوەی نێوان ئاخاوتنی هونەری و نا هونەری یە)) [١٢٥: ٧].

(د.منذر عياشي) کردەی لادانی لە سەرپێچیکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان چڕکردۆتەوە و دەڵێت: ((بە مانایەکی ورد سەرپێچیکردنی دەقە لە یاسایەك لە یاساکانی ڕێزمان چ یاسای تاك، یان کۆ.....تاد، بە واتایەکی فراوانتر، لە دەرچوونی ئاخێوەر لە ئاخاوتنی ئاسایی خەڵك بە دیاردەکەوێت و جیاواز دەبێت لە ڕێکخستنی وشەکان لە ڕستەدا، یان لە لۆژیکی پێکهاتی

واتادا.....تاد)) [۱۲۰: ۹۵]. واتا لادان بە گشتی لە زمانی ئەدەبی و هونەردا هەیە بە تایبەتیش پەیوەستە بە یاسا ڕێزمانی و واتاییەکانی نێودەق.

بەڵام (هنریش بلیپ) پێی وایە ((لادان دەبێت لە لایەك سەرپێچیکردنی پێوەرە ڕێزمانییەکان بێت لەلایەکی تریشەوە گرێدانی ئەو پێوەرانە بێت بە چەند یاسایەکی زیادکراوە)) [۱۲۷: ۳٦]. واتا شاعیر بە دوو هەنگاو ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئەم تێڕوانینە لای چەند ڕەخنەگرێکی تریش دەبینرێت بەتایبەتی (کۆهین)، کە پێیان وایە لادان لەسەر دوو بنەما کاردەکات: ۱- کەمکردنی یاسا: بە لادان لێی. ۲- زیادکردنی یاسا: بە داهێنانی یاسایێکی نویٚ.

ڕەخنەگرێکیش لادان لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا دەبینێت بە چەندین ڕێگەی جیاواز و دەڵێت: ((هەمووگوتار و دەقێکی ئەدەبی یاسا ڕێزمانییە بابەتییەکان دەشکێنن، یان دەردەچن لە ڕەهەندی ئاسایی زمان، یان قاڵب و شێوازی نویٚ دادەهێنن، یان گوزارشتی نویٚ دەگۆڕنەوە و جێگۆڕکێی پێدەکەن بە گوزارشتی ناباو و کۆن، یان هەڵدەستن بە پێکبەستنەوەیەکی جۆری لە نێوان دوو دەربڕین، یان زیاتر، یان بەکارهێنانی زاراوەیەکی جیا لە بارودۆخەکە، ئەم دەرچوونە لە بەکارهێنانی ئاسایی زمان شێوازگەر و زمانناسەکان کۆمەڵێك زاراوەیان بۆ بەکارهێناوە، دیارترینیان (سەرپێچیکردنە) [۱۲۲: ۲۰]، ئەم ڕەخنەگرە لادانی بە هەموو ئاست و لایەنە جیاجیاکانی ئەدەبەوە بەستۆتەوە و ئەو جۆرانەی باسی لێوە کردوون لە بەشەکانی داهاتووی توێژینەوەکەماندا لە تەوەری تایبەت بە خۆیان دەیان خەینەڕوو.

(شەفیعی کەدکەنی) یش لادان بە یارمەتیدەری خوێنەر دادەنێت لە جیا کردنەوەی زمانی ڕۆژانە و شیعر لای ئەو ((شیعر تێکشکانی نۆرمی (norm) ی زمانی ئاساییە..... شاعیر بە شیعرەکەی خۆی لە زماندا کارێك دەکات، خوێنەر لە نێوان زمانی شیعری ئەو و زمانی ڕۆژانەدا جیاوازی دابنیٚ ))[۲۵: ۱۳]. کەواتە ئەو لادان بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و زمانی ئاخاوتن

دادەنێت نەك ئەدەب واتا لادان بە تێڕوانینی ئەو تایبەتە بە شیعر، بەڵام لە کاتێکدا دەبینین (د.محەمەد مەعرووف فەتاح) داهێنان لە لاداندا دەبینێتەوە؛ بۆیە دەڵێت: ((توانای داهێنان، بە زۆری لە شاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێت) [٦٨: ٣]. واتا مەرج نییە هەر لای شاعیر هەبێت، بەڵکو لای چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیش بەدی دەکرێت.

جگە لەم پێناسانە بە دەیان پێناسەی تریش بۆ لادان هەن، بەڵام لە کۆی هەموویاندا دەگەینە ئەوەی، کە لادان ئەو ڕێگایانەن نووسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بیر و هەست و سۆزانەی، خۆیان دەیانەوێت بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا نییە. ئەمەش بە کۆمەڵێك ڕێگا و شکاندنی یاسا و دەستوورەکانی زمان لە گشت ئاستە جۆراو جۆرەکان دەکرێت.

### ١ – ١ – ٢: پێوەرەکانی لادان

لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، لە باسکردنی چەمکی لاداندا ئاماژە بەوە کراوە کە دیاریکردنی پێوەرێك بۆ کردەی لادان بابەتێکی گرفتاوییە؛ بۆیە بە لای هەندێك لە ڕەخنەگرانەوە ((گرینگترین گیروگرفت، ڕووبەڕووی لادان بۆتەوە بریتییە لە دەستنیشانکردنی سرووشتی پێوەرەکان، کە لادان باسیان لێوە دەکات))[١١٦: ١٩١]. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لادان بەردەوام لە گۆڕان دایە و جێگیر نییە، ((خاڵێکی نییە لێیەوە دەست پێ بکات و خاڵێکیشی نییە لێیەوە ڕاوەستێ))[١١٦: ١٩٠]؛ بۆیە لە دەستنیشانکردنی هەر پێوەرێك ڕووبەڕووی جۆرێك لە کێشە دەبنەوە ئەمەش بۆ خودی دیاردەکە دەگەڕێتەوە، هەروەك (کۆهین) دەڵێت: ((گرفت و کێشەی لادان ئاڵۆز و گۆڕاوە ناکرێت چارەسەری بکەین، تەنیا بە ئاگادارییەکی زۆر نەبێت)) [١٨٢: ٢١٢].

ئەدەبناس و ڕەخنەگرەکان لە توێژینەوەکانیاندا هەوڵیانداوە پێوەرێك بۆ لادانەکان دابنێن، بەڵام دیسان لێرەوە گرفتێکی تر سەرهەڵدەداتەوە

ئـــەویش ئەوەیـــە، کـــە هەریەکـــە و پێوەرێکیـــان دانـــاوە دانـــانی پێـــوەری جۆراوجۆریش بۆ ئەو تێڕوانینە لێك جیاوازانە دەگەڕێتەوە، کە هەریـەکێکیان سـەبارەت بـە لادان و شـیعرییەت هەیانـە؛ چـونکە پێوەرەکـان لـەو تیـور و پێناسانە وەرگیراون، کە لەبارەی لادانەوە هەن، بۆ نموونە: (ئەرستۆ) کاتێك پێی وایە هەر زمانێك ناباوی تێدا بێت لە سـەرووی زمـانی ڕۆژانەوەیـە، ئـەوە پێوەری سەرەکی لێرەدا زمانی ڕۆژانەیە، بەڵام کاتێك (جـان کـۆهین) لادانـی کردووتە بنچینەی تیوری شیعرییەتەکەی و بە بنەمای جیاکەرەوەی شیعر و پەخشـانی دادەنێـت ئـەوا لێـرەدا پێوەرەکـە دەگۆڕێـت بـۆ پەخشـان؛ بـەڵام (ڕۆلان بارت) (١٩١٥– ١٩٨٠) چێژو پلەی سفری نووسین دەکاتـە پێـوەرێکی سەرکەوتوو بۆ لادان کاتێك نموونەی (بەفری سـپی و بـەفری ڕەش)دێنێتـەوە لـە وشـەی یەکـەم پلـە سـفرە و چـێژی تێدانییـە؛ چـونکە هاوتایـە لەگـەڵ باکگراوند و زانیارییەکانی پێشووی خوێنەر، بەڵام لە دووەمدا تێکدانی زمانی ئاسایی و باو دەردەخات و دەرچوونە لە زانیارییە لە پێشینەکانی خوێنەر و تێیدا هەست بە چێژێکی زیاتر دەکات [١٩٢:١١٦].

لای (یاکۆبسن) (١٨٩٦– ١٩٨٢ز)یش پێوەری لادان پەیوەست کراوە بـە هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی*؛ چونکە هەر جۆرێکی لادان لـە هـەر ئاستێکدا وەربگرین لە سەریەکێك لەو تەوەرانە بە ئەنجام دەگەیێنرێت.

لە سەرچاوەکانی ئەدەبناسیدا ئامـاژە بـە هەنـدێ پێـوەری لادان کـراون لەوانــە: (پەخشــانی زانســتی، زمــانی ئاســایی، چــێژ دەوروبــەر (ســیاق)، پەخشان، خوێنەری بە توانا، ئامار، بەکارهێنان، یاسای ڕێزمانی، تەمومژی)، بەڵام پێمان وایە دەکرێ هەموو ئەو پێوەرانە لە سێ پێوەری سەرەکی کورت بکرێنەوە:

---

(*) تەوەری هاونشینی و جێنشینی دوو تەوەری سەرەکی زمـانن هەریەکـە و چـەند مـەرجێکی دیاریکراوییان هەیە، بەڵام ئەو مەرجانە لە زمانی شیعردا جێ بـەجێ نـاکرێن بەمـەش لادان دروست دەبێت یاکوبسن ئـەم تەوەرانـەی کردوونەتـە بنـەمای شـیعرییەت و لـە شیعریشـدا کورتی کردوونەتەوە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە [٦٨:١٧ – ٢٠]

**یەکەم: پێوەری زمانی ئاسایی**

مەبەست لە زمانی ئاسایی ئەو زمانەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، یان نووسینی پەخشانی زانستی بەکاردەهێنرێت (کۆهین) زمانی زانستی بۆ بەکارهێناوە و بەوە پێناسەی دەکات ((بریتییە لەو بەکارهێنانەی، کە نموونەی دەرخستنی زمانێکی بێ شیعرییەتە))[١٨٢: ٢٧٨]. ئەم زمانە (لیوسپیتزەر) (١٨٨٧– ١٩٦٠ز) یەکەم کەس بوو وەك پێوەر باسی لێوەکرد، لەم زمانەدا ئامانجی سەرەکی سوودمەندی و گەیاندنی واتایە بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن؛ بۆیە وشەکانی بە واتای فەرهەنگی خۆیان بەکاردێن و دەستوور و یاسا ڕێزمانییەکانیش بە بێ هیچ کەموکورتییەك لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام لە زمانی ئەدەبییدا، بە تایبەتی لە شیعردا بەم جۆرە نییە؛ چونکە وەك کەرەستەیەك بۆ بەرهەم هێنانی شیعرییەت بەکاردێن ((زمانی شیعرییەتیش زمانێکی لادراوە و سەرپێچیکارە لە زمانی ئاسایی و یاسای ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە))[١٦١: ١٧]. ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر و شاعیران هەوڵی بۆ دەدەن بە زیادکردنی ئەرکێکی تر بۆ زمان، کە بریتییە لە کاریگەری و چێژ و جوانی؛ چونکە لە زمانی ئاساییدا بەها هونەرییەکان بوونێکی ئەوتۆیان نییە لە زمانی هونەریشدا بە هەمان شێوە بە نووسین بە زمانی ئاسایی کار لە خوێنەر ناکات و شاعیر ناتوانێت ئەو مەبەستە بپێکێ؛ بۆیە زمانێکی بەرزتر و وروووژێنەر دادەهێنێ ((ئەمەش لادانە بە پێوەری ئاستە ئاساییەکەی زمان))[١٨٢: ٣٦] بۆ نموونە: کێش و سەروا شاعیر لە پێناو بونیاتنانی مۆسیقایەکی پتەو بۆ شیعرەکەی بە دوای وشەی هاوکێش و هاو سەروادا دەگەڕێ بێ ئەوەی خۆی بەو یاسا ڕێزمانییانە ببەستێتەوە؛ چونکە ئەگەر ئاوڕییان لێبداتەوە دەبنە لەمپەر لە بەردەمی؛ ((بۆیە هاوڕێك نییە لەگەڵ ڕێزمانی پێکهاتەیی، بەڵکو بەمەش لە زمانی ئاسایی دووردەکەوێتەوە و Anti grammatical) پێچەوانەی ئەو ڕێزمانەیە))[١٨٢: ٩٦]؛ لەبەر ئەمە بەدوای ئەو کەرەستە زمانییانەدا دەگەڕێت، کە لەگەڵ سرووشتی کارەکەی خۆی

بێتـەوە، لـە لایـەك مۆسـیقا لـە لایەکـەی تـریش مانـا و ناوەرۆکێـك بـدات بـە دەستەوە؛ لەبەر ئەمە ((بە بەکارهێنانی تایبەتی نیشـانە زمانەوانییـەکان بـۆ ئـەوەی دەلالـەتێکی ئـەدەبی بەرهـەم بێنێـت شـاعیر ئـەو وشـەو پێکهاتانـە بەکاردێنێ، کە لەگەڵ کـێش و سـەروا بگـونجێن))[١٣٠: ١٩١]؛ چـونکە مانـاو دەلالەتی وشە لە ئەدەبدا وەك ئەو مانایانەی ئاخـاوتنی ڕۆژانـە نییـە، بـەڵکو وشە و کەرەستە دەربڕینییەکان زیاتر لە مانا و مەبەسـتێك دەگرنـە ئەسـتۆ، هـەروەها دەبێـت زمـانی ئاسـایی هاوتـای قۆنـاغ و سـەردەمی دەقەکـە وەك پێوەر بەکاربهێنرێت لەکاتی دەستنیشانکردنی لادانـەکانی نـاو هـەر دەقێکـی ئەدەبی؛ چونکە هەموو پێکهات و لایەنەکانی زمان بـە بـەردەوامی لـە گـۆڕان دان و لە هەر کات و قۆناغێکدا سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە یاسا ڕێزمانییەکان نەبێت، کە جێگیرن و گۆڕانیان مەحاڵە کـەواتا: ((لادان بـە دوو جۆر دەردەکەوێت: یان بە دەرچوون لە بەکارهێنانی ئاسـایی زمـان، یـان بـە دەرچـوون لـە خـودی سیسـتەمی زمانـەوانی، لـە هـەردوو حاڵەتـدا شـکاندنی پێوەرە....ئەمەش بەهایەکی زمانی و ئێستێتیکی دەداتێ و بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ئاسـتی کردەیـەکی شـێوازیی))[١٢٠: ٧٧] بەمـەش دەگاتـە ئـەو هیـوا و ئامانجەی هەوڵی بۆ داوە و شـێوازیکی ئـەدەبی لـە سـەرووی زمـانی ئاسـایی بەدەست دێنێ هەروەك (پێیرجیرۆ) دەڵێت: ((شێواز لادانە بە ڕێگای چـەندی دەستنیشان دەکرێت بە پێوانە کردنی بە ئاستی ئاسایی زمان)) [١٨٢: ٣٧]؛ چونکە لادانە زمانییەکان بە پێی هەر ئاستێك لە ئاسـتەکانی زمـان بـە چـەند ڕێگایـەك دیـاری دەکـرێن وەك ئامـار، یـان سـیاقی زمـانی، یـان یاسـاکانی وشەسازی و ڕستەسازی.....تاد.

کەواتە زمـانی ئاسـایی پێـوەری یەکـەم و سـەرەکی دیـاریکردنی لادانـە؛ چونکە دەقی ئەدەبی بەتایبەتیش شیعر بە لادان لە یاساکانی زمـان بەرهـەم دێـت و لـە سـێ قۆنـاغ دەربـاز دەبێـت و بـەم شـێوەیە لـە زمـانی ڕۆژانـە جیادەبێتەوە[٩٣: ٢٧]:

١– وشەکان بە تـەواوەتی لـە زمـانی پێـوەر وەرنـەگیراون زۆرجـار وشـە دادەهێنیٚ.

٢– لە شیعر بە تایبەتی و لەجۆرەکانی تر دا، شێوازی جۆراوجۆری زمان دەتـوانریٚ لەگـەلٚ یـەکتر دابـێن وەکـو (زمـانی فـەرمی، دیالێکـت، شـاری، لادێیی....).

٣– زمانی شـیعری خـاوەن وشەسـازی و ڕستەسـازی و یاسـای ڕێزمـانی تایبەتی خۆیەتی.

بە مەرجێك زمانی دەق و زمانی بە پێوەر دانراو لەیەك قۆناغدا بن.

**دووەم: پێوەری کۆنیی و نوێیی**

ئاشـکرایە زمـان تایبەتمەندییەکـە لـە مرۆڤایـەتیبوونی مـرۆڤ، کـە لـە زیندەوەرانی تری جیاکردۆتەوە، بەڵام مەرج نییە زمان بە درێژایی مێژوو و لە هەموو سەردەم و قۆناغێك لەسەر هەمان شێوە و پێکهات بمێنێتـەوە و وەك خۆی بێت؛ لەبەرئەوەی ((لە دایکبووی کۆمەڵە، بەرهـەمێکی کۆمەڵایەتییـە و بە پێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئـەویش گـۆڕانی بەسـەردا دێـت))[٩٣: ٧]؛ بۆیـە بـەردەوام لــە گەشەســەندن و گــۆڕان و بــەرەو پــێش چــوون دایــە و وەڵام دەرەوەی پێداویســتیەکانی هــەر ســەردەمێکە، زمــانی هــەر کۆمەڵگایــەك گوزارشت لە هۆشیاری و زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵگایـە دەکـات لە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراو [١٧٦: ٢٣]، کە جیاوازە لەگەلٚ سەردەم و قۆنـاغێکی تـر، ئـەدەب و هونـەریش؛ لەبەرئـەوەی کەرەسـتەی سـەرەکی و بنەڕەتییان بریتییە لە زمان ئەمە، لەلایەك و ((ئـەدەبی هـەر کۆمـەڵێك – لـە هـەموو کۆمەڵگایـەك – ڕەنگدانـەوەی پێوەنـدی ئـەو کۆمەڵەیـە بـە جیهانـە سرووشتی و کۆمەڵایەتییەکـەی بـە شـێوەیەکی تایبـەتی، ئـەو پێوەندییـەش کـارە کۆمەڵایـەتی و ئەزموونـە ڕۆحـی و بـەها ڕەوشـتییە بـەرزەکان لـە خـۆ دەگرێـت))[١٧٦: ٢٣]، ئەمـەش بـە پێـی ئـەو قۆناغـە دەگۆڕێـت، کـە تێیـدا دەنووسن؛ بۆیـە بـەردەوام لـە گەشـەو گـۆڕان دان هـەروەك (یاکوبسـن) لـەم

بارەیــەوە دەڵێــت: ((چــەمکی شــیعر جــێگیر نییــە و لەگــەڵ ســەردەم دەگۆڕێت))[١٦٣: ١٩]؛ چونکە ڕەنگدانەی واقیع و ئەو سەردەمەیە، کە تێیدا دەنووســرێت هــەرقۆناغ و ســەردەمێکیش لــە ڕووی ئــابووری و سیاســی و کۆمەڵایەتی.....تاد جیاوازە لەگەڵ پـێش، یـان پـاش خـۆی؛ بۆیـە شـاعیر و نووسـەرانیش هەوڵـدەدەن لـەو شـتە باوانـە لابـدەن، بـە پێـی پێشـکەوتن و گۆڕانکارییــەکانی ســەردەم تــەکنیك و هونــەرێکی نــوێتر و بــە شــێوازێکی سەردەمیانە بنووسـن بـۆ نموونـە: (دانتـی) (١٢٦٥– ١٣٢١ز)کاتێـك دەسـتی دایە نووسین بە شێوەزاری خۆی کە شێوەی (تۆسکانی) بوو، ئەوە لادانێکی نوێ بوو لە زمانی نووسینی ئەو سەردەمە؛ بەڵام بۆ ئێستا نوێ نییە ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی یەکەی ئەو کات؛ چونکە هەموو جۆرێکی ئەدەب لە بارودۆخێکی مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی دیـاریکراو سـەر هەڵـدەدات و گەشـەدەکات، سرووشـت و پێکهـاتی خـۆی لـە زانیارییە کردەیی و تەکنیکەکانی ئەو بار و دۆخە وەردەگرێـت [١٧٦: ١٣٨]؛ بۆیە هەموو کۆنێك دەبێتـە پێـوەر بـۆ لادانـی نـوێ؛ چـونکە لەسـەر بنـەمای پێکهات و زمانە کۆنەکە لادانە نوێ و تازەکان دەستنیشان دەکرێن، بەڵام بە پێچەوانەوەش ڕاستە؛ چـونکە ((یـەکێك لـەو ڕێگایانـەی لادانـی پـێ ئـەنجام دەدرێـت گۆڕینــەوەی دەربڕینــی نوێیــە بــە دەربڕینێکــی کـۆن))[١٢٢: ٢٠] نووسەر و شاعیران بە سوود وەرگرتن لەشتە کۆنەکانی سەردەمێکی تر وەك: ئەدەبی فۆلکلۆری، یان وشەی کۆنی بەکارنـەهاتوو دێـن لـەو شـتە نوێیانـەی هــەن لادەدەن بــۆ نموونــە: کاتێــك گــۆران (١٩٠٤– ١٩٦٢ز) و هاوڕێکــانی دەستیان دایە نوێکردنەوەی شیعری کوردی یەکێك لەو سیمایانەی بە شیعری نوێیان بەخشی لادان بوو لە کێشی عـەرووزی کـوردی و بـەکارهێنانی کێشـی پەنجەی خۆماڵی ئەمەش بە سوود وەرگـرتن بـوو لـە ئـەدەبیاتی فۆلکلـۆری کوردی، کە سەرلەنوێ زیندوویان کـردەوە. (سـەباح ڕەنجـدەر) یەکێکـە لـەو شاعیرانەی سوود لە شتە کۆن و بە سەرچـووەکان وەردەگرێـت و زینـدوویان دەکاتەوە، هەر وەك دەڵێت: ((کۆن ناڕووخێنم بگرە لەسەر ئەو کۆنە، لە نـاو

ئەو كۆنە دەيەها شتی جوان هەيە، شتی ناوازە و نایاب هەيە، ئـەو تەكنيكـە جوان و نايابانەی بە شێوەيەكی نویٚ و تازە دادەهێنم)) [٤٩: ٩٢] بەم جۆرە بە پێوەری نوێیەكان كۆنەكان دەبنە لادان.

لێـرەدا دەمانـەوێت بـاس لـە يـەكێك لـەو بڕيارانـە بكـەين، كـە هەنـدیٚ ڕەخنـەگر و لێكۆڵـەرانی ئـەو بـوارە تـا ئێسـتا لەسـەری ڕۆيشـتوون ئـەويش پەيوەسـتكردنی لادانـە بـە ژانـر و ئـەدەبياتی نـویٚ* وەك ئـەوەی لـە دەقـە شيعری و بەرهەمە ئەدەبييە كۆنەكاندا بوونی نـەبێت. (كـۆهين) يەكێكـە لـەو توێژەرانەی كاتێك بـەراوردی لـە نێـوان سـیٚ قۆنـاغی جيـاوازی (كلاسـيكی- ڕۆمانسـی- ڕەمزی)كـرد بـە پێـی ئـەو دەرەنجامـەی پێـی گەيشـت بڕيـاری ئەوەی دا، كە ((تايبەتمەندييەكانی زمانی شـيعر- شـيعرييەت - لـە زۆربـەی حاڵەتەكان ڕێژەكەی زياد دەكات بە شێوەيەكی يەك لە دوای يەك لـە هـەموو قۆناغەكان بە پێوانە كردنی بە پێشتری خـۆی))[١٨٢: ٤١] هۆكـاری ئەمـەش هەرخۆی باسی لێوەكردووە و بۆ ئەو سەردەمەی گەڕاندۆتەوە، لە سەردەمی كلاسـيكی شـيعر لـە سـنوورێكی زۆر تەسـكدا بـووە و گرينگـی بـە لايـەنی ئێستێتيكی نەدراوە، ڕەنگە ئەم بۆ چوونەی (كۆهين) لەگەڵ شيعری خۆياندا بگونجێت؛ بۆيە وای لە هەندێك ڕەخنەگرانی كورد و عەرەبيش كردووە هەمان بڕيـار بـدەن، بـەڵام ئەگـەر بێتـو لـە ئـەدەبی كورديـدا سـەرنجی شـيعری كلاسيكی** بدەين، بە دەگمەن شيعرێك دەبيـنين، كـە لـە لادان بـەدەر بێـت

---

(*) ئەم دياردەيە لە ناو ئەدەبيياتی ميللەتانی تريش بوونی هەيە؛ بەڵام ئێمە تەنيا لە ئەدەبی كورديدا دەيخەينە ڕوو؛ چونكە لەوانەيـە لای ئـەوان دياردەكـە بگونجێـت، بـۆ نموونـە: ١- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە كتێبی (شـيعرييەتی دەق و هـەنگوينی خوێندنـەوە) ،چ.ڕەنـج، سلێمانی، ٢٠٠١. ٢- د.عەبدولقادر حەمە ئەمين لەكتێبی (بنياتی كارنامەيی لە دەقی نوێی كورديدا) نامەی دكتۆرا بڵاو كراوەتەوە ، كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨ . ٣- تيۆری بنياتی شاراوە، نەجات حەميد ئەحمەد، ئاراس هەولێر، ٢٠٠٨.

(**) زۆربەی لێكۆڵينەوەكانی تايبەت بە لادان و چۆنيەتی ئەنجام دان و جۆرەكانی لە ئەدەبی كورديدا، توێژەران لە نموونە هێنانەوەدا پشتيان بە شيعری كلاسـيكی كـوردی بەسـتوون، ئەمەش بەڵگەيەكی ئاشكرايە لەسەر ئاست بەرزی و هەبوونی لادان و جۆرەكانی لە شـيعری

تەنانەت لادان لە گشت ئاستە جیاوازەکان و بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبینرێن؛ بۆیە ناتوانین بڵێین لە شیعری کلاسیکیدا لادان ڕێژەکەی نزمە؛ بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لە شیعری کلاسیکی دا کۆمەڵێك دەستوور و یاسای ئەدەبی هەبوون وەك بەکارهێنانی کێشی عەرووز و نووسین بە زمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە.....تاد؛ بۆیە ئەولادانانەی ئەنجامیشیان داون لە چوارچێوەی ئەویاسایانە ئەنجامیان داون بۆ نموونە: شیعرەکانی نالی و مەحوی و هاوسەردەمەکانیان لێوانلێون لە لادان و داهێنان، بەڵام لەم یاسایانەش دەرنەچوون؛ چونکە وێنەی هونەری، کێش و سەروا هونەرەکانی ڕەوانبێژی، هەموویان لە بنچینەدا لادانن و یاسای شیعری بوونە لەو سەردەمە، بەڵام لە شیعری نوێدا شاعیر هیچ مەرجێکی ئەدەبی بۆ دانەنراوە، بەڵکو بە پێی ویستی خۆی ئازادە لە ئەنجامدانی

---

کلاسیکی کوردی، بۆ نموونە: ١– هونەری تێکشکانی زمانی باو لە شیعرەکانی مەحویدا، حەکیم مەلا سالّح، گ.نووسەری نوێ، ژ.١٣، ئاداری ٢٠٠٠. ٢– دەنگی بلوورینی دەق ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، عەبدولخالق یەعقووبی، چ.راز، سلێمانی، ٢٠٠٥، سەرجەم ئەوجۆرە لادانانەی باسیکردوون، لە شیعری کلاسیکی نموونەی بۆ هێناون.  ٣– شیکردنەوەی زمانی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەددین عەبدو ڵڵا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر، ٢٠٠٧، کە بەشێکی زۆری نموونە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکین. ٤– لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار) عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨. ٥– شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، خەلیل ئیبراهیم مستەفا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر،٢٠٠٩، باسی لە شیعرییەتی لادان کردووە. ٦– هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیربال)،دلێر سادق کانەبی، نامەی ماستەر بڵاو کراوەتەوە، موکریان،٢٠٠٩، هەندێ لە نموونەکانی لە شیعری کلاسیکی وەرگرتوون بە تایبەتیش شیعرەکانی نالی. ٧– واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، پ.د.عەبدولواحید مشیر دزەیی، موکریان،٢٠٠٩، بۆ سەرجەم لادانە واتاییەکان نمونەی لە شیعری کلاسیکی هێناوتەوە. ٨–لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ناز ئەحمەد سەعید، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، هەندێ لە نموونەکانی پێشەکی نامەکەی لە شیعری کلاسیکی وەرگرتوون.

لادانەکان بە هەر ڕێگایەك و لە هەر ئاستێکدا بێت؛ بۆیە دەبینین هەمان جۆری لادانەکانن، بەڵام شێوە و ناوەکانیان گۆڕاوە؛ بۆیە کاتێك (ڤیکتۆر هیگۆ ١٨٠٢ – ١٨٨٥ن)داوادەکات واز لە ڕەوانبێژی کۆن بهێنن، (کۆهین) دەڵێت: ((مەبەستی هیگۆ ئەو ڕەوانبێژییە زیندووە و چالاکە نییە، کە شیعر بە بێ ئەو دروست نابێ))[١٨٢: ٤٥]؛ چونکە لە زۆربەی شیعر ئەم هونەرانە دەبینرێن؛ بەڵکو مەبەستی گۆڕینی شێوە کۆن و باوەکانە بۆ نموونە: ئەگەر لە شیعری کلاسیکیدا باڵای یار بە عەرعەر و چنار چوێندرابێ، ئەوا لە شیعری نوێ جۆری لێکچواندنەکە گۆڕاوە، وشەی (نێرگز) لە شیعری کلاسیکیدا بۆ چاو خوازراوە و بەکارهێنراوە؛ بەڵام لە شیعری نوێدا هێمایە بۆ بەهار و نەورۆز و سەرکەوتن. کەواتا جۆری لێکچواندن و خواستن و مۆسیقاو کێش.....تاد، نوێکراوەتەوە و لایانداوە لەو شێوەیەی لە کۆندا هەبووە و لە ڕووی جۆری بەکارهێنانەوە جیاوازن.

هۆکارێکی تری بەستنەوەی لادان بە دەقی نوێوە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی زمانناسی نوێ و دەرکەوتنی ئەو ڕێباز و ڕەوتە نوێیانەی، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیان بۆ بواری ئەدەب گواستەوە؛ بۆیە (لیوسپیتزەر) یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی ئەم کارە، کە ((بەدوای ڕۆحی نووسەر و شاعیراندا دەگەڕێ لە زمانەکەیانەوە، بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو سیمایانەی، کە بە هۆیانەوە لە پێوەرەکانی زمانی باو دەردەچێت))[١٣٣: ١٤٤] واتا زمانی کردبووە بنچینە بۆ پشکنین و دۆزینەوەی سەرچەم لایەن و ئەو پێکهاتانەی لەناو بەرهەمەکە بۆیان دەگەڕا، لە بیر و بۆچوونەکانی شاعیر هۆکارەکانی دەدۆزییەوە؛ چونکە لادان بەشێکی زۆری پێوەندی بە لایەنی دەروونی شاعیر و هەست و ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی پەیڕەوی دەکات هەیە، بە تایبەتیش لە ڕێبازەکانی ڕۆمانسیزم و ڕەمزییەت و دواتریش سوریالیزم و دادایزم بە بێ هەبوونی هیچ سانسۆرێك شاعیردەستکاری زمان و یاساکانی دەکات و لە پێناو خەیاڵ و کێشانی وێنەکانی خۆی بەکاریدەهێنێ؛ ((بۆیە دەبینین زمان لە دەقی نوێدا هەمیشە شۆڕشگێڕە و سەرکێشی دەکات و

لەسەر سەکۆی بڵندی تەحەدا و دژایەتی دەوەستێ و سەقامگیری نازانێ لەگەڵ واقیع و زانراو و مەئلوفدا نەرمی نانوێنێ)) [٥٤: ٦٩]؛ لەبەرئەوەشە لادان تێیدا دەگاتە ڕێژەیەکی بەرز هەر ئەمەش هۆکاربووە بۆ هاتنە کایەوەی هەندێ ژانری نوێی جیاواز لە ژانرە کۆنەکان؛ بۆیە بە لای ڕەخنە گرێکەوە لادان بەس لەو ژانرە نوێیانەدا هەیە و دەڵێت: ((زۆربەی لادان کە ئەمڕۆ دەیبینین لە شیعری نوێ و پەخشانە شیعر و پەخشانی داهێنەرانەدا هەیە بە وشەو واتاوە)) [١١٥: ١٥٢].

لێرەدا گەیشتینە ئەوەی کە کۆنی و نوێی هەردووکیان دەبنە پێوەری لادان بۆ یەکتری بە جۆرێك لادانی نوێ بە پێوەری کۆن لادانە، کۆنەکەش بە پێوەری نوێ لادانە، بوونی لادانیش پەیوەستە بە سەرجەم لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی دەقەوە و تەنیا بە دەقی نوێوە پەیوەست نییە، بەڵام جۆر و ڕێژەی لادانەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن و گۆڕانی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و.....تاد کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر ڕێژە و جۆر و ئاستی لادانەکان.

**سێیەم: پێوەری خوێنەر**

خوێنەر ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەیە لە پرۆسەکانی ڕەخنە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانی و شێوازگەرییەکانی دەقی ئەدەبی. لە تیۆرە ڕەخنەیی نوێیە کانیشدا، زیاتر گرینگی پێدراوە بە تایبەتی لە تیوری وەرگرتن، لێرەشدا خوێنەر پێوەرێکی گرینگ و سەرەکی دیاریکردن و لێك جیاکردنەوەی لادانەکانە، لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی جێگەی پرسیارە ئایا هەموو خوێنەرێك دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێ؟

بێگومان نەخێر؛ چونکە لادان کردەیەکی نائاسایی و چەمکێکی تەمومژاوییە؛ بۆیە خوێنەرەکەشی دەبێت خاوەن ئەزموون و توانایەکی تایبەتی ئەو بوارە بێت؛ چونکە ((خوێنەری دەق لە ژێر تیشکی شارەزاییە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و گەیاندنییەکەی دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان

گوتــاری ئــەدەبی و گوتــاری نائــەدەبی)) [١٨٣: ١٤٦]؛ لەبەرئــەوەی لادان لــەدایك بــووی زمانــە و نووســەر و شــاعیریش لــە قۆنــاغێکی دیــاریکراودا ئــەو دەقەی نووسیوە و لادانی تێدا ئەنجامداوە؛ بۆیە خوێنەر دەبێت ئەو سەردەم و ژانرە جیابکاتەوە کە دەیەوێت لادانەکانی تێدا دیارییبکـات ئـەو خوێنــەرەی بۆ ئەم کـارە گونجـاوە و دەتوانێـت ئـەنجامی بـدات بـە (خوێنــەری شـارەزا، پسـپۆر (القـارئ المخـبر)، (القـارئ الجـامع) خوێنــەری کۆکــەرەوە [١٧٣: ١٣٧– ١٣٨])، خوێنـــەری توانـــادار (القـــارئ العمـــدة) (Archilecteur)* ، خوێنــەری لێـزان، ڕاهێنـراو (قـارئ متمـرس)** خوێنــەری چـالاك (القـارئ الفعلی)[١٧٩: ١٦٤])*** ناودەبرێت.

ئەگەر خوێنەر زیـرەك و شـارەزا نـەبێ ناتوانێـت ئـەو ئەرکـە لـە ئەسـتۆ بگرێت؛ چونکە ((ئەدەبییەتی دەقێکی دیاریکراو ناتوانین جیاکەینــەوە تــەنیا لە چوارچێوەی باکگراوند و پێشینەیەکی ئەدەبی گشتی نەبێت))[١٢٣: ١٨٥] لادانــیش هۆکــارێکی ســەرەکی بەخشــین و زیــادکردنی پلــەی ئەدەبیبوونــە ئەمەش بەندە لە سەر جـۆری لادانەکـە؛ چـونکە مـەرج نییـە هـەموو لادانێك جـوانی و شـیعرییەت بـۆ دەقـی ئـەدەبی بەرجەسـتە بکـات؛ بـەڵکو ((لادانـی هونەری ئەوەیە کە خوێنەر مانای نوێی تێدا بەدی بکـات))[١٣٢: ٢٣٢]، واتـا

---

(*) ریفاتێر ئەم زاراوەی پێشنیار کردووە، ئەو خوێنەرەیـە کـە توانـانی وەڵامدانـەوەی هـەموو وروژێنەرێکی هەیە، بڕوانە [١٦٢: ٤٦].

(**) ئەم زاراوەیە لە لایـەن ( نبیلـە ابـراهیم) بـە کـارهێنراوە لـە توێژینەوەیـەك بـە ناونیشـانی (القارئ في النص)، بڕوانە[١٠٦:١٣٦].

(***) ئەم زاراوانە پتر لە تیۆری خوێندنەوە بەدی دەکرێن، کە تایبەتە بە کردەی خوێندنەوە و خوێنەر، چەندین زاراوەی جیاجیای لە لایەن ڕەخنەگر و ئەدەبیاتناسان بۆ بەکارهێنراوە و ڕەخنەگرانی عـەرەبیش بـە چـەند شـێوەیەك وەریـان گێـڕاون، بـۆ زانیـاری زیـاتر، بڕوانـە: مفاهیم الشعریة، حسن ناظم، المرکز الثقافی العربی، ط. ١، بیروت، ١٩٩٤.ص ١٣٣– ١٤١، النظریـة الادبیـة المعاصـرة، رامـان سـلون، ت: سـعید الغـانمي، دار الفـارس، بـیروت،ط.١ ، ١٩٩٦، ص١٦٤– ١٨٥.، جمالیات الاسلوب و التلقي دراسـات تطبیقیـة، د. موسـى ربابعـة، دار جریر، الاردن، ٢٠١١.

خوێنەری شارەزا پێوەری لێك جیا کردنەوەی لادانە کۆن و سواوەکان و لادانی نوێ و کاریگەرە، بەو شارەزایی و زانیارییانەی لەم بوارەدا هەیەتی، بەشێکی زۆری لادانەکانیش لە پێناوی ئەودایە و بۆ ئەوە؛ چونکە شاعیر ((ئامانجی ئەوەیە خوێنەر بە ئاگا بێنێتەوە بە ڕەنگێکی تایبەتی و تێگەیشتنێکی جیاواز لەو تێگەیشتنە ڕوونەی، کە لە شیکردنەوەی پەیامێکی پەخشانی ئاسایی کاری تێدەکات))[١٨٢: ١٢٣] واتا خوێنەر ئامانجی سەرەکی داهێنانی لادانەکانە، بۆ ئەو ئەزموون دەکرێن و هەر خۆشی دەبێت بە دوایاندا بگەڕێت، بە مەرجێك لەم کارەیدا ڕەچاوی ژانری ئەدەبی و قۆناغی ئەدەبی دەقە ئەدەبییەکە بکات، (جوناپان کولر) جەختی زیاتر لەسەر هەمان ئەو شتانە دەکاتەوە و دەڵێت: ((بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبی بخوێنینەوە بەو وەسفەی کە ئەدەبە و پێویستە خاوەن توانستێکی ئەدەبی بین، هەروەك چۆن پێویستیمان بە توانستی زمانەوانییە ئەمە گشتگیری زیاترە بۆ زیادکردنی واتا لەو گوتنە زمانییە ئاساییانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، دان بەوەش دادەنێ ئەو زانیارییانەی لەبارەی ژانرێکی ئەدەبی هەن بۆ ژانرێکی تر ڕاست نین و زانیاری و لێکدانەوەکان جیاوازن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر)) [١٧٩:١٧٩]. کەواتە خوێنەری شارەزا، ئەو کاتە لە کارەکەی سەرکەوتوو دەبێت، کە کارەکەی لە تاکە ژانرێك و قۆناغێکیش کورتبکاتەوە؛ چونکە لادان لە دەقێکی وەك چیرۆك و ڕۆمان جیاوازە لەگەڵ ئەو لادانانەی لە دەقێکی شیعری دان، یان لادان لە شیعری کلاسیکیدا جیاوازە لەو لادانانەی لە شیعری قۆناغی ڕوانگە، یان دوا ڕاپەڕین دا هەیە.

یەکێکی تر لەو مەرجانەی پێویستە لە خوێنەری شارەزادا هەبێت زانینی واتای وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکەیەتی لەگەڵ توانای لێکدانەوەی ئەو واتا دوور و جیاوازانەی وشەکان لەناو دەقێکی شیعری هەیانە هەروەك (ریفاتیر) دەڵێت: ((شیعر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە چەمك و شتومەکەکان دەکات.... شیعر شتێك دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە، کە

خوێنەر دەتوانی ئەمە لێکداتەوە))[١٤٣:٧]؛ چونکە ئەگەر وشە لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە راستەوخۆ مانا بدا بە دەستەوە بە بێ هیچ ماندووبوونێك ئەوا لە شیعردا جۆرێکی ترە و زۆربەی جار ((شیعر ئەوە نییە (تێیبگەین)لە میانی ئەوەی چاوەڕێ بین مانایەکی ئاسان و حازرمان بداتێ))[٥٤:٥٧]، بەڵکو زیاتر لە مانایەك لە ژێر پەردەی یەك وشە دەشارێتەوە، دەبێت ئەو واتا نادیار و شاراوانە بدۆزرێنەوە؛ بۆ ئەوەی بگەینە واتای بنجی زەینی شاعیر ئەمەش تەنیا لە خوێنەرێك چاوەڕێ دەکرێت ((کە بتوانێت چۆن دەق هەڵبوەشێنێت و بە دوای نەبینراوەکاندا بگەڕێت و بەدەنگیان بێنێ)) [٦: ١٢٦]. بۆ نموونە: خوێنەری کەم ئەزموون و نەشارەزا ناتوانێت هەموو جۆرە لادانێك بدۆزێتەوە جا لە هەر ئاستێکی دەنگی، یان بونیاتی زمانی، یان واتای دەقەکەوە بێت بە هۆی نەبوونی پاشخانێکی دەوڵەمەند، یان ڕەنگە لە نێوان پلەکانی لادان نەتوانێت جیاوازی بکات و هەر بە لادانێکی سادە کاریگەر بێت، لە کاتێکدا لای خوێنەری شارەزا بە سواو کۆن دادەنرێت؛ چونکە ((هەر گۆڕانکاری و نوێخوازییەك لە شاعیرەوە بێ باری گوێگر گرانتردەکات و ئەرکێکی عەقڵی زیاتری لە شیکردنەوەدا دەخاتە سەر))[٦٨: ٨]؛ بۆیە لێرەدا سوود لە زانیاری ئەدەبی و مێژووییەکانی ئەو قۆناغە وەردەگرێت، کە شیعرەکەی تێدا نووسراوە (کۆهین) نموونەیەکی گونجاوی هێناوەتەوە کاتێك ئاماژە بەوە دەکات، (ڕاسین) لە شیعرەکانیدا (مەشخەڵی زۆر ڕەشی) بەکارهێناوە، لە واقیعدا هیچ شوێنەوارێکی داهێنان لەخۆ ناگرێ، بەڵام خواستنی مەشخەڵ بۆ خۆشەویستی و ڕەش بۆ تاوانبار لەو سەردەمەدا زۆر بڵاوبووە لە لایەن چینی ڕۆشنبیرانەوە چەمکێکی ئاشکرا بووە[١٨٢: ٦٧].

بۆیە دەبینین ڕەوانبێژیناسەکان ((لە لێکۆڵینەوەیان لە ڕەهەندەکانی دەربڕین، کە لەسەر لادان لە شێوەی ئاسایی و باو وەستاوە، گەیشتوونە ئەوەی پشت بە عەقڵانیەتی دەربڕین دەبەستێت..... و عەقڵ بڕیاریان لەسەر دەدات))[١٢٨: ٢٧٤]، ئەمەش مانای قووڵی و شۆڕبوونەی لادان

دەگەیێنێ بەناو ناخی دەق و پێکهاتی ناوەوەی زمان؛ بۆیە خوێنەر دەبێت بە زەینێکی ڕوون و بیرکردنەوەیەکی تێگەیشتووانە تێیان ڕامێنێ و لە ڕێگای عەقڵ بیاندۆزێتەوە.

لێرەدا خوێنەر ئەو کاتە دەبێتە پێوەرێکی پشت پێبەستراو بۆ لادان، کاتێك زیرەك و شارەزابێت و هەگبەی زانیارییەکانی لە بارەی مێژووی ئەدەب و لایەنی کەم ئەو قۆناغە پڕبێت، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، شارەزایشی لە بارەی ڕێبازە ئەدەبییەکان و بونیات و پێکهاتەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە هەبێت؛ چونکە ئەگەر خوێنەر ئەم مەرجە سەرەکییانەی تێدا نەبێ نابێتە پێوەری لادان؛ چونکە هەر ئەوە پەی بەلادانەکانی نێو دەق دەبات و دەتوانێت جۆرەکانییان لە ڕووی بەکارهێنان و پلە و کاریگەرییەوە لێك جیاکاتەوە.

کەواتە دانان و دەستنیشانکردنی پێوەر بۆ لادان کارێکی قورس و دژوارە هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بە خودی دیاردەکە خۆی و هەموو ئەو بنەما و لایەنانەی پێوەندی پێیانەوە هەیە و ئەو ڕووبەر و پانتاییەی تێیدا گوزەر دەکات و دەسووڕێتەوە؛ بۆیە پێوەرەکانیش بە پێی سەردەم و قۆناغ دەگۆڕێن و پێوەری هەر قۆناغێکی ئەدەبی بۆ خودی خۆی دەگونجێت و بۆ قۆناغێکی ئەدەبی تر نابێت. هیچ لادانێکیش بێ دیاریکردنی پێوەر ئەنجامێکی سەرکەوتوو بەدەست ناهێنێ؛ بۆیە ئەو پێوەرانەی ئێمە دیاریمان کردوون لە هەموو کردارێکی گەڕان بەدوای لادان لە ناو بەرهەم، یان دەقێکی ئەدەبی دەبن بە پێوەری سەرەکی بۆ کارەکە، بەڵام بە مەرجێك بە پێی:

١– قۆناغ و سەردەمی نووسینی بەرهەمەکە.

٢– جۆری ژانرە ئەدەبییەکە.

کرداری دیاریکردنی لادانەکان ئەنجام بدرێت؛ چونکە زمان دیاردەیەکی گۆڕاوە و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت زمانی هەموو ئەزموونێکی هونەریی و ئەدەبییش لادانە لەو زمانە ئاساییەی هاو سەردەمی خۆی؛ بۆیە شاعیر ڕەنگە لە بونیاتی زمانی دەقەکەی سوود لە هەندێ وشە و زاراوەی

سەردەمەکانی تر وەربگرێت، بۆ بەرجەستە کردن و بەخشینی ڕەهەندێکی ئێستێتیکی بەرزتر بە ئەزموونە شیعرییەکەی، یان لە ڕووی ناوەرۆك و فۆرم و لایەنەکانی تری دەق بیەوێت ئەدگارێکی نوێتر و جیاوازتر لەوانەی هەن بۆ خۆی بمەرزێنێت، ئەم جۆرە لادانانەش تەنیا لە ڕێی خوێنەرێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون و پێشینە دەوڵەمەند دەدۆزرێنەوە و درکییان پێ دەکرێت.

## ١- ١-٣: ئەرکەکانی لادان

ئەو جیاوازییەی ئێمە لە نێوان گوتارێکی ئەدەبی – شیعر بە تایبەتی – و گوتاری ئاسایی دەبینین و هەستی پێ دەکەین چ بە خوێندنەوە، یان گوێگرتن بۆ خودی زمان دەگەڕێتەوە؛ چونکە ((زمان دوو ئەرکی سەرەکی هەیە (دەربڕین و کاریگەری)، دەربڕین: تایبەتە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و سوودگەیاندن، بەڵام کاریگەری: تایبەتە بە ئەرکی هونەری و جوانکاری، مەبەستی هونەری: بەخشینی چێژە بە هەستەکان بە گوزارشتی جوان و هونەری)) [١٢٨: ١٢٢]؛ چونکە ئەو وشە و زاراوانەی لە شیعرێك، یان پەخشانێکی ئەدەبیدا بە کاردێن هەمان ئەو وشە و زاراوانەن، کە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە بەکاردێن، بەڵام بە شێواز و واتا و مەبەستی تر، ئەمەش بۆ ئەم ئامانجە دەگەڕێتەوە، شاعیر هەوڵی بۆ دەدات و ((وشەو زاراوەکانی تەنیا بۆ تێگەیشتن و گەیاندن بەکارناهێنێ؛ بەڵکو بۆ سەرنجڕاکێشانە)) [١٨٠: ١٦٦] شاعیر دەیەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ بە زمانێکی جیاوازتر و جوانتر لەو زمانە بنووسێ، کە بەردەوام گوێمان لێیەتی و بەکاریدێنین و هەموو کەس بێ ماندوو بوون و ڕاستەوخۆ لێی تێدەگەن؛ بۆیە دەستکاری ئەو زمانە دەکات و ((لە هەموو ئەو شتانەی باو و ئاساین دەردەچێت ئەوەی لە زمانی ئاسایی پێی نەکراوە و پێی وەسف نەکراوە بتوانێت ئەنجامیان بدات و داهێنانیان تێدا بکات و هێزی سەرنج ڕاکێشانیان پێببەخشێت)) [١٥٠: ٤٣]؛ چونکە ئەمە بە زمانی ئاسایی بەرجەستە ناکرێت و شاعیر ناتوانێت هەموو شتێك بڵێت؛ بۆیە لە ئەزموونە شیعرییەکەی هەوڵ

دەدات بــە زمــانێکی فرەواتــا و لــە پشــت وشــەکانەوە ئــەوەی هەیــەتی دەریاندەبڕێت، (جان کۆکتۆ) لەم بارەیەوە دەڵێت: شاعیری ڕەسـەن پـەردە لە سەر هەموو واتایەکی وشە هەڵدە داتەوە، ئـەو شـتە سەرنجڕاکێشـەکانمان بـۆ دەدۆزێتــەوە و لێمـان ئاگـادار دەکاتــەوە، کـە هەسـتەکانمان بـە وردی سەرنجی لێ دەدەن لە چاو شتە باو و ئاساییەکان، ئەو کاتە بەو نوێگەریی و تازەییەی سەرنجمان ڕادەکێشێ [١٨٠: ٥٨]، بەم کارەشی ئەوە دەردەخات، کە وشە و پێکهاتەکانی زمان مانای تریشیان هەیە و دەتوانرێت بـە جـۆرێکی تریش بەکارییان بهێنین، بێگومان زۆربەی ئەو کردە شیعرییانەش لـە ڕێگـەی لادانەوە ئەنجام دەدرێن، شاعیر بـۆ دەسـتەبەرکردنی بـەها و ئێسـتێتیکا بـە ئەزموونەکەی، دەبێت پەنا بۆ جۆرەکانی لادان ببات و لە پێکهات و بونیـاتی دەقەکەی بەکارییانبهێنێت، (د.عبد السلام المسدی) هۆکاری پەنا بردنـە بـەر ئەو لادانانە دەگێڕێنێتەوە بۆ ئەو ململانێیە جێگیر و نەگۆڕەی کـە لـە نێـوان مـرۆڤ و زمانـدا هەیـە و پێـی وایـە کـە (زمـان) لاوازە و نـەیتوانیوە سـەرجەم پێویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات و بە دەمییەوە بچێت، لـە هـەمان کاتیشـدا مــرۆڤ لاواز بــووە و نــەیتوانیوە پارێزگــاری لــەو زمانــە گشــتییە بکــات کــە نەیتوانیوە وەڵامی پێداویستییەکانی بداتەوە لە گەیاندنی ئەوەی دەیـەوێت و دەرخســتنی هــەموو پێکهاتــەکانی بــە شــێوەی کــارەکی و ئــەو تــەنگ و چـەڵەمەیەی قسـەکەر لەگـەڵ کەرەسـتەکانی ئاخـاوتن ئەزەلییـە و شـاعیر و نووسەران چەند دەمێکە ئەمە دەنوێنن، لێرەدا لادان فێـڵ کردنـی مرۆڤـە لـە زمان و لەخۆی بۆ شاردنەوەی کـەموکورتی خـۆی لەگـەڵ کەموکورتییـەکانی زمانەکە [١١٨: ٨٤]، واتا هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی لادانەکان بـۆ خـودی زمان و لادەر دەگەڕێتەوە؛ چونکە هەنـدێ ڕەخنـەگر پێیـان وایـە ((پاڵنـەری سەرپێچیکردنی زمانی بـاو پاڵنـەرێکی دەروونـی ڕووتـە))[١٢٢: ٢٢]، شـاعیر بەهەر ڕێگایەك بێت دەیەوێت ئەو شتە دەربڕێ، کە لە ناخیدایە، بـۆ ئەمـەش جگە لە زمان هیچ پەنای تری نییە و نایەوێت ئەو یاسا و وشانەش بە هـەمان ڕوخسار و واتا دووبارە بۆ خوێنەر نمایش کاتەوە؛ چونکە جوانی و بریقەییان

له دەست داوە؛ هەر بۆیە (شكلۆفسكی)یش پێی وایە ((شاعیر بۆیە پشت بە شكاندنی قاڵبە زمانی و– كلێشەكان – دەبەستێت بۆ ناچاركردنمان لەسەر نوێكردنەوە و گەیشتنمان بە شتەكان بە هۆی گۆڕین، یان خواستن))[١٨٠: ٥٧]، كاتێك یاسا و دەستووره باوەكان شكێنران خوێنەر بە ئاسانی لە واتا و مەبەستەكانی شاعیر تێناگات؛ بۆیە دەبێت بەدوای واتا خواستراو شتە گۆڕاوەكاندا بگەڕێت، لێرەدا زیرەكی و لێهاتووی شاعیر و نووسەر دەردەكەوێت؛ چونكە مەرج نییە هەموو لادانێك جوانی و شیعرییەت بە بەرهەمەكە ببەخشێت؛ بۆیە نووسەر دەبێت سنووری هەموو لادانێك و جۆرەكانیان بزانێت و بەرەو ناماقووڵیەت نەڕوات، بزانێت چۆن ئەزموونەكەی بەرەو داهێنان و ئەفراندن ببات؛ چونكە ((توانای نێرەر بۆ زاڵبوون بەسەر بیر و بۆچوونەكانی خوێنەر بە توانستی سەركەوتنی دەستنیشان دەكرێ لە بە ئاگا هێنانەوەی هۆشی خوێنەر لە ڕێگای پێدانی ناچاوەڕوانی و پەنا بردنە بەر پێشبینی نەكردن))[١٢٢: ٢٤]، جا ئەگەر توانی لەو كارەی سەركەوتووبێت و مەبەستە سەرەكییەكەی خۆی لەو لادانە بێنێتە دی، كە جوانی و ڕازاوەیی و دروستكردنی كاریگەرییە لە سەر بەرانبەر بە جۆرێك ئەو واتا و مۆسیقا و وێنانەی لە شیعرەكەیدا هەن جیاوازبن لە و وێنە و مۆسیقا و واتایانەی پێشتر بیستوونی و باون، دەبێتە خاوەن ئەزموون و شێوازێكی ئەدەبی داهێنەرانە؛ چونكە لادان بنەمایەكی سەرەكی شێوازە و هەروەك بیرمەندێكی سەدەی حەڤدەم دەڵێت: ((شێواز لە شتە دەگمەن و ورد و تایبەتمەندەكانی گوتار دەردەچێ، لەو بلیمەتی و چالاكی و سەلیقەی مرۆڤ هەیەتی لەوەی دەینووسێت، یان دەردەبڕێت))[١١٨: ٥٦]؛ بۆیە هەركاتێك نەیتوانی ئەم لادان و ئەفراندنە بۆ بەرهەمەكەی دەستەبەر بكات، یان لادانەكانی لە بێ ئاگایی و هەڵەشەییەوە سەرچاوەیان گرتبوو ئەوا لە ئاست بەرزی بەرهەمەكە و شێوازەكەی كەم دەكاتەوە؛ چونكە شاعیر ((ئەو لادانانە بۆیە ئەنجام دەدات بۆ دانانی پرۆگرام و شێوازێك بۆ خۆی و دەرخستنی

تواناكانی له بەدەستهێنانی داهێنانە خودییەكانی، كه جیای بكاتەوە لـەوانی تر ))[١٩٤: ١١٨].

(رومـان یاكۆبسـن) لـە تیورەكـە بەناوبانگەكەیـدا لـەبارەی (ئەركـەكانی زمان) كه لەسـەر هـەر سـێ بنـەماكانی (نێـرەر– دەق – وەرگـر) وەسـتاوە، بوونی كەناڵێكی پێوەندی بە گرینگ دەزانێت لە نێوان نێرەر و وەرگردا؛ بـۆ ئەوەی له ڕێگەیەوە پەیامەكە بە وەرگر بگات و وشە و ڕسـتەكانی پەیامەكـە بـە پێـی سـیاقەكە هـەڵگری مانـا و مەبەسـتێك بـن و وەرگـر بـە هـۆی كـۆدە زمانییەكان بتوانێت واتاكە لێكداتەوە و تێیان بگات، هەروەك لـەم خشـتەیە ڕوون كراوەتەوە[١٦٣: ٢٧]:

**سیاق**

**نێرەر (نووسەر، شاعیر) ــــــ پەیـام ــــــــ وەرگر (بیسەر، خوێنەر)**

**پێوەندی**

**كۆد**

(یاكوبسن) لێرەدا بە پێی هەریەك لەم ڕەگەزانە شەش ئـەركی سـەرەكی بۆ زمان دیاریكردووە كە بریتین لە:

**١– نێرەر:** ئەركی **هەڵچوون** (**الوظیفة الأنفعالیة**) emotive function:

ئـەم ئەركـە پەیوەسـتە بـە نێـرەرەوە، ڕاسـتەوخۆ گوزارشـت لـە بۆچوونەكانی نێرەر دەكات بە ئاراستەی ئەو بابەتـەی لەبارەیـەوە دەدوێـت، دەربڕینەكە زیاتر كار لە ویژدان دەكات و نازانرێت ڕاستە، یـان ناراسـتە وەك دەستەواژەكانی سەرسوڕمان[١٦٣: ٢٨].

**٢– وەرگر:** ئەركی تێگەیاندن (**الوظیفة الا فهامیة**) conative function:

پـەیام لـەم ئەركـە ئاراسـتەی وەرگـر دەكرێـت، وەك: دەسـتەواژەكانی بـانگكردن و داخـوازی، (یاكۆبسـن) دەڵێـت: هەرچـەندە ئـەم دوو جـۆرە زۆر لەیـەك نزیـك و هاوبەشـن لـە چـەند لایـەنێك، بـەڵام لـە یـەك خـاڵی بنـەڕەتی

جیاوازن، ڕستەی هەواڵدان دەکرێت ڕاست بێت، بەڵام ڕستەی داخوازی ڕاستی و ناڕاستی ناسەلمێنرێ[١٦٣: ٢٩].

٣- **سیاق:** ئەرکی سەرچاوەیی، یان گەڕانەوەیی (الوظیفة المرجعیة) (referential function ):

لەم جۆرە ئەرکەدا پەیام ئاراستەی زەمینە دەکرێت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ زەمینەیەکی دیاریکراو، کە ئاسانکاریمان بۆ دەکات سەبارەت بە پەیام، کە باسی چی دەکات، سەرەتاش دەبێ کۆدەکان بخوێنینەوە کە لە ڕێگەی ژینگە و ڕۆشنبیری و زەمینەی ڕستەکانەوە تایبەتمەندییەکانیان بەخشیوەتە پەیام و ڕاستی و ناڕاستیان بەدی دەکرێت لە بنەڕەتیشدا ڕستەکان دەلالەتی خەبەری پیشان دەدەن و خاوەنی ئەرکی سەرچاوەیین [٦: ١٩].

٤- **پێوەندی:** ئەرکی هۆشیارکردنەوە (الوظیفة الانتباهیة) ( phatic function):

لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە پێوەندییە، بە گوتەی (یاکۆبسن) مەبەستی هەندێ پەیام ئەوەیە، کە پێوەندی بەدی بێنن، هەندێکی تر دەبنە هۆی درێژە پێدانی پێوەندی، دەستەیەکی تر هەن هەر بۆ ئەوەی لە توانایی و کارکردنی پێوەندی دڵنیا بن، وەك: کاکە لێم حاڵیت[٢٥: ١٩].

٥- **کۆد:** ئەرکی میتا زمان (الوظیفة المعجمیة أو ماوراء اللغة) ( meta language function):

لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە کۆدەکانە، ئەم ئەرکە بۆ جەخت کردنەوەی هەردوو لای گەیاندنەکەیە (نێرەر و وەرگر)، لە بەکارهێنانی هەمان کۆد و واژە زمانییەکان؛ بۆ ئەوەی پێوەندییەکە تەواوبێت، وەك بە کارهێنانی وشەکانی ناو فەرهەنگ، کە هەموو ئاخێوەران لەسەری ڕێککەوتوون[١١٥: ١٦٨].

٦- **پەیام:** ئەرکی ئەدەبیی (الوظیفة الشعریة أو الانشائیة) ( literary & potique function):

ئەم ئەركە لە خودی پەیامەكە سەرهەڵدەدات، ئەركی شیعرییەتی زمان دەگەیێنێت، (یاكۆبسن) پێیوایە كە لەم ئەركە ناتوانرێ لێكۆڵینەوەیەكی ورد ئەنجام بدەی ئەگەر كێشە گشتییەكانی زمان پشت گوێ نەخەین، لە لایەكی تریش داوای ئەوە دەكات، كە شیكردنەوەیەكی ورد بۆ زمانەكە بكرێت، بەجۆرێك كە شیعرییەت بنوێنێ، هەروەها دەڵێت: ناكرێ ئەركی شیعرییەت تەنیا لە شیعر كورت بكرێتەوە، یان تاكە ئەركی هونەری زمان هەر شیعرییەت نییە، بەڵكو تەنیا ئەركێكی بەرز و دیاریكراوی زمانە[١٦٣: ٣١]، كەواتا دیاریكردنی ئەركە زمانییەكان بە پێی هەر ڕەگەزێك بەم شێوەیە دەبێت[١٦٣: ٣٣]:

**سیاق (ئەركی گەڕانەوەیی)**

**نێرەر (ئەركی هەڵچوون) ــــــ پەیام (ئەركی ئەدەبی) ــــــ وەرگر (ئەركی هاندەری)**

**پێوەندی (ئەركی هاودڵی)**

**كـــــــۆد (ئەركی میتازمان)**

كەواتە ئەركەكانی لادان لە خودی دەقی ئەدەبی سەرچاوە دەگرن؛ چونكە دیاردەیەكی ئەدەبییە، بەڵام نێرەر ئەنجامی دەدات و وەرگریش دەیان دۆزێتەوە بە پێی سیاق و لێكدانەوەی كۆدە زمانییەكان و دۆزینەوەی واتا شاراوە و نادیارەكانی ئەودیوی واژەكان، بە مەرجێك بە پێی ژانر و جۆری دەق و قۆناغ و سەردەمی دەقە ئەدەبییەكە جۆری ئەركەكە دەستنیشان بكرێت، هەروەك (د. منذر عیاشی) دەڵێت: ((ئەركەكانی زمان هەر بەم چەند ئەركە كۆتاییان نایێت؛ بەڵكو هەموو دەقێك ئەركی تایبەتی خۆی پێكدێنێ، ئەم ئەركانەش لە میللەتێك بۆ میللەتێكی تر، لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تر، لە شارستانییەتێك بۆ شارستانییەتێكی تر جیاوازە، هەروەها لای نووسەرێكیش ئەركەكان لە دەقێكەوە بۆ دەقێكی تر دەگۆڕێن، یان لە تاكە دەقی نووسەرێك چەند ئەركێك بوونیان هەیە))[١٢٠: ٥٢]، بە گشتی لادان لە ناو هەردەقێكی ئەدەبی دوو ئەركی سەرەكی دەبینێت:

**١- ئەركی ئێستێتیكی:** ئەم ئەركە كاتێك بەرجەستە دەبێت، كە شاعیر ئەو لادانەی لە ئەزموونی ئەدەبی دەقەكە ئەنجامداوە، ڕەهەندێكی ئێستێتیكی بە بونیاتی دەقەكە ببەخشێت؛ چونكە هەروەك فەیلەسووفی ئەڵمانی (كانت) (١٧٢٤- ١٨٠٤ز) ئاماژەی پێكردووە: كاری هونەری بونیاتێكی خۆی هەیە، جوانییەكەشی لەو بنیاتە دەردەكەوێت؛ بۆیە هەركاتێك خوێنەری شارەزا لە كاتی بیستن، یان خوێندنەوەی دەقێكی ئەدەبی ئەفراندن و جوانی لە بیر و واتا و وێنە و زمانی شیعری و تەكنیكەكانی تر بەدی كرد، بە جۆرێك، كە لادان بووبێتە بنەمای ئەو ئەفراندن و داهێنانانە ئەوا ئەركێكی ئێستێتیكی بینیوە؛ چونكە جوانی بیرێك نییە لە دەرەوەی كارە هونەرییەكاندا بوونی هەبێت؛ بەڵكو لە ناوەوە بە هۆی تەكنیكە هونەرییەكانەوە بەرجەستە دەبێت و بە هۆی داهێنانی داهێنەر ڕوخسارەكانی زیاتر بە ڕەنگاوڕەنگی دەردەكەون[٦١: ١٥]، كەواتا ئەركی ئێستێتیكی لادان لە ڕێگەی چۆنیەتی داهێنانی نووسەر لە دروستكردنی كاریگەری لەسەر خوێنەر و بەخشینی ناوێزەیی بە بونیاتی دەقەكە بەدەست دەهێنرێت.

**٢- ئەركی نائێستێتیكی:** هەركاتێك نووسەری دەق نەیتوانی بە ئاراستەیەكی جیاواز و جوانتر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بنووسێت و ئەو ئەركە جیاوازەی كە زمانی شیعر لە ڕێگەی لادانەكان بۆ خۆی بەرجەستەی دەكات كە بریتیین لە: سەرنجڕاكێشان و سەرسوڕمانی و چێژو سیحر [١٧٧:١٨١]، ئەوا خوێنەریش هیچ جوانی و داهێنانیان تێدا بەدی ناكات و خاڵی لاواز لە شێوازی خاوەن دەق و بونیاتە هونەری و ئەدەبییەكانی ئەو دەقە دەردەخات؛ چونكە ئێستێتیكا سەرەڕای دەرخستنی لایەنی ئێستێتیكی دەق، بنەمایەكیشە بۆ دەركەوتنی لایەنی دزێوی دەق؛ بۆیە كاتێك لادانێك دزێوی و نادروستی بە دەقێك بەخشی و ئەدگارێكی ئەدەبی و شیعرییەتی بە بونیاتی دەقەكە نەبەخشی ئەوا ئەركێكی نائێستێتیكی بینیوە، یان بە واتایەكی تر بە ئەركە دزێوەكەی ئێستێتیكا هەستاوە؛ كە

ئەمەش بۆ خودی شێواز و ئاستی داهێنەرانەی خاوەن دەق دەگەڕێتەوە؛ چونکە هەروەك (کۆهین) دەڵێت: ((هەموو شێوازێك هەڵەیە؛ بەڵام هەموو هەڵەیەك شێواز نییە)) [١٧:١٨٢]؛ بۆیە ئەو لادانانەی لە بێ ئاگایی و هەڵەشەیی شاعیر هەڵقووڵاون، دەبنە بارێکی قورس و ناشیرین بە سەر دەق و سیما و ڕەهەندێکی نا ئێستێتیکی پێ دەبەخشن.

کەواتا ئەو لادانانەی شاعیرێك، یان نووسەرێك لە بونیات و پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی ئەنجامیان دەدات، ڕاستەوخۆ ئەرکەکانیان پەیوەستە بە خودی لادانەکەوە، هەردوو ئەرکەکەش پێوەندییان بە یەکەوە هەیە؛ چونکە هەرکاتێك لادان نەیتوانی جوانی و ئەفراندن بۆ دەق بەرجەستە بکات، ئەوا دەبێتە هۆکاری هەڵە و کەم کردنەوەی ئاستی داهێنانی دەق؛ بۆیە دەبێت خوێنەری شارەزا لە سەر بنەمایەکی زانستیانە بە شێوەیەکی بابەتییانە بە پێی پێوەرەکان جۆری لادانەکە دەستنیشان بکات و دەرك بە ئەرکەکەی بکات.

١- ١- ٤: **جۆرەکانی لادان** *

لە باسەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت، لادان چەمکێکی نا جێگیرو گۆڕاوە و پێوەندی لەگەڵ چەندین لایەن و چەمکی جۆراو جۆری تریش هەیە؛ بۆیە کاتێك سەیری هەر بوارێك دەکەین چەند پۆلینێکی جیاواز بە دی دەکەین وەك:

**یەکەم:** (لیچ) لە کتێبی (A Linguistic Guide to English poetry) هەشت جۆر لادانی دەستنیشان کردووە[٤٢:٢١٠- ٥١]:

لادانی لێکسیکی (Lexical Deviation).

لادانی ڕێزمانی ( Grammatical Deviation).

لادانی فۆنۆلۆجی ( Phonological Deviation).

---

(*) لە سەرچاوەکانی ڕەوانبێژیدا هەندێ لە جۆرەکانی لادان لەژێر ناوی جیاواز باسیان لێوەکراوە ، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە ژێر ناوی چەمکە نوێیەکەی لادان جۆرەکانی دەستنیشان بکەین.

لادانی نووسینی ( Graphological Deviation).
لادانی واتایی ( Semantic Deviation)
لادانی دیالێکتی ( Dialectal Deviation)
لادانی شێوازی (Deviation of Register)
لادانی مێژوویی، سەردەمی (Deviation of Historical Period )

ئێمە پێمان وایە (لیچ) بە بێ هەبوونی بنەمایەکی دیاریکراو و ئەم پۆلینەکەی کردووە، بۆ نموونە: لادانی دیالێکتی و لێکسیکی لادانی وشەیین، هەروەها لادانی نووسینی و شێوازی و سەردەمی جیاوازن لەگەڵ لادانە زمانییەکان.

**دووەم:** (جان کۆهین) لادانی تەنیا بە زمان پەیوەست کردووە؛ بۆیە لە کتێبەکانی تەنیا لادانە زمانییەکان دەبینرێن و بە پێی سێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان (دەنگ، پێکهاتە، واتا) باسی لە چەند جۆرە لادانێك کردووە؛ لەبەرئەوە یەکێك لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی (کۆهین) بۆتەوە ئەوەیە، کە لە پۆلینکردنی جۆرەکانی لادانـدا بە تێڕوانینێکی تەسك تێڕوانیوە و تەنیا لە بەشێکی دەقی شیعرییدا کورتی کردووەتەوە و تێڕوانینە گشتگیرییەکەی پشت گوێ خستووە، ئەم پشت گوێ خستنەش بۆ چەمکی تیۆرە شیعرییەتەکەی خۆی دەگەڕێتەوە کە تێیدا لادانی تەنیا پەیوەست کردووە بە شیعرەوە[١٧٣: ١١١]

**سێیەم:** (د.صلاح فضل) پێنج بنەمای گرینگی خستووتەڕوو کە دەکرێت جۆری لادانەکانیان لەسەر پۆلین بکرێت و بریتین لە [١٥٥: ٢١١]:

١- دەکرێت جۆری لادانەکان لە سەر بنەمای ڕێژەی بڵاوبوونەوەیان لە سەر ئاستی دەق دەستنیشان بکرێت، بە شێوەی بەشی، یان سەرجەمی دەق، لادانی بەشی، کاریگەرییەکەی لە سەر بەشێکی دیاریکراوی دەق دەبێت وەك: خوازە؛ بەڵام لادانی سەرجەمیی، کاریگەری لەسەر هەموو دەقەکە دەبێت.

٢– دەکرێت لادانەکان لە سەر بنچینەی پێوەندییان بە سیستمی یاساکانی زمانەکە پۆلین بکرێن، بەمەش لادانی نەرێنی و ئەرێنی دروست دەبن، لادانی نەرێنی یاسا کورت دەکاتەوە، بەڵام لادانی ئەرێنی هەندێ کۆتی تری بۆ زیاد دەکات.

٣– دەکرێت لادانەکان لە گۆشە نیگای پشت بەستن بە پێوەندی نێوان یاسا و دەق لە کاتی شیکردنەوەی دەق پۆلین بکرێن، ئەمەش لادانی دەرەکی و ناوەکی دەگرێتەوە. لادانی دەرەکی لە کاتی دابڕاندنی ئەو یەکەی زمانەوانییەی کە پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە بە سەر ئەو یاسایەی کە دەستی بەسەر سەرجەمی دەقدا گرتووە، بەڵام لادانی دەرەکی ئەو کاتە دروست دەبێت، کە دەق لە شێوەی زمانی نووسیندا جیاواز بێت.

٤– دەکرێت لادانەکان بە پێی ئاستەکانی زمان پۆلین بکرێن، وەك لادانی دەنگی و ڕێزمانی و فەرهەنگی و وشەسازی و واتایی.

٥– دەکرێت بە پێی هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی لادانەکان پۆلین بکەین هەروەك (یاکۆبسن)، وەك: لادانی پێکهاتەیی، گۆڕینی ڕێکخستنی وشە، جێگۆڕکێ.

ئەم پۆلینە لە سەرجەم ئەو پۆلینانەی تا ئێستا بۆ جۆرەکانی لادان کراون بە گونجاوتر دەزانین؛ چونکە هەموو پێکهات و بونیاتە جیاوازەکانی دەقی لە بەر چاو گرتووە و بە پێی هەر یەکێکیان جۆری لادانەکەی دیاریکردووە.

**چوارەم:** (د.منذر عیاشي) ئاماژەی بە چەند جۆرێکی لادانی دەق کردووە، کە بریتین لە[١٧٥: ٧٩– ٨٠]:

١– لادانی ڕەگەزێکی پێکهێنەری دەق لە ڕەگەزی پێش خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕینی بەدوای یەکداهاتنی دەلالی و گونجانی ناوخۆیی و جیاکردنەوەی سەرەکی یەکێتی دەقەکە.

٢– لادانی دەق لە یەکێتی لۆژیکی خۆی و کۆکردنەوە و لە خۆ گرتنی دژ یەکەکان.

٣- لادانی دەق لە خودی خۆی و لادانی واژەکان لە مەبەستی ئاخێوەر.

٤- لادانی دەق لە کۆدە زمانییە زانراوەکان.

لەم پۆلێن کردنەش زیاتر بونیاتی دەق لەبەرچاو گیراوە و زیاتر لادانە واتاییەکان دەگرێتەوە.

**پێنجەم:** (دڵخۆش جارەڵڵا حوسێن) لە نامەی دکتۆرایەکەی پێنج جۆر لادانی دیاریکردوون بریتین لە[٢٠٠: ٢٣٣- ٣١٠]:

١- لادان بە ڕێگەی بە فراوان کردن و درێژدادڕی، وەك زیادکردن و دووبارە کردنەوە.

٢- لادان بە ڕیگەی کورتکردنەوە، وەك: کرتاندن و کورتبڕی.

٣- لادانی جێگرتنەوە.

٤- لادانی ئەرکی.

٥- لادانی ئاوازەیی.

ئێمە پێمان وایە بنەمای پۆلێن کردنەکە دیاریکراو نییە؛ چونکە دووبارە کردنەوە بە شێکە لە لادانی دەنگی.

**شەشەم:** هەندێ ڕەخنەگر و شارەزای تر چەند جۆرە لادانێکی تریان دەستنیشان کردووە کە بریتین لە[٩٢: ٩٥]:

١ - لادانی خوازەیی: هەموو جۆرەکانی وێنەی هونەری دەگرێتەوە، هەرلە لێکچواندنەوە تا خوازەی عەقڵی.

٢ - لادانی ڕیتمی، یان لادانە دەنگییەکان.

٣ - لادانی زمانی بە هەموو شێوەکانییەوە.

٤- لادانی دەنگی لە نێوان دال و مەدلوولدا.

٥- لادانی ئەرێنی و لادانی نەرێنی.

ئەم پۆلینە تەنیا لە سەر بنەمای بونیاتی زمانی دەق و پەسند کردنی جۆری لادانەکە، جۆرەکانی دەستنیشان کردوون پێکهاتەکانی تری دەقی پشتگوێ خستوون.

**حەوتەم:** (شەفیعی کەدکنی)یش لە سەر هەردوو بنەمای (جوانکاری و گەیاندن و پێوەندی کردن) لادانەکانی دابە شکردوونە سەر نۆ جۆر [٩٣: ٢٩]:

١- خواستن.

٢- خوازە.

٣- درکە.

٤- کۆنگەرایی، ئەمەش دابەشی دوو جۆر دەبێت:

کۆنگەرایی وشەیی.

کۆنگەرایی ڕستەیی.

٥- ئاوەڵناوی هونەری.

٦- پێکهاتە زمانییەکان.

٧- نا ئاشناکردن لە سنووری فەرهەنگیدا.

٨- نا ئاشناکردن لە سنووری سینتاکسی زماندا.

٩- دەربڕینی پارادۆکسی.

ئەم پۆلین کردنە تەنیا لە سەر بنەمای زمان ئەنجام دراوە و جۆری لادانەکانی بە پێی ئاستەکانی (ڕێزمان و واتا) دەستنیشانی کردووە؛ چونکە (خوازەو خواستن و درکە و نا ئاشناکردنن لە سنووری فەرهەنگدا و دەربڕینی پارادۆکسی) دەچنە خانەی لادانە واتاییەکان، ئاوەڵناوی هونەری و بەشێك لە کۆنگەرایی سەر بە لادانی وشەیین، ئەوانی تریش سەر بە ڕستەسازین.

کەواتە ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەم پۆلێنە جۆراوجۆرانە نەبوونی بنەمایەکی هاوبەشە، بۆ ئەوەی جۆرەکانی لادانی لەسەر پۆلێن بکرێن، جگە لەمەش هەموو جۆرەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و تێکچڕژاون تەنیا بە مەبەستی زانستی لێك جیا دەکرێنەوە هۆکاری ئەمەش بۆ خودی بونیاتی دەق و زمان دەگەڕێتەوە؛ چونکە لادان ((وەك پرۆسەیەکی گشتگیر سەرتاپای دەق دەگرێتەوە ئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و دەلالی و سیمانتیکی و پراگماتیکی و زمانی دەق بە هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوە

دەبنە کەرەستەیەك تا لادانیان لە ناودا جێبەجێ بێ))[٥٥: ٢٥٠]؛ بۆیە پێمام باشە بەرەچاوکردنی هەموو ئەو پۆلینانە و لەسەر بنەماکانی (زمان، بونیاتی دەق، قۆناغ و سەردەم، پلە و کاریگەری، داهێنەر و بەکارهێنان) بە شێوەیەکی گشتی ئەم چەند جۆرە لادانە دەستنیشان بکەین:

**یەکەم: لەسەر بنەمای ئاستەکانی زمان**

هەموو جۆرەکانی لادان لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبن؛ چونکە کەرەستەی سەرەکی نووسینی دەقە وەك هەویرێك لەبەردەستی نووسەر و شاعیران دایە و بە پێی ئارەزووی خۆیان ئەو ژانرەی لێ پێك دێنن، کە مەبەستیانە لە هەر شوێنێك بیانەوێت لێی دەقرتێنن و لە هەر شوێنێکیش بیانەوێت زیادەی دەخەنە سەر بێ ئەوەی یاسا و دەستوورەکانی پەیڕەو بکەن. لادانی زمانیی لە (زمانی زانستی، زمانی پێوەر، زمانی ئاخاوتن)** لادەدات لێرەدا بە پێی ئاستەکانی زمان لادان دەبێتە سێ جۆری سەرەکی:

١- لادانی دەنگی: هەموو ئەو لادانە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە یاسا دەنگییەکان لادەدەن وەك ئەو لادانانەی مۆسیقا و ریتم دروست دەکەن، لەوانەش: کێش سەروا کرتاندن گۆڕین.....تاد.

٢- لادانی ڕێزمانی: هەموو ئەو لادانانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنچینەی لادان لە یاساڕێزمانییەکان ئەنجام دەدرێن ئەمەش لەسەر هەردوو ئاستی وشە و ڕستە دەکرێتە دووبەشەوە:

أ- لادانی وشەیی: ئەو لادانانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی وشە بەدی دەکرێن وەك: داهێنانی وشە، لادان لە یاساکانی وشە، کۆنگەرایی.....تاد

ب- لادانی ڕستەیی: ئەو لادانانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی ڕستە ئەنجام دەدرێن وەك: کرتاندن پاش و پێش کردن کورتبڕی و درێژبڕی.....تاد.

---

(*) لە سەرچاوەکاندا ئەم زاراوە جیاجیایانە بەکارهاتوون بەرامبەر بەو زمانەی تەنیا ئەرکی گەیاندنی سوود و زانیارییە و لەیاسا و دەستوورەکانی ڕێزمان لانادات.

٣- لادانی واتـایی: ئـەو لادانانـە لـە خۆدەگرێـت کـە لـە سـەر بنچـینەی پچڕانی پێوەندی نێوان دال و مـەدلوول و چـەندێتی دەربـڕین دروسـت دەبـن وەك: دانەپالْ، دژەڕۆیی، زیادەڕۆیی، پارادۆکس.....تاد

**دووەم: لەسەر بنەمای بونیاتی دەق**

هەموو دەقێك خاوەن بونیاتێکی دیاریکراوی خۆیەتی و دەقی ئەدەبییش بونیاتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و جیایـە لـە بونیـاتی دەقێکـی نـا ئـەدەبی، هەروەها پێکهاتـەی بونیـاتی دەرەوەی دەق جیـاوازە لـە بونیـاتی نـاوەوەی دەق؛ بۆیە لە سەر ئەو بنەمایە لادان لێرەدا دەبێتە دوو جۆر:

**أ- لادانی دەرەکی (ڕوخساری):**

مەبەسـت لـە بونیـاتی دەرەوە هـەموو ئـەو بونیـات و لایەنانـەی دەقـی ئەدەبییە کە ڕوخساری دەق پێکدێنن و خوێنەر ڕاستەخۆ بە بینین پەیان پێ دەبات و زۆر جاریش بـە لادانـە بینینییـەکان نـاو دەبـرێن. هەرچـەندە زمـان بونیاتنەری سەرەکی دەقە، بەڵام ((ناکرێـت لادان تـەنیا لـە لادانـی زمـان لـە یاسـاکانی ڕێزمـان کـورت بکرێتـەوە))[١١٥:٥٥]؛ بۆیـە دەکرێـت ئـەو لادان و ناباویە لە هەر بونیـاتێکی دەق ڕووبـدات بـەبێ جیـاوازی؛ بۆیـە مەبەسـت لـە لادنی بونیاتی هەموو ئەو جۆرە لادانانەیە، کە پێوەندییان بە لایەنی ڕوخسار و دەرەوەی دەقی شیعرییەوە هەیە بە بێ شیکردنەوەی بنەما زمانییـەکان و چوونە ناو بونیاتی زمانی دەق دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت وەك: لادان لە شێوەی نووسین، سەروا، قاڵبە شیعرییەکان.....تاد (د.صلاح فضل) بـەم شێوەیە باسی لەم جـۆرە لادانـە کـردووە ((لادانـی دەرەکـی کاتێـك دروسـت دەبێــت کــە شــێوازی دەق جیاوازبێــت لــەو یاســایەی هەیــە لــە زمــانی خوێندن))[١٥٥: ٢١١]. لای (محمد علی هەقشناس)یش دەرەوەی زمان ((ئەو ڕواڵەت و تێکڕا پێکهاتە غەیرە ماناییەکان و بە تایبەت پێکهاتە دەنگییەکانی زمانــە وەك:کێشــی عــەرووز، ســەروا، تــەرجیع بەنــد، جیناس....ئــەو تایبەتمەندییانــەی لــە گەمــەی دەرەکــی زمانــدا بەشــدارن و گەوهــەری هۆنراوەن))[٢٥: ١٥]

**ب– لادانی ناوەکی (ناوەرۆکی):**

مەبەست ئەو لادانەیە، کە پێوەندی بە ناوەوەی دەق هەیە لە ئـەنجامی واتای ناوەرۆکی دەقەوە دەردەکەوێت؛ چونکە دەقی شیعریی هەڵگری بـیر و بۆچوونەکانی خاوەنەکەیەتی، (د.صلاح فضل) لەبارەی ئەم جۆرە لادانـەوە دەڵێت: ((لادانی ناوەکی کاتێك ڕوودەدات، بە دابڕاندنی ئەو یەکـە زمانییـەی خاوەن پانتاییەکی دیاریکراوە، لەو یاسـایەی بەسـەر کـۆی دەقەکـەدا زاڵـە)) [١٥٥: ٢١١] نموونــەی ئــەم جــۆرە لادانــە وەك: لادانــی هــزری، لادانــی کۆمەڵایەتی.....تاد؛ بەڵام (محمـد علـی هەقشـناس)لە نـاوەوەی زمـان بـاس لەوە دەکات ((ئەو ڕەگەزانەن کە بنەمایەکی ماناییان هەیە. ئەو ئامرازانـەی، کە شیعر بەرهەم دێنن لـە گەمـەی مانـایی و ناوەکییـەکانی زمانـدا بەشـداری دەکەن کە بریتین لە: شوبهاندن، خوازە، کینایە، مـەجاز))[١٦:٢٥]دیـارە لـە لادانـی واتـایی کـورتی کردوونەتـەوە، بـەڵام ئێمـە مەبەسـتمان ئـەو واتایـە گشتییەیە، کە لەسەر ئاستی دەقەکە بەدی دێت.

**سێیەم: لەسەر بنەمای داهێنان و بەکارهێنان**

بەپێی داهێنانی جۆری لادان وچۆنیەتی و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەولادانـە لای نووسەر و شاعیران و دابەش دەبێتە سەر جۆرەکانی:

**١– لادانی خودی:** بەرزترین و بەهێزترین جۆری لادانە، کە نووسەر، یـان شاعیر دایدەهێنێ، زادەی بیرو هۆش و هونەرە زمانییەکانی خۆیەتی و پـێش ئەو هیچ کەسێکی تر پەی پێ نەبردووە و نەبووە؛ چونکە ((هـەموو شـاعیر و نووسـەرێك دەیـەوێت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر بنووسـێت و کەسـایەتییەکی سەرنجڕاکێش و نوێخوازانەی هەبێت))[١٨٩:١٣٠]، (د.ئیدریس عەبدوڵڵا) ئـەم جـۆرەی بـە (لادانـی تایبـەتی)ناو بـردووە و بـەم جـۆرە ناسـاندوویەتی: ((ئەولادانانەن کە پڕاو پڕداهێنانن. ئەدیبە داهێنەرەکان لە ماوەی کارەکـانی خۆیانـدا لـە چـوار ئاسـتەکانی زمانـدا بەرهـەمی دێـنن، تایبـەتین و نوخبـەی

ئـەدەبی دەقــی ئـەدەبییان پــێ دەنووسـێت))[٧١:٥٦] هــەر ئـەم لادانـە خودییانەش دەبنە سەرچاوەی پێکهێنانی دووجۆرە لادانی تر کە بریتین لە:

**أ- لادانی شێوازیی:** هەرکاتێك لادانی خودی بووە هۆکار و سەرچـاوەی شێوازی شاعیر ئەوا بە لادانی شێوازیی ناو دەبرێت؛ چـونکە ((شـێواز خـۆی لادانێکــی تاکییــە، یــان کەســییە ڕێگــای تایبــەتی نووســینی تاکــە نووسەرێکە))[٣٦:١٨٢]، بەمەش شێوازەکەی جیاواز دەبێت لە شاعیرێکی تر و مۆرکێکی تایبەتی پێ دەبە خشێت؛ بۆیە دەڵێن شـێواز ((هێـزی خـۆی لـە سرووشتی کەسایەتی وەردەگرێت، کـە بەکاریـدەهێنێ...؛ بۆیـە سـیمایەکی کەسـییە نابردرێـت و ناگوازرێتــەوە و ناگۆڕێـت)) [٢٢٥:١٢٨]، بـۆ نموونـە: کاتێك شاعیر وشەی نوێ، یان بیرۆکەیەکی نوێ، یان ژانرێکی نوێ دادەهێنــێ ئەوا دەبنە سیمایەکی شێوازی خۆی، هـەر ئـەم جـۆرە لادانـەش بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ئاراسـتەیەکی نـوێی شـێوازگەری بـەناوی (شـێوازگەریی تـاکی) لەسەردەستی (لیوسپیتزر) لە بنەمای کـاری ئاراسـتەکە ((ئەدەبییـەتی دەق لەسەر ئەو لادانە گەشەی دەکرد و ڕەسەنایەتی شـێوازگەری لای ئـەو بریتـی بوو لە لادانی کەسی))[٩٥:١١٧].

**ب- لادان لە شێواز:** کاتێك دروست دەبێت شاعیر بیەوێت لەو شـێوازەی هەیەتی لابدات و بـە شـێوازێکی تـر بنووسـێت؛ چـونکە ((مـەرج نییـە لەیـەك جیهانی بابەتیدا یەك شێوازی دەربڕین بێنێتە کایەوە))[٤٥:١٣]، یـان ئەگـەر هـاتوو لەسـەردەم و قۆناغێکدا شـاعیر لایـدا لـەو شـێوازەی لـەو سـەردەم و قۆناغە هەیە و باوە. (زمخشری)لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لادان لە شێوازێکەوە بۆشـێوازێکی تــر بــە ئاگــا هێنانــەوەی گــوێگرە))[٢٧٩:١٢٨]، بـۆ ئــەوەی سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ، بـۆ نموونـە: شـاعیرلە شـیعرەوە بەرەو پەخشانە شـیعر دەچـێت، یـان لادانـی ڕێزمـانی زیـاتر بـەکاردێنێت لـە کاتێکدا پێشتر لادانی واتایی زیاتر ئەنجام داون، یان لە یـەك دەقـی شـیعریدا دوو جۆرە شێواز بەکاردێنێ.

**٢- لادانـی گشـتی:** ئـەم جـۆرە لادانـە بەنـدە بـە ڕێـژەی بـەکارهێنان و کارپێکردنی لەلایەن نووسـەر و شـاعیران، هـەرکاتێك لادانێـك لـە سـنوورێکی فراوانی ئەدەبی نەتەوەیەك، یان چەند نەتەوەیەك بەکارهات، دەچێتە خانەی ئـەم جـۆرە لادانـە، واتـا لادانێکـی گشـتییە و تایبـەت نییـە بـە کەسـێکی دیاریکراو، بەڵام هەریەکەو بە پێی شێواز و تایبەتمەندی زمـان و قۆناغەکـەی پـەیڕەوی دەکـات، بـۆ نموونـە: بنـەماکانی مۆسـیقا وەك: کـێش و سـەروا و دووبارەکردنەوە لادانی دەنگیین لای هـەزاران شـاعیر کـاری پێـدەکرێت، یـان خـوازە و خواسـتن.....تـاد لادانـی واتـایین و شـاعیران بـۆ کێشـانی وێنـەی هونەری سوودیان لێوەردەگرن.

**٣- لادانی باو (سواو):** هەر لادانێکی خودی، یان گشـتی هـەرکاتێك زۆر دووبارە کرایەوە و وەك وشەیەکی ئاسایی ناو زمانی ڕۆژانە بەکارهات، هەموو کەسـێك بـێ جیـاوازی لێـی تێگەیشـتن و ئـەو پلـەو کاریگـەری و جوانییـەی لەدەستدا کە پێشتر هەیبوو ئەوا دەبێتە لادانێکی سواو (د.ئیدریس عەبدوڵڵا) بە لادانی گشتی لە قەڵەمی داوە و دەڵێت: ((لادانی گشتی ئەو لادانەیە کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە چـوار ئاسـتەکانی زمانـدا نەتـەوە بەسـەر دەربڕینـەکانی زمانی سرووشتی داهێناوە بۆتە بەشێك لە فەرهەنگ و هـەموو کـەس بـەکاری دێنێ))[٧١:٥٦] بـۆ: نموونـە: ئیدیۆمـەکان، یـان هەنـدێ خواسـتن و ڕەمـز و لێکچواندن هەموو کەس تێیاندەگات بە هـۆی زۆر دووبـارە بوونـەوەیان وەك: (دەڵێی ڕۆژە، وەك ڕێوییە، وەك شێر وایـە) هـەموو ئەمانـە لادانـی واتـایین و هەموو کەسێکیش تێیان دەگات، نموونەیەکی تر: نووسین بـە زمـانی کـوردی - شێوەزاری کرمانجی خواروو- لای (نالی)لادانێکی خودی جوان بـوو؛ بـەڵام هەموو ئەو شـاعیرانەی دوای ئـەو تـا ئێسـتا بـەو شـێوەزارە دەنووسـن بۆتـە لادانێکی سـواو، واتـا لادانێکـی خـودی بـووەو گـۆڕاوە؛ بۆیـە وتـراوە ((هـیچ لادانێك ڕەها نییە ئەو لادانەی، کە لـە دەسـت زمـانی ئاسـایی بـەرەڵڵا بـووە جارێك، یان هەموو جار، هەر ئەو لادانەیە، کە سبەی دەبێتـە بـەکارهێنانێکی ئاسایی))[١٩١:١١٦].

جیاوازی لادانی گشتی و لادانی سواو لەوە دایە، لە لادانی سواو، لادانەکە بە هەمان واتا و شێوەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە، بەمەش لە جوانی و کاریگەرییەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام لە لادانی گشتی جۆری لادانەکە گشتییە و ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێ بە شێوەیەکی تایبەتی بەکاریدەهێنێ بۆ نموونە:خواستن لادانێکی گشتییە، بەڵام هەر شاعیرەی بۆ جۆرە شتێك دەیخوازێت بۆ نموونە: شاعیرێك فرمێسك لە مرۆڤ دەخوازێت و بۆ ئاسمان بە کاریدێنێت، لای شاعیرێکی تر هەر هەمان وشە بۆ گوڵ بخوازرێت، واتا لادانەکە هەمان جۆری لادانە؛ بەڵام هەریەکە و بە جۆرێك بەکاریدەهێنێت.

٤-**لادانی قۆناغی:** هەموو قۆناغێکی مێژووی، یان ئەدەبی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، دەبنە هۆکاری جیاکردنەوەی لەگەڵ قۆناغەکانی پێش و پاش خۆی هەموو ئەمانەش لە ناو ئەدەب ڕەنگدەدەنەوە و دەردەکەون و کاریگەری ڕاستەوخۆشیان لەسەر سەرجەم پێکهات و بنەما و لایەنەکانی ئەدەب دەبێت. بەرهەمە ئەدەبییەکانیش شێوازی تایبەت بەو قۆناغە هەڵدەگرن، لادانیش وەك دیاردەیەکی ئەدەبی و پێکهاتی بونیاتەکانی دەق بە پێی قۆناغ مۆرکێك وەردەگرێت و ((ئەوچنینە ڕێزمانییەی شیعر ژمارەیەك خاسیەتی زەق و چڕ و تایبەتمەندی پێدەبەخشێ، کە بە ئەدەبێکی نەتەوەیی، یان قۆناغێکی دیاریکراو، یان ژانرێکی ئەدەبی، یان تاکە شاعیرێك ناو دەبرێت))[٧٣:١٦٣] زۆرجار وا دەبێت بناغەی جۆری لادانەکان لە لادانێکی خودی سەرهەڵدەدەن و شاعیرانی هاو سەردەمی خۆی هەمان شێواز پەیڕەو دەکەن وەك شیعری قۆناغی (نالی)کە ئەو بناغەی داناو دواتریش هاو قۆناغەکانی لەسەر شێوازی ئەو ڕۆیشتن و لادانێکی قۆناغی دروست بوو؛ چونکە یەکێك لەو پێناسانەی بۆ شێواز دەکرێت ((ڕێگایەکە لە نووسینی قۆناغێك لە قۆناغەکان))[٣٣:١٢٠]، هەندێ جاریش کۆمەڵێك شاعیر ڕێك دەکەون و لادانێکی نوێ و جیاواز دادەهێنن و هەموویان پەیڕەوی دەکەن.

واتا له لادانی قۆناغییدا ئەو لادانانەی شاعیرانی ئەو ماوەیە ئـەنجامی دەدەن شـێوازەکەیان هاوبەشـە و لەیـەك نـزیکن؛ بـەڵام هەریەکـە و پارێزگـاری لـە خودییەتی خۆی دەکات بۆ نموونە: (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر) هاو قۆناغن (شێرکۆ بێ کەس و عەبدوڵڵا پەشێو)یش هاو قۆناغن؛ بەڵام هەریەکـە و تایبەتمەندی خۆشییان هەیە واتا لە جـۆری لادانـەکان هاوبەشـن؛ بـەڵام لـە چـۆنیەتی لادانــەکان جیــاوازن؛ بۆیــە شــاعیر دەبێــت ئاگــاداری چــۆنیەتی گوزارشـتکردنی ئــەو شـتە بێـت کـەدەیڵێ؛ چـونکە ڕۆشـنبیری و ئاراسـتە هونەرییـەکانی خـۆی و ئـەو ژینگەیـەی تێـدا دەرکـەوێت کـە تێیـدا دەژیێـت [١٠٨:١٥٣]، هـەروەها لـە لادانـی قۆناغییـدا، شـتێکی دیـار و بەرچـاوی تـر ئەوەیە کە زۆرجار جۆرە لادانێك، یان هەندێ جـۆر لـە یـەکێك لـە قۆناغـەکان زۆر بڵاوە بە بەراورد بە جۆرەکانی تر بۆ نموونە: لەشیعری کلاسیکیدا لادانی زمانی ڕێژەکەی بەرزترە لە لادانی بونیاتی.

### چوارەم: لەسەر بنەمای ئێستێتیکا

لێرەدا خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لـە جیاکردنـەوەی جۆرەکـان بـە پێـی دەسـتەبەرکردنی جـوانی و ناشـیرینی، یـان تـا چ ڕادەیـەك ئـەو لادانـە پەسەندە، یان ڕەتدەکرێتەوە، ئایا سەرچاوەی داهێنانی شاعیرە؟ یان لـەبێ ئاگاییـەوە دروسـت بـووە؟ بۆیـە بـە پێـی تێـڕوانین و خوێنـەری جیـاواز بـە چەندین شێوە ناویان بردووە؛ لەبەر ئەوە گرینگ نییە لە هەر ئاست ولایەن و جۆرێکدا بێت؛ چونکە لادان دەبێت سنوور و ئەرکی خۆی بزانێـت ((لادانـی وا هەن زیاتر بنەمایەکی ڕێزمانیـان هەیـە و نـاکرێ بـە داهێنـانی هونـەرییان لـە قەڵەم بدەین))[٢٩:٢٥]؛ چونکە شاعیر نەیتوانیوە لادانەکە بـە سـەرکەوتووی ئـەنجام بـدات و لادانەکـە داهێنـانی دروسـت نـەکردووە؛ بۆیـە لای خوێنـەر پەسەند نەکراوە. لوتمان (Lutman) (١٩٢٢-؟) جیاوازی لـە نێـوان دووجـۆر جوانی کردووە ((١- ئێستێتیکای وێکچوو، کە بەهای شێوە هونەرییەکانی بە گوێرەی ڕێزگرتنی لە یاسـا ڕێزمانییـەکان دەستنیشـان دەکرێـت؛ بۆیـە هـەر

سەرپێچیکردنێك تێیدا نیشانەی لاوازییە، ٢- ئێستێتیکای سەرپێچیکار، کە بەهای شێوە هونەرییەکانی بە گوێرەی سەرپێچیکردنی لە یاسا باوەکان دەستنیشان دەکرێت، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەم دووجۆرە ئێستێتیکایانە بە تێپەڕبوونی مێژووی مرۆڤایەتی هاوتەریبن)) [١١٦:١٧٣] لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە لادانی ڕێزمانی لە بێ تواناییەوەیە*؛ بەڵام لادانەکانی تر داهێنانی شاعیرن کەواتە مەرج نییە هەموو بە هایەکی ئێستێتیکای لە لادان سەرچاوە بگرێت و مەرجیش نییە هەموو لادانێك ئێستێتیکا بەرهەم بێنێ؛ لەبەرئەوە (کۆهین) زەنگی ئاگاداری ئەوەمان بۆ لێدەدات ((هەموو شێوازێك لادانە، بەڵام هەموو لادانێك شێواز نییە)) [٢٢٥:١٨٢]؛ بۆیە خوێنەر کە سەنگی مەحەکە دەبێت جیاوازی لە نێوان لادانی باش و خراپدا بکات شاعیریش نابێت هەموو یاسایەك پێشێل بکات؛ چونکە ((ڕێگەی پێنەدراوە لە سەرجەم یاسا زمانییەکان لابدات و ئاخاوتنەکانی بە ڕێگەیەکی ناباو بهۆنێتەوە؛ چونکە دەقی شیعریی لاواز دەکات و لە ناوی دەبات))[١٨٧:١١٦]؛ بۆیە نووسەر و شاعیر بۆ ئەوەی لادانەکەی جوان و بەرهەمداربێت، پێویستە یاسایەك بۆ خۆی دابنێت (د.محەمەد مەعرووف فەتاح)هەمان بۆچوونی (لۆتمان)ی هەیە و جیاوازی لە نێوان (لادان) و (بەزاندن)ی یاسا زمانییەکان دەکات و دەڵێت: ((ئەمە بەوە دەکرێ بزانین لادان و بەزاندن بۆ مەبەستێکی ئەدەبی بێت، واتە گرینگییەکی تێدایە و شاعیر چاك ئاگادارییەتی و دەزانێ بۆ وەها دەکات هەرچی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووس و واتایی ئاساییە (ئەگەر لەنووسیندا هەبێت)شاعیر لێی بەئاگا نییە و بە مەبەست نەیکردووە و هیچ گرینگییەك نادات بە شیعرەکە کەواتە هێڵێکی زۆر باریك (هەڵەی ڕێزمانی) لە (داهێنان) جیادەکاتەوە و هەردووکیان بریتین لە لادان لە یاسا بەزاندن یەکێکیان بەدەست شاعیرەکە

---

(*) ئێمە لەم خاڵەدا لەگەڵ بۆچوونەکەی (لوتمان)دا نین؛ چونکە هەبوونی لادانی ڕێزمانی لە دەقێکی ئەدەبییدا نیشانەی بێ توانای شاعیر نییە، بەڵکو لادانە ڕێزمانییەکان ئێستێتیکا بەرهەم دێنن، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە ئەمە دەردەکەوێت.

خۆیەتی و لە ژێر دەسەڵاتیدایە و بۆ مەبەستێك هێناونی (داهێنان) ئەویتریان لە ڕووی نەزانین و گوێ نەدان و هەڵەشییەوە پەیدا دەبێ))[٤:٦٨]. لە سەر ئەو بنەمایە و توانای شاعیر و خوێنەر وەك دۆزەرەوەی ئەو لادانانە دەكرێنە چەند جۆرێك:

**١- لادانی ئەرێنی (پەسەند):**

((ئەوەیە كە ئاخاوتن لە بنەڕەتدا كێش و سەروای نییە، كەچی لە شیعردا كێش و سەروا هەیە؛ بۆیە ئەو لادانە بە ئەرێنی ئەژماركراوە؛ چونكە بارێكی ڕێكخراوە لە چاو ڕێكنەخراو - ئاخاوتن -)) [٩٥:١٩٨]، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە لادانەكە لە پێناوی مۆسیقای شیعرەكە ئەنجامدراوە و شاعیر پێویستی پێی بووە، لە كۆتایشدا داهێنانی كردووە ((داهێنانیش دیاردەیەكی ئەرێنی پڕ مەبەستە))[٤:٦٨]؛ چونكە لە سنوورێكی دیاریكراو دەوەستێت و زۆر تێناپەڕێت لادانیش ئەو كاتە دەبێتە ((لادانێكی شیعریی ئەگەر لەسەر ئەو سنوورە بوەستێت))[٦:١٣٠]و زیادەڕۆیی نەنوێنێت لە كاتی ئەنجامدانی لادانەكە و بە پێی پێویست كارەكە بكات واتا ((لادانی ئەرێنی خۆی لە زیادكردنی كۆتێكی دیاریكراو دەنوێنێ بۆ ئەو شتەی كە پێی هەستاوە))[٥٢:١١٧]، ئەگەر لە ئاستی دەنگدا بێت كێش و سەروا زیاد دەكات ئەگەر لە ئاستی واتادا بێت واتایەكی نوێ بۆ وشەكە زیاد دەكات كەواتە لادانی ئەرێنی ئەوەیە ((كە لە پێناو كاریگەری و شوێنكات و جوانی و مەودای دەلالی و دروستكردنی توانای نوێ و گەڕانە بەدوای پێوەندییەكانی مانــاو شــێوازە شــیعرییەكانی ئــەدەبی بــۆ زەمــەنی ئێســتا، یــان ئامادە))[١٦٠:٦]؛ بۆیە هەركاتێك لادان بەم ئەركە هەستا دەبێتە لادانێكی ئەرێنی جا بە هەر ڕێگایەك و لە هەر ئاستێكدا ئەنجامدرابێت.

**٢- لادانی نەرێنی (ناپەسند):**

ئەم جۆرە لادانە پێچەوانەی جۆری یەكەمە و ((خۆی لەو هەڵە و تێكچوونانە دەنوێنێت، كە لە زنجیرەیی پایەكانی ڕستە بەدی دەكرێن، لە شیعردا پاش و پێش خستن و كرتاندن و......، هەموویان بە لادانی نەرێنی

ئەژمار دەکرێن))[١١:١٩٨] واتا شاعیر هەرکاتێك زێدەڕۆیی کرد لە لادانی لە یاسا و دەستووره زمانییەکان بە بێ بەرنامەی ڕوویاندا بەم کاره تووشی لۆمە و سەرزەنشتیکردن دەبێت؛ چونکە ((هەڵە دیاردەیەکی نەرێنییەو لە سەر شاعیرەکە دەکەوێت))[٤:١١٧]،بەمەش لادانەکە هیچ ئەرك و بەهایەکی جوانی بە دەقەکە نابەخشێت؛ بۆیە ((لادانە نەرێنییەکان خۆیان لە یاسا گشتییە تەرخانکراوەکان و کورتکردنەوەیان لە هەندێ حاڵەتدا دەنوێنێت))[٥٢:٩٧]، کەواتە لادانی نەرێنی بۆ هەردوولا زیانی هەیە شاعیر و دەق؛ چونکە ((ئەو کاتەی لادانەکە نەرێنی دەبێت و لە جیاتی ئەوەی دەقێکی داهێنەر و ئێستێتیکی بێت بە دەقێکی هەڵە لە قەڵەم دەدرێت و خوێنەریش پێی قبوڵ ناکرێت)) [٤٣:٥]ئەمەش کەم توانایی شاعیریش دەردەخات.

**٣- لادانی لۆژیکی (ماقووڵ):**

ئەم جۆره لادانە لەسەر بنچینەی لادانی جۆری یەکەم دروست دەبێت؛ چونکە شاعیر بە سەرکەوتووانە و بێ کەموکوڕی ئەنجامی دەدات ((لێکدانەوەی بۆدەکرێت و دەتوانرێت ئەو جیاوازییەی لە نێوان ڕەگەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێڵرێت))[٢٥٨:١١٦]؛ چونکە لە شیعردا هەندێ ڕەگەزی لێك دوور و جیاواز لە پاڵ یەك بە کاردەهێنرێن، کە لە زمانی ئاساییدا ناگونجێت؛ بۆیە خوێنەر دەتوانێت پەی بە نهێنی واتا شاراوەکانی ئەو وشانە ببات، کە شاعیر بۆ مانای تر خواستوونی و لێکدانەوەی واتاکان لەگەڵ لۆژیك دەگونجێن، بەمەش دەقەکە دوور دەبێت لە کەموکورتی و دەقێکی ئێستێتیکی ئامێز دەبێت خاوەنی دەقیش لە ئەزموونەکەیدا بە سەرکەوتوو ناودەبرێت.

**٤- لادانی لادان (لادانی نالۆژیکی، نا ماقووڵ):**

ئەم جۆره لادانە لە ئەنجامی هاتنی چەندین لادان بە یەکەوە دروست دەبێت و بە (کۆلادان)* و (کەڵەکە بوونی لادان) ناودەبرێت ئێمەش بە (لادانی

(*) (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود) ئەم زاراوەیەی بەرانبەر بەم دیارده بەکارهێناوه، بڕوانە بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل ١٥٧.

لادان)نـاوی دەبـەین. لـە لایـەن ڕەخنەگرانـەوە لـە دوو گۆشـە نیگـای لێـك جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە:

**دەستەی یەکەم:** پێیان وایـە ((لادانـی چـڕ و زۆر لـە پێنـاو پێویسـتی و گۆڕانکارییەکان دەبێتە ئاڵۆزیی نـەك ڕەهەنـدێکی شـێوازی))[١٨٧:١٢٣]ئـەم لادانە زۆرانەش بەسەر یەکەوە خوێنەر تووشی ماندوو بوون دەکـەن ئەمـەش هۆکارە ((بۆ تەمومژی و داخرانـی دەق))[٣٠:٩] لـەم تایبەتییـە شـێوازییەدا ڕێژەی لادان چڕ دەکرێتەوە بەمەش ((لێڵـی (Obscurity) لـە زمـانی شـیعردا دروسـت دەکـات و لــە بــەردەم تێگەیشــتنی خوێنــەر ئاســتەنگ پەیــدا دەبێت))[١٥٧:٩]؛ بۆیـە خوێنـەر ناتوانێـت بـە ئاسـانی لـە مانـا و مەبەسـتی شاعیر تێبگات و ئەو هۆکارەش بدۆزێتەوە کە لادانەکـەی لـە پێنـاودا ئـەنجام دراوە بەمەش نابێتـە ((شـیعر و ڕووبـەڕووی جۆرێـك لـە شـێوازی نـا لـۆژیکی دەبێتەوە بە تایبەتی لە وێنە سوریالییەکاندا))[١٦٥:٦]، ئەمەش لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەندین جۆری لادان بە سەریەکەوە بە شێوەیەکی بێ بەرنامـە و ڕێکنەخراو ڕوودەدات.

**دەستەی دووەم:** پێیان وایە ئەم جۆرە شیعرانە لە داهێنان بە دەرنین و شیعرییەت تێیانـدا دەگاتـە پلەیـەکی بـەرز؛ چـونکە ئەگـەر شـاعیران جارێـك لادانی داهێنەرانە ئەنجام بدەن ئەوا لـەو دەقانـە دوو جـار داهێنـان دەکرێـت هـەر ئەمـە وای کـردووە لێکدانـەوەی واتاییـان زەحمـەت بێـت و خوێنـەر لـە بەرانبەرییاندا دۆش دابمێنێ بە تایبەتیش شیعری سـوریالییەکان کـە خـاوەن ئەم جۆرە شێوازەی لادانـن ئەمـەش بۆخـودی سـوریالییەکان و ڕێبازەکـەیان دەگەڕێتـەوە، ئەگـەر شـاعیرانی تـر مەبەسـت و ئامانجیـان لـە لادان بەرهـەم هێنانی دەقێکی پڕ وێنەی جوان و پلەی شیعرییەتی تێدا بگاتە لووتکـە ئـەوا سوریالییەکان دەیانەوێت لە سەرووی ئەمانەوە بـن؛ بۆیـە دەبیـنین (ئەنـدرێ بریتۆن)ی پێشەنگییان دەڵێـت: ((بـەهێزترین وێنـە لای مـن ئـەو وێنەیـە کـە گــەورەترین توانــای هەڕەمــەکی (عشــوائیه) پێشــکێش بکــات، ئــەوەش ناشارمەوە ئەوە ئاراستەیەکە کە پشت بە نووسینی هەڕەمەکی دەبەستێت،

بەو واتایەی پرۆگرامێکە بۆ نووسینی ئـەدەبی))[٢٢٥:١٨٢] بەمـەش دەگەنـە ئامانجی سـەرەکی خۆیـان بـە داهێنـانی زمـانێکی جیـاواز ((دوور لـە هـەموو بنەمایەکی زمانەوانی و ڕێزمانی، واتـا زمانیـان ئـازاد کـرد لـە هـەموو کۆت و بەندێکی لۆژیکی))[١٤:٤٩] ئەمەش شێوازێکی تری دیاردەکەیە، کە نالۆژیکی و لێکنەدانەوە و تەمومژیی شیعرەکان، لە ئـەنجامی کەڵەکـە بـوونی چـەندین لادان بەسەریەکەوە دروست بـووە، ئـەو پـەنا بردنـە بـەر نووسـین بـە زمـانی نائاگایی و زمانێکی جیاواز لە زمانی واقیع، شێوازێکە بۆ خـودی ڕێبـاز و ئـەو ڕێچکە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان لە سەری دەڕۆن و پەیڕەوی دەکەن.

هـەموو ئـەو جـۆرە لادانانـەی باسمـان لێـوەکردن پێوەنییـان بەیەکـەوە هەیە؛ چونکە لە یەك چوارچێوە ڕوودەدەن ئـەویش دەقـی ئەدەبییـە؛ بـەڵام مەرج نییە هەموویان لە ناو یەك دەقدا کۆببنەوە تەنانـەت لـە بەرهـەمی یـەك شاعیریشـدا هـەبن، هەمووشـیان لـە یـەك ئاسـت و پلـە دانـین زۆرجـاریش هەنـدێکیان دەبنـە هۆکـاری دروسـت بـوونی ئـەویتریان بـۆ نموونـە: ئەگـەر لادانێکی ڕێزمانی، داهێنان و جوانی بە شـیعرەکە بەخشـی دەبێتـە لادانێکـی ئەرێنی و لۆژیکی، بەڵام هەرکاتێك  شاعیر بـە هەڵـە ئـەنجامی دابێـت دەبێتـە لادانێکـی نـەرێنی، یـان لادانێکـی دەرەکـی وەك لادان لـە شـێوەی نووسـین، ئەگەر بۆ یەکەم جار شاعیرێك دابیهێنێت دەبێتە لادانێکی خـودی و دەرەکـی جۆرەکانی تریش بەهەمان شێوە.

## تەوەری دووەم:

## چەمکی لادان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

چەمکی لادان لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەمکێکی نە ناسراو نییە، بەڵام بە بەراورد بە ڕەخنەی عەرەبی و ئەورووپی مێژووەکەی زۆر درێژ نییە و زیاتر لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەدی دەکرێت، بەڵام وەکو بابەت لە کۆتایی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هەندێ کتێب و سەرچاوەی زمانەوانی و ڕەوانبێژی باسی لێوەکراوە لەوانەش:

– عەزیزگەردی لە بەرگی سێیەمی کتێبی (ڕەوانبێژی) دا وەك هونەرێکی ڕەوانبێژی باسی لە چەند شێوەیەکی لادان کردووە – بێ ناو هێنانی لادان – وەك: لابردن و پاش و پێش خشتن[٣٦– ٥٣، ٥٤].

– د.محەمەد مەعرووف فەتاح لە کتێبی زمانەوانی لە بابەتی گۆڕان باسی لە هەندێ جۆری لادان کردووە لە ئاستەکانی زماندا [٤٥– ٩١، ١٠١].

بۆ زانین و تێگەیشتن لە چەمکی لادان لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و چۆنیەتی تێڕوانین و مامەڵە کردنی ڕەخنەگرانی کورد لەگەڵ دیاردەکە، هەموو ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە تایبەتن بەم چەمکە و – ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ– قسەیان لەبارەی لادان کردووە*، لە چوار ڕووەوە و لە چوارچێوەی زنجیرەیەکی مێژووییدا دەیخەینە ڕوو:

**١– ٢– ١: لە ڕووی زاراوەوە:**

نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد زاراوەی جیاوازیان بۆ چەمك و مەبەستی

---

(*) لەوانەیە تاك و تەرا وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبێك هەبێت باسی چەمکی لادانی کردبێت، ئێمە بەرچاومان نەکەوتبێت مەرج نییە تەنیا ئەو هەوڵانەی ئێمە خستمانەتەڕوو باسیان لەم چەمکە کردبێت؛ چونکە دەرچوونی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار ئەوەندە زۆر بووە خوێنەری کورد ناپرژێتە سەر خوێندنەوە و بینینی هەموویان؛ بۆیە بە پێی توانا هەوڵمانداوە دیارترین و سەرەکیترین ئەو سەرچاوە و توێژینەوانە وەربگرین.

لادان به کارهێناوه[*]، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە تا ئێستا (١١) زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکارهێناوه[**] و بریتین لە:

**١– گـۆڕان:** ئـەم زاراوەیـە لـە لایـەن (د.محەمـەد مـەعرووف فـەتاح) [٤٥:٩١– ١٠١] بەکارهێنراوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەندێ جۆر و لایەن و مەبەستەکانی لادان دەکات، کە تێیاندا باسی لە چەندین گـۆڕانی زمـانیی جۆراوجـۆر کـردووە؛ لەبـەر ئـەوەی نووسـەری کتێبەکـە پسپۆرییەکەی زمانە و کتێبەکەش تایبەتە بە زمانەوانی؛ بۆیە دەبینین وەك دیاردەیـەکی زمانـەوانی باسـیکردووە و نموونەکانیشـی زیـاتر لـە زمـانی ئاخـاوتنی ڕۆژانـە و لـە هەرسـێ ئاسـتەکانی دەنـگ و وشـەو ڕسـتەدا بـۆ هێناوەتەوە، بەڵام لە هەندێ لایەن و مەبەست ئـەم زاراوەیـە هـەمان لادانی ئێستا دەگەیێنێت وەك [٤٥: ٩١]:

١– مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشـاندن و لەناوچـوون بەرێت.

٢– گـۆڕان بـە پێـی یاسـا و دەسـتوور ڕوودەدات و لـەخۆوە بـێ ڕێ و شوێن نابێت هەر لەبەر ئەمەشە، تـەنیا چـەند جۆرێك لـە گـۆڕان لـە زمـانی مرۆڤـدا دەبینرێـت و هـەر ئەمانـەش بـە گـۆڕانی ئاسـایی دادەنـرێن، ئەمـەش هەمان ئەو مەرجەی لادانە کە (کۆهین) باسی لێوەکردووە و پێی وایە دەبێت بە پێی یاسا کاربکات و ڕووبدات.

(د.محەمەد بەکر)یش[١٥: ٤٥] ئەم زاراوەی تەنیا بۆ جۆرێك لـە لادانـی ڕێزمانی لە ئاستی ڕستە بەکارهێناوە.

---

(*) دیاردەی فرەزاراوەیی وەك نەتەوەکانی تر (وەك لە تەوەری یەکەمدا باسمان کـرد) لـە نـاو کوردیشـدا دەبینرێت، دیـارە توێـژەرانی کـوردیش نـەیانتوانیوە ئـەم دیاردەیـە چارەسـەر بکەن.

(**) ئـەم زاراوانـە هەنـدێکیان ڕاسـتەوخۆ بـۆ لادان (الأنزیـاح) ی عـەرەبی و (Deviation)ی ئینگلیزی بەکارهاتوون،؟ بەڵام بەشێکیان ناڕاستەوخۆ بۆ هەمان مانا و مەبەست، یـان ڕێگـا و چۆنیەتی ئەنجامدانی لادان بەکارهاتوون وەك ئاماژەمان پێکردووە.

٢- **ترازان:** ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە مانا و مەبەستی لادان لە لایەن (د. محەمەد بەکر)ەوە[١٥: ٣٩]، بەکارهێنراوە. ترازان بە واتای ((جیا بوونەوە، لێك گلاّبوون)) [٨٥: ١٤٥] دێت؛ بۆیە هەرکاتێك دوو شتی بەیەکەوە بەستراو یەکێکیان لە شوێنی بنجی خۆی لا ببرێت و دەستکاری بکرێت ئەوا تووشی ترازان دەبێت.

توێژەر ئەم زاراوەیەی بە گونجاوتر زانیوە، بەرانبەر ئەو زاراوانەی، کە لە زمانی عەرەبییدا بۆ لادان بەکارهێنراون، کاتێك باس لە زمانی شیعر دەکات دەڵێت: ((ئەو زمانەش لە شیعردا بێت، یان لە پەخشاندا، ترازانێکی پلەییە لە زمانی ئاسایی، کە لە ئاستی وشە و ڕستەدا دەستنیشان دەکرێت و شێوازی نووسینی شاعیر پیشان دەدات)).[١٥: ٣٩]، بەڵام کاتێك باسی لە جۆرەکانی لادان کردووە بە پێی ئاستەکانی زمان، ئەم زاراوەی تەسك کردووتەوە و تەنیا بۆ لادانی واتایی بەکاریهێناوە؛ چونکە جگە لە زاراوەی ترازان (تێکدان و گۆڕین و لابردن و تێکشکاندن)یشی بە پێی جۆر و ئاستەکانی زمان بەکارهێناون؛ بۆیە جۆرێك لە تێکەڵی و تەمومژی پێوە دیارە و توێژەر تاکە زاراوەیەکی جێگیری بە کارنەهێناوە، بۆ نموونە: کاتێك باسی لادانی ڕێزمانی دەکات بە تێکدانی سیستەمی ڕستە سازی ناوبردووە و دەڵێت: ((لەم ئاستەدا سەرنجی هەندێ لایەنی ئەو گۆڕانکارییانە دەدرێت کە شاعیرانی پەخشانە شیعری کوردی بۆ تێکشکاندنی زمانی ئاسایی و دۆزینەوەی زمانێکی تایبەت بەهەر یەکێکیان، بەدییان هێناوە))[١٥: ٤٤]، دواتر لە باسی جۆرەکانیان زاراوەی تری بەکارهێناون (ترازانی ڕێزمانی، تێکدانی داڕشتنی ڕستە، گۆڕینی بنیاتی ڕستە) [١٥: ٤٤]، کەواتا توێژەر ترازانی تەنیا بۆ جۆرێك لە لادان بە کارهێناوە و خۆی یەکلانەکردۆتەوە لە سەرپابەند بوون لە بەکارهێنانی یەك زاراوە، هەروەها لادان بە شوێن گۆڕینی کەرەستەکانی ڕستە بێت، یان واتای خوازراوی وشەیەك گرینگ ئەوەیە ئەرکی سەرەکی خۆی ببینێ.

**٣- تێکدان:** یەکێکی ترە لەو زاراوانەی بۆ لادان بە کارهێنراوە، واتا تێکدانی ئەو سیستەم و یاسایانەی لە زماندا هەن و زمانەکە لە سەرییان دەڕوات، هەرکاتێك لەو ڕێڕەوە چەسپاوە لایدا دەبێتە تێکدان، (د.محەمەد بەکر) ڕاستەوخۆ ئەم زاراوەی تەنیا بۆ لادانی ڕێزمانی و ڕستەسازی بەکارهێناوە[١٥: ٤٤]، بەڵام بۆ هەموو جۆرەکانی لادان بەکاری نە هێناوە و دەست نادات؛ لە بەر ئەوەی مەرج نییە هەموو تێکدانێك بە لادان دابنرێت؛ بۆیە بە زاراوەیەکی شیاوی دانانێین، بۆ نموونە: کاتێك لادانێك لە نەزانین و نە شارەزایی شاعیردروست دەبێت دەبێتە هۆی تێکدانی زمان، یان بونیاتەکانی دەقەکە، بەڵام لادانێك کە جوانی و ئێستێتیکا بە دەقەکە ببەخشێت نابێتە تێکدان؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە داهێنانە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم زاراوانە تەنیا لادانە نەرێنییەکان لەخۆ دەگرێت.

**٤- تێکشکان:** یەکێکە لەم زاراوانەی کە ناڕاستەوخۆ بۆ مانا و مەبەستی لادان لە بەرهەمی چەند توێژەر و نووسەرێك دەبینرێت، لە وانەیە لە (الأنکسار)ی عەرەبی وەرگیرابێت و وەرگێڕدراوی ئەم زاراوەیە بێت؛ چونکە لای هەندێ توێژەری عەرەبیش هەمان زاراوە بە دی دەکرێت، (د. محەمەد بەکر) بۆ هەندێ جۆری لادانی ڕێزمانی بەکاریهێناوە[١٥: ٤٤]، (حەکیم مەلا ساڵح)یش زیاتر بۆ مەبەستی لادانی ڕێزمانی و جیاوازی یاسا ڕێزمانییەکان لە زمانی شیعردا بە بەراورد بە زمانی ئاخاوتن بە کاریهێناوە هەروەك لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت: ((مەحوی لایەنێکی هونەریی گەورەمان لە شیعرەکانیدا دەداتە دەست، ئەویش ئەوەیە، کە زمانی ئاخاوتنی باوی تێکشکاندووە و لە زۆر لە بەیتە شیعرەکانیدا بە زمانێك دەدوێ، کە کورد لە بوونیەوە تا ئەو ڕۆژە گرامەری زمانەکەی بەو شێوە دانەڕشتووە.)) [١١٠: ٢١] هەروەها زاراوەکە لای (ئاوات محەمەد ئەمین) [١٠٧: ١٤٠] تەنیا بۆ لادانی ڕێزمانی و واتایی بەکارهێنراوە کاتێك دەڵێت: (( سەرهەڵدانی شیعری نوێ، ئازاد لە کێش و سەروا، کودەتای زمانی شیعر بوو بە سەر قاڵبە ئامادەکراوەکاندا و ڕەهابوونێکی بەردەوام بووە تا سنووری تێکشکاندنی

مانا فەرهەنگییەكان و دەستوەردان لە بنیادەكانی ڕێزمان.)) [١٠٧: ١٤٠]، هەروەها لای (حەمە مەنتك)[٨٧: ٧٢] بە هەمان شێوەی توێژەرانی پێشووتر ئەم زاراوەیەی تەنیا بۆ لادانی ڕێزمانی بەكار هێناوە و كاتێك باس لە شیعرەكانی (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) دەكات دەڵێت: ((دیارە هونەرێكی تێدایە دەنا شاعیر بۆ بەو شێوەیە سەیرە و پێچەوانەی یاساكانی ڕێزمان ئیش دەكات))[٨٧: ٧٣].

كەواتا ئەم زاراوەیە لای هەموو ئەو توێژەرانەی، كە بە كاریان هێناوە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ مەبەست و جۆرێكی دیاریكراوی لادان بە كارهێنراوە، نەك بە مانا فراوان و گشتییەكەی لادان؛ بۆیە بە زاراوەیەكی زۆر گونجاوی دانانێین بۆ ئەم چەمكە.

**٥- سەركێشیكردن:** ئەم زاراوەیە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ چەمك و واتای لادان لە لایەن هەردوو توێژەر (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و نەجات حەمید ئەحمەد) بەكارهێنراوە، كاتێك لە بارەی زمانی شیعر و تایبەتمەندی شێوازی ئەم زمانەوە دواون.

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) كاتێك باس لە زمانی دەقی نوێ دەكات دەڵێت: ((دەبینین زمان لە دەقی نوێدا هەمیشە شۆڕشگێڕە و سەركێشی دەكات و لەسەر سەكۆی بڵندی تەحەدا و دژایەتی دەوەستێ و سەقامگیری نازانێ، لەگەڵ واقیع و زانراو و مەئلوفدا نەرمی نانوێنی، واتە بە جۆرێكی تر: شێوەكانی دیاریكردن ومەعقول و لۆجیك ڕەت دەكاتەوە.)) [٥٤: ٦٩] لێرەدا سەركێشیكردن هەمان واتا و مەبەستی لادان دەگەیێنێ؛ بەڵام تەنیا بە دەقی نوێی بەستۆتەوە، هەروەك لە باسی پێشووتر ئەوەمان ڕوون كردەوە، كە مەرج نییە لادان تەنیا لە دەقی نوێدا هەبێت و لە شیعری كلاسیكیشدا بوونی هەیە.

(نەجات حەمید ئەحمەد)یش لە چەند شوێنێكدا زاراوەكەی بۆ گەیاندنی هەمان واتا و مەبەستی لادان بەكارهێناوە، هەرچەندە زاراوەی تریشی بەكارهێناوە، بۆ نموونە لەبارەی نووسین بە شێوازێكی جیاواز لەوانی تر و

بەدەستهێنانی شێوازێکی نوێ پێیوایە ((زۆرجار نووسەر لەم سەرکێشیانەدا هەوڵدەدات زمانێك داهێنێ، کە گەورەترین کاردانەوە لە خوێندنەوەدا بێنێتەکایەوە.)) [١٣: ٢٠٥]، کاردانەوەی زمانی هەردەقێکیش لە سەر بەرانبەر کاتێك دروست دەبێت، کە بونیات و پێکهاتەکانی ناوازە و ناباو بن، بێگومان لادانیش یەکێکە لە ڕێگە سەرەکییەکانی دروستبوونیان.

**٦- دوورکەوتنەوە:** ئەم زاراوەیەش ناڕاستەوخۆ بۆ لادان لای دوو توێژەر (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، جەبار ئەحمەد حوسێن) بەکارهێنراوە.

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) ئەم زاراوەیەی زیاتر بۆ لادانی واتایی بەکارهێناوە[٥٤: ٥٦]؛ چونکە لە باسی زمانی شیعرییدا دەڵێت: ((زمانی دەربڕینی شیعریی لە لۆجیك دووردەکەوێتەوە و ماناکان لە سیاقێکدا دادەنێ کە لە سەر پایەکانی ئەم دوورکەوتنەوەیە دامەزراوە، ئەمەش خاسیەتێکی شیعریی دەرەخسێنێ بۆ گوزارشت کردن لە جیهانێك، کە زمانی ئاسایی لە بەرامبەریدا دەستە وەستانە))[٥٤: ٥٦]، واتا لادان کە بنەما و هۆکاری سەرەکی جیاکردنەوەی زمانی شیعرییە لە زمانی ئاسایی، ئەم بە دوورکەوتنەوەی ناوبردووە و لە چوارچێوەی لادانی واتاییش بچووکی کردووتەوە، لە کاتێکدا دەزانین، کە لادان تەنیا تایبەت نییە بە ناوەوە و دەرەوەی دەق، یان ئاستێك لە ئاستەکانی دەق؛ بۆیە ئەگەر دوورکەوتنەوە وەك ئەم توێژەرە دەڵێت دوورکەوتنەوە بێت لەواتای بنجی و سەرەکی وشەکە، ئەی کاتێك شاعیرێك کەرەستەکانی ڕستە دەستکاری دەکات و شوێن گۆڕکێیان پێ دەکات ئایا دوورکەوتنەوە نییە لە یاسا بنجی و باوەکانی زمان؟ بەڵام (جەبار ئەحمەد حوسێن) دوورکەوتنەوە بە یەکێك لەو سێ بنەمایە دادەنێت، کە میتۆدی شێوازگەری لەسەری وەستاوە بە جۆرێك کە پێی وایە دوورکەوتنەوە: ((دەرچوون لە چنراوی زمانیی سادە لە هەر ئاستێکدا: دەنگسازی، ڕۆنانکاری، شێوازگەری، ڕەوانبێژی....)) [٥: ٧٦]، واتا بۆ هەموو جۆرەکانی لادانی بە کارهێناوە، هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم توێژەرە تەنیا لەم شوێنە زاراوەی دوورکەوتنەوەی

بەکارهێناوە، بەڵام  لە بەشەکانی تری توێژینەوەکەیدا دواتـر زاراوەی لادانـی بەکارهێناوە بێ ئەوەی ئاماژەی بە هیچ شتێك لەم بارەیەوە کردبێت.

**٧- زەقکردنەوە:** ئەم زاراوەیە لەلایەن ( عەبدولخالق یەعقوویی و دلێر سادق کانەبی)بـەکارهێنراوە، لـە هەنـدێ شـوێن ڕاسـتەوخۆ مانـاو مەبەسـتی لادان دەدات؛ (عەبدولخالق یەعقوویی) لە باسی زەقکردنەوەدا باس لـە بـیر و بۆچـوونەکانی (موکاروڤسـکی) دەکـات و دەڵێـت: ((بـە بـڕوای مۆکاروڤسـکی زەقکردنەوە، واتە لادان لە پێوەرە باو و ئاساییەکانی زمان، لادان لەو یاسـا و ڕێسا زمانییانەی کە تۆزی عادەتییـان لـە سـەر نیشـتووە و بـە کـاربردن و نەبردنیان سـەرنجێکی ئـەوتۆ ڕاناکێشـێ،...زەقکردنەوە ڕووبەڕووبوونەوەیـە لەگەڵ زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانەی ناباو، شێوەیەك کە دوا جار خوێنـەر ڕووبەڕووی دنیایەکی تازەی دەنگ و دەلالەت دەکاتـەوە))[٦٧: ١٤٥]؛ بـەڵام بـە پێـی بۆچـوونی (لـیچ) بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ مەبەسـتی لادان دەگەیێنێت و یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە لادانی پێ ئـەنجام دەدرێت؛ چـونکە (لیچ) زەقکردنەوە دابەشی سـەر دوو جـۆر دەکـات ((یەکـەم: لادان لـە یاسـا باوەکانی زمان، دووەم: زیاد کردنی هەندێ ڕێسای نوێ بە ڕێسـاکانی زمـان، بە واتایەکی تر زەقکردنەوە لە ڕێگای دوو شێوازی لادان و ڕێسا زیادکردنەوە (extra regularity) خـــۆ دەنـــوێنێ)) [٢٥: ٢٧]، بـــەڵام توێـــژەر لـــە توێژینەوەیـەکی تریـدا[٦٧: ١٤٣] زاراوەکـەی گۆڕیـوە بـۆ ( زەقکردنـەوەی زمانی) و تەنیا باس لە چەند جۆرە لادانێك دەکات لە شیعری (نالی)دا.

(دلێـر سـادق کانـەبی) لـە سـەر بنـەمای بـۆ چـوونەکەی ( لـیچ) زەقکردنـەوەی بـە چـەمکە ناڕاسـتەوخۆ یەکـەی لادان بـە کارهێنـاوە وەك بنەمایـەکی هاتنەکایـەوەی لادان، واتـا لادانـی بـە بەشـێك لـە زەقکردنـەوە دانـاوە، [٧٥: ٢٧- ٢٨]، بەشـێك لـەو لادانانـەی شـاعیر ئـەنجامیان دەدات زەقکردنەوەیە؛ چونکە مەرج نییە هەموو لادانێك ناوێزە و ناباو بێت.

**٨- خزان:** ئەم زاراوەیە لـە لایـەن (ئـەکرەم قـەرەداغی و تـەیب جـەبار) ڕاستەوخۆ بە مەبەستی لادان  بەکارهێنراوە و لە وەرگێڕانی واتای چـەمکەکە

ئەم زاراوەیان بە گونجاوتر زانیوە، (ئەکرەم قەرەداغی) نووسیوویەتی ((ئەم لادان و تێکشکاندنە ئەمڕۆ لە توێژینەوە و ڕەخنەی شیعریدا بە خزان Displaiment یان dislodgment یان Deviation ناو دەبرێت و لە هەندێك كار و توێژینەوەشدا خلیسكان و واتە gliding یان لادان obliguenss ناوزەند دەكرێت))[١٠٢: ٨٥]، نووسەر بە تێر و تەسەلی باسی لە لادان و جۆر و شێوەی پێكهات و ئەركەكانی كردووە، بێ ئەوەی ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك كردبێت، كە سوودی لێ بینیوون؛ چونكە هەندێ لەو بۆچوون و زانیارییانەی خستوونییە ڕوو لە لایەن (كۆهین) و شاەزایانی دیكەی ئەم بوارەوە باسیان لێوەكراوە.

(تەیب جەبار) خزانی لە بەرانبەر زاراوەی (أنزیاح)ی عەرەبی بەكاریهێناوە كاتێك دەڵێت: ((یەكێكی تر لە خاسیەتەكانی زمانی شیعریی، خزانی زمانە (أنزیاح اللغه) كە زمان لە شیعردا وەكو خۆی بەكارناهێنرێت؛ بەڵكو جێگۆڕكێ بە وشە و هەندێكجار بە ڕستەكانیش دەكرێت)) [٩٢: ١٠٣]، بەڵام ئێمە وشەی (خزان) بۆ (لادان) زۆر بە گونجاو نازانین؛ چونكە وشەی (خزان) كە بە واتای ((خۆ بەرەوخوار كشاندن))[٨٥: ٣٠١] دێت، دەشێ خزانەكە لەسەر هەمان هێڵدا بێت، بەڵام (لادان) ڕێڕەو گۆڕینی تێدایە.

**٩- تێپەڕاندن:** ئەم زاراوەیە بە ناڕاستەوخۆ بەرانبەر بە واتای لادان لە لایەن ( نەجات حەمید ئەحمەد)ەوە بەكارهێنراوە؛ ناوبراو كاتێك باس لە نوێخوازی دەكات دەڵێت: ((هەندێك لە سیما و خاسییەتی تازە و نامەئلووف بەخۆیەوە دەگرێت، كە زۆر جیاوازی و تێپەڕاندنێكی تێدا هەست پێ دەكرێت لەو خاسیەت و سیمایانەی كە باڵیان بە سەر ئاراستە و ڕێچكەی ئەو جۆرانەدا گرتووە، چ لە لایەنی زمانەوە بێت، چ لە لایەنی تەكنیك و شێوازەوە بێت، چ لە لایەنی ناوەرۆكەوە بێت و زۆر كەم لە یەك جۆردا، ئەو تێپەڕاندنە هەموو ڕەگەزەكانی دەق دەگرێتەوە.))[١٣: ١٩٧] هەموو ئەو سیما و خەسڵەتانەش لە چەمكی لادان بوونیان هەیە، بە تایبەتیش ئەو

سیمایەی کە لادان بەس لایەن و بونیاتی زمانی دەق ناگرێتەوە؛ بەڵکو هەموو دیوەکانی دەرەوە و ناوەوە دەگرێتەوە.

**١٠– گەمەی زمانەوانی:** یەکێکە لەو زاراوانەی کە لای کۆمەڵێك توێژەر بەکارهێنراوە، لای هەندێکیان ڕاستەوخۆ هەمان چەمکی لادانی لە خۆ گرتووە، بەڵام لای هەندێکیان گەمەی زمانەوانی هۆکار و ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی لادان لە زمانی شیعرییدا. گەمەی زمانەوانی بەو واتایە بەکارهاتووە کە شاعیر یاری بە کەرەستەکانی زمان دەکات، لە ڕێگای قرتاندن و جێگۆڕکێ پێ کردن و داهێنانی وشە و زاراوەی نوێ، واتا پابەند نابێ بەو دەستوور و یاسایانە کە سرووشتی زمانەکەی هەیەتی؛ بۆیە ڕەخنە گرێك پێی وایە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە گونجاو نییە، چونکە پێی وایە ((شیعر گەمەکردن نییە بە زمان، بەڵکو گەمەکردنە لەگەڵ زمان، جیاوازی نێوان لۆژیکی گەمەکردن بە زمان و گەمە کردن لەگەڵ زمان ئەوەیە: یەکەمیان زمان هەر تەنیا وەك وەسیلەیەك بۆ گەمەکردن بەکاردەهێنێت، بەڵام دووەم زمان ئەزموون دەکات)).[٤٤: ٢٥]، لادانیش لەو ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت؛ چونکە ((ئەزموونی زمان دروستکردنی پێوەندی نوێیە لە نێوان وشە و وشە، وشە و بۆ زیادکراو و لادانەکان لەو پنتەوە گفتوگۆی زمان و نووسەر کۆی ئەو گەمە کردنە لە خۆ دەگرێت)) [٤٤: ٢٥]؛ بۆیە کاتێك گەمە کردن لەگەڵ زمان لادانی ئەرێنی و داهێنەرانە بەرهەم بێنێ ئەوا لە یارییەکە سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کاتێك لادانی نەرێنی و لاوازی بەرهەم هێنا ئەو کاتە شاعیر گەمەی بەو زمانە کردووە و لە بەهاکەی کەمکردووتەوە.

(حەکیم مەلا ساڵح) (گەمەی زمانەوانی) بەکارهێناوە و کاتێك باسی شیعرەکانی مەولەوی کردووە دەڵێت: ((لە هەردوو لایەنی (گەمەی زمانەوانی) و (قافیە شکاندن)ەوە تەجاوزیشی تێدایە)) [٧٠: ٦]، دواتر ئەو لادانانەی باسکردوون کە مەولەوی بەکاری هێناون بۆ نموونە: دەڵێت: ((یەکێك لە گەمە زمانەوانییەکانی مەولەوی گۆڕینی سیمای وشەیە بۆ بەدەستەوەدانی واتای

پێویســـت)) [٧٠: ٢٧]، لێــرەدا گەمـــەی زمانـــەوانی ڕاســـتەوخۆ بـــۆ لادان بەکارهاتووە.

(حەمـــە مـــەنتك) لـــە چوارچـــێوەی تێکشـــکانی زمـــان ئـــەو زاراوەی بەکارهێناوە، کاتێك باسی شیعرەکانی (عـەباس عەبـدوڵڵا یووسـف) دەکـات لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چەند گەمەیەك بە وشە دەکات، کە زۆر کەس خۆیان بە ڕەخنەگر دەزانـن و بـاس لـە شـیعرەکانی دەکـەن، لێ بـە هـیچ شـێوەیەك سەیری دواوەی ئەم گەمە کردنە ناکەن. بیر لەوە ناکەنەوە کە شاعیر بۆ بـەو شێوە سەیرە و بە پێچـەوانەی یاسـاکانی ڕێزمـان ئـیش دەکـات)).[٥٦: ٧٢] لێرەدا زاراوەکە ڕاستەوخۆ بە واتای لادانی ڕێزمانیی هاتووە.

ئێمە ئەم زاراوەیـە زۆر بـە گونجـاو نـازانین؛ چـونکە مـەرج نییـە هـەموو گەمەییەکی زمانیی لادان بێت، یان بە واتایـەکی تـر هـەموو گەمـەکردنێك بـە زمان داهێنان بە دەست بێنێت.

**١١– لادان:** ئەم زاراوەیە لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ڕاستەوخۆ واتا و مەبەستی دیاردەکە دەگەیێنێت بە بەراورد بە زاراوەکانی پێشووتر، لە لایەن چەندین نووسەر و توێژەرەوە بە کارهێنراوە، لە وانە: د. پـەرێز سـابیر [٣٣: ٢٨٧]، د. خانزاد عـەلی قـادر [٩٠: ٤١٥]، عەبـدولخالق یـەعقووبی [٢٥: ٢٧]، جەبار ئەحمەد حوسێن [٥: ١٩٨]، نیعمەتوڵڵا حامید نهێلی [١٧٠:٥٧]، عەبدولســەلام نەجمــەدین عەبـدوڵڵا [٢٧:٩٣]، د.عەبـدولقادر حەمــە ئــەمین محەمەد [٦: ١٥٩]، شیاو ڕەشید ئەبو بەکر [٩٤: ٤٩]، د. عەلی تاهیر حوسێن [٣٤: ١٨١]، د. ئازاد ئەحمەد مەحموود [٦٧: ١٣٢]، پەخشان عەلی ئەحمـەد [٩٣: ٢٧]، د.محەمــەد مــەعرووف فــەتاح [٦٨: ٤]، دلێــر ســادق کانــەبی [٢٧:٧٥]، هێمن عومەر خۆشناو [٥٥: ٢٤٣]، سـافیە محەمـەد ئەحمـەد [٩٥: ١١١]، خەلیل ئیبراهیم مستەفا [٩٢: ٩٢]، د. عەبدولواحید مشیر دزەیی [٨٠: ١٣٣]، ناز ئەحمەد سەعید [٩٧: ٤]، کەژاڵ حەمە ئەمین ئەحمـەد[٨٧: ٤٧]، د. ئیـدریس عەبـدوڵڵا مسـتەفا [٥٦: ٦٣]، هۆکـاری زۆر بـە کارهێنـانی ئـەم زاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١– زاراوەیەکی گشتگیرە و بۆ هەموو جۆرەکانی لادان دەگونجێت و بە کاردەهێنرێت، ئەم تایبەتمەندییەش لە بە شێکی زۆری زاراوەکانی تر بەدی ناکرێت.

٢– زاراوەکە لە بوارەکانی تری وەك دەروونناسی و کۆمەڵایەتیش بە هەمان چەمك و واتای لادان لە یاساو دەستوورە باوەکان بەکاردێت، ئەمەش بواری زیاتری بۆ ڕەخساندووە کە بە هەمان شێوە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییشدا بەکاربهێنرێت.

ئێمەش ئەم زاراوەیەمان بۆ ئەم چەمکە پەسەندکردووە و لە زاراوەکانی تر بە گونجاوتری دەزانین؛ چونکە لە زۆربەی توێژینەوە زانستی و نامە زانکۆیی و ئەکادیمییەکانی ( ماستەر و دکتۆرا) ئەم زاراوە بە کارهێنراوە و لە هەموو زاراوەکانی تر ڕێژەی بە کارهێنانی بەرزترە.

١– ٢–٢: **چەمکی لادان لە دیدی نووسەر و ڕەخنەگرانی کورددا:**

چەمکی لادان وەك کردەیەك کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دەقی ئەدەبییەوە – شیعر بە تایبەتی– هەیە، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەندین نووسەر و ڕەخنەگر قسە و باسیان لە بارەوە کردووە و هەریەکەیان بە پێی تێڕوانین و لە گۆشە نیگایێکی دیاریکراو لە چەمکەکە دواون. دەتوانین بڵێین لەو وتار و توێژینەوانەی تایبەت بەم بوارەن باسکردنی ئەم چەمکە بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

**١– بە شێوەی ڕاستەوخۆ:** بەشێك لە نووسەر و رەخنەگران ڕاستەوخۆ باسیان لە چەند لایەن و ڕەهەند و پێوەر و جۆرەکانی لادان کردووە، زیاتر پشتیان بە ستووە بەو تیۆر و تێڕوانین و بنەمایانەی لە بارەی چەمکی لادان لە ئارادان، ئەمەش لە چەند وتار و توێژینەوە و نامەی زانکۆیی و ئەکادیمی دەبینرێن، بۆ نموونە: (د. محەمەد بەکر) لادانی وەك کردەیەکی ئەدەبی بونیاتی زمانی پەخشانە شیعری کوردی باسکردووە [١٥: ٣٩].

– **(عەبدولخالق یەعقووبی)** زیاتر لە سۆنگەی تیۆر و بۆچوونە نوێیەکانی کردەی لادان باسی لە چەمکی لادان کردووە، (جەبار ئەحمەد حوسێن) لە نامەی ماستەرەکەیدا[٥: ٣٩]، بە هەمان ئاراستە کاریکردووە؛ بۆیە لادانی تەنیا بە زمانی دەق بەستووتەوە و لە هەرسێ بەشی نامەکەی تەنیا لادانە زمانییەکانی باسکردوون، هەرچەندە بە ناراستەوخۆ ئاماژەی بە لادانی نووسینی کردووە، بەڵام بە لادانی دانەناوە، (نیعمەتوڵڵا حامید نهێلی) لە نامەی ماستەرەکەیدا[٥٧: ٣٩]، بە هەمان شێوە تەنیا لە چوارچێوەی زمانی دەق باسی لادانی کردووە، (خەلیل ئیبراهیم مستەفا)ش لە نامەی ماستەرەکەیدا[٩٢: ٣٩]، لە سەر هەمان شێوە و ڕێچکە ڕۆیشتووە، لە لادانە زمانییەکاندا هەندێ لادانی ڕێزمانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسکردوون، بە ناڕاستەوخۆش لە لادانە دەنگی و واتییەکان دواوە.

– **(د.عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد)** لە نامەی دکتۆرایەکەیدا[٦: ٣٩] بە پێی ناونیشانی توێژینەوەکەی، چەمکی لادانی پەیوەست کردووە بە دەقی نوێ بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، لە کاتێکدا چەمکی (دەقی نوێ) گوزارشتە لە هەموو دەقێکی نوێی ئەدەبی (شیعر و پەخشان) بە هەموو فۆرم و بەشەکانیەوە دەگرێتەوە. یەکێك لە کارە دیار و گرینگەکانی ئەوەیە، باسی لە لادانی بونیاتی دەرەوە و ناوەوەی دەق کردووە و لادانی وەك توێژینەوەکانی پێشوو تەنیا لە چوارچێوەی زمان تەسك نە کردووتەوە[٦: ١٦١].

– **( عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا)** لە نامەی ماستەرەکەیدا[٩٣: ٣٩]، چەمکی لادانی زیاتر لە ژێر ڕۆشنایی تیۆر و بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەورووپی و ئێرانی ناساندووە، لە شیعری هەموو قۆناغ و سەردەمێك – شیعری کلاسیکی و نوێ– نموونەی گونجاوی هێناونەتەوە.

– **(شیاو ڕەشید ئەبو بەکر)** لە نامەی ماستەرەکەیدا[٩٤: ٤٩ – ٧٥] چەمکی لادانی بە تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز لە هەموو توێژینەوەکانی پێشووتر لە ژانرێکی وەك ڕۆمان پراکتیك کردووە، بەمەش ئەو تێڕوانینە بەر

تەسـکەی نەهێشـت کـە چـەمکی لادانیـان لـە چوارچـێوەی شـیعر قـەتیس کردبوون.

– **(دلێر سادق کانەبی)** لە نامەی ماستەرەکەیدا [٧٥: ٣٩] بە ناونیشانی (هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخواز) لە باسکردن و شیکردنەوەی لایەنەکانی چەمکی لاداندا پشتی بە بۆچوونەکەی (لیچ) و ڕەخنەگرانی ئێرانی بەستووە، بەڵام لـە بەشـی پراکتیکـی نامەکـەی لـە چوارچـێوەی ناونیشـانی نامەکـەی دەرچـووە کـە لادانــە لــە شــیعری نــوێ و لای چــەند شــاعیرێکی دیاریکراو، کەچی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نموونەی بۆ جـۆری لادانـەکان هێناونەتەوە[٧٥: ٤٠]، لە لایەکی تریش سـەرجەم ئـەو لادانـە زمانیانـەی لای ئەو شاعیرانەی هەڵیبژاردوون دیاری نەکردوون، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی بە چەند لادانێکی نازمانیش کردووە[٧٥: ٩٤ – ٩٥]، واتا چەمکی لادان لە دیدی توێژەر لە نێوان کۆنیی و نوێخوازی یەکلایی نەکراوەتەوە.

– **(نـاز ئەحمـەد سـەعید)** یـش لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا [٩٧: ٣٩]، هەرچەندە لە ڕووی پێوەر و جۆر و پۆلێن دیدوبۆچوونی زۆربەی تیۆرنـاس و نووسەرو ڕەخنەگرانی کۆن و نوێی ئەم بوارەی خستوونە ڕوو، بەڵام زیاتر لـە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی (جان کۆهین) پلان و کاری نامەکەی داڕشتووە بە تایبەتیش لـە باسـکردنی جۆرەکـانی لادان؛ لەبـەر ئەمـە ڕاسـتەوخۆ چـەمکی لادانیشی بە شیعر پەیوەست کردووە، بەمەش ناوەرۆکی نامەکەی جۆرێك لـە دژیەکی پێوە دیارە؛ چونکە ئەو پێوەرانەی بۆ لادانی دیاریکردوون تـەنیا بـۆ شیعر ناشێن، هەروەها نموونەی بۆ هەندێ جۆری لادان لە شـیعری کلاسـیکی کوردیشدا هێناونەتەوە[٩٧: ٣٠].

– **(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح)** لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی ( زمـانی شیعر ڕوانگەیـەکی زمانـەوانی و پراگمـاتیکی) [٦٨: ٣٠]، چـەمکی لادانـی لـە ڕوانگەیەکی زمانیی بە گشتی و پراگماتیکی بە تایبەتی باسکردووە، ئـەمیش وەك بە شێك لە توێژەرانی پێشووتر لادانی تەنیا تایبەت کـردووە بـە شـیعر، بەڵام بە شیعری قۆناغ و سەردەمێك نەیبەسـتوونەوە و نموونـەی لـە شـیعری

کلاسیك و نـویٚ و هاوچـەرخ بـۆ هێناوەتـەوە، سـەرەڕای ئەمـەش توێـژەر لـە چەمکی لادان چەند کارێکی گرینگـی ئەنجامـداوە لەوانـە جیـاوازی لـە نێـوان داهێنــان و بەزانـدنی یاسـادا کـردووە، ناڕاسـتەوخۆش زمـانی ئاسـایی وەك پێوەرێکی لادان دەستنیشانکردووە.

– **(هێمن عومەر خۆشناو)** لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا[٥٥: ٣٠]، چـەمکی لادانی لە سەر بنەمای تیۆر و ئاراسـتە نوێیـەکانی شـێوازگەری و شـیعرییەت باسکردووە، چەمکی لادانی لە پەخشان و ژانری چیرۆکدا پراکتیك کردووە.

– **(د. ئیدریس عەبدوڵلا)** [٥٦: ٣٠] چـەمکی لادانـی بەشـیعر پەیوەسـت کردووە، نموونەی لادانەکانی لە شیعری کۆن و نوێدا خستوونە ڕوو.

**٢– بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ:** لـە گوتـاری ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا چەندین نووسەر و توێژەر لە ژێر ناونیشان و بابەتی جیاواز باسیان لە هەندیٚ داهێنـانی زمـانی شـیعری و سـیما و تایبەتمەنـدی نوێخـوازی و دەقـی نـوێی کوردی کردووە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە واتا و مەبەسـتی سەرەکی کردەی لادان دەکەن لەوانە:

– **( عەزیز گەردی)** [٣٦: ٣٠] و **(محەمەد مەعرووف فەتاح)**[٤٥: ٣٠] بیٚ ناوهێنانی لادان  ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە هەندێك لایەنی دیاردەکە کردووە.

– **(حەکیم مەلا ساڵح)** لە وتارێکیدا بە ناوی (تێکشـکانی زمـانی بـاو لـە شیعرەکانی مەحویدا) [١١٠: ٣٠]، لادانی بە هونەرێکی شیعری دانـاوە، بـەڵام توێژەر بڕیارێکی ڕەهای داوە کاتێك ئەم سیماو خاسیەتەی تـەنیا پەیوەسـت کـردووە بـە زمـانی شـیعری (مـەحوی)؛ چـونکە چـەندین شـاعیری پـێش مەحویمان هەیە بۆ مەبەسـتی هونـەری و ئەنجامـدانی جوانکـاری هاوشـێوەی ئەو لە شیعرەکانیاندا یاساکانی ڕێزمانیان تێکشکاندووە، خۆیشی دوای چەند دێڕێك ئەوە بـاس دەکـات و نموونـەی (نـالی) بـەوە دینێتـەوە، کـە (نـالی) لـە ئاستی وشەدا زیاتر ئەم کارەی ئەنجام داوە و شاعیرانی تریش بـۆ پێویسـتی شیعری، بەڵام (مەحوی) بـە پێـی یاسـاو بەرنامـە، ئێمـەش پێمـان وایـە، کـە هەموو لادانێك بۆ پێویستی شیعرییەتی دەق ئەنجام دەدرێت؛ بۆیـە دەبیـنین

توێژەر هەر خۆشی لە نموونەی دووەم ئەو ڕایەی ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوە و ئـەو نموونـەی هێناویەتییـەوە، (مـەحوی) بـۆ ڕێکخسـتنی سـەروای دێـڕە شیعرەکە لادانەکـەی ئـەنجام داوە و لادانـەکانیش دەبێـت بـە پێـی یاسـایەك کاربکەن، بەڵام مەرج نییە ئەمە لای هەموو شـاعیرێك بکرێـت، ڕەنگـە لـە بـێ ئاگاییەوە بێت و دواتر لادانێکی نەرێنیی بەرهەم بێنـێ، بـەڵام توێـژەر تـەنیا ئاماژەی بە لادانی ئیجابی کردووە، ڕەنگـە ڕایەکەشـی تـەنیا بـۆ شـیعرەکانی (مەحوی) بشێ کاتێك باس لیەوە دەکات کە (مەحوی) (( ئەم کارەشـی بـە شێوەیەك کردووە، کە نەك هـیچ دەگەیـەکی لـە زمانەکـەمان نـەداوە، بـەڵکو گـەورەیی و شـکۆی زمـانی کـوردی نیشـان داوە، بـە واتـای ئـەوەی کـە زمانەکەمان لە باریدا هەیە بەو شێوەیە گرامەرەی مـەحویش پێـی بنووسـرێ بە بێ ئەوەی مانا بشێوێ))[١١٠: ٢٢]، واتا توێژەر بە ناڕاستەوخۆی گرینگی و پێویستی لادانی لە کردەی داهێنن و ئەفراندن خستووتەڕوو.

– **( نــەوزاد ئەحمــەد ئەســوەد)** ناڕاسـتەوخۆ لادانـی وەك ئـەدگار و بەرجەستەکارێکی زمانی شیعریی لە دەقی نوێخوازی کوردیدا ئـەژمارکردووە. [٥٤: ٦٩]

– **( نەجات حەمید ئەحمەد)** وەك توێژەری پێشوو ناڕاسـتەوخۆ لادانـی زیاتر وەك دیاردەیەکی زمانی دەقـی نوێخـواز دانـاوە، بـەڵام ئامـاژەش بـەوە دەکـات کـە هــەموو لایەنــەکانی دەق دەگرێتــەوە بــە زمــان و نــاوەرۆك و شێواز[١٣: ١٧٩].

**١– ٢– ٣: لە ڕووی جۆرەکانی لادان**

لە ڕەخنەی ئـەدەبی کوردیـدا جۆرەکـانی لادان لـە زۆرێـك لێکۆڵینـەوە و سەرچاوەکانی تایبەت بەو بوارە باسیان لێوە کـراوە و خراونەتـەڕوو، لێـرەدا بـە پێـی زنجـیرەی مێـژوویی ئـەو سەرچـاوە و توێژینەوانـەی لەبەردەسـتدان باسی لێوە دەکەین:

- **(عەزیز گەردی)** بە یەکەم توێژەر دادەنرێت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە بەرگی سێیەمی کتێبی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- واتاناسی) لە بابەتی (شیکردنەوەی ڕستە) باسی لە دوو جۆری لادان کردووە: لەوانەش (لابردن و پاش و پێش کردن):

أ- لابردن: توێژەر وەك هونەرێکی ڕەوانبێژی و تەنیا لە ئاستی ڕستەدا باسی لەم جۆرە لادانەی کردووە، سەرەتا پێناسەی کردووە و دەڵێت: ((زۆر جار وادەبێ لە کاتی نووسین و ئاخاوتندا جێگایەك پێویستی بە ناوبردنی بکەر، یان کردار، یان تەواوکەر بێ، بەڵام نووسەر بە ئەنقەست لای دەبا و ناوی ناهێنێ))[٣٦: ٥٣]. دواتریش تەنیا دوو جۆری لابردنی ڕستەی خستوونەڕوو ئەوانیش (لابردنی بکەر و لابردنی کردار)ن، هەروەها ئەو هۆیانەشی دەستنیشانکردوون کە شاعیر لە پێناوییاندا کەرەستەیەکی ڕستە لادەبات و نموونەی بۆ هێناونەتەوە.

هەڵبەتە لابردن تەنیا لە سەر ئاستی ڕستە ڕوونادات، بەڵکو ئاست و بەشەکانی تری زمانیش دەگرێتەوە، هەروەها لە ئاستی ڕستەشدا مەرج نییە هەر تەنیا بکەر، یان کردار لابرێن؛ چونکە ڕستە هەر لەم دوو کەرەستە پێك نایێت کەرەستەی تریش بوونیان هەیە و دەکرێت شاعیر لایان ببات.

ب- پاش و پێش کردن: توێژەر ئەم جۆرەی لادانەشی تەنیا لە ئاستی ڕستە باسکردووە و دەڵێت: ((لە زمانی کوردیدا ڕستە لە چەند بنەڕەتێك پێك دێ و هەر یەکێکیش لەمانە لە دارشتنی ڕستەی کوردیدا جێگای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەندێ جاری وا هەیە کە ئەو ڕەگەزانە لە جێگای خۆیان دەجووڵێن و دەخرێنە شوێنی ترەوە، جا ئەو جووڵانە، یان بەرەو پێشە، یان بەرەو پاش)) [٣٦: ٥٦]، هەروەها هۆکاری ئەنجامدانی ئەم جۆرە لادانەشی لە لایەن شاعیرانەوە بە نموونەی شیعری کوردی خستوونە ڕوو، بەڵام هەمدیسان ئەم جۆرەی لادانیش مەرج نییە تەنیا لە ئاستی ڕستە ڕووبدات؛ بەڵکو لە ئاستی وشەش ڕوودەدات.

– **(محەمەد مەعرووف فـەتاح)** چـەندین جـۆری گـۆڕانی لـە ڕوانگەیـەکی زمانەوانی ڕووت و لە زمـانی ئاخـاوتنی ڕۆژانـەدا دەسنیشـانکردوون بـە پێـی هەرسێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان ( دەنگ، ڕێزمان، واتـا) لـە هەریـەك لـەم ئاستانەش چەندین جۆری گرینگی لادانی دیاریکردوون:

أ– لەئاسـتی دەنگـدا: باسـی لـە (تواندنـەوە، کرتانـدن، دروسـتبوونی دەنگـی نـوێ، تـەبایی، جیابوونـەوەی دەنـگ، جێگـۆڕکێ، دەنـگ گـۆڕکێ، بەرلێودان، نەرم بـوون، بـەر لـووت دان، بـەر نـەرمایی دان) [٤٥: ٩٢– ٩٨]، توێژەر بۆ هەریەك لەم جۆرە لادانانە نموونەی هێناوەتەوە، بەڵام مەرج نییـە ئەم جۆرانەی لادان لەناو شیعردا بوونیان هەبێت.

ب– لە ئاستی ڕێزماندا: بۆ هـەردوو لقـەکانی (وشەسـازی و ڕستەسـازی) جۆری لادانەکانی جیاکردوونەتەوە و نموونەی پێویستیشی لە زمانی ڕۆژانەدا بۆ هێناونەتەوە.

پ– لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا: ئەو لادانانەی دیاریکردوون کە لـە پێکهـاتی وشە بە هـۆی قرتانـدن و چـۆنیەتی دروسـت بـوون و لێکدانیـەوە ڕوودەدەن، هــەروەها لــە ســەر ئاســتی فەرهەنگـدا (کۆنگــەرایی و نوێگــەری) وشــەی باسکردوون [٤٥: ٩٨].

ت– لـە ئاسـتی سینتاکسـدا: لـەم ئاستەشـدا ئامـاژەی بـە جۆرەکـانی جێگۆڕکێ و پاش و پێش خستنی کەرەستەکان و لادان لە ڕێکەوت و پێکەوە گونجانی ڕاناوەکان کردووە[٤٥: ٩٩–١٠٠].

ج– لە ئاسـتی سـیمانتیکدا: توێـژەر ئامـاژەی بـە هەنـدێ لـەو ڕێگایانـە کـردووە کـە بـە هۆیـەوە لادانـی سـیمانتیکی ڕوودەدات وەك: (واتـا تەسـك بوونەوە، واتا فـراوان بـوون، بەرزبوونـەوەی واتـا، نـزم بوونـەوەی واتـا)[٤٥: ١٠١–١٠٢]، هەموو ئەمانە بریتیین لە ڕێگای جۆراوجۆری دروسـتکەری لادانـە واتاییـەکان بـۆ نموونـە: خواسـتن لادانێکـی واتاییـە و لـە ڕێگـای یـەکێك لـەم ڕێگایانە دروست دەبێت.

لێرەدا توێژەر وەك زمانەوانێك هەندێ لە جۆرەكانی لادانی لە زمانی كوردی لە ڕوانگەیەكی زمانییەوە بە شێوەیەكی ڕێكوپێك بە پێی هەر سێ ئاستە سەرەكییەكەی زمان دابەشی كردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی وەك كەرەستە و بنەمای توێژینەوەكەی هەڵبژاردووە و زۆربەی نموونەكانی دەچنە خانەی لادانی سواو؛ چونكە خەڵكی بە گشتی بەكارییان دەهێنێت

— **(د. محەمەد بەكر)** لەنامەی دكتۆرایەكەیدا باسی چەندجۆرە لادانێكی كردووە، لە ئاستی ڕێزمان باسی لە لادانی وشەیی و ڕستەیی كردووە لە لادانی وشەسازی ئاماژەی بە جۆرەكانی (وشەی سەربەخۆ: مەبەستی داهێنانی وشەیە، وشەی بازاڕی و نە پۆشراو، بەكاربردنی نوێی ناو و هێماكان، وشەی ناوچەیی، وشەی نوێكراوەی كلاسی)كردووە، لە لادانی ڕستە سازیشدا ئاماژەی بە جۆرەكانی ( تێكدانی سیستەمی ڕستەسازی، لابردنی بەشەكانی ڕستە)، هەروەها ئاماژەی بە جۆرە لادانێكی گرینگ كردووە، كە لادانی شێوازییە لە بونیاتدا[١٥: ٥٩]، بەڵام تەنیا لە بونیاتی وێنە كورتیكردووتەوە، لە لادانە سیمانتیكییەكانیش تەنیا باسی لە (خوازە و مەجاز و لێكچواندن)كردووە لە چوارچێوەی وێنەی هونەری و وەك بنەماكی دروستبوونی وێنە[١٥: ٧٣]، توێژەرلە بەشی چوارەمی توێژینەوەكەیدا بە ناڕاستەوخۆ باسی لە چەندین جۆر و شێوەی لادانە دەنگییەكان كردووە[١٥: ٨٣]، بەڵام بێ ئەوەی بە لادان ناویان ببات، لە بەشی پێنجەمی توێژینەوەكەشیدا هەمدیسان ناڕاستەوخۆ بە نموونەوە باسی لە لادان لە شێوەی نووسین كردووە كە جۆرە لادانێكی بونیاتییە [١٥: ١٠٣]، بەڵام بە لادانی دانەناوە.

توێژەر لە دیاریكردنی جۆرەكانی لادانـدا جۆرە كەموكورتیەك بە پۆلێنەكەیەوە دیارە، لە لادانی وشەیدا چەندین جۆری تری لادانی وشەی هەن، هەروەها لە جۆرەكانی لادانی ڕستەسازی جۆرێك لە تێكەڵی و ئاڵۆزی پێوە دیارە، سەرەڕای ئەوەی چەند جۆرێكی تری لادانی ڕستە سازی لە

ئارادان و ئاماژەی پیّ نەکردوون، بۆ نموونە: تێکدانی سیستەمی ڕستەسازی بۆ هەریەك لە (ترازانی ڕێزمانی و ڕستەی کاری و تێکدانی داڕشتنی ڕستە و لابردنی بەشەکانی ڕستە) [١٥: ٤٦– ٤٧]، دابەش کردووە، ڕستەی کاری جۆرێکە لە پاش و پێش خستن، یان گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە، هەروەها ڕستەی ناتەواو لە ئەنجامی لابردنەوە دروست دەبێت، ڕستەی دابڕاویش لە ئەنجامی گۆڕینی شوێنی کەرەستەیەکەوە دروست دەبێت، سەرەڕای ئەمانەش لادانی دەنگی شێوەی نووسینی بە لادان لەقەڵەم نەداون و ناڕاستەوخۆ باسی کردوون، لە لادانە واتاییەکانیش تەنیا باسی لە چەند جۆرێك کردووە.

– **(حەکیم مەلا ساڵح)** کاتێك باسی لە لادان کردووە لە شیعرەکانی مەحوی هەرچەندە لە هێنانەوەی نموونە و دەستنیشانکردنی لادانەکان زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام نەیتوانیوە لەسەر بنەمانیەکی ڕاست و دروست جۆری لادانەکان پۆلین بکات، لە جۆرەکانی لادان:

• توێژەر ئاماژەی بەوەکردووە کە (مەحوی) تەنیا لادانی داهێنەرانەی هەیە[١١٠: ٢١]، واتا لادانی نەرێنی و ناما قووڵی نییە.

• ئەو هەڵەی توێژەر تێی کەوتووە ئەوەیە کە لادانی تەنیا لە ئاستی ڕێزماندا تەسك کردووەتەوە، جگە لەمەش نەیتوانیوە جۆری لادانە ڕێزمانییەکان بە باشی پۆلین بکات، بە پێی ئاستەکانی وشە سازی و ڕستەسازی لێکیان جیاکاتەوە؛ چونکە هەریەکەیان لادانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

• لە یەك ئاستیشدا توێژەر دووبارە لە پۆلین کردنەکەی سەرکەتوو نەبووە، بۆ نموونە: (ڕستە شێواندن بە شێوەی هونەری و پاش و پێش خستنی وشەکان) هەمان جۆری لادانی ڕستەیین و بە دوو ناوی جیا باسی کردوون[١١٠: ٢٢].

• توێژەربە ناوی (کورت کردنەوەی وشە بە لابردنی پیت) باسی لە (قرتاندن) کردووە، ئەمەش جۆرە لادانێکی دەنگییە.

• ( یاری کردن بە زەمیر) هەمدیس لادانێکی ڕستەسازییە و بە جێگۆڕین، یان پاش و پێش خستن دروست دەبێت، کەچی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ناوی بردووە.

کەواتە توێژەر لە لادانی ئاستی ڕستە باسی لە ( پاش و پێش خستن ولابردنی وشە)کردووە، لە لادانی ئاستی وشە تەنیا باسی لە (وشە داتاشین) کردووە.[١١٠: ٢٥]؛ لەبەر ئەوەی بابەتەکەی لە سەرتێکشاندنی باوە لە جێی خۆیدا بوو باسی لە جۆرەکانی تری لادان لە هەردوو ئاستی دەنگ و واتاش بکردایە.

– **(جەبار ئەحمەد حوسێن)** لە نامەی ماستەرەکەیدا (ئێستێتیکای دەقی شیعری کوردی)، لەسەر دوو بنەمای سەرەکی باسی لە جۆرەکانی لادان کردووە، کە بریتین لە پەسندی و زمان، لە بنەمای یەکەم باسی لە هەردوو لادانی لۆژیکی و نالۆژیکی کردووە و نموونەی بۆ لادانی لۆژیکی هێناوەتەوە، لە بەشەکانی تری توێژینەوەکەشیدا تەنیا باسی لە لادانە زمانییەکان کردووە بە پێی هەر سێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان، بەڵام توێژەر لە بابەتی فۆرمی شیعری نوێ باسی لە لادانی نوسینی کردووە[٥: ١٠٢]، بەڵام بە لادانی دانەناوە، ئەوەی جێگای سەرنجە باسی لە هەموو جۆرەکانی لادان نەکردووە.

– **(عەبدولخالق یەعقووبی)** لە جۆرەکانی لاداندا پشتی بە پۆلینەکەی (لیچ) بەستووە و دەڵێت: ((واباشە بە پێی ئەو پۆلینەی، کە لیچ ڕەچاوی کردووە باس لە جۆرەکانی لادان بکەین.))[٢٥: ٣٠]، ئەو جۆرە لادانانەی خستوونەتییە ڕوو (لادانی واژەیی، لادانی نەحوی، لادانی دەنگی، لادانی مانایی، لادانی شێوازی، لادانی زاراوەیی، لادان بە زیادکردنی ڕێسا)ن نووسەر ئەم پۆلینەی لە (لیچ) وەرگرتووە و ئەوەی تێبینی دەکرێت:

• پۆلینەکە بە پێی ئاستەکانی زمان باس لە لادانی دەنگی و نەحوی و وشەیی و مانایی کردووە.

• لەلادانی وشەییدا لادانی زاراوەیی و واژەیی بە جیا باس کردوون، کە هەردووکیان سەر بە ئاستی وشەن؛ چونکە لادانی واژەیی، کە مەبەستی داهێنانی وشەی نوێیە، لادانی زاراوەیی کە مەبەستی لادانی شێوەزاری، یان دیالێکتییە، کاتێك شاعیر وشەیەکی زارێکی تر وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت، هەردووکیان دەچنە خانەی لادانی وشەیی؛ بۆیە واباشتر بوو ئەم دووجۆرەی لە ژێر یەك ناو پۆلین بکردایە.

• لادانی نەحویی تەنیا لە جێگۆڕکێ کردنی کەرەستەکانی ڕستە کورتکردووتەوە لە کاتێکدا چەندین لادانی ڕێزمانی تریش هەن.

• هەموو لادانی واتایی تەنیا لە شوبهاندن و گیان بەبەرداکردن کورت کردووتەوە.

لێرەدا توێژەر دەکرا هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەو لادانانەی (لیچ) ئاماژەی بۆ کردوون تایبەتمەندی شیعری کوردی لەم ڕووەوە ڕەچاو بکردایە و ئەو لادانانەشی کە (لیچ) باسی نەکردوون ڕوونبکردایەتەوە.

• ئەو جۆرە لادانەی، کە بە زیادکردنی ڕێسا دروست دەبێت و توێژەر نموونەشی بۆ هێناوەتەوە دەچێتە خانەی لادانی دەنگی؛ چونکە هەبوونی مۆسیقا و ریتم، ئەگەرچی لادانی ڕێزمانی و واتایی تێدا نەبێت، بەڵام بە هۆی دەنگەوە دروست دەبێت و جیاوازە لەگەڵ زمانی ئاسایی؛ بۆیە ئەگەر لە لادانی دەنگی باسی لێوە کردبووایە باشتر دەبوو.

– **(د.عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد)** لە نامەی دکتۆرایەکەیدا (بونیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا)، بە پێی بونیاتی دەقی شیعری کوردی لە قۆناغە جیاجیاکان باسی لەو لادانانە کردووە، کە لە ڕووی زمانی شیعری و مۆسیقا و شێوازی نووسین و ناوەرۆکی شیعری کوردی دەبینرێن، هەروەها باسی لە هەردوو جۆری لادانی لۆژیکی (پەسەند) و لادانی نالۆژیکی (ناپەسەند) کردووە.

ئەم توێژینەوەیە بە یەکەم توێژینەوەی ئەکادیمی دادەنرێت کە لە ژێر ناو و بابەتی لادان باسی لادانی بونیاتی کردووە[٦: ١٦١]، لە بونیاتی دەق

پێکهاتی دەرەوە و ناوەوەی وەرگرتووە؛ چونکە لە توێژینەوە و نووسینی تری ڕەخنەیی لە بابەتێکی لابەلاو جیا لە لادان وەك سیمایەکی نوێگەری، یان شێوازی باسیان کردوون و لادانیان زیاتر بە زمان و ئاستەکانی بەستۆتەوە.

ئەم توێژینەوەش باسی لە هەموو جۆرە لادانەکان نەکردووە، بەڵام ئەو بۆ چوونەی ڕەت کردەوە کە لادانی تەنیا بە زمان دەبەستەوە، لە لادانی زمانیش تەنیا ئاماژەی بە لادان لە شێوەزاری نووسین و شێوەی زمانی نووسین کردووە.

– **(ئەکرەم قەرەداغی)** لە وتاری (خزان لە شیعری نوێی کوردیدا) [١٠٢: ٨٥]، کە زیاتر لە بابەتێکی وەرگێڕدراو دەچێت لە کۆتایی وتارەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە جۆرەکانی لادان بە پێی هەریەکە لە زمانی هونەری و ئاواز و لایەنەکانی هزر و دیدی شاعیر جیاوازن، هەر یەکێك لەمانە جیهانێکی فراوان و سەربەخۆن، لە ناوەرۆکی وتارەکەشیدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە چەند جۆرە لادانێك کردووە لەوانەش:

• لادانی ڕێزمانی و واتایی، بە کۆڵەکەی سەرەکی لادان داناون و دەڵێت: ((ڕەنگە بنەما هەرە پتەوەکانی خزان لە سەر هەردوو کۆڵەکەی: جێگۆڕکێ replacement و پێکهاتە structure پێکهاتبێت کە یەکەمیان زیاتر پشت بە "خوازە" Metaphore دووەمیشیان شکاندنی زمان و دۆزینەوەی پێوەندی نوێیە لە نێوان وشەکاندا بە شێوەیەك کە ببێتە هۆی خوڵقاندنی جۆرێکی نوێی شێوازی شیعری و دۆزینەوەی گوزارشتێکی تازەش.)) [١٠٢: ٨٦]، ئەوەی لێرەدا بەدیدەکرێت نووسەر تەنیا باسی لە یەك جۆری لادانی واتایی کردووە کە ئەویش خوازەیە، لە لادانی ڕێزمانییشدا تەنیا باسی لە شکاندنی یاساکان و داهێنانی وشەی نوێ کردووە؛ چونکە کە دەڵێت: ((شکاندنی زمان)) [١٠٢: ٨٦]، مەبەستی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانە، کە زۆر جار شاعیر بەو ڕێگەیە وشەی نوێ بەرهەم دێنێت؛ بۆیە دەڵێت: دۆزینەوەی گوزارشتێکی تازە، بەڵام مەرج نییە لادانی واتایی تەنیا خوازە بێت.

• لادانـی خـودی یـەکێکی تـرە لـەو جـۆرە لادانانـەی نووسـەر باسـی کردووە، دەڵێت: ((خزان کارێکی تاکە کەسـیەو لـە"خود"ی شـاعیر خۆیـەوە هەڵدەقووڵێت.))[١٠٢: ٨٧]، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو لادانانـەی شـاعیرێك پەیڕەوییان دەکـات لادانـی خـودیبن، یـان بـە واتایـەکی تـر هـەر لادانێـك لـە شیعری شاعیرێك بینرا خودی بێـت؛ چـونکە لـە پـاڵ لادانـی خودیدا، لادانـی قۆناغیی و باو و سواویش بوونیان هەیە.

ڕاستە نووسەر ئاماژەی بەوەکردووە کە چەند جۆرێکی لادان هەن، بەڵام نەڕوونی کردوونەتەوە نە بە شێوەی پراکتیکی کاری لەسەر کردوون؛ چـونکە لادان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە شێوەی پراکتیکی و دەستنیشـانکردنی لـە سەر دەقی شیعری دەردەکەوێت، زیاتر لەوەی بە تیوری باسی لێوە بکرێت.

– **(نیعمـەتوڵڵا حامیـد نهێلـی)** لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا (شـێوازگەری تیۆری و پراکتیك ڤەکۆلینەك دبیاڤێ هۆزانێ دا) ئەو پۆلینانەی بۆ جۆرەکانی لادان لە لایەن (د.منذر عیاشی، د.صـلاح فضـل، دڵخـۆش جـاڕەڵڵا حوسـێن) کـراون– بـێ زیـادە خسـتنە سـەر– ئامـاژەی پێکـردوون، توێـژەر هەوڵیشـی نەداوە پۆلینێکی جیاوازتر لەمانە بۆ لادان بکات، بەڵام لە بەشەکانی دواتـری نامەکەیدا بە تایبەتیش لە پراکتیك کردنی جۆرەکان پشتی بە هیچ یەکێك لەم پۆلینانە نەبەستووە، بەڵکو وەك توێژینەوەکەی پێشـتر بـە پێـی ئاسـتەکانی زمان، جۆرەکانی لادانی خستوونە ڕوو؛ بۆیـە دەکـرا توێـژەر پـۆلینێکی نـوێ دابهێنێ یـان، پـەیڕەوی یـەکێك لـەو پۆلینانـەی بکردایـە، کـە ئامـاژەی پـێ کردوون؛ چونکە پۆلینەکان باشن و لە سەر بنـەماو لایەنـە هەمـە جۆرەکـانی دەق، جۆرەکانی لادانیان دیاریکردوون، هەندێ لەوجۆرە لادانانەی ئاماژەیـان پێکردوون لای ئەوانی پێشتر نەبینراون، بۆنموونە: (د.منذر عیاشی) باسی لە لادانـی بونیـاتی و لـۆژیکی کـردووە[٥٧: ١٧٣]، بـەڵام توێـژەر لـە بەشـی پراکتیکیدا ئەم جۆرانەی دیاری نەکردوون.

– لە نامـەی ماسـتەری (شـێوازی شـیعری گـۆران) ئەگەرچـی لادان وەك بنەمایـەکی شـێواز دانـراوە[٥٨: ٢٧]، بـەڵام لـە هەرسـێ بەشـی نامەکـەدا،

جۆرەکانی لادان بە ڕاستەوخۆی و وەك بابەتێکی سەربەخۆ نابینرێت، بـەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە هەموو بەشەکان جۆرەکـانی لادان بوونیـان هەیـە، هەرچەندە توێژەر لە کاتی دیاریکردنی هەنـدێ لادانـی شـێوازییدا باسـی لـە جۆری ئەو لادانانە کردووە، کە (گۆران) لە شیعرەکانیدا ئـەنجامی داون و بـە لادانـیش ناویـان دەبـات؛ بۆیـە توێـژەری نامەکـە؛ لەبـەر ئـەوەی لـە بازنـەی باباتێکی وەك شێوازدا کاری کـردووە، وا باشـتر بـوو باسـی جۆرەکـانی لادان بکات و تیشکێکیان بخاتە سەر.

- ( **عەبدولسـەلام نەجمـەدین عەبـدوڵڵا**) لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا (شـیکردنەوەی دەقـی شـیعری لـە ڕووی زمانەوانیـەوە): لـەبارەی لادان و جۆرەکانی، پۆلینی هەریەك لە (لـیچ و شـەفیعی کـدکنی) خسـتوونە ڕوو، بـە پشـت بەسـتن بـەم دوو پۆلینـە و لـە ڕوانگەیـەکی زمانەوانییـەوە جۆرەکـانی لادانی دابەشکردۆتە سەر چوار ئاسـت (فۆنۆلـۆژی، مۆرفۆلـۆژی، سـینتاکس، واتایی) [٩٣: ٢٩]، ئینجا بە پێی هەریەك لەو ئاستانە جۆرەکـانی لادانـی زۆر بە سەرکەوتووانە بە نموونەوە خستوونە ڕوو. توێـژەر بـواری توێژینەوەکـەی زمانـە؛ بۆیـە لـە ڕوانگەیـەکی زمـانی و لەسـەر بنـەمای ئاسـتەکانی زمـان پۆلینێکی نوێی بۆ جۆرەکانی لادان داناوە و لە هەرئاستێکدا چـەندین جـۆرە لادانی بە نموونەی شیعری کوردی باسکردوون، بەڵام کەموکورتی پۆلینەکەی لەوە دایە، کە زیـاتر ئـاوڕی لـە لایـەنی بونیـات و پێکهـاتی زمـانی دەقـەکان داوەتـەوە و لایـەنی نـاوەرۆکی دەق و جـۆری لادانـەکانی لـە ڕووی پلـە و کاریگەری فەرامۆش کردوون، هۆکاری سەرەکی ئەمەش وەك پێشتر باسمـان لێـوە کـرد بـۆ سرووشـتی کارەکـەی دەگەڕێتـەوە کـە توێژینەوەیـەکی زمانەوانییە.

- (هەندێ لادانی زمانی لای سـێ شـاعیری نوێخـوازی کـورد) ناونیشـانی نامەیەکی ماستەرە، بە یەکەم هەوڵی ئەکادیمی تایبەت بە لادان دادەنرێت لە زمانی کوردیدا. لە سەرەتادا توێژەر لادانی بە بەشێك لە زەقکردنەوە دانـاوە لەگەڵ ڕێسا زیادکردن، ئینجا ئەو پۆلینـەی بـۆ جۆرەکـانی لادان نووسـیووە،

كه له لايەن ( ليچ) كراوه كه بريتين له هەشت جۆر لادان بـه هـەموو لايـەن و پێكهاتەكانى دەرەوه و ناوەوەى دەق، ئاماژەى بەوه كردووه كه جۆرى ترى لادانيش هەن و دەڵێت: ((جگه لەم هەشـت جـۆره هەنـدێ لادانـى تـريش لاى نووسـەرانى تـرەوه دەستنيشـان كـراون لەوانـه: لادانـى گوتـارى و لادانـى ناوەوەيى)) [٧٥: ٢٩]، له بەشـى دووەمـى نامەكەشـدا لـه سـەر پۆلينەكـەى (ليچ) ڕۆيشـتووه و لـه شـيعرەكانى چـەند شـاعيرێك دەستنيشـانى كـردوون، ئەوەى جێگاى سەرنج و تێڕامانه:

• توێژەر به پێى ناونيشانى نامەكه تەنيا لادانـه زمانييـەكانى خسـتوونه ڕوو؛ چـونكه پسـپۆرى و ناونيشـانى نامەكـه و سـنوورى كارەكـه ئەمـه دەخوازێت، بەڵام باسى لـه هەنـدێ لادانـى نازمـانيش كـردووه، وەك: لادانـى شێوازى، لادانى نووسينى، لادانى ناوەكى.

• له جۆرەكـانى لادان بـه ڕيزبەنـدى و بـه شـێوەى زنجيرەيـى باسـى لـه جۆرەكـانى لادان نـەكردووه لـه ئاسـتەكانى زمـان، بـۆ نموونـه: لـه لادانـى لێكسـيكى ڕاسـتەوخۆ چـۆته سـەر لادانـى واتـايى پاشـان لادانـى دەنگـى باسكردووه، ئينجا لادانى ڕێزمانى و ڕستەسازى[٧٥: ٣٩– ٤٦].

• توێژەر هەرچەنده پشـتى بـه پۆلينەكـەى (لـيچ) بەسـتووه، بـەڵام لـه جۆرى لادانه زمانييەكان دەبوايه لادانەكانى سەر به ئاستێكى زمانى پێكەوه باس كردبووان نەك به شێوەى سەربەخۆ و لێك جيـاواز باسـيان بكـات؛ بۆيـه ئەمـه يەكێكـه لـەو هەڵانـەى بـه توێژينەوەكـەى ديـاره، بـۆ نموونـه: لادانـى لێكسيكى و لادانى وشەسازى و لادانـى زارى، هـەموويان لادانـى وشەسـازين. ئاشكرايشـه لادان لـه ئاسـتى ڕستەسـازى و وشەسـازيش سـەر بـه لادانـى ڕێزمانيين.

• لـه لادانـى واتاييـدا ئامـاژەى بـه چـەند پـۆلينێكى لادانـه واتاييـەكان كردووه، بەڵام تەنيا ئـەو پۆلينـەى پـەيڕەو كـردووه، كـه لـه لايـەن (فـەرزان سجودى) بۆ لادانه واتاييەكان كراوه[٧٥: ٤١– ٤٢].

• توێژەر تەنیا لادانە واتاییەکانی زۆر بە تێرو تەسەلی بە نموونەوە خستوونەتە ڕوو، بەڵام لە جۆرەکانی تر بە خێرایی بەسەریاندا تێپەڕیوە.

– لە نامەی ماستەری ( **شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی**)دا توێژەری نامەکە، ئەگەر چی بە ناڕاستەوخۆیی هەندێ لە جۆرەکانی لادانی لە بەشەکانی تری نامەکەی باس کردووە، بەڵام لە بابەتی لاداندا ئاماژەی بە جۆرەکانی لادان کردووە، هەروەها خاڵێکی گرینگی تر ئەوەیە لادانی وەك پرۆسەیەکی هەمە لایەنەی دەق ئەژمار کردووە[٨٠: ٢٥]، بەڵام تەنیا باسی لە سێ جۆری لادان کردووە (پاش و پێش خستن و کورتبڕی و لابردن)، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە توێژەر ئەو لادانانەی لە نامەکەیدا باسی کردوون و نموونەی بۆ هێناونەتەوە تەنیا لادانی زمانیین، جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

– **(حەکیم مەلا ساڵح)** لە کتێبی (مەولەوی و تەقینەوەی زمان)دا، بە پێی ئاستەکان باسی لە چەند لادانێکی زمانیی کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی تێکەڵ و بێ ئەوەی پۆلینێکیان بۆ دابنێ، تەنیا باسی لەو لادانە زمانییانە کردووە، کە لە شیعرەکانی مەولەویدا دەبینرێن، هەرچەندە هەندێ لادانی بونیاتی لە وێنە شیعرییەکانی مەولەوی دیاریکردوون بێ ناو بردنیان؛ بۆیە وەك زۆربەی توێژەران لادانی تەنیا لە چوارچێوەی زمان کورتکردووتەوە.

– **(د. ئازاد ئەحمەد مەحموود)** لە نامەی دکتۆرایەکەیدا (بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) ئەگەر چی لادان یەکێکە لەو بابەتانەی، کە تاڕادەیەك بە درێژی باسی کردووە، بەڵام نەهاتووە جۆرەکانی لادان پۆلین بکات، یان لە بابەتێکی دیاریکراو بیانخاتەڕوو، بەڵکو تەنیا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە بابەتەکانی تر تارمایی هەندێ لە جۆرەکانی لادان هەستیان پێ دەکرێت. لەوانەش لادانە واتاییەکانی وەك: خوازە و ڕەمز و لێڵی، لەگەڵ لادانی ناپەسند و هەندێ لادانی بونیاتی شیعری نوێ، لادانی دەنگی و ڕستەسازی.

کەواتا لای توێژەر لادان وەك بنەمایەکی شێواز و بابـەتێکی شـێوازگەری خراوەتــە ڕوو؛ لــە بەرئــەوەی ناونیشــانی توێژینەوەکــە بونیــاتی زمــان دەگرێتەوە، بەتایبەتیش لە شیعری نـوێی کوردیدا. لـە جێگـەی خۆیدا بـوو توێژەر بە شێوەیەکی وردتر باس لە لادان و جۆرەکانی بکات، بـە تایبـەتیش لادانە زمانییەکانی بـە درێـژتر بـە نموونـەوە خسـتبانە ڕوو؛ چـونکە بونیـاتی زمانی شیعری **هاوچەرخ** بە پلەی یەکەم لە سەر کردەی لادان دامەزراوە.

– لــە نامــەی ماســتەری (**شــیعرییەتی دەق بــە نموونــەی شــیعرە کوردییەکانی مـەحوی**)دا، توێـژەر لـە شـیعرییەتی لادانـدا دوو پـۆلینی وردی جۆرەکانی لادانی خستوونە ڕوو– بێ زیادە خسـتنە سـەر– هـەروەها لادانـی نەرێنی و ئـەرێنی ناسـاندوون [٩٢: ٩٥]، بـەڵام ئـەم جۆرانـەی بـە نموونـەی شـیعری ڕوون نەکردوونەتـەوە، دەکـرا سـوود لـەم پۆلینانـە وەربگرێـت وەك بنــەمای کارەکــەی، ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی لادان بنەمایــەکی زۆر گـرینگ و سەرەکی شیعرییەتە، ئەو جۆرە لادانانەی توێژەر باسی کردوون تـەنیا چـەند لادانێکی زمانین لە هەرسێ ئاستەکەی زمان، تـەنیا لادانـە ڕێزمانییـەکانی بـە ڕاستەوخۆیی لە بابەتی لادان باسکردووە، ئەگینا لادانی دوو ئاستەکەی تـری بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وەك شیعرییەتی شیعر باسکردوون بۆ نموونە: ڕیتم و بنەماکانی، ڕەمز، خواستن، درکە. هەروەها یەکێکی تر لەو کەموکورتییانـەی بەم توێژینەوەیە دیارە ئەوەیە کە لە لادانی ڕێزمانی تـەنیا لـە پـاش و پـێش خستن و کورتبڕی دواوە[٩٢: ٩٥– ١٠٠] ؛ لە بەر ئـەوە شـیعرەکانی مـەحوی لادانـی هەمـە جـۆر لـە خـۆ دەگـرن، دەکـرا وردبینانـەتر جۆرەکـانی لادانـی دەستنیشان کردبووان.

– (**تەیب جەبار**) لە کتێبی (گەڕان بـە دوای ئیقـاعی وشـەدا) لـە بـارەی لادان ئەوەی دەرخستووە، کە بابەتێکی تازە نییـە و چـەند جـۆرێکی هەیـە؛ بۆیە باسی لە لادانی ڕێزمانیی و واتایی و لادانی وێنـەیی کـردووە، ئەگەرچـی بابەتەکەی بە کورتی تێپەڕاندووە و نموونەی پێویسـتی بـۆ نـەهێناون، بـەڵام باسی لە لادانی بونیاتی کردووە.

- **(پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی)** لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە کتێبی (واتاسازی)دا باسی لە چەند جۆرە لادانێکی واتایی کردووە و نموونەی لە شیعری کلاسیکی کوردی بۆ هێناونەتەوە. توێژەر بە وردی ئەو لادانە واتاییانەی باسکردوون، کە بە پێی بنەماکانی (گرایس) [٨٠: ١٤١] بۆ لادان دیاریکراون، بەڵام ئێمە پێمان وایە لادانە واتاییەکان زۆر لەو ڕێژەیە زیاترن کە ئەو باسیکردوون.

- **(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح)** لە توێژینەوەیەکیدا لەبارەی زمانی شیعری باسی لە جۆرەکانی لادان کردووە و نموونەی گونجاوی لە شیعری کوردیدا بۆ هێناون، باسی لە چەند جۆرە لادانێك کردووە:

• لادانی ئەرێنی و نەرێنی: کاتێك جیاوازی لە نێوان ڕەسەنایەتی زمان و هەڵە کردووە دەڵێت: ((ڕەسەنایەتی هەر لەوە نایەت کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێ بکات، بەڵکو هەندێ جار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروست دەبێت، ئەو ڕەسەنایەتییە، کە چاکتر وایە بە داهێنان ناوی بەرین ئەو جۆرەیە کە بە تایبەتی لە شیعردا دەبینرێ.))[٦٨: ٣]، دواتر دەڵێت: ((توانای داهێنان، کە بە زۆری لە شاعیراندا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ)) [٦٨: ٣]، توێژەر لێرەدا مەبەستی لادانێکی داهێنەرانەی دوور لە هەڵە و کەموکورتییە، کە ئەمەش لادانی ئەرێنی دەگرێتەوە، لادانی نەرێنیش بەوە جیادەکاتەوە، کە تا ئەو شوێنە دەبێتە لادان کاتێك گوێگر، یان خوێنەر بتوانێت لە شیعرەکە بگات و پێوەندییەك لە نێوان وشەکان و دەوروبەر بدۆزێتەوە؛ چونکە پێی وایە ((کە دۆزینەوەی دەوروبەر لە توانای ئەمدا نەما ئیتر گوتنەکە/شیعرەکە مەبەست و واتای خۆی بزر دەکات و لەوە دەکەوێ گوتن/شیعر بێت.))[٦٨: ٨].

• هەروەها لە بارەی لادان بە پێی ڕوخسار و ناوەڕۆك لە بەشێکی توێژینەوەکەیدا زۆر بە کورتی و خێرایی باسی لەوە کردووە کاتێك لەبارەی لادانی شیعری کلاسیکی دەڵێت: ((یاسا پەیڕەوکردن سیمایەکی گرینگی شیعری کلاسیکییە و لادان تێیدا لە سنووری ڕوخسار تێ ناپەڕێ، واتا بە

زۆری لادان لــه ئاســتی فۆنۆلــۆژی و مۆرفۆلــۆژی و سینتاکســیدا ڕوودەدات))
[٦٨: ٩]، واتــا توێــژەر درکــی بــەوە کــردووە کــە لادان بــە پێــی نــاوەڕۆك و ڕوخسار جیاوازن، بەڵام بێ ئەوەی باسیان لێـوە بکـات و ڕوونیـان بکاتــەوە، جگە لەمەش ڕوخساری شـیعر هــەر تــەنیا زمـان ناگرێتــەوە؛ چـونکە توێـژەر تەنیا ئاماژەی بە لادانی زمانی و ئاستەکانی زمان کردووە.

• جۆرێکی تری لادان کە ئەم توێژەرە باسی لێوە کردووە لادانی گـەورە و بچووکە لە سەر بنەمای چـەندێتی و ڕێـژەی هـەبوونی لادان ئـەم جۆرانـەی دیاریکردووە؛ چونکە دەڵێت: ((ئەو لادانەی تەنیا یەك سیما فەرامۆش دەکات لەو لادانە بچووکترە کە دوو، یان زیاتر یان هەموو سیمایەکی پێوەندی نێوان کار و بکەر، یان بەرکار بەلاوە دەنێ))[٦٨: ٦]، واتــا بــە زیـادبوونی ژمـارەی لادانــەکان قەبارەکــەی گــەورەتر دەبێـت، هەرچــەندە ڕێژەکــەش نـزمتر بێـت بچووکتر دەبێت.

لە بابەتی جۆرەکـانی لادان و یاسـا بەزاندنـدا باسـی لـەم جـۆرە لادانانــە کردووە: (لادانی وشەیی ( لێکسیکی)، لادانی ڕێزمـانی، لادان لـە زار و زمـان، لادان لە نووسینەوەی ئاسایی، لادانی واتایی، لادان لـە شـێوازدا) ئـەوەی لـە جۆرەکانی لاداندا تێبینی دەکرێت:

• توێـژەر هەوڵیـداوە پۆلینێـك بـۆ جۆرەکـانی لادان بکـات، بـەڵام هـیچ بنەمایەکی بۆ پۆلینەکەی دەستنیشان نـەکردووە، بـەڵکو هـەموو جۆرەکـانی لادانی بە پێی بنەما لێك دوور و جیاوازەکان تێکەڵکردوون.

• لادانی وشەیی لە لادانـی ڕێزمـانی جیاکردووەتـەوە، بـە واتایـەکی تـر لادانی ڕێزمانی تەنیا بە لادانی سینتاکسی زانیوە، لـە کاتێکـدا وشەسـازییش بە شێکە لە ڕێزمان.

• لادان لە زار و زمـان مەبەسـتی وەرگرتنـی شـیعری زمـانێکی بێگانـە و دەق ئاوێزانییە، لە کاتێکدا لادان لە زار کاتێك شـاعیر وشـەی زارێکـی تـر بـە کاردێنێت دەچێتە خانەی لادانی وشەیی؛ بۆیە وا باشتر بوو بە جیا باسی لـە هەریەکەیان بکردایە واتا لادانی زاری و لادانی زمانی.

• لادان لە نووسینەوەی ئاسایی، ئێمە بەکارهێنانی ئەم ناوە بۆ ئەم جۆرە لادانە زۆر بە گونجاو نازانین؛ چونکە شێوەی نووسینی شیعر لە نووسینی ئاسایی جیاوازە، هەروەها بە یەکەم جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان، یان نووسینی ئاسایی دادەنرێت؛ بۆیە لادان لە شێوەی نووسینی شیعر گونجاوترە؛ چونکە توێژەر کاتێك باس لەم جۆرە لادانە دەکات مەبەستی ئەوەیە کە شاعیر لەو شێوە نووسینەی شیعر لادەدات کە باوە و پێشتر بە کارهاتووە و شێوەیەکی جیاوازتر و نوێتر بەکاردێنێت.

• لە لادانی واتاییدا توێژەر بە لادانێکی ناوەکی ناویان دەبات؛ چونکە پێوەندییان بە تێگەیشتنی مانا و ناوەرۆکی بابەتەکەوە هەیە، ئاماژەی بە چەند لادانێکی واتایی گرینگ کردووە و نموونەی گونجاوی بۆ هێناونەتەوە، بەڵام لادانی واتایی جۆری تریشی هەیە.

• لادانی شێوازیی بەوە ناساندووە کە شاعیر بە شێوازێکی جیا لە شێوازی زمانی ئاخاوتن دەنووسێت و وشە و زاراوەی گونجاو و شیعرییانە هەڵدەبژێرێ، یان لەناو شیعرێکدا شێوازی خۆی دەگۆڕێت لە ساردی بۆ گاڵتە جاڕی، یان لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر[٦٨: ٢٣]، بەڵام مەرج نییە ئەم جۆرە لادانە لە ناو یەك دەقدا ڕووبدات جاری وایە شاعیر شێوازی شیعرێکی لەگەڵ شیعرێکی تر دەگۆڕێت و بە پێی گونجان لەگەڵ سەردەم و قۆناغ لادەدات لەو شێوازەی پێشتر پەیڕەوی کردووە.

– **(لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا)** ناونیشانی نامەیەکی ماستەرە، و بە دووەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تایبەت بە لادان دادەنرێت و لەبارەی جۆرەکانی لادانەوە تێبینی هەندێ خاڵ دەکەین:

• هەندێ جۆری لادان لە توێژینەوەکە و جیا لە بابەتی تایبەت بە جۆرەکان بەرچاو دەکەون لەوانەش لادانی خودی، لادانی ناماقووڵ، لادانی قۆناغی، لادانی هزری، لادانی کۆمەڵایەتی، لادانی بونیاتی.

• توێژەر لە جۆرەکانی لاداندا چەندین پۆلینی هەمە جۆری خستوونە ڕوو، بەڵام هیچ یەکێك لەم پۆلینانەی پەسەند نەکردووە و نەیکردووەتە بنەمای باسکردنی جۆرەکانی لادان لای هەڵمەت.

• هەندێ جۆری لادان لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەتدا) بوونیان هەیە و توێژینەوەکە بە لایاندا نەچووە، بۆ نموونە: لادانی فیکری و کۆمەڵایەتی، کە لادانی ناوەرۆکی دەقن، یان لادانی خودی و لادانی ئەرێنی؛ لەبەرئەوەی توێژینەوەکە تایبەتە بە شیعرەکانی هەڵمەت دەکرا توێژەرتیشك بخاتە سەر سەرجەم ئەو لایەن و ڕەهەندە جۆراوجۆرانەی، کە هەڵمەت لادانی تێدا ئەنجام داون.

• لە بەشە پراکتیکییەکانی نامەکەدا، زیاتر لادانی زمانی لە هەرسێ ئاستەکانی دەنگ و ڕێزمان و واتادا شیکراوەتەوە.

• توێژەر خۆی لە قەرەی بابەتێکی زۆر فراوان و درێژ داوە ئەویش باسکردنی لادانە لە شیعری کوردی لە سەردەمی (نالی)یەوە تاکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، ئەمەش ناکەوێتە سنووری کارەکەی لە لایەك، لە لایەکی تریش مافی تەواوی نەداوە بە ناوەرۆك و پێکهاتی بابەتەکە لە هەریەکێك لەم قۆناغە جیاجیایانەدا؛ چونکە هەر قۆناغێك خاوەن سیما و لادانی تایبەت بە خۆیەتی و کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر لەخۆ دەگرێت، تەنانەت شاعیرەکانیش خاوەن لادانی خودی و داهێنانی تایبەتی خۆیانن، کە هەموو ئەوانە توێژینەوەی سەربەخۆیان دەوێت و مەوداکانیان زۆر لەوە فراوانترە کە بەم کورتییە باس بکرێن.

• هەرچەندە توێژەر ئاماژەی بە لادانی فیکری و کۆمەڵایەتی لای (حاجی قادری کۆیی) کردووە، دواتر لای هەڵمەت باسی کردووە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە. ئەگەر لە بەشەکانی تردا تەوەرێکی بۆ تەرخان بکردایە نامەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد؛ چونکە ئەم جۆرە لادانانە لای هەڵمەت دەبینرێن.

• لەگەڵ لەبەر دەستدا بوونی چەندین جۆرە پۆلین و جۆرەکانی لادان لای هەڵمەت، توێژەر لە بەشە پراکتیکییەکان تەنیا باسی لە لادانە زمانییەکان کردووە لە هەرسێ ئاستی (دەنگ و ڕێزمان و واتا).

– **(د. ئیدریس عەبدوڵڵا)** لە کتێبی (شێوازو شێوازگەری)دا، بە بێ ئاماژەدان بە هیچ پۆلینێك و هەبوونی هیچ بنەمایەك ئاماژەی بە چەند جۆرە لادانێك کردووە و نموونەی پێویستی بۆ خستوونەڕوو:

• سەرەتا باسی لە لادانی گشتی و تایبەتی کردووە، ئەو پێناسەی بۆ لادانی گشتی کردوویەتی ئێمە پێمان وایە لادانی سواوە؛ چونکە هەرجۆرە لادانێك هەموو کەسێك وەك وشەکانی تری ناو فەرهەنگ بەکارییان هێناو لێی تێگەیشتن، ئەوا دەبێتە لادانی سواو هەروەك لە تەوەری پێشووتر باسمان کرد، بەڵام لادانی گشتی ئەوەیە کە لە لایەن زیاتر لە نووسەرێك، یان شاعیرێك کاری پێدەکرێت، لادانی تایبەتیش هەمان ئەو جۆرەیە کە ئێمە بە لادانی خودی ناومان بردووە.

• بە نموونەوە باسی لە جۆرەکانی لادانی واتایی و لادانی داڕشتن کردووە، بەڵام هەموو جۆرەکانی ئەم دوو لادانەی باس نەکردوون و بۆ نموونە لە لادانی داڕشتنی، کە وشە و ڕستە دەگرێتەوە، تەنیا باسی لە یەك جۆری لادانی وشەیی کردووە، لادانی ڕستەیش چەندین جۆر و شێوەی تری هەیە، بەڵام لە کتێبەکەدا بەرچاو ناکەون.

واتا توێژەر لە سەر بنەمای بەکارهێنان و زمان، جۆری لادانەکانی دیاریکردوون، بەڵام لە لادانی زمانیش لادانی دەنگی پشت گوێ خستووە؛ لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە تایبەت نییە بە شاعیر و قۆناغێکی تایبەت توێژەر مەودایێکی فراوانتری لەبەر دەستدابووە بۆ ئەوەی باس لە جۆرەکانی تری لادانیش بکات، بە تایبەتی لە ڕووی بونیاتە جۆراوجۆرەکانی دەق، بەمەش کتێبەکە وەك سەرچاوەیەکی شێوازی سوودی زیاتری بە خوێنەر دەگەیاند.

کەواتا لە کۆی هەموو ئەو سەرچاوەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی لەبەر دەستمان دان و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، باسیان لە جۆرەکانی لادان کردووە بۆمان دەردەکەوێت:

١- كە كۆك نین لە سەر یەك بنەماو یەك پۆلێن، جۆری لادانـەکان دیـاری بکەن، هەر نووسەر و توێژەرێك بە پێـی تێگەیشـتنی، یـان پشـت بەسـتن بـە پۆلینی کەسێکی تر  باسی لێوە کردوون.

٢- ناونــانی جــۆری لادانــەکان لــە توێژەرێکــەوە بــۆ توێــژەرێکی تــر دەگۆڕێت، ئەم دیاردەیەش لای زۆر بەیان دەبینرێت.

٣- باسکردن و پەیوەستکردنی جۆرەکانی لادان بە زمـان ڕێژەکـەی زۆر زیاتر و بەرزترە، لە چاو باسکردنی بە پێی بونیات و پێکهاتەکانی تری دەق.

٤- هەنـدێ لـە توێـژەر و نووسـەرانیش بـێ زیـادە خسـتنە سـەر چـۆن جۆرەکانی لادان لای کۆهین و ڕەخنەگرانی عەرەب و.....تاد پۆلێن کراون بە هەمان شێوەی خستوویاننە ڕوو، ئەمە لە کاتێکدا کـە لادان و جۆرەکـانی بـە پێی سرووشتی زمانەکـە و خاسـیەت و جـۆری ئـەدەبی و سـەردەم گۆڕانیـان بەسەردادێت و دەگۆڕێن.

### ١- ٢- ٤: پێوەرەکانی لادان

سەبارەت بە پێوەرەکـانی لادان لـە گوتـاری ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا هەموو ئەوانەی باسیان لە لادان و لایەنەکانی کردووە، تەنیا لە جیاکردنەوەی لادانــی نامــاقوولّ و لادانــی سـلبی هەولّیانـداوە پێوەرێـك بکەنـە بنــەما بـۆ دیــاریکردن و بڕیــاردان لەســەر ئــەم جــۆرە لادانانــە، بــەڵام وەك بابــەتێکی سەربەخۆ  تەنیا دوو توێژەر پێوەریان بۆ لادان دەستنیشانکردووە:

١- (د.محەمەد مـەعرووف فـەتاح) بـە ناڕاسـتەوخۆیی زمـانی ئاسـایی و گشتی بە پێوەری سەرەکی لادان دادەنێت، کە بە ڕەسەنایەتی نـاوی دەبـات و دەڵێت: (( ئەم ڕەسەنایەتییە لە گوتنی هەموو مرۆڤێکدا هەیـە، کـە زمـانی دایکی بەکاربهێنێ و لەوەوە دێ، کە یاساکانی زمانەکە بە ڕێکوپێکی بە جـێ دەهێنـێ))[٦٨: ٣]، دواتر باس لە داهێنان دەکـات و دەڵێـت: ((ڕەسـەنایەتی هەندێ جار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروسـت دەبێـت، ئـەم ڕەسەنایەتییە، کە چاکتر وایە بە داهێنان ناوی بـەرین ئـەو جۆرەیـە، کـە بـە

تایبەتی لە شیعردا دەبینریٚ))[٦٨: ٣]، واتا هەرکاتێك شاعیر، یان نووسەر بە زمانێکی جیا لە زمانی پەیوەست بە دەستوور و یاسا بنووسێت دەبێتە لادان، هەروەك خۆی دەڵێت: ((ئەو ڕستانەی لە زماندا بە ناپەسند دادەنریٚ، ئەوانەن، کە لە زمانی شیعردا پەسند دەکریٚن))[٦٨: ٧]، جا ئەو لادانە لادان بێت لە هەر جۆرە یاسایەکی ڕێزمانی، یان واتایی، یان لۆجیکی، بەڵام توێژەر تەنیا مەبەستی یاسا زمانییەکانە، ئەمەش تاکە مەرج نییە بۆ هەموو لادانێك.

٢– ( ناز ئەحمەد سەعید) لە نامەی ماستەرەکەیدا باسی لە چەند پێوەرێکی لادان کردووە، کە بریتین لە (پەخشانی زانستی، گوتاری ئاسایی و زمانی ئاسایی، چێژی ئەدەبی، پێوەندی ئاسۆیی و ستوونی، زەمینە، سەرۆك خوێنەر) [٩٧: ٤٢ – ٥٨]، ئەم پێوەرانە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی تر – عەرەب و ئەوروپی – ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام خوێنەر پێوەرێکی گرینگی دیاریکردنی لادانە؛ چونکە خوێنەر لە ڕێگای چێژ و بە پێی سیاقی گوتنەکە و ژانرە ئەدەبییەکە، دەتوانێت زمانێکی شیعری و پڕاهێنان لە زمانێکی زانستی و ڕووت، یان ئاخاوتنی ڕۆژانە جیا بکاتەوە، دەزانێت شاعیر چۆن کەرەستەکانی لە هەردوو تەوەری ئاسۆیی و ستوونی ئاڵوگۆڕ و دەستکاری کردوون و داهێنانی ئەنجام داوە.

## بەشی دووەم

# لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکاندا

**پێش باس:**

ئاستی پێکهاتەیی، ئاستێکی گرینگ و سەرەکی زمانە، بەستەر و تۆڕی سەرەکی پێکەوە بەستنەوەی سەرجەم ئاستەکانی تری زمانە؛ چونکە ئەو پیتانەی وشەیەکی فەرهەنگیان لێپێکهاتووە، لە ڕێگەی چەند یاسایەکی ڕێزمانی *و ڕۆنانێکی جێگیر دەتوانن لە پاڵ یەکدا ڕستە پێك بێنن و واتا و مەبەستێك بگەیێنن؛ بۆیە ئاستی پێکهاتەیی بە ناوەندی تێکچڕژان و بەیەکەوە لکانی ئاستەکانی تری زمان دادەنرێت، هەروەها لە دەقی ئەدەبیدا بەگشتی و – شیعریش– بە تایبەتی تر، بە هەمان شێوە ڕۆڵێکی چالاك و کارای هەیە؛ چونکە کرۆکی کاری ئەدەبی لە پێکهات و پێوەندییە دەرەکی و ناوەکییەکانی پەیوەست بە هێزە ڕێزمانییەکان پێکدێت [٢٠٢: ٨٨]، هەر لەم سۆنگەیەوە (یاکۆبسن) ئاماژەی بەوە کردووە، داهێنەرەکان لە چنینی دەقەکانیان سوودێکی یەکجار گەورە و بێ هاوتایان لە بونیاتی وشەسازی و پێکهاتەی زمانی بینیوە [١٢٩: ١٧٥]؛ لەبەرئەوەی یەکێك لە ڕەهەندە

(*) لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا، (ڕێزمان)مان بەرانبەر (قواعد) و (یاسا)بەرامبەر (قانوون) بەکارهێناوە، مەبەست لە چەمکی ڕێزمان چۆنیەتی ڕیزکردن و بەدوای یەکداهاتنی کەرەستەکانی ڕستە و یاسا وشەسازییەکانی وەك: کۆکردنەوەی و ناسیاوی و.....تاد، بەڵام چەمکی دەرچوون لە یاسا بە واتای دەرچوون لە هەندێ یاسای زمانی، زیادکردن و داهێنانی یاسا وەك: داهێنانی وشە بەدەر لە هەموو یاسا وشەسازییەکان، کۆنگەرایی.....تاد؛ بۆیە (ریفاتیر) زۆر بە وردی ئەمەی دەشتنیشان کردووە کاتێ: دەڵێت: ((شێواز لادانە لە ئاستی ئاسایی، هەندێ جاریش تێکدانی ڕێزمانە، یان پەنا بردنە بەر شێوەی دەگمەن، ئەگەر سەرپێچیکردنەکە ڕێزمانی بوو، ئەوا دەچێتە خانەی ڕەوانبێژی، بە پشت بەستن بە بڕیارە پێوەرییەکان هەڵدەسەنگێنرێت، ئەگەر پەنابردنیش بوو بۆ شێوە و داڕشتنی دەگمەن ئەوا تایبەتە بە شێوازگەری و زمانەوانی [٢٠٣:٧٣].

جیاکارەکانی شیعر لە پاڵ گەیاندنی واتا بەخشینی جوانی و سیحرە، ئاستی پێکهاتـەییش گۆڕانێکی سیحرییە بـە دەست شاعیر، دەرگـا ئەستەم و زەحمەتەکانی بۆ والاّ دەکات بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ئەم داهێنـان و سیحرە؛ بۆیـە لـە شیعردا کەرەستە زمانییـەکان (وشـە و ڕستـە) بـە ڕووکـار و ڕێکخستنێکی جیاوازتر لە شێوە باوەکە دەردەکەون؛ شاعیریش لـە پێنـاوی ئەو ئێستێتیکییە بـەردەوام لـە یاسا گشتییەکانی پێکهاتـەیی لادەدات؛ بـۆ ئـەوەی گوتارەکـەی بکاتـە سیستەمێکی زمانـەوانی پێچـەوانەی سیستەمی باو[٢٠٥: ٩٩]، بەمەش زیاتر سـەرنجی خوێنـەر ڕادەکێشێت؛ بۆیـە زۆربـەی کات لە ئەنجامی ئەم بەکارهێنان و لادانانەی شاعیر لە زمانی شیعریدا ((کـە توانا و هێزێك ئاراستەی دەستەواژە دەکرێت، ئـەو دەستکەوتە زنجیرەییـە نائاساییەی هەیەتی کاریگەرییەکی سیحری و نائاسایی دروست دەکات، بـە گــوێرەی قـــەبارە و پێکهاتەکـــەی بەشـــداری لـــە ئـــەزموونی شـــیعریدا دەکات))[١:٢٠٧]، هەندێك لە ڕەخنەگر و تیورناسان لادانـەکانی ئـەم ئاستە دەکەنـە پێـوەر و سـەنگی مەحـەك لـە بڕیـاردان و دەستنیشـان کردنـی بـە شیعرییەت بوونی دەق؛ چونکە پێیان وایە (( شاعیر هـەر کاتێك لـە بونیاتـە ڕێزمانییە جێگیرەکان دوورکەوتـەوە، گوتارەکـەی دەگوازێتـەوە نـاو بازنـەی شـیعرییەت، پلـەی بـە شـیعرییەت بـوونی دەق دەبەسـتنەوە بـە مـەودا و توانستی دوورکەوتنەوەی لە مەئلوف))[٢:٢٠٩]، لای هەندێکیشیان بە هـەوێن و تاکـە هۆکـاری سـەرەکی کردەکـە دادەنرێـت، بـۆ نموونـە: (تـودوروف) (١٩٣٩؟) پێداگری لـە سـەر پـەیڕەوکردنی لادانـە پێکهاتەییـەکان دەکـات و دەڵێت: ((وا باشە داهێنەر لابدا لە شێوە ڕێزمانییـە چـەق بەستووەکان، کـە ئێمـە لـە گوتـاری گەیانـدنی خۆمـان پابەنـدی دەبـین))[٢٠٩]، پێشـی وایـە ((بلیمەتی نووسەر دەرناکەوێت، تەنیا ئەگەر لە سیستەم و یاساکانی زمان دەربچــێت))[٢٠٣: ٧٣]، (ئــاراگۆن) (١٨٩٧–١٩٣٠)یــش هـــەمان هـــزر و تێڕوانینی هەیە و لەم سۆنگەیەوە دەڵێت: ((شیعر بەدی نایەت بە ئەنـدازە و تێڕامانێك نەبێت بۆ زمـان و دووبـارە دروسـتکردنەوەی زمـان لەگـەڵ هـەموو

هەنگاوێکدا، ئەمەش شکاندنی پەیکەرە جێگیر و یاسا ڕێزمانییەکان و یاساکانی گوتار دەخوازێت)).[١٢٩: ١٧٦]، کەواتا وشە و ڕستە و کەرەستە زمانییەکان وەك هەویرێکن لەبەر دەستی شاعیر، بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی شێواز و چەشنە داهێنانی هەمەڕەنگیان لێ دەسازێنێت، ئەو توانا و بەهرە زمانییانە دەدۆزێتەوە، کە لە پشت وشە و ڕستەکاندا شاردراونەتەوە*؛ بۆیە بە لای ڕەخنەگرێك، داهێنەری کارامە و بە سەلیقە ئەوەیە، ((کە گەمە بە توانا زمانییەکان بکات و یاری بە ڕێکخستنی پێکهاتەکانی بکات؛ بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دەقەکەی خۆش بکات لە بە دەستهێنانی تایبەتمەندییەکی شیعری و ببێتە هەوێنی جیاکردنەوەی لە دەقەکانی تر))[٢:٢٠٧].

لادان لە ئاستی پێکهاتەییدا دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشە و یەکە زمانییە هەڵبژێردراوەکان لە پاڵ یەکدا**، هەروەك

---

(*) چومسکی (١٩٢٨– ) پێی وایە پێکهات و یاسا زمانییەکان وێنەیەکی هۆشەکین پێش ئەوەی بنووسرێن، ناوبراو ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە داهێنانی بیرۆکەی بونیاتی سەرەوە (البنية السطحية) (Surface Structurs) و ژێرەوە (البنيـة العميقـة) (Deep Structure) ی ڕستە (دەق) یان دەربڕین، کە لە زەینی هەموو بەکارهێنەرێکی ئاخێوەردا هەیە و کاریگەرییان هەیە لەسەر بەهای دەربڕینەکە لە سیاق و سرووشتی دەربڕین بونیاتی سەرەوە لە ئاخاوتنی ئاسایی دەردەکەوێت، بەڵام بونیاتی ژێرەوە ڕەگ وڕیشەی درێژکراوەی بونیاتی سەرەوەیە بە هەموو بنەما و گۆڕینەکانی[١٣٩: ٢٨] بۆ نموونە: لە ڕستەی (منداڵەکە نانی خوارد.) ڕستەیەکی ئاساییە و بونیاتی ژێرەوەی نییە، بەڵام لە دەربڕینێکی وەك: (**کەپکە شاخی شیعری سەختم ناوەتە کۆڵ.**)[١٢: ٢٥] ؛ لە بەرئەوەی ڕستەکە شیعرییە، جگە لە بونیانی سەرەوە، لە بونیاتی ژێرەوە هەڵگری واتا و ڕەهەندی ترە.

(**) لێرەدا بە باشی دەزانین لە سەر دوو خاڵی گرینگ بوەستین:

١– لادان پرۆسەیەکی شیعری سەداسەد ئەرێنی و بێ کەموکورتی نییە؛ چونکە مەرج نییە شیعر هەروەك ئەو ڕەخنەگرانە بە ڕەهایی بڕیاری لەسەر دەدەن، لادان تاکە سەرچاوەی داهێنانی بێت، هەروەها هەموو لادان و تێکدانێکی ڕۆنان و بنەماکانی ڕستە و ڕێزمان داهێنان و جوانی بە دەقی شیعری ببەخشێت؛ چونکە هەندێ جار شاعیر بێ ئەوەی لە

(یاكۆبسن) به تەوەری – جێنشینی و هاونشینی– ناوی بردوون، لای (كۆهین)یش به لادانی سیاقی ناوبراوە؛ لەبەر ئەوەی كەرەستەی بەكارهێنراو لە ئەدەبدا وشەو ڕستەكانن، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها لادانە پێكهاتەییەكان دەبنە كانگای سەرهەڵدانی لادانی ئاستەكانی تر بە تایبەتیش لادانە واتاییەكان؛ چونكە كەرەستەكان بۆ گەیاندنی واتا دەدرێنە پاڵ یەكتر؛ بۆیە زۆر جار شاعیر لە پێناوی گەیاندنی واتایەكی مەبەستدار لادانی پێكهاتەیی ئەنجام بدات، لێرەدا دەتوانین واتاش بكەینە پێوەر و پێوانەی لادانە پێكهاتەییەكان*، هەر لەسەر ئەو بنەما و پەیوەندییەش دەبینین كە (تودوروف) سێ جۆر بەكارهێنانی زمانی دەستنیشانكردووە و ١– ئاستی ڕێزمانی، ٢– ئاستی ناڕێزمانی (Angrammatical)، ٣– ئاستی نا پەسەند و نەویستراو، پێی وایە كە ئاستی

---

ڕێزمان و یاسا زمانییەكان لابدات، دەتوانێت داهێنان ئەنجامبدات، ئەمەش یەكێكە لەو ڕەخنانەی كە ڕووبەڕووی چەمكی لادان بۆتەوە؛ چونكە بۆ هەموو دەقێك پێویست نییە، مەرجیش نییە سەرتاپای دەق بگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە[١٢١: ٤٦].

٢– لە ئەنجامدانی لادانە پێكهاتەییەكان بە هەموو جۆرەكانییەوە، پێویستە لایەنی گونجاوی لۆژیكی واتای دەقەكە ڕەچاو بكرێت؛ چونكە لادانە پێكهاتەییەكە تا ئەو سنوورەی واتا دەگەیێنێت ڕێگە پێدراوە، هەركاتێك ئەم سنوورەی بەزاندن ڕەتدەكرێتەوە؛ چونكە ((شاعیر خاوەن ئازادی ڕەها نییە لە دەرچوون لە سیستەمە زمانیی و ڕێزمانییە جێگیرەكان، بەڵكو زمان ئەوەندە ڕێگەی پێدەدات، كە بتوانێت دەستكاری لە بونیاتی زمانیی و ڕێزمانیدا بكات، نەوەك زمانەكە لە ناو بەرێت)) [١٥٠: ١٨٥]، (ئەرستۆ)ش كاتێك ستایشی زمانی بەرز و جیاواز دەكات لە چاو زمانی ئاسایی، ئەوە دەخاتە ڕوو كە نابێت بەرەو بێ واتایی بڕوات و دەڵێت: ( (هێشتنەوەی هەندێ بەشی ئاسایی دەوری ڕوون و ئاشكرا كردنی تێدا دەبینێ)).[٧٨: ٨٤]، واتا نابێت دەقێك سەرتاپای لادان بێت و سنوورێكی نەبێت.

(*) لێكۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەكان بونیاتی ڕێزمانی و زانستی پێكهاتەییان بەوە لێك جیا كردووتەوە، ((كە ڕێزمان لایەنی شیكردنەوەی ڕێزمانی وشە و ڕستەیە، گرینگی بە ڕۆڵی پلە و كاریگەرییەكەی نادات لە دیاریكردنی واتا، بەڵام دووەمیان – زانستی پێكهاتەیی– گرینگی دەدات بە لێكۆڵینەوە بەو وشە و دالانەی لە سیستەمی بواری سیاقەكە هاتوون، پشت بە دەرخستنی تایبەتمەندییە زمانییەكان دەبەستێت لەو دالانە)).[١٣٧: ١٩٩].

دووەم ئاستی پشوودان و حەوانەوەی زمانە، شاعیر تێیدا ئازادە و هەوڵدەدات ڕفتارەکانی خۆی تێدا ئەنجام بدات[١١٨: ٨٢]؛ چونکە ئاستی زمانی شیعرییە و شاعیر تەنیا لە هەندێك لە یاسا و پێوەرەکان لادەدات، بەڵام ئاستی یەکەم زمانی ئاخاوتنی ئاساییە، لە ئاستی سێیەمیشدا زمانی دەقەکە ڕەت دەکرێتەوە؛ چونکە ئەودەقەی هەموو پێوەرەکان دەشکێنێ، دەبێتە دەقێکی بێ واتا، زانستی زمانەوانی نوێ ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە واتای دەق لە واتای فەرهەنگی وشەکانیەوە نایەت، بەڵکو بە شێکی گرینگی واتا لەو ئەرکەوە دێت، کە وشەکە لە ئاستی ئاسۆیی (ڕۆنان)ی ڕستەدا پێی دەسپێردرێت، واتا لە میانەی پێوەندی وشە بە وشەکانی تری نێو ڕۆنانەکە و دراوسێیەتییان، واتای دەق دروست دەبێت.[٩١: ٤٧] ئەمەش لە سەر بنچیەی دوو تەوەرەکەی زمان لە ئاستی پێکهاتەیی بەدی دێت؛ بۆیە زۆر لە ڕەخنەگران درکیان بەوە کردووە، کە ((لادانە پێکهاتەییەکان بە زنجیرەی هێڵی سیاقی ئاماژە زمانییەکان بەستراون، کاتێك لە یاساکانی ڕێکخستن و ڕۆنان دەردەچن))[١١٧: ٥٣]،[١٥٥: ١٨٢]،[١٢١: ٤٣].

هەندێك جۆری لادانی پێکهاتەیی لە سەرچاوە ڕەوانبێژییەکاندا باسیان لێوەکراوە؛ چونکە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە؛ لەبەرئەوەشە ڕەخنەگرێك دەڵێت: ((ڕەوانبێژی ئەو کاتە دەست بە کارەکانی دەکات، کە ڕێزمان ئەرك و کاری تەواو بووە)).[١١٩: ٦٢]، دواتر لە سەرچاوەکانی شیعرییەت و شێوازگەریش تیشکی زیاتریان خراوەتەسەر:

(شکلۆفسکی) ڕێگەکانی بەدی هێنانی لادانی پێکهاتەیی دەستنیشان کردوون، وەك: سەرپێچیکردنی زمانی، داهێنان و نوێگەری، داڕشتنی ئازایانەی وشەکان، هەڵبژاردنی بونیاتێکی ناڕێزمانی و لادەر[٢٠٩].

(خوسیە ماریا) پێی وایە گرینگترین جۆرەکانی بریتین لە ((قرتاندن، زیادکردن، گۆڕینی پلە، جێگۆڕکێ کردن، تەکنیکی جێنشینی کە ڕەوانبێژە کۆنەکان لە ژێر ناوی (المجاز) لێیان کۆڵیوەتە وە و خواستن لە گرینگترین جۆرەکانیەتی)).[١٢١: ٤٣]

(د.صلاح فضل) له سەر بنەمای تێڕوانینەکەی (یاکۆبسن) جۆرەکانی دیاریکردوون، لادانە ڕۆنانییەکان (الانزیاحات الترکیبیة)، وەك:سەرپێچیکردن لە ڕێکخستنی وشەکان، لادانە جیگۆڕییەکان (الانزیاحات الاستبدالیة) دەرچوونە لە ڕێزمان و هەڵبژاردنی کۆدە زمانییەکان، وەك: دانانی تاك لە شوێنی کۆ، ئاوەڵناو لە شوێنی ناو، گوزارەیەکی ناوێزە و و ناباو لە شوێنی وشەیەکی باو[١٥٥: ٢١١].

کەواتا لادانە پێکهاتەییەکان – بە سەرجەم جۆر و شێوە – کانیان سەرچاوەیەکی گرینگی ئەزموونی زمانی شیعریین؛ بۆیە شاعیران پەیڕەوییان دەکەن.

## تەوەری یەکەم: لادان لە ئاستی وشەدا

وشـە (الکلمـة) (Word)* پێکهـاتێکی بنجـی و سـەرەکی زمانـە، هـەر لـە کۆنەوە لە ڕوانگەی زمانەوانی و لە سەربنەمای ئەرك بەوە پێناسەکراوە، کە بریتییە لە کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی، بـە ڕێگەیـەکی دیـاریکراو دانـراوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە ڕەمـز بـۆ شـتومەکە هەسـتپێکراو و بـیرە ڕووتـەکان (مجـرد- abstract) گوزارشت لە بیرێك، یان هەست دەکات، بە سیستەمێك لە دەنـگ و ئاماژە کاردەکات و واتایەك دەگـەیێنێت.[١٩٢: ٣٠٩]، ئەگـەر ئەمانـە ئـەرکی وشە بێت لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، ئـەوا لـە زمـانی ئـەدەب بـە گشـتی و - شیعر- بە تایبەتی، لە پاڵ ئەمانـەدا خـاوەن دەسـەڵات و ئـەرك و بەهایـەکی فـراوانترە، خوێنـەر و ڕەخنـەگران لـە ئـەنجامی وردبوونـەوەیان لـە زمـانی ئەدەبی - شیعر- بـە تایبـەتی، لـە ڕووی ئـەرك و دارشـتنەوە هەسـتیان بـە جیـاوازی ئـەو زمانـە کـردووە لەگـەڵ زمـانی ئاسـایی؛ بۆیـە گەیشـتوونە ئـەو ئەنجامەی، کە ((گوتاری ئەدەبی پێش هەموو شتێك یارییێکە بە وشـەکان...، شیعر زمانـە، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە نییـە؛ چـونکە زمـانی شـیعری بـەوە لـە زمانەکانی تر جیا دەبێتەوە، کە وشەکانی هەڵدەزنێن بۆ ئاستی ئێسـتێتیکا، کە لە زمانەکانی تردا بوونی نییە)).[١٤٩: ٥]، بەڵام دەبێـت ئـەو ڕاسـتییەش بزانین، کـە ((ئێسـتێتیکای دەق لـە وشـە تاکـەکان دەرناکەوێـت، بـەڵکو لـە ئاوێتەبوون دروست دەبێت، ئەو تێکچڕژانەش لە پێوەندی وشـە تاکـەکان لـە نێوان خۆیان و پێوەندییەکانیان لەگـەڵ گشـت دەردەکـەوێت)).[١٦٥: ٢٠٢]؛ بۆیە لە مەزراندن و بەکارهێنانی هـەر وشـەیەك لـە زمـانی شـیعریدا کۆمـەڵێك

---

(*) وشـە گـەلێك پێناسـەی هەمـەجۆری بـۆکراوە، لـە ڕووی ڕێزمـانی و ئـەرك و پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژییەوە، بە پێی بیر و تێڕوانینی قوتابخانە زمانەوانییە کۆن و نوێیـەکان دەگـۆڕێن، بـەڵام لـە بەرسـنوورداری توێژینەوەکـەمان، دەرفـەتی باسـکردنی هـەموویانمان نییـە، بـۆ نموونە (بلوم فیلد): لە ڕوانگەی وشەسازییەوە، وشە بەوە پێناسە دەکات، کە بچـووکترین دارشتەی سەربەخۆیە.[١٣٦: ١٩]، جۆری وشەکە بە گوێرەی جۆر و ژمـارەی مۆرفیمـەکان لە پێکهاتی وشەکە دەگۆڕێن.

پێوەندی ئەم ڕۆڵەی وشەکە بەدی دەهێنن، ئەوانیش ((یەکەمیان: پێوەندی وشەکە بە وشەکانی تر، کە لەگەڵیان بەکاردێت، دووەمیان: پێوەندی بەو کەسانەی دەینووسن و دەیخوێننەوە، یان گوێیان لێ دەبێت و قسەی پێدەکەن، سێیەمیان: پێوەندی بەو شت و بابەت و بیرەی دەینوێنێت))[١٩١: ٢٩٠].

وشە لە کتێبە تیۆری و ڕەخنەییە کۆن و نوێیەکاندا بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زمانی دەقی شیعریی دانراوە[*]، واتا توانا و لێهاتووی شاعیر لە چۆنیەتی مەزراندنی وشە، پێوانەیەکی گرینگە، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەهای دەقەکەی؛ لەبەر ئەوەشە دەڵێن: وشە بۆ نووسەر وەك ڕەنگە بۆ وێنەکێش، کاتێك وێنەکێش بە کارە هونەرییەکەی هەڵدەستێت، یەکەمجار ڕەنگەکەی هەڵدەبژێرێت، بە گوێرەی پێویستی بابەتەکەی، نووسەریش بە هەمان شێوە یەکەمجار وشەکان هەڵدەبژێرێت، بە بەراوردکردن و بەرزکردنەوەی هەندێکیان، ئینجا دارشتنەکە تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کامە وشەیان لە بابەتەکە نزیکە و بۆ واتایەکە گونجاوە.[١٧٧: ٥٤] هەروەك (مالارمیە) (١٨٤٢– ١٨٩٨ز) وشە دەکاتە کرۆکی کردەی شیعری و دەڵێت: ((ئێمە دێڕە شیعرەکان بە بیر دروست ناکەین، بەڵکو بە وشەکان

---

(*) (ئەرستۆ) لە باسکردن و خستنە ڕووی بۆچوونەکانی لەبارەی زمانی شیعرییەوە، وشەی بە بنچینە زانیوە هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردووە؛ چونکە لای ئەو ئەدەب لاساییکردنەوەیە و ( (وەسیلەی لاسایکردنەوەی شاعیر زمانە، کە بریتییە لە تێکەڵییەکی گونجاوی وشە و زاراوەی ناباو و خوازە و دەستکارییەکانی تری زمان، کە ڕێگەمان داوە شاعیر بە کاریان بێنێت))[٧٨:٩٧]، لێرەدا (ئەرستۆ) جەختی لەسەر دوو خاڵی گرینگ کردووە، یەکەمیان: وشە لە شیعردا خاوەن پێکهات و ئەرکێکی جیاوازتر و بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئاسایی، دووەمیشیان: لادان و دەستکاریکردنی بونیاتی وشە کارێکی ڕەوا و ڕێگە پێدراوە بۆ شاعیر. هەروەها (کونتلیان – Quintilian) ئاوڕی لە چەند لایەنێکی کاریگەری زمانەوانی داوەتەوە لە ئەدەبدا و پێی وایە ( (دەقە ئەدەبییەکان لە نێوان خۆیاندا لە یەکتر بەرزتر دەبن، بەو توانایەی داهێنەر هەیەتی لە ڕەفتارکردنی بە کەرەستەی دەقەکە، ئەویش وشەکانن))[١٦٢: ٥٩].

دروستیان دەکەین.))[١٢٩: ٤١]؛ چونکە گوزارشتکردنی شاعیر لە جیهانبینی و بیر و خەونەکانی، بە بێ وشە کارێکی ئەستەم و هیوایەکی بەدی نەهاتووە، بەڵام شاعیر بە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشەکان و ئەو لادانانەی ئەنجامیان دەدات بلیمەتی و شارەزایی و تێڕوانینی هزری دەردەکەوێت.

ئەو لادانانەی شاعیریش ئەنجامیان دەدات تێکدانی زمان و دەرچوون نییە بۆ خودی کارەکەی، بەڵکو شێوازێکی داهێنەرەکانە و هەمیشە هەوڵدەدەن خاوەن ئەزموونێکی دیاربن. شاعیری خاوەن دیدگای نوێ لە هەوڵدانداپە بۆ داهێنانی زمان و شێوازێکی ئەدەبی نوێ، بێ گوێ دانە پێوەرە ڕیزمانییەکان، ڕازی نابێت بەو بەربەست و کۆتە زمانییانەی ئازادی لێ زەوت دەکەن. دەقیش ئەو کاتەی گوزارشتکارێکی تایبەتی لە جیهانبینی و هەڵچوونەکانی شاعیردا کرد، ملکەچی بەهرە و توانستە هونەری و جوانکارییەکانی بوو بە نوێکردنەوەی پێوەندییەکان و تەقاندنەوەی وشەکان و شۆڕشکردن بە سەر بونیاتە ناوەکییەکان ئەوا لە گشتییەوە بەرەو تایبەتمەندییەتی بەرزدەبێـەوە[٢٠٥: ٩٩].

لادانی وشەیی بە پێی ئەو پێوەندییانەی باسمان کردن، لەگەڵ لادان لە پێکهات و یاسا ڕێزمانییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژی، چەندین شێوە و جۆری جیاوازی هەیە، هەروەها بە پێی قۆناغ و سرووشتی زمانەکەش دەگۆڕێن(*)، (هنریش بلیت)[٧٩:١٢٧] لادان لە ئاستی وشەی دابەشکردووە بۆ:

---

(*) هەندێك لادانی وشەیی تایبەتن بە زمانێك و لەگەڵ سرووشت و یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی ئەو زمانە دەگونجێن و بۆ زمانێکی تر ڕەنگە بە لادان دانەنرێن، یان نەگونجێن، بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبی جێناو و ئاوەڵناوی نیشانە، بە پێی ڕەگەزی (نێر و مێ) دەگۆڕێن، بۆ کۆکۆدنەوەی وشە و ناوەکانیش پشت بە ڕەگەز دەبەستن و چەند شێوە کۆکردنەوەیەکیان هەیە (جمع مذکر، جمع مؤنث، جمع تکسیر)، لەگەڵ سرووشتی زمانی کوردی جیاوازە، وەك (أبا سعید السیرافی) دەڵێت: ( (هەموو زمانێك وێنەیەکی ناوەکی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە زمانێکی تر، ڕێگاکانی ڕێکخستن و ڕۆنان و ڕێزمانییەکەی بۆ زمانێکی تر ناشێت و ڕوونادات)) [١٣٣: ١٥]

١- لادان لــه نــاو وشــه (ئــەو لادانــه پەیوەســته بــه ســیاق و پێکهاتــه مۆرفۆلۆجییەکەی).

٢- لادان له دەرەوەی وشه لـه ئـەنجامی ( گـۆڕینی دیالێکت و ئاسـتی زمانی مێژوویی و زمانی نەتەوەیی) له دایك دەبێت.

لادانی وشەیی لای شاعیرانی ئەم قۆناغه به چەند جۆرێك ئەنجامـدراون، بەشێکیان پەیوەستن به پێکهاتی ناوەوەی وشه و یاساکانی وشـەداڕێژین لـه زمانی کوردی دا، (لیچ) به (لادانی لێکسـیکی) ناویـان دەبـات، بەشێکیشـیان پەیوەسـتن بـه لایـەنی دەرەوەی وشـه. لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ئامـاژه بـه دیارترینیان بکەین، که بریتین له(*):

**٢- ١- ١: داهێنانی وشه(**)**

شاعیر بۆ دەستەبەرکردنی نـاواقیعی و نابـاوی لـه زمـانی شـیعرییەکەیدا سوودێکی زۆر له ئاستی وشەدا وەردەگرێت، هەمیشه هەوڵی داهێنانی وشەی نوێ دەدات، به گرتنـه بـەری چـەندین ڕێگـەی داڕشـتن و داتاشـینی دوور لـه زمانی ئاسـایی، (ئەرسـتۆ) لـەبارەی ئـەم جـۆره لادانـەوه دەڵێـت: ((وشـەی داهێنـانی شـیعری وشـەیەکه لـه نـاو خـەڵك بەکارنـەهاتووە، شـاعیر خـۆی دایدەهێنێت))[٧٨: ٧٩]، ئەو وشانەی پێشتر بەکارنـەهێنراون و نەبیسـتراون دەبنه جێگەی سەرنجی خوێنەر و بەرزکردنەوەی پلەی شـیعرییەتی دەقەکـه و دەرخستنی بلیمەتی و توانای شاعیر، ئەمـەش بـه پلـەی یەکـەم لـه زمـانی نووسین و شـیعردا بەرجەسـته دەبێـت؛ چـونکه خـودی ((شـیعر جۆرێکـه لـه نووسینەوەی نا ئامادە))[٢٤: ٥٢]، ئەو کەرەسـته و وشـانه لـه خۆدەگرێـت، که پێشتر له زمانی ڕۆژانه و فەرهـەنگی زمانەکـەدا ئامادەنەبوونـه، هـەروەها ((یـــەکێك لـــه ســـیماکانی زمـــانی نووســـین، بریتییـــه لـــه بـــەرکارهێنان و

---

(*) له پاشکۆی توێژینەوەکەدا نموونەی زیاتری جۆرەکانی لادانی وشەیی خراونەته ڕوو.

(**) ئەم جۆره لادانه به (وشەی هاوچەرخ)[١٩١: ٢٩٠]، (دروستکردنی وشەی نوێ)یش [٩٣: ١٠٥] ناوبراوە.

بەرگرێژکردنی هەندێك دەستەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێك، لە زمانی نێو کۆلآن بهێنێتە کایەوە))[١٠٦: ١٤٣]، لە پاڵ ئەمانەش وشەی داهێنراو، شکۆیی و هێزە خودی و کاریگەرییەکەی لەو سیاق و شوێنە دەردەکەوێت، کە تێیدا بەکاردێت؛ بۆیە دەڵێن: ((وشەی داهێنراو جێگەی ئومێد نییە تەنیا لە شیعردا نەبێت، کە زمان تێیدا دەگاتە ئەوپەڕی توانایی لە دەربڕیندا)).[١٣٣: ١١١]، شاعیر لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە دەنگی و واتا فەرهەنگییانەی بۆ وشە دانراون، هەوڵی بەدیهێنانی وشەی جیاواز دەدات و وشانێك دادەهێنێت، ئەدگار و سیمای جیاوازییان هەبێت و دووربن لە وشە ئاساییەکان، ئەم لادانەش بە دوو ڕێگە ئەنجام دەدرێت[٦٨: ٤١٠]:

١- وشە داتاشین: شاعیر وشەیەکی نوێ دادەتاشێت، هەرگیز پێشتر بوونی نەبووە، بەدەر لە یاسا وشەسازییەکانی زمانەکەی.

٢- گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان: بەسەر کەرەستە و وشەی تری ئەو زمانە.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو وشە نوێیانە، هۆکارێکن بۆ دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی زمانی ئەو نەتەوەیە، یان فەرهەنگی شیعری شاعیر؛ چونکە مەرج نییە هەموو وشەیەکی داهێنراو بچێتە ناو فەرهەنگی نەتەوەکە و بڵاوبێتەوە، هەندێ جار تەنیا لە سنووری شیعرێك، یان فەرهەنگی شیعری ئەو شاعیرەدا تێناپەڕێت، هەندێك زمانەوانیش پێیان وایە ((ئەو وشە نوێیەی بە یاسای مۆرفۆلۆجی دادەڕێژرێت، دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە))[٧٦: ٦٠].

شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی (١٩٨٠ - ١٩٩١)، تەنیا سوودییان لە وشەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی وەرنەگرتووە؛ بەڵکو بە داتاشین و لەسەر بنەمای یاسا وشەسازییەکان وشەی نوێیان داهێناوە و لەو سنوورە تەسکە دەرچوونە؛ بۆیە بەم زمانە شیعرییە توانیویانە سەرسوڕمانی و کتوپڕی لە زەینی خوێنەردا دروست بکەن؛ بۆ ئەوەی لە پێکهاتی بنچینەیی وشەکان وردبێتەوە و سەر پێیانە بەسەریاندا گوزەر نەکات، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**تروسکەی فسفۆڕی جادووباز**[٤٧: ٥١]

لە ئاخاوتنی ئاساییدا وشەی (سیحرباز و جادووگەر) بۆ ئەو کەسە بەکاردێت، کە کاری جادووگەری دەکات، بەڵام شاعیر لە ئەنجامی لێکدانی نیوەی پێکهاتی دوو وشەکە وشەیەکی نوێی داهێناوە.

(عەبدوڵلاّ پەشێو) لە شیعری (ڕامانێك)دا دەڵێت:

**تۆ دەزانی چۆن هەتاوم هاتە بەرچاو؟**

**وەك کیژێکی کەزی زەردی گەردنبڕاو**[٧٤: ١٢٣]

شاعیر وشەیەکی لێکدراوی داهێناوە، لەسەر بنەمای هەمان ئەو یاسایەیە کە وشەی (گەردن شکاو)ی پێ لێکدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی ئاساییدا بەکارناهێنرێت و لە فەرهەنگدا بوونی نییە؛ بۆیە وشەیەکی داهێنراوە.

(نەوزاد رەفعەت) لە شیعری (سیروان)دا دەڵێت:

**ئۆخژن بە کوندەکانی سەر قەراخی و**

**باڵندەی ئەوك پڕ گریە... دەبەخشێ.**[٧٣: ٥٠]

وشەکانی (ئۆخەی و ژیان)ی لێکداوە و وشەیەکی نوێی داهێناوە، واتا زێی سیروان ئارامی و دەبەخشێ.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**خەونگەی پێك**

**ئاوی چاومە، نانی دەممە، خۆڵی لێومە**[٥٠: ١٧٠]

شاعیر بە گشتاندنی یاسایەکی وشە ڕۆنان وشەی (خەونگە)ی داهێناوە، لەسەر شێوەی نووسینگە، نشینگە.....تاد.

## ٢– ١– ٢: وشەی پەراوێزخراو (فەرامۆشکراو) (الكلمة المَهْجورة) (Archaism)

زمان وەك ئامراز و پێویستییەکی مرۆڤایـەتی، هاوکـات و هـاو سـەردەمە لەگـەڵ هـەموو ئـەو پێشـکەوتنانەی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی بەخۆیانـەوە دەبینێت، لەگەڵ هەر گەشە و گۆڕانێك وشە و زاراوەی نوێ سەرهەڵدەدەن و پۆلێك لە وشەکانی بەرە و پەراوێزبوون دەچن، ڕەخنەگری یۆنـانی (هـۆراس) (٦٥– ٨ پ.ز) لەم بارەیەوە دەڵێت: (( زمان وەکو درەخت وایـە، زاراوەکـان وەکو گەڵان بە تێپەڕبوونی ساڵان گەڵا کۆنەکان دەوەرن و گەڵای نوێ سـەوز دەبێت، درەختەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە))[٧٩: ١٨]، لە ناو کورددا بـە هـۆی بـارودۆخی سیاسـی و نـەبوونی دەوڵـەت.....تـاد، خـاوەن فەرهـەنگ و ئینسـکلۆپیدیایەکی زمانـەوانی و ئـەدەبی ئـەوتۆ نییـە؛ بۆیـە ئـەدەبیاتی فۆلکلـۆری و دیـوانی شـاعیرانی کـۆن بوونەتـە فەرهـەنگ و گەنجینەیـەکی زمانەوانی گرینگ؛ چونکە چەندین وشە و زاراوەی ڕەسـەنی کـۆنی کوردییـان تێدا پارێزراوە، کە لە زمانی ئێستادا بەکارناهێنرێن، مۆزەخانەیەکی هەمیشە والآن بۆ شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ، کە دەتوانن بـە وشـە و زاراوە ڕەسـەن و کۆنـەکانی کـوردی ئاشـنا بـن و لـە ئەزموونـە شـیعرییەکانیاندا سـوودیان لێ ببینن، شاعیر بە بەکارهێنانی وشەی فەرامۆشکراوی ناو کولتووری کۆن بـەها و واتایەك بە زمـان دەبەخشـێت، پـردی پێوەنـدی لـە نێـوان دەق و خوێنـەر بونیات دەنێت؛ چونکە ((دەبنە هۆی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و گەیشـتن بـە بەرجەستە کردن)).[٩٣: ١٠٥]؛ لەبەرئەوەی خوێنەری ئێستا ئاشنا نییە بـەم وشـەیە،، بـەڵام هونەرمەنـدی داهێنـەر ئـەو وشـەیە لـە داڕشـتندا بـە هاوسەردەمەکانی دەگەیێنێت، لە ڕستەدا لە شوێنی خۆی دایـدەنێت، ژیـانی پێدەداتـەوە و ڕەنگـی پـێ دەبەخشـێت [١٣٧: ١٤٥]، خوێنـەر بـە بیسـتن و بینینی تووشی کتوپڕی و سەرسوڕمانی دەبێت، ئەمـەش لـە ئـەدگارە هـەرە دیارەکانی لادانی شیعرییە.

(لیچ) ئەم جۆرە لادانە بە (لادانی سەردەمیی، مێـژوویی) نـاو دەبـات و بەوە دەیناسێنێت: بەکارهێنانی هەندێ وشەی کۆنی سەردەمانی پێشووترە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی بەکارهاتووە، نموونە بـەوە دێنێتـەوە، لـە شـیعری ئینگلیزییدا هەندێ وشەی کۆن بەرچاو دەکەون، کە لە سـەردەمی ڕێنیسـاس و سەردەمی یۆنانیەکان بەکارهاتوون.[٢١٠: ٥١–٥٢]، لـە زمـانی عەرەبیشـدا بە (وشەی کۆچکردوو) ناودەبرێن؛ چونکە ئـەو وشـانە کۆچـیان کـردووە، لـە زمانی نوێدا (ئێسـتا) بـەکارنایێن، تـەنیا بـۆ مەبەسـتی شـیعری نـەبێت[١٩٢: ٣٠٩]، واتا ئەم جـۆرە لادانـە پەیوەسـتە بـە خـودی وشـەکە و پێوەنـدی بـە پێکهات و یاسـا مۆرفۆلۆژییەکانـەوە نییـە، ڕێگـە بـە شـاعیر دراوە بـەکاریان بهێنێـت، ڕەخنـەگرێك پێـی وایـە شـاعیر؛ بۆیـە وشـەی پـەراوێزخراو بـەکاردەهێنێت؛ چـونکە ئـەو وشـانەی ماوەیـەکی زۆرە لـە زمـانی ڕۆژانـەدا بەکارناهێنرێن یارمەتی دەدات لە بەخشینی ئێسـتێتیکاو بـەها بـە شـیعرەکە [7:218]، لەلایەکی تریش ئاسۆی تێگەیشتنی بیری خوێنەر فـراوانتر دەکـات، بە ناساندنی بە وشەی ڕەسەنی زمانەکەی، یان نووسەر و شاعیری تر ڕەنگـە بەکاری بهێنن؛ بۆیە ((هەر شاعیرێك چەندی بتوانێت وشە زینـدوو بکاتـەوە و شاعیرانە مامەڵە لە تەکیاندا بکات، ئەوە ئەرکێکی گەورەی بەجێهێناوە، هەم بۆ دەوڵەمەند کردنی زمـانی یـەکگرتووی، هـەم بـۆ بـەرە و پێشـەوە چـوونی ئەزموونی خودی شـاعیر))[٤: ٣٧]، شـیعری کـوردی ئـەم ماوەیـە سـوودێکی زۆری لەم جۆرە وشانە بینیوە؛ چونکە قۆناغی گەڕانەوە بـوو بـۆ ئـەدەبیاتی فۆلکلۆر و زیندووکردنەوەی وشە کۆن و بەسەرچووەکانی زمانی کوردی، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**کیفی داران سۆل.** [١٨: ٢٨]

سۆل: وشەیەکی پەراوێزخراوە و بە واتای پێڵاو دێت.

(قوبادی جەلیزادە) ئەم جۆرە لادانەی ئەنجامداوە و دەڵێت:

**زۆر ڕێبواری**
**ڕێگەی یەك هیواو چارەنووس**
**دەستەو خەنجەر داڕساون و**
**خوێنیان ڕشتووم بە نامەردی** [٦٢: ١٢٣]

(داڕساون) وشەیەکی پەراوێخراوە بە واتای هەڵمەت بردن و هێرشکردن دێت.

(شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (داستانی بەردە قارەمان)[*] [٤٠: ٩٩ – ١٧٦]دا چەندین ناو وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەك: (دەربەندە وشك): ناوی کۆنی دەربەندی بازیانە، (دەمەر قۆپان): لەو سەردەمە بۆ شەڕواڵی مەیدانی جەنگ بەکارهاتووە، (تەپڵی بان): لەو کاتەدا بەواتای تەپڵی مەیدانی شەڕ بەکارهاتووە، (یانزە تیر) و (حسکە) و (ماوزەڕ) ناوی کۆمەڵە تفەنگێکن لە سەردەمی ڕووداوەکە بەکارهێنراون، قەدارە: بە قەمەی بچووکی بەر قەد و پشتێن وتراوە، خم خۆرکێ: بە زەوی زەلکاوی قووتدەر گوتراوە.

**٢– ١– ٣: کرتاندن، لابردن، هەڵگرتن، سوککردن**

مەبەست لەم جۆرە لادانە ((کرتاندنی فۆنیمێك[**]، یان چەند فۆنیمێك لە وشەکە کەم دەکرێتەوە، ئەمەش چ لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یان بۆ مەبەستی کورتی و چڕی))[٩٣: ٩٠]، زۆربەی جار کرتاندنەکە پێوەندی بەو سیاقەوە هەیە، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت، بۆ ((سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لە سەر زمان، کە مەبەستیان هێنانەدی کاریگەرییەکی زیاترە لە سەر خوێنەر))[٨٧: ٥٢]، شوێنی فۆنیمە کرتێنراوەکە دیاریکراو نییە بە پێی سرووشتی وشەکە و ئەو مەبەستەی کرتاندنەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت؛ لەبەرئەوە دەنگە کرتێنراوەکە لە وانەیە

---

(*) شاعیر لە کۆتایی دیوانەکەدا، خۆی ئاماژەی بە واتای ئەو وشە کۆنانە کردووە.
(**) فۆنیم: بچووکترین یەکەی زمانییە، کە واتای وشە دەگۆڕێت، وەك: بیر، پیر، (ب،پ) دوو فۆنیمی جیاوازن؛ چونکە واتای وشەکانیان گۆڕیوە.[١: ٣٥٨ ]

بکەوێتە سەرەتای وشە، یان ناوەڕاستی وشە، یان کۆتایی وشە، بەڵام زۆربەی کرتاندنەکان لای شاعیرانی ئەم قۆناغە، یان شێوەزارییە، یان لە پێناوی ڕێکخستنی وشەی سەروایە وەك:

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) لە شیعری (بیرت ئەکەم)دا دەنگی (د)ی لە چەندین وشەدا کرتاندووە و دەڵێت:

**لەگەڵ ئیلهامی شیعرێکا**
**هەموو ئاوازێکی خۆشا بیرت ئەکەم**
**هەموو دڵێکی بە جۆشا**
**بای شەماڵی ئێوارانا**
**لەگەڵ دڵۆپەی بارانا**[٣٠: ١٤٥]

کرتاندنی پیتی (د) لەو وشانەی هێڵیان بەژێردا کێشراوە دیاردەیەکی شێوەزارییە ، بەڵام ئاواز و ریتمی شیعرەکەشیان ڕێکخستووە.

(قوبادی جەلیزادە)ش کرتاندنی لە سەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاستی چەند وشەیەکدا کردووە، وەك:

**دەسم، دڵم**[٦٢: ١٥٨]

لە ناوەڕاستی وشەکە دەنگی (ت)ی کرتاندووە، سووکتربووە لە سەر زمان.

**بۆ چیایێ شیعرم نووسی**[٦٢: ٥٩]

دەنگی (ك)ی لە کۆتایی وشەکە کرتێنراوە.

**با باوەش کەین بە یەکترا**[٦٢: ٤٨]

لە سەرەتای وشەکە دەنگی (ب) کرتێنراوە، لە وشەی کۆتایش دەنگی (د) کرتێنراوە.

---

(*) کرتاندن وەك دیاردەیەکی زمانی لە زمانی ئاساییشدا هەندێك جار هەستی پێدەکرێت، بە تایبەتی لە هەندێ شێوەزاری وەك: سلێمانی فۆنیمی (د) لە ناوەڕاستی وشە دەکرتێنرێت، وەك: مندالێ دەکرێت بە منالێ. زمانی نووسین دەبێت جیاواز بێت لە ئاخاوتنی ئاسایی؛ بۆیە ئەم کرتاندنە دەبێتە لادانێکی وشەیی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە [٩٣:٤٥].

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەلەتە شیعرێکدا دەڵێت:

**کونە شاخێك بکەم بە لان**[٧٤: ٣٠]

دەنگی (ە)ی لە کۆتای وشەکە کرتاندووە، بۆ ڕێکخستنی سەروای شیعرەکە، کە لە لەتەکانی پێشووتر وشەی (تەلان) ی بەکارهێناوە.

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێت:

**پێش وەی قەدی دار**

**خاچ و پوازی لێ دابتاشرێ**[٧٣: ١١]

شاعیر (ئە)ی لە سەرەتای وشەکە کرتاندووە.

**٢- ١- ٤: لادانی شێوەزاری***

هەرچەندە تا ئێستا هەبوون و نەبوونی زمانی ستاندارادی کوردی، بەردەوام گفتوگۆ و بیروڕای زۆری لەبارەوە دەکرێت، بەڵام بەو پێشینە ئەدەبیی و ڕۆژنامەگەرییەی لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی کورد لەبەر دەستدان، لە هەر قۆناغێك** ئەدگار و پێکهاتەکانی زمانی نووسین تا ڕادەیەکی زۆر بە خوێنەر ئاشنان.

شاعیر هەرچەندە هەوڵبدات بەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی سەردەمی خۆی بنووسێت، بەڵام ناتوانێت بە تەواوی دەستبەرداری کاریگەری ئەو شێوەزارە تایبەتییەی خۆی بێت، کە پێی دەدوێت؛ بۆیە ((هەندێك لەو وشە و زاراوانەی شێوەزارەکەی لە نووسینەکانی دەردەکەون،...کە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لەگەڵ هاوکارانی ناوچەکەی بەکاریهێناون))[١٦٥: ٣١٣]،

---

(*) ئەم جۆرە لادانە لە سەرچاوە زمانی و ڕەخنەییەکاندا بە (لادانی زاراوەیی،[٦٧: ١٥٤]، لادان لە زار و زمان[٦٨: ٤١٣]، لادانی دیالێکتی[٢١٠: ٤٩]یش ناوبراوە.

(**) زمانی نووسینی کوردی تا ئێستا بە چەندین شێوە و ڕووکار دەرکەوتووە و پەیڕەو کراوە، ئەگەر سەرنجی بەرهەمە نووسراوەکان بدەین، دەبینین زمانی نووسینی هەر قۆناغێك لەگەڵ قۆناغ و سەردەمێکی تر جیاوازە بۆ نموونە زمانی نووسینی سەردەمی (نالی) جیاوازە لە زمانی نووسینی سەردەمی (گۆران).

لەوانەشە شاعیر هۆکار و مەبەستی تری لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە لادانە هەبێت وەك: دەرخستنی توانای شاعیریی خۆی، یان بۆ دەوڵەمەندی زمانی دەقەکانی. (لیچ) پێی وایە لادانی شێوەزاری بەکارهێنانی هەندێك وشە و دەربڕینی سەر بە یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەیە لە لایەن شاعیر، کە لە زمانی ستاندەردا بەکارنایێت و هەموو خوێنەری زمانەکە لێی تێناگەن؛ چونکە سەر بە ناوچەیەکە[٢١٠: ٤٩]. ئەم جۆرە لادانە دەبێتە هۆی سەرنجراکێشانی خوێنەر و زمانی دەقەکە جۆرێك لە نابـاوی لە خۆوە دەگرێت و لادانێکی ئیجابی و داهێنەرانەیە؛ چونکە شاعیر بەم کارەی وشە نادیارەکانی ناوچەیەك دەگوازێتەوە بۆ نێو زمانی هاوبەش. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوولّ) پشتگیری ئەم جۆرە بۆچوونە دەکات. لەم چوارچێوەیەدا گەڕانی شاعیر بە دوای وشەی گونجاو و شیاو لە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانەکەی بە پەسەند دەزانێت و دەڵێت: ((کارێکی گرینگی تری ئەم بە دواداگەڕانە ئەوە بوو، کە شاعیر خۆی بە دیالێکتی قسە کردنەوە نەدەبەست، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون، بە ناویدا دەگەڕاو بەم هۆیەوە زۆر وشەی ئەو ناوچەی تەسك، یان ئەوی تەعمیم دەکران و لە ڕێی شیعرەوە دەبوون بە وشەیەکی کوردی گشتی هەمەلایی))[٢:٤٦]. هەروەها ئەم لادانە لای شاعیرانی کلاسیکی وەك: نالی و سالم و کوردی و مەحوی و حەمدی و.....تاد، پەیڕەو کراوە، بەڵام لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بە تایبەتیش لە هەشتاکاندا، زیاتر برەوی پێدرا؛ بۆیە مەترسی خۆ بەستنەوە بە زمانێکی ناوچەیی و فەوتانی زمانی ئەدەبی یەکگرتوویی لە دڵی هەندێك لە ڕەخنەگرانی کورد دروست کرد، کە دواتر سەری کێشا بۆ چەندین توندو تیژی ڕەخنەیی و ڕەخنەی نازانستی (*).

(*) بۆ وردەکاری زیاتر لە بارەی هەڵوێستی ڕەخنەگرانی کورد سەبارەت بەم لادانە سەیری (ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوە شیعری کوردی، د، پەرێز سابیر) بکە، ل ٣٢٦- ٣٢٩.

(عەبدوڵڵا پەشێو) وەك شاعیرێكی ئەم قۆناغە، ئـەم جـۆرە لادانـەی لـە شیعرەكانیدا پەیڕەوكردووە، لە بارەی چۆنیەتی پرۆسـەی لادانەكـە دەڵێـت: ((من لەگەڵ ئەوەدام، كەڵك لە هەموو دیالێكتەكانی زمانی كوردی وەربگیرێ، بـە مـەرجێك كـەڵك وەرگرتنەكـە لـە سـنووری لێكسـیك دەرنەچـێ و تـوخنی ڕێزمانی ئەو دیالێكتە نەكەوێ، كە پاڵێوراوە بـۆ زمـانی یـەكگرتووی ئـەدەبی دوا ڕۆژ))[٣٣: ٣٢٧]

لادانـی شـێوەزاری لای شـاعیران بـە دوو ڕێگـە ئـەنجام دەدرێـت[١٦٥: ٣١٣]:

١- بەكارهێنانی وشەو موفرەداتی شێوەزاری خۆی.

٢- بەكارهێنانی وشەو موفرەداتی شێوەزارێكی تری زمانەكەی.

ئەم جۆرە لادانە لای زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغە بە هـەردوو شـێوەكە ئەنجامدراوە، بۆ نموونە:

(كـەریم دەشـتی) لـە چـەند شـوێنێكدا وشـەی سـەر بـە شـێوەزاری ناوچەكانی هەولێری بەكارهێناون و دەڵێت:

**گریانت لە هەوكێ مابوو**

**لێوم لە ڕوومەتی كێشكەی دووریبایە**[١٢: ١٢]

**زۆر خەناوكەی مۆری ئێسقانی ئەو لەشەم**[١٢: ٦٥]

وشەكانی (هەوك: قوڕگ، كێشكە: چـۆلەكە، خەناوكـە: ملوانكـە، مـۆری: مووروە ناوچەی هـەولێر بـەكاردێن). لـە هەنـدێ دێـڕ و نیوەدێڕیشـدا چـەند وشەیەكی سەر بە شێوەزاری كرمانجی سەروو (بادینی) بەكارهێناون، وەك:

**دەرگاكەتم لێ بكەوە زەری كاڵڤام**[١٢: ٢١]

**ئەو دۆڵە لە خوێنی كۆڤانم شەت دەكا**[١٢: ٣٠]

(زەری: جوان، كۆڤان: ژان: ئازار)

(عەبـــدوڵڵا پەشـــێو) بەهـــەمان شـــێوە وشـــە و زاراوەی شـــێوەزارە جیاجیاكانی زمانی كوردی بەكارهێناون، بۆ نموونە:

**خۆ من کوردم و تا سەر هێسك کورد**[٧٤: ٢٥]

**کە من کرٟ دەبم تۆ مەمدوێنە.** [٧٤: ٣٤]

**وەك کیژێکی کەزی زەردی گەردنبڕاو!**[٧٤: ٥٦]

**کتکە کۆرەی گۆشەی موتبەقی سوڵتانم.** [٧٤: ٦٥]

(هێسك: ئێسك، کرٟ: بێ دەنگ، کیژ: کچ، کتك: پشیلە، کۆرە: کوێر) لـە شێوەزارە ناوچەییەکانی هەولێر بەکاردێن.

**دەرگەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ**[٧٤: ٣٠]

**چەند بەخشندە و دلۆڤانی!**[٧٤: ٤١]

**تا پۆیەکی شلك و زراڤ** [٧٤: ٧٧]

**زارۆیەکی ئارامە و لە بێشکەدا نووستووە.**[٧٤: ٨٩]

(ڤەکەم: بکەمەوە، دلۆڤانی: بە بەزەیی، زراڤ: ڕێك، زارۆ: منداڵ)کۆمەڵە وشەیەکی سەر بە شێوەزاری کرمانجی سەروون.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**پێت لە گوفەك دا چەقیوە**[٥٠: ٢٨٥]

(گوفەك: شوێنی زبڵ فڕێدان)، وشەیەکی شێوەزاری هەولێرییە و شاعیر بەکاریهێناوە.

(ئەنوەر مەسیفی) وشە و زاراوەی سەر بە چەندین شێوەزاری جیـاوازی بەکارهێناون و دەڵێت:

**ئاویێ لە هیشکایی بە جێما**

**لاق لە ناو قۆدیان**

**لە ناو خڕکان**[١٠٥: ٦٩]

**وەك مارێکی عاشق بەرەو کاولە خانیم**

**چاوەکانت کتێبێکن بۆنی پەنگر و چیا و ڕەشمار**[١٠٥: ٤٥]

(هێسـك: ئێسـك، هیشـکایی: وشـکایی، قـۆدی: قوتـوو، خڕکـە: بـەردی بچووك، خانی: خانوو، پـەنگر: پشـکۆ، ڕەشمـار: ڕەشمـاڵ) وشـەی سـەر بـە شێوەزارە ناوچەییەکانی هەولێرن.

**زەویم لێ دەکردی. شەڤێ، ڕۆژێ**[١٠٥: ٤٥]

(شەڤ: شەو) لە شێوەزاری کرمانجی سەروو بەکاردێت.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**سەرچاوەیەکی زۆر شێلوم**

**دەمێکە هەوکی خنکان و داڕژانی خۆم گرتووە**[٥٠: ١٧٨]

شاعیر وشەی (هەوك: قوڕگ)ی بەکارهێناوە، کە لە چەند شێوەزارێکی ناوچەی هەولێر بەکاردەهێنرێت.

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێت:

**وەك دوو دڵۆپە بارانی**

**سەر پەلکە گیاییێکی سەوز،**

**تێك دەئالاین،**[٧٣: ٤٥]

(پەلك: گەڵا) لە ناوچەی هەولێر بەکاردێت.

### ٢- ١- ٥: بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە*

شاعیرانی کورد لە زۆربەی سەردەمەکاندا هەوڵیانداوە، شیعر بکەنە بڵندگۆیەك بۆ خستنەڕووی کێشە و گرفت و نەهامەتییەکانی میللەتەکەیان لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی.....تاد؛ لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لەسەر دەستی گۆران و پیرەمێرد.....تاد، قۆناغی سەرهەڵدان و گەڕانەوە بوو بۆ نووسین بە زمانی پەتی؛ لەبەرئەوەی شاعیری تازە هەڵقووڵاوی جەرگەی کۆمەڵگا بوو، بە ڕێڕەوەکانی کۆمەڵگادا گوزەری دەکرد، شیعرێکیش کە بۆ خەڵك و گشتی بێت دەبێت زمانەکەشی لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا بێت؛ بۆیە سوودیان لەو فەرهەنگە زمانییە وەرگرتووە، کە خەڵکی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنن، لە پێناوی ئەم ئامانجەدا ((شاعیری نوێخواز بە نەفیکردنی پێوەرە ئاساییەکانی وشەی شیعری:

---

(*) ( د.محەمەد بەکر) ئەم جۆرە لادانەی بە (وشەی بازاڕی و نەپۆشراو) ناوبردووە[١٥: ٤٠].

وشەی جوان، وشەی مۆسیقایی، پیرۆزیی وشە.....تاد، هەوڵ دەدات وشـەی ڕۆژانە بـێ هـیچ ڕتووشـێکی ڕەوانبێـژی، جێگـری وشـەکانی پێشـوو بکـات و بیکات بە مەڵبەندێکی نوێی هێمـاکردن))[١٥: ٤٠]، واتـا بـێ ئـەوەی بـەرگ و پۆشاکی شیعرییان بە بەردا بکات بـە هـەمان شـێوە و ڕوخسـارە گشـتییەکە بەکاریان دەهێنێت.

(شـێرکۆ بێکـەس) وەك شـاعیرێکی پـەیڕەوکاری ئـەم جـۆرە لادانــە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە بە کارێکی ئیجابی دەزانێت و بە دەرچوون لـە فەرهەنگـە کـۆن و سـواوەکان وەسـفی دەکـات و دەڵێـت: بـەکارهێنانی ئـەم جۆرە وشانە (( نزیك کەوتنەوە بوو لە خەڵك...لە بازاڕ و شەقام و ئاخـاوتنی ڕۆژانە و تێکەڵ کردنیـان بـە جەسـتەی شـیعری تـازە، بـەم کامێرانـە وێنـەی باشتر و جوانترمان دەگرتن، بە ڕۆحی ئێمـە ئاشـناتر بـوو وەك لـە شـاعیرانی کۆنتر، ئەو کاتەش تەجاوزی ئێمە دەستی پێکـرد، کـە ڕوانینـی تازەمـان بـۆ ژیان لا پەیدا بوو[١٦: ١٦٢]، بە لادان لە زمانی شیعری قـورس و فـرە واتـا و پڕ هێما و بەکارهێنانی زمـانێکی ئاسـان و گشـتی کـارلێکی نێـوان خوێنـەر و دەق کاراتر دەبێت؛ بۆیە (ت.س.ئیلیەت) (١٨٨٨– ١٩٦٥ز) پێشنیاری ئەوە بـۆ شـاعیران کـە ((شـیعر پێویسـتە زۆر دوور نەکەوێتـەوە لـە زمـانی گشـتی ڕۆژانـە، کـە بەکاریـدێنین و دەیبیسـتین))[١٣٦: ١٢٨]، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر هەموو کاتێك چاوەڕوانی شتە باوەکانی زمانی شیعری نەبێـت، ((کاتێـك ئـەم دەقـە دەخوێنێتـەوە، ڕووبـەڕووی چـەند وشـە و ڕسـتەی گشـتی دەبێتـەوە، پرسیاری ئەوەی لا دروست دەبێت، ئایا بۆچی شـاعیر نەسـەقە زمانییەکـەی خۆی گۆڕیوە، ئـەم پرسـیارە تووشـی دوو دڵـی و کاریگـەری و دۆش دامـانی دەکات؛ چونکە خۆی بەرامبەر شتێکی نامۆ دیتووتەوە))[١٣٦: ١٢٧].

ئەم جۆرە لادانە لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەی شیعری کوردیدا پـەیڕەو کراوە، بەشـێکی زۆری شـاعیرەکان هەوڵیانـداوە لـە زمـانی ڕۆژانـەی خـەڵکی ئاسایی نزیك ببنەوە، بۆ نموونە:

(شێرکۆ بێکەس) لە بەشێکی شیعرێکدا دەڵێت:

**وەرن بیکڕن..بە چارەکە مایە..بیکڕن**
**وەرن..کاکە..وەرن..بیکڕن:**
**ئەوە جاجم، لێفە و دۆشەك،**
**کومبارێك و پرێمزێ**
**ئەوە چوار قاپ و مەنجەڵێ**
**ئەوە لانکە..**
**ئەوە کڵاو و جامانە..**
**ئەوە..شیعر..سێ دیوانی شێرکۆ بێکەس**
**وەرن کاکە..وەرن..بیکڕن**[٢٦: ٥١]

زمانەکەی زمانێکی سادەیە و لە زمانی ئاخاوتنی گشتی خەڵك نزیکە.

(قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (غەزەب)دا تەواو لە زمانی ڕۆژانە نزیك بووتەوە و دەڵێت:

**چاوم ڕەشکە و پێشکە دەکا...**
**یا خەڵك سەراو سەر دەڕۆن.**[٦٢: ٥٧]

ئەم جۆرە لادانە لە چەند دەقێکی ناو کۆ شیعرەکانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی (١٩٨٠– ١٩٩١)دا پەیڕەو کراوە وەك: [٤٧: ٢٤، ٣٧، ٥١،٧٠]، [٤١: ٣، ٢٠، ٢١، ٢٢]،[٦٢: ٣١، ٥١، ٥٧، ٦٠، ٦٣،٨١، ٨٢، ٩٧، ٩٨، ١٣٩]، [٢٦: ٥١]،[٤٠: ٧، ١٣، ٢٥، ١٧٤،٧٩]،[٢٠: ١٤، ٢٤، ٢٥، ٣٥، ٥٧، ٦٨، ٧٧، ٨٤، ٨٥]، [٣٠: ٥٧]، [٢٩: ٣٦٨].

**٢– ١– ٦: تێکدانی ڕۆنانی بەربڵاو:**

جۆرە لادانێکی وشەییە، کە شاعیر بە تێکدان و لادان لە ڕۆنانە باو و جێگیرەکان ئەنجامی دەدات، یان دەتوانین بڵێین لادانە لە یاسای ڕێکخستنی وشە، هەندێك وشە لە ئاخاوتنی ئاسایی بە شێوەیەك لێکدراون، لای هەموو کەسێك زانراون، وەك: ڕەش و سپی، کوڕو کچ،.....تاد.

هەندێك جاریش ئەم لادانە دەرچوونە لـە یاسـاكانی لێكـدانی وشـە، یـان شوێنی دیارخەر و دیارخراوەكان (ناو و ئاوەڵناو)* ئاوەژوو دەكاتەوە، شاعیر بەم لادانە چێژێكی هونەری دروست دەكات و سەرنجی خوێنەر بـۆ لای خـۆی ڕادەكێشێت [٩٣: ١٠٥]، بۆ نموونە: كاتێك شاعیر (شەو و ڕۆژ)، (بـاڵا بـەرز)، دەگۆڕێت بۆ (ڕۆژ و شەو)، (بەرز باڵا)، بەم بەكارهێنانەی ((بەهای دەربڕینی لە كار ناكەوێ، بەڵكو لە ڕێڕەوەكەی دەخزێ بۆ ئەوەی واتای تازە بسـازێنێ و دوا جار دەق سیمایەكی بەرزی شیعری وەردەگرێ))[٥٥: ٢٣٨]

نموونەی ئەم جۆرە لادانە:

(عەبدوڵڵا پەشێو) شوێنی ناو و ئاوەڵناوی تێكداوە و دەڵێت:

**عازیزێكی كزی <u>درێژ بەژن</u> و زراو**[٢٩: ٢٨٧]

شاعیر ڕۆنـانی بـەربڵاوی تێكـداوە و (بـەژن درێـژ)ی كـردووە بـە (درێـژ بەژن).

**هەر چیت بیستووە لەبارەی**

**<u>پەنجەشێر</u> و گوڵی و ئایدز،**[٧٤: ١٣٠]

شـاعیر جێگـۆڕكێی بـە بەشـەكانی وشـە لێكدراوەكـە كـردووە، (شـێر پەنجە)ی كردووە بە (پەنجەشێر). (ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

**ڕۆحی سەرەڕۆ و لە مەدار دەرچوم چیم بەسەردێنێت؟**

**لە تاریكایی كام <u>دیلەوەرزا</u> دامدەگیرسێنێت؟!**[٣٢: ٢١٢]

شاعیر دەستكاری ڕۆنانی وشە لێكدراوەكـەی كـردووە و (وەرزی دیـل)ی كردووە بە (دیلەوەرز).

(قوبادی جەلیزادە)لە لەتە شیعری

**لە تۆ فێربووم، <u>زستانە شەو</u>**[٦٢: ١١٧]

لە ڕۆنانی وشە لێكدراوە لایداوە و (شـەوی زسـتانی كـردووە بـە زسـتانە شەو).

---

(*) ئەم جۆرە لادانە بە (ئاوەڵناوی هونەری)[٩٣: ١٠٥] و (ئاوەڵناوی وەرگەڕاو)یش ناو بـراوە [٥٥: ٢٣٨].

(جەمال شارباژێڕی) دەڵێت:

**گەشتەکانی خۆی ناگۆڕێتەوە**

**بە هەزار کورسی و پایە و پلە**[٧١: ١٤٢]

شاعیر ڕۆنانی وشەکەی لە (پلەو پایە)ەوە گۆڕیوە بۆ (پایەوپلە).

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**چۆڵ گوند،**

**چاوەڕێی چی دەکەی؟**

**چۆڵ دڵ**

**چاوەڕێی چی دەکەی؟**[٧٧: ٣٤١]

شاعیر ڕۆنانی (گوندی چۆڵ) و (دڵی چۆڵ) گۆڕیوە.

(ئەنوەر مەسیفی) بە تێکدانی شوێنی نیشانەی کۆکردنەوە ئەم لادانەی ئەنجامداوە و دەڵێت:

**جاران چاوت بۆ من دوو پەنگری گەش بوون**

**شەوکرێوان پەنجەی خۆمم پێ دەتاساند.** [١٧: ١٥]

ڕۆنانی وشەکە (شەوانی کرێوە)یە، نیشانەی کۆ دەچێتە سەر ناوەکە.

نموونەی تری ئەم جۆرە لادانە: سەباح ڕەنجدەر: (پیاوی جوان)ی گۆڕیوە بۆ (جوانپیاو)، قوبادی جەلیزادە: (شەوی زستان)ی گۆڕیوە بۆ ( زستانەشەو)، (درەنگانی شەو)ی گۆڕیوە بۆ (شەو درەنگان)، (عەبدوڵڵا عەباس): (تیشکی ڕووناکی) گۆڕیوە بۆ ( ڕووناکی تیشك)، (نەوزاد ڕەفعەت) (درەنگانی شەوێ)گۆڕیوە بۆ (شەوێ درەنگان).

**٢- ١- ٧: بەکارهێنانی وشەی بێگانە**

بەکارهێنانی ئەو وشانەن، کە لە بنجدا سەر بە زمانێکی ترن و وشەی ڕەسەنی زمانی کوردی نین، شیعری نوێی کوردی لە سەردەمی گۆران و قۆناغی (ڕوانگە)دا بەرەو زمانی پەتی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە هەنگاوی نا، ئەگەر چی سوود وەرگرتنی شاعیر لە وشە و زاراوەی

خۆماڵی و پەتی کارێکی پەسەند و خوازراوە و هۆکارێکە بۆ دەرخستنی دەوڵەمەندی و توانای زمانی نەتەوەکەی، بەڵام شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی بە هۆی تێکەڵ بوونیان بە ڕۆشنبیری نەتەوەی جیاجیا لایاندا لەم جۆرە بەکارهێنانە و چەندین وشەی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی لە دەقەکانیاندا دەبینرێن، هەندێك لەو لادانانە لە سنوورێکی دیاریکراو بە پێی پێویست ئەنجامدراون؛ چونکە ((نابێ زمانی نەتەوەیەك پێوەندی بپچڕێ بە زمانی نەتەوەکانی تر، بەڵکو دەبێ بۆ پەرەپێدانی زمانەکە ڕووبکاتە سوود وەرگرتن لەو زمانانە، بەڵام بە پێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەنییەکە))[٣٣: ٣٣٥]، بەڵام بەکارهێنانی هەندێك لەو وشە بێگانانە هیچ خزمەتێکی بە ئەزموونی شیعری شاعیرەکە نەکردووە؛ لەبەرئەوەی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا وشەی گونجاوتر و شیاوتری تایبەت بەم مەبەستە ئامادەیی هەیە؛ بۆیە هەروەك ڕەخنەگرێك بەکارهێنانی وشەی بێگانە بە کارێکی ترسناك دادەنێت و پێی وایە شاعیر دەبێت خۆی لێ بپارێزێت[١٤١: ٤٦٥]؛ بۆیە ئەم جۆرە لادانە لە هەندێك بارودۆخدا ئیجابییە و لە هەندێك بارودۆخی بەکارهێنانیشدا سلبییە، بۆ نموونە:

(شێرکۆ بێکەس) کاتێك دەڵێت:

**کە <u>شەوقی</u> ئاڵی کڵپەدار**

**ئەیدا لە باڵای <u>بزورگی</u> سوورە چنار** [٤٠: ٧٥]

(شەوق:ڕووناکی) عەرەبییە و (بزورگ:گەورە)فارسییە، فەرهەنگی زمانی کوردی وشەی پەتی بە هەمان واتای تێدایە.

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێت:

**دەزانم ئەو سێ زەلامە <u>غەریبە</u>ی کاتی خۆرئاوا**

**گەیشتنەجێ میوانی کێن**[٧٣: ٤٥]

(غەریب: بێگانە، نامۆ) وشەیەکی عەرەبییە و بەکاریهێناوە.

(قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (کۆچێکی سوور)دا وشەیەکی فارسی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**بۆ تاکە جاریٚ سەرنادەی**

**لە هەواری ئەو برینەی**

**ئەشکی سووری پیٚ ڕشتم**[٦٢: ١٤]

(ئەشك:فرمێسك، ڕۆندك)، شاعیر هەر بۆ لادان و جوانی بەکاریهێناوە.

(عەبدوڵڵا پەشێو) بە هۆی شارەزایی لە زمانی ڕوسی و ئینگلیزی چەندین وشەی ئەو زمانانەی وەرگرتوون و ئەزموونە شیعرییەکەیان دەوڵەمەند کردووە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو وشانە وشانێکی بێگانەی جیهانین و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان نییە، بۆ نموونە:

**تکا دەکەم لە یونیسکۆ***، [٧٤: ٢٩]

**ئاسمانی بە تریاك نووستوو ڕاچڵەکێنە**[٧٤: ٤٦]

**بۆ پۆرترێتی دوژمنم**[٧٤: ١٣١]

(یونیسکۆ: ناوی ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری، تریاك: تلیاك، شیلەی قۆزەی خاشخاشە[٨٥: ١٤٨].ناوی ماددەیەکی سڕکەرە، پۆرترێت: ناساندن: کێشانی وێنەی ڕاستەوخۆی مرۆڤ. هەندیٚ جاریش بە مانای ناساندنی کەسێك بەکاردێت.

(عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر ئەم وشە بیانییانەی لە خزمەتی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکانیدا بەکارهێناوە.

* ئەم ڕێکخراوە لە ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٥ دامەزراوە، ٣٧ وڵات بەشدارییان تێدا کرد.

## تەوەری دووەم: لادان لە ئاستی ڕستەدا

کـاری ئـەدەبی پێکهاتەیـەکی زمانییـە و ڕسـتە (الجملـة) (Sentence) یەکێکـە لـە سـەرەکیترین پێکهاتـەکانی و ڕسـتە ڕایەڵـەی پێکـەوە گرێـدانی سـەرجەم یەکـە زمانییـەکانی تـرە؛ بۆیـە بـە ئـاڵۆزترین دانـەی زمـان ئـەژمار دەکرێت؛ چونکە هەموو دانە زمانییەکان لە فۆنیمەوە تا وشـە و دەسـتەواژە تێیدا یەکدەگرن و دواتـر ڕسـتە پێکـدەهێنن، ئەمـەش بنـەمای دروسـتبوونی ڕێزمانە؛ چونکە یەکێ لـە ئامانجـەکانی ڕێزمـان دەستنیشـانکردنی پێوەنـدی نێوان بەشەکانی ڕستەیە[١:٢٢٤– ٢٢٥]، لێکدان و دانە پـاڵی کەرەسـتەکانی ڕستەش لەسەر بنەمای یاسا ڕێزمانییەکانی خودی ئەو زمانە دەبێت، یاسـای سەرەکی ڕێزمانی کوردی (S.O.V)* یە.

زمانناسەکان دوو مەرجی** بنجییـان لـە بونیـات و پێکهـاتی ڕسـتەدا بـە گرینگ زانیوە:

١– لێکـدانی کەرەسـتەکانی ڕسـتەکە بـە لەبـەر چـاوگرتنی یاسـا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانە.

٢– واتا، دوای لێکدانی وشەکان ڕستەکە واتا و مەبەستێك بگەیێنێت.

---

(*) جگـە لـەم یاسـایە ڕیزبـوونی کەرەسـتەکانی ڕسـتە بـە گـوێرەی جـۆری کارەکـە (تێپـەڕ و تێنەپـەڕ) و هـەبوونی کەرەسـتە لاوەکییـەکانی وەك (تەواوکـەر و ئـاوەڵگوزارە و سەربار.....تاد، دەگۆڕێت). لەسەر بنچینەی بەش و جۆری کەرەستەکانی ڕستە چـەندین جۆری ڕستە دەستنیشانکراون، وەك: ڕستەی کاری ، ڕستەی ناوی، ڕستەی سادە ڕسـتەی لێکدراو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە[١: ٢٢٤ودواتر]،[١٩٢:١٣٧]

(**) لەسەر ئەم دوو بنەمایە دوو جۆر ڕستە دەستنیشانکراون: ١– ڕسـتەی تـەواو: ڕسـتەیەکە لە ڕووی ڕێزمانی و واتاوە تەواوە، ٢– ڕستەی ناتەواو: کۆمەڵە وشەکن بەسەر یەکەوە، کە واتایەکی تەواو ناگەیێنن. [١٩٢: ١٣٧]

هەرچەندە زمانەوانەکان لەسەر ئەم بۆچوونە بیروڕای جیاوازییان هەیە و هەنـدێك پێیـان وایـە، ڕستە ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواو بێت، لە ڕووی واتاوە تەواویش نەبێت گرینگ نییە، هەندێکیش پێیانوایە کە واتا گرینگە و گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستەکان کـار لـە واتـای ڕستە ناکات، وەك لە زمانی شیعریدا دەبینرێت.

مەرجەكانیش تاڕادەیەكی زۆر پەیوەستن بەیەكەوە؛ چونكە زۆربەی جار ((هەر گۆڕانێك لە ڕیزبوونی كەرەستەكان، لە سنووری گرێكاندا ڕوویدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەركی سینتاكسی ڕستەكە، هەروەها لێكدانەوەی واتایی كەرەسەكان دەگۆڕێت.))[٩٩: ١٠]

زمانی شیعریش لە كۆمەڵە ڕستەیەك پێكهاتووە، بەڵام شاعیر لە ڕستەی شیعریدا وشە و كەرەستەكان بە گوێرەی شێواز و ویستی خۆی و پێویستی دەق دەمەزرێنێت؛ بۆیە ڕستە لە ڕووی واتا و دەنگەوە سیماكانی لە تایبەتمەندی ئەو وشە و پێكهاتانەی لێی پێكهاتوون وەردەگرێت[١٩:١٦٠]، لە پێناوی دەستەبەركردنی ئێستێتیكا و ڕێكخستنی كێش و سەروا و وێنەی شیعری لە ئەزموونەكەیدا ((داهێنەر بە پێوەرەكانی ڕێزمان بڕیارنادات؛ بەڵكو بە پێوەرەكانی شیعر كاردەكات، پێوەرەكانی شیعریش ڕێگە دەدەن بۆ ئەوەی زمانێكی نویێ بۆ خۆی دروست بكات، بۆ پێكهێنان و تەواوكردنی كردەی داهێنانەكەی))[٢٠٢: ١١٦]؛ لەبەر ئەم سیما و ئەدگارەش لە كاری ڕەخنەییدا، شیعرییەتی گوتاری ئەدەبی پێوانە ناكرێت بە پێوەرە جێگیرەكان؛ چونكە شیعر لە بنچینەدا بوونێكی گۆڕاوە، لە پێناوی هێنانەدی جیهانێكی گۆڕاو لە دایك دەبێت[٢٠٥: ٦١].

ئەم جۆرە لادانە (Syntactic or Grammatical Deviation)بە لادانی سینتاكسی، یان ڕێزمانی ناودەبرێت، كە تێیدا ڕستەی شیعری لە یاسا سینتاكسییەكان لادەدات و هەموو تواناكانی سیستەمی زمان دەخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە و گۆڕانكاری تێدا ئەنجام دەدات[٩٦: ١٤٣]، ئەم جۆرە لادانەش بە گەلێك شێوە و ڕێگەی جیاواز ئەنجام دەدرێت، وەك: بەكاربردنی ڕستەی كاری و تێكدانی داڕشتنی ڕستەكان و گۆڕینی بنیاتەكانیان[١٥: ٤٤]؛ بۆیە ڕستەی شیعری ڕوخسارێكی جیاوازتری هەیە، وەك ڕستەكانی ئاخاوتنی ئاسایی دەرناكەون؛ بەڵكو زۆر یاسا و ڕێزمانی نوێی تێدایە ئەگەر بێت و بەراوردییان بكەین[١٦٢: ١٤٨]، لە ڕێگەی پاش و پێش خستن و كرتاندن.....تاد، لە شێوە داڕشتنێكی نوێدا خۆ دەنوێنێت.

ئـەم جـۆرە لادانـە لـە گشـت قۆناغـەكانی شـیعری كوردیـدا بـە چـەندین شێوازی هەمەجۆر پەیڕەو كراوە، شاعیرانی نوێخوازی قۆنـاغی هەشـتاكانیش ((بـەرەو تێكشـكاندنی یاسـاكانی زمـان چـوون،...، وشـەكان بـەبێ یاسـای ڕێزبوونی زمانی، لە ناو دەقەكاندا ڕیزدەكران))[١٦: ١٧٩]. (پ.د.وریا عومەر ئەمین) ئەم لادانانە بۆ یاساكانی گوێزانەوە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێـت: (( هـەر زمانەی دەستەیەك یاسای تایبەتی بەخۆیـەوە هەیـە، ڕسـتەكانی لـە بنجـەوە دەگوێزرێتەوە سیما، پێیان دەوترێت یاساكانی گوێزانـەوە ( Transformation rules)، لەم گوێزانەوە شت هەیە دەقرتێنرێت...هەیـە زیـاد دەكرێت...هەیـە ئاڵوگۆڕدەكرێت...هەیە دەگـۆڕێ.....تـاد،))[١: ٢٤١]، ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن دیارترین ئەو لادانە سینتاكسییانەی شاعیرانی ئـەم قۆناغـە (١٩٨٠ – ١٩٩١) لە ئاستی ڕستەدا ئەنجامیان داوە بخەینەڕوو، كە بریتین لە:

٢– ٢ –١: **كرتاندن (الحذف)** (**Delete** )

((ئامادە نەبوونی ڕەگەزێكە لەناو ڕستە، خودی ڕستەكە ئەو ڕەگـەزەی پێویستە و دەیـەوێت)) [١٢٩: ١٤٩]، بەشـە كرتێنراوەكـە لەوانەیـە بەشـێكی سـەرەكی ڕسـتە (بكـەر، كـار، بـەركار) بێـت، لـە وانەشـە بەشـێكی لاوەكـی (ئاوەڵناو، ئاوەڵكار.....تادو) بێت، ئامادە نەبوونەكە بەبێ واتا دەبێـت، بـە واتایەكی تر نەبوونییەتی (كەرەستە كرتێنراوەكە) لە بونیـاتی سـەرەوە، بـە بـێ بونیـاتی قـووڵ و ژێـرەوەی ڕسـتە.[١٣٥: ٢٠٢]؛ چـونكە زۆربـەی جـار كرتاندن بۆ كورتبڕی و خۆ ڕزگاركردنە لە وشـەی دووبـارەكراوە و یـەكێك لـە مەرجەكانی كرتاندن و لابردن ئەوەیـە كـە ((تـەنیا ئـەو وەچـە و پێكهاتانـەی ڕستە و دەق دەتوانرێـت بكرتێنـرێن و لابـبرێ، كـە لەگـەڵ وەچـە پێكهاتـەی دیكـەدا وەك یـەكن))[٦٩: ٤٠]؛ بۆیـە شـاعیر بـۆ چـڕكردنەوەی زمانەكـەی ئەنجامی دەدات و بە چەند وشەیەكی كەم هـەوڵ دەدات واتایـەك بگـەیێنێت، بەمەش واتای ڕستەكە لەگـەڵ كرتاندنەكـە دزێـو نابێـت و تێـك ناچـێت[١٢٢: ٦٨]؛ بۆیـە هەنـدێك جـار كرتانـدن بـە (لادانـی خڕكردنـەوە – چـڕكردنەوە)

ناودەبرێت؛ چونکە کۆکەرەوەی بونیاتی وشەکانە لە بونیاتی سەرەوەی ڕستە، کەمتر لەوەی پێویستە ڕۆنانەکەی لێ پێك بێت، بە گوێرەی یاسا پێوەرییەکان. هەروەها بە (لادانی تێکەڵاو و تێکچڕژاو)یش ناودەبرێت؛ چونکە کەموکورتی (کرتاندن) لە چەقی ئاسۆیی پێکهاتەیی سەردەکێشێ و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە نائامادەییەکانە لەگەڵ ڕەگەزەکانی چەقی ستوونی. ئەو تێکچڕژان و تێکەڵاوییە لە ئەنجامی بەیەکداچوونی پەیوەندییە ئامادەیی و نائامادەییەکان دەردەکەوێت، بەیەکداچوونێك ئاماژە ستوونی و ئاسۆییەکان یەکتر دەبڕن[١٩٩: ٦٣]، لەسەر ئاستی گشتی دەق، یان ڕستە، یان وێنەیەکی شیعری.

لادان بە کرتاندن دەرچوونە لە سیستەمی باو، ئەم لادانەش جووڵە و چێژ بەرجەستە دەکات و کار لە ئێستێتیکای دەقەکە دەکات؛ بۆیە وەك فێڵێکە شاعیر لە خوێنەری دەکات بۆ سەرنجڕاکێشانی و نەبوونی ئەو کەرەستانەی خوێنەر لە زەینیدا چاوەڕوانییان بوو، دەیوروژێنێت و پاڵی دەدات بەرەو ئامادەیی دەقی نائامادە، هەروەها دەق دووردەخاتەوە لە گەیاندنێکی سلبی؛ بۆیە ڕۆڵی خوێنەر لێرەدا گرینگە لە گەڕان بە دوای کرتێنراوەکان و لێکدانەوەی واتای دەربڕینەکە [١٢٢::١٣٧]، [١١٦: ١٨٦]، [١٣٦: ١١٤]، هەندێك جاریش پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات و کرتاندنی بەشێك لە ڕستەی شیعری، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە پێکهات و تەم و مژی واتایی و سەردەکێشێت بۆ کەموکوڕی و تێکچوونێکی پێکهاتەیی لە دێڕە شیعرەکە دروست دەکات؛ بۆیە بارگاوییە بیرییەکانی زەینی خوێنەر دەتەقێنێتەوە و زەیین بە ئاگادێنێتەوە دەیخاتە خەیاڵکردنی ئەوەی شاعیر چی مەبەستە؛ چونکە مەرج نییە خوێنەر بە ڕوونی کەرەستە کرتێنراوەکە بزانێت[١٢٢: ١٣٧]؛ لەبەر ئەوە چەندین دەلالەتی جیاواز و ئاسۆی نادیار بە ڕووی گوتارە ئەدەبییەکەدا دەکاتەوە؛ بۆیە ڕەخنەگرێك پێشنیاری ئەوە بۆ شاعیران دەکات، هەرکاتێك کەرەستەیەکیان لە ڕستەیەکی شیعرییدا کرتاند، ((بە تایبەتی بەشە سەرەکییەکان، پێویستە نیشانە (القرینة)یەك هەبێت ئاماژە

بۆ کرتاندنی ئەو بەشە بکات، بەڵام ئەگەر نیشانە (القرینـة)یـەك نـەبێت ئـەوا کرتاندنەکە کەموکورتی و شەرمەزاری دەبێت.))[١٦٩: ١٥٩]، واتـا کرتانـدنی بەشێك، یـان کەرەسـتەیەکی ڕسـتە ئیجـابی دەبێـت، ئەگـەر خوێنـەر تـوانی کرتێنراوەکـە بدۆزێـەوە و لـە واتـای ڕسـتەکە گەیشـت، بـەڵام هـەرکاتێك کرتاندنەکـە لـە سـنووری خـۆی دەرچـوو و خوێنـەر نـەیتوانی کرتێنراوەکـان بدۆزێتەوە ئەوە لادانێکی سلبی دەبێت.

کرتانـدن لـە بەشـە سـەرەکی و ناسـەرەکییەکانی ڕسـتەی شـیعری ڕوودەدات*، لە دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا ئەم جۆرە کەرەستانەی کرتێنراون بریتیین لە:

١- **کرتاندنی بکەر:** لە زمانی کوردیدا بە هۆی هەبوونی جێناوی ڕێکەوتن لـە نێـوان بکـەر و کەرەسـتەکانی تـر؛ بۆیـە لـە زۆربـەی حاڵەتـدا ((دەتـوانن ڕستەکانیان بە بێ بکەر دەربڕن، یان بکەرەکانیان دەرنەبڕن و ڕسـتەکانیان ڕاست بێت))[٣٩: ٢٣٨]، بۆ نموونە:

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**هێندە باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی،**

**هەتا گیانت لێوانلێو بوو لە ئەڤینی.** [٧٤: ٣٦]

(من) بکەری ڕستەکەیە و کرتێنراوە، ڕستەکە لە بنجدا بەم شێوەیە (من هێنـدە باسـی نیشـتمانی خـۆم بـۆ کـردی). شـاعیر بـە کرتانـدن زمانەکـەی چڕکردۆتەوە و بە هۆی جێناوی (م) دەزانین بکەرەکە (من)ە.

---

(*) (د.محەمەد بەکر) کرتاندنی لە شیعری نوێی کوردی زیاتر لە بەشە ناسەرەکییەکانی ڕستە وەك: (ئـامرازی پێوەنـدی و خسـتنە سـەر و ڕانـاو و کـرداره دووبـاره کراوەکانـدا) کورتکردووتـەوە، بڕوانـە [١٥: ٤٥]، بـەڵام (د.قـەیس کاکـل) لـە نامـەی دکتۆرایەکـەی بـە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە پێی وایە ( (کردەی کرتاندن تایبەتە بە کەرەستە سـەرەکیەکانی ڕستە و کەرەستە لاوەکیەکان کرتاندنیان نییە))[٨٨: ١٥٧]، (د.بەکر عومەر عەلی) یش لە نامەی ماسـتەرەکەی ئـەم بۆچـوونەی هەیـە و دەڵێـت: ( (زۆر لـە پۆلـە ڕێزمانییـەکان بـەر کرتاندن دەکەون، وەك: بکەر، بەرکار، کار و ئاوەڵکار) [٨٦: ٩٥].

(قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (جگەرە)دا دەڵێت:

**وەك تاشەبەردێكی زلی....**

**سەر سنووری دوو دەوڵەتین.**[٦٢: ٦٣]

لە سەرەتای ڕستەكە بكەری ڕستە (ئێمە)یە و كرتێنراوە، (ین)جێناوی ڕێكەوتنە بۆ ئێمە؛ بۆیە واتای ڕستەكە تەواوە و تێكنەچووە.

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

**سوارە ڕەشپۆشەكان هاتن**

**وێنەی سێبەری ئێوارە كۆڵانیان گرت**

**سەربانیان تەنی**

**خەونی شیرینی منداڵانیان گرت**[٣٢: ٢٦٠]

شاعیر تەنیا لە ڕستەی یەكەمدا بكەری ڕستەكە (سوارە ڕەشپۆشەكان)ی هێناوە و لە سەرەتای ڕستەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا كرتاندوویەتی.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**لە ترسانا**

**شایی لەرزینت دەگێڕا**[٥٠: ١٧٩]

جێناوی (تۆ) بكەری ڕستەكەیە و كرتێنراوە.

**٢- كرتاندنی بەركار:** بەركار كەرەستەیەكی بنجی ڕستەیە و دەكەوێتە نێوان بكەر و كار، بەڵام بە پێی جۆری كاری ڕستەكە و هاتنی كەرەستەی تریش لە چەند حاڵەتێكدا شوێنەكەی دەگۆڕێت، هەندێك جار شاعیر بۆ ئابووری كردنی زمان دەیكرتێنێت و وەك بكەر تەنیا جێناوی ڕێكەوتنەكەی دەردەكەوێت، بۆ نموونە:

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**لە هەر كوێبم**

**خۆشم ئەوێی**

**لە هەر كوێبی**

**بیرت ئەكەم.** [٣٠: ١٤٨]

شاعیر بەرکاری لە هەردوو ڕستەکە کرتاندووە، کە تۆ، یان ئازیزەکەم، یان خۆشەویستەکەم، یان هەر ناوێك بێت و ڕستەکان لە بنجدا بەم شێوەیەن،

**من لە هەر کوێ بم ئازیزەکەم خۆشم ئەوێ.**

**تۆ لە هەر کوێبی من بیرت ئەکەم.**

**٣- کرتاندنی کار:** بەشێکی سەرەکی ڕستەیە و شاعیر زیاتر لە ڕستەی لێکدراو و ئەو ڕستانەی هەمان کارییان هەیە، کارەکە دەکرتێنێت؛ چونکە کاتێك چەند ڕستەیەك لێکدەدرێن، بکەر، یان بەرکار یان کار.....تاد، ((یەکێك دەمێنێتەوە و شوێنی سرووشتی خۆی لە شارستەکەدا ( main sentence) داگیر دەکات))[١: ٢٣١]، واتا شاعیر بۆ کورتبڕی و دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوە، کار دەکرتێنێت، بۆ نموونە:

(لەتیف هەڵمەت)* دەڵێت:

**نەخولی زەوی گۆڕا**

**نەجێی هەڵهاتنی هەتاو**

**نەڕەنگی مانگ**

**نەڕەنگی ئاو**[٣١:٥٥٧]

چوار ڕستەی شیعری بە دوای یەکدا هاتوون؛ بۆیە شاعیر تەنیا لە ڕستەی یەکەمدا کارەکەی هێناوە و لە ڕستەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا کرتاندوونی، ڕستەکان بەم شێوەیەن ( نە جێی هەڵاتنی هەتاو گۆڕا، نەڕەنگی مانگ گۆڕا، نەڕەنگی ئاو گۆڕا).

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**ڕووخساری"با"**

**دەکەن بە تاج**

**جوانییەکی شێتیش بە سوڵتان!...**[٥٠: ٢٥٨]

---

(*) لە توێژینەوەکەماندا زۆر تیشکمان نەخستۆتە سەر نموونەی شیعری لە بەرهەمەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ؛چونکە نامەیەکی ماستەر تایبەت بە لادان لە بەرهەمەکانی شاعیر ئەنجامدراوە، بڕوانە: [٩٧]

لە ڕستەی شیعری سێیەمدا کاری ڕستەکە کرتێنراوە، ڕستەکە بەم شێوەیە (جوانییەکی شێتیش دەکەن بە سوڵتان).

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**ئەمن لافاو دەمخنکێنیٚ و**

**تۆش تێنوێتی.!** [٦٢: ٤٨]

شاعیر لە ڕستەی دووەم کاری کرتاندووە و ڕستەکە بەم شێوەیە (تۆش تێنوێتی دەتخنکێنیٚ.).

(عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**لە باڵاوە، ناونیشانی..**

**هەنگاوەکان..،**

**گوڵەگەنم..،**

**دار چنار ئەخوێنیتەوە..!** [١٠: ٣٦]

شاعیر لە دوو ڕستەدا کاری (دەخوێنیتەوەی) کرتاندووە، ڕستەکان بەم شێوەیەن (ناونیشانی هەنگاوەکان دەخوێنیتەوە، ناونیشانی گوڵە گەنم دەخوێنیتەوە، ناونیشانی دارچنار دەخوێنیتەوە).

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) ئەم جۆرە لادانەی ئەنجامداوە و دەڵێت:

**هەنگاوم نا..،**

**هەر بیٚ تۆیی بوو سەفەرم**

**گەڕامەوە..،**

**هەر نامۆیی هاوسەرم** [٣٠: ١٨٦]

لە ڕستەی کۆتاییدا کاری ناتەواوی (بوو) کرتێنراوە و بەم شێوەیە (هەر نامۆیی بوو هاوسەرم).

**٤- کرتاندنی ئامراز:** شاعیر بۆ مەبەستی کورتبڕی ئامرازەکان دەکرتێنێت؛ چونکە (بە، کە، و، بەڵام، چونکە،.....تاد،) کۆمەڵە ئامرازێکن، لە زمانی کوردیدا چەند ئەرکێکی وەك: بەستنەوە و وەستان و جیاکردنەوەی

ڕسته.....تاد، دەبینن؛ بۆیە هەندێك جار نیشانەكانی خاڵبەندی ئەم ئەركە دەبینن و لە شوێنی ئامرازەكان بەكاردەهێنرێن، بۆ نموونە:

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**گەر بزەیەك بوو، لەتی دەكەم:**
**لەتێك بۆ خـــــۆم، لەتیَ بۆتۆ**
**بزەیـــەك بوو، لەتی دەكـــەم:**
**لەتێك بۆ خـــۆم، لــە تیَ بۆتۆ.**
**خـــەفەتێك بوو، بەشت نـادەم،**
**هەڵیدەمـــژم وەك دوا پەتــــۆ** [٧٤: ٩٨]

شاعیر لە سەرەتای ڕستەی دووەم و سێیەمدا ئامرازی (ئەگـەر، گـەر) ی كرتاندووە، ڕستەكان لـە بنجدا بـەم شـێوەیەن: (ئەگـەر بزەیـەك بـوو لـەتی دەكەم، ئەگەر خەفەتێك بوو بەشت نادەم).

(كەریم دەشتی) دەڵێت:

**چۆن ئەم ڕێیە ببڕم كە دێم روخسارت خۆڵەمێش**
**دڵی من ئاگرە** [١٢: ٤٨]

ئامرازی (و) لـە دوای خۆڵـەمێش كرتێنـراوە و ڕسـتەكان بـەم شـێوەیەن (چۆن ئەم ڕێ یە ببڕم كە دێم ڕوخسارت خۆڵەمێش و دڵا من ئاگرە).

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) ئامرازی (كە)ی كرتاندووە كاتێك دەڵێت:

**كە نات بینم**
**بەخیلی بەو بایە ئەبەم**
**ئێواران لە پرچت ئەدا** [٣٠: ١٤٦]

ئامرازەكـە لـە سـەرەتای ڕسـتەی سـێیەمدا كرتێنـراوە و ڕسـتەكە بـەم شێوەیە (كە ئێواران لە پرچت ئەدا).

ئەم جۆرە لادانە (كرتاندنی ئامراز) لای (ئەنوەر مەسیفی) لە كۆ شـیعری (جلو بەرگ و جمكەكان) بە تەواوی پـەیڕەوكرا و هەنـدێك ئـامرازی وەك: (و، كەچی، بەڵام، وەك، چونكە)ی بەكار نەهێناوە هەر وەك خـۆی لـە مانفێسـتی

دووەمی فۆرمی گران ئاماژەی پێکردووە، بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بە زیادە دەزانێت و زیاتر بۆ زمانی پەخشان و نووسینەکانی تر بە پێویستیان دەزانێت[١٠٥:١٤٢]؛ لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازانە بۆ زمانی نووسین کەرەستەی گرینگ و پێویستن؛ بۆیە ئەم لادانەی شاعیر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند تیژ بوویەوە و بە جۆرێك لە دەستکاریکردنی زمان لە قەڵەم دراو بۆچوونەکەشی پەسەند نەکرا[٣٣: ٣٢٩ – ٣٣٠]، بۆ نموونە:

شاعیر لە بەشێکی کۆ شیعری (جمکەکان)دا دەڵێت:

**تەمبوور قوڕ**

**لە بەر بارانی کەون**

**سییەکانی**

**لە دێڕێ دانا**

**پاشی ماینان**

**باڵندە**

**بە خووس**

**لە ئادەم درا**[١٨: ٣٩– ٤٠]

ئەو ئامرازانەی شاعیر ئاماژەی پێکردوون لە شیعرەکەدا بەکارنەهێنراون.

**٥– کرتاندنی مۆرفیمی (ە):** کرتاندنی ئەم نیشانە ڕێزمانییە لە چەند نموونەیەکی شیعری دەبینرێت، بۆ نموونە:

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**دارستان پەنابەری کۆچ**

**باخچە دیلی باڵندە**[٤١: ٣٢]

لە کۆتایی هەردوو ڕستەکە مۆرفیمەکە کرتێنراوە، واتا (دارستان پەنابەری کۆچە، باخچە دیلی باڵندەیە).

**خەون شادمانی سەرزەمین**

**سەرزەمین گێژەنی ژیان**[٤١: ٢٩]

له کۆتایی هەردوو ڕستەکە مۆرفیمەکە کرتێنـراوە و ڕستـەکان لـە بنجـدا بەم شێوەیەن (خەون شادمانی سەرزەمینە، سەرزەمین گێژەنی ژیانە.)

٦- **کرتاندنی تەواوکەر:** تەواوکەری ڕاستەوخۆ، یان بەیاریدە دوو بەشی پێویستی ڕستەن، (سەباح ڕەنجدەر) لە نموونەیەکدا کرتاندوویەتی و دەڵێت:

**پەنجەم ئاوەدانی شار**

**نینۆکم گوند**[٤١: ١٦]

لە ڕستەی دووەمدا تەواوکەر کرتییێنراوە و ڕستەکە بەم شێوەیە (نینۆکم ئاوەدانی گوندە).

٧- **کرتاندنی نیهاد:**

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**ڕەگەکانم زیندوون،**

**ڕووناکی بەخشن،**[٧٧: ٣٢٨]

لــە ڕســتەی دووەم دا نیهــادی ڕســتەکە کرتێنــراوە و لــە بنجـدا بــەم شێوەیەیە (ڕەگەکانم ڕووناکی بەخشن.)

(رەفیق سابیر) دەڵێت:

**روخسارمان هێشتا نوقمی هەڵچوونە**

**نوقمی سەرسامی و لە دایکبوونە**[٣٢: ٢٨٥]

لــە ســەرەتای ڕســتەی دووەمــدا نیهــادی ڕســتەکە کرتێنــراوە و ڕســتە شیعرییەکە لە بنجدا (ڕوخسارمان نوقمی سەرسامی و لە دایکبوونە).

٨- **کرتاندنی نیشانەی ڕێکەوتن:** لە زمانی کوردیدا جێناوی ڕێکەوتن لـە نێوان بکەر و بەرکار و کەرەستەکانی تـری ڕسـتەدا هەیـە، هـەر ئەمـەش وای کردووە زۆربەی جار بکەرەکە دەرنەکەوێت و بەم نیشانە بیناسینەوە، بـەڵام شاعیر هەندێك جار لادەدات لەم یاسا ڕێزمانییە و نیشانەکە دەکرتێنێـت. بـۆ نموونە: (عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**شادیی زەوی وەکوو خۆرە —**

**تاوێك دیارە، تاوێك بزر.**[٧٤: ٨٤]

جێنـاوی لکـاوی (ە) بـۆ کەسـی سـێیەمی تـاك، لـە کۆتـایی ڕسـتەکە کرتێنراوە، لە بنجدا (تاوێك بزرە)یە، بۆ شادی زەوی دەگەڕێتەوە.

شاعیر لە شیعری (دیوار) هەمان لادانی ئەنجامداوە و دەڵێت:

**تۆ چەکەرەی چیمەنزاری،**

**من درەختێکی ڕەهەندە.**[٧٤: ١١٦]

لە لەتی دووەمدا لە دوای وشەی (ڕەهەنـدە) جێنـاوی لکـاوی ڕێکـەوتنی (م) کرتێنراوە، کە بۆ من دەگەڕێتەوە و لە بنجدا (ڕەهەندەم)ە.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**بۆ کێ بنووسێ پێنووسم؟**

**کە تۆ چرای**

**شەوانی پڕ لە مەترسیم**

**کە تۆ تێشووی**

**گیانی هێجگار ماندوو برسیم**[٣٠: ١٤١]

لـە دوای (مەترسـیم، برسـیم) نیشـانەی ڕێکـەوتنی (ی)ی کرتانـدووە؛ بۆئەوەی سەرواى شیعرەکە ڕێکخات و لەگەڵ وشەی (پێنووسم)دا بگونجێن.

**٩- کرتاندنی جێناوی نیشانە:** ئەم جۆرە لادانە لـە چـەند نموونەیـەکی شیعری بەرچاو دەکەوێت، وەك:

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**ئەگەر دڵەکوتەت هاتێ**

**دڵی منە لە ناو سینگت دادەخورپێ**

**ئەگەر بیرت لێ کردمەوە**

**بیری منە لە ناو سەرت ڕادەچەنێ**[٥٠: ٢٣٣]

شـاعیر لـە سـەرەتای ڕسـتەی دووەم و چـوارەمدا جێنـاوی (ئـەوە)ی کرتاندووە.

**ئەوەی یاسا بۆ شەو دانێ**

**دەرگای خەو بینین دابخا**[٥٠: ٢٣٩]

شاعیر جێناوەکەی لەسەرەتای ڕستەی دووەمدا کرتاندووە.

## ٢-٢-٢: پاش و پێش خستن – جێگۆڕکێ (التقديم والتأخير) (Hyperbaton)

ئەم جۆرە لادانە لە ئەنجامی جێگۆڕکێکردن و گۆڕینی شوێنی بنجی و سەرەکی وشە و کەرەستەکانی ناو ڕستە (بکەر، بەرکار، کار، ئامرازەکان.....تاد،) دروست دەبێت؛ چونکە کەرەستەکانی ڕستە لە هەر زمانێکدا بە پێی خاسیەت و یاسای سینتاکسی ئەو زمانە خاوەن ڕیزبەندی و شوێنی دیاریکراوی خۆیانن، بۆ نموونە: لە زمانی کوردیدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کار لە کۆتایی دایە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کار دەکەوێتە سەرەتا و بەرکار لە کۆتایی دایە، ئەم پاش و پێشخستنە لە نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە و ڕۆنانەکەی گرینگترین ئەدگاری لادانە لە ئاستی پێکهاتەیی[١٤٢: ١٧]؛ بۆیە (جان کۆهین) لە تیۆرەکەیدا گرینگی زۆری پێداوە، (لیچ)یش لادانە ڕێزمانییەکانی ئاستی ڕستەی تەنیا لە پاش و پێش خستندا چڕکردووتەوە.

ئەم لادانە لە زمانی شیعریدا بە ڕەهەندێکی گرینگ دادەنرێت، بوار لەبەردەم دەلالەتی جیاجیای ڕستە شیعرییەکان دەکاتەوە، ئیجای جیاوازیان پێدەبەخشێت و پێوەندی نوێ لە نێوانیاندا دەرەخسێنێت، جا پەیوەندییەکە ئاوازەیی بن، یان دەلالی، سەرباری داماڵینی زمان لەو سیمایە گشتییەی لە پەخشان و ئاخاوتنی ئاساییدا هەیەتی[٩٦: ١٤٧]؛ چونکە لادانی ئاستی پێکهاتەیی ئەڵقەیەکە لە نێوان ئاستی دەنگ و ئاستی واتا. ئەم لادانەی شاعیر پاڵنەر و مەبەستێکی لە پشتە، یان بوارێکی دەنگییە بۆ ڕێکخستنی کێش و سەروا و دەرخستنی قورسایی ئاواز، یان بۆ ئامانجێکی مەعنەوییە وەك: دەستنیشانکردن و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو شتەی پاش، یان پێشی دەخات[١٢٢: ٦٨]، (جرجانی) لە کتێبی (دلائل الأعجاز)دا شێوەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە لادانەی دابەشی سەر دووجۆر کردووە[١٤٣: ١٠٦]:

١– پێش خستن بە نیەتی پاش خستن، لێرەدا وشەکە بە هەموو ئەو پلە و ڕەگەزەی هەیەتی پێش دەخرێت و کار لە ئەرکی ڕێزمانی وشە پێش خراوەکە ناکات، کە بە واتا ڕێزمانییەکە ناسراوە، هەروەها پلە ڕێزمانییەکەشی دەپارێزرێت.

٢– پێش خستن بە بێ نیەتی دواخستن، لێرەدا بە گواستنەوەی کەرەستەکە پلە و بوار و ڕەگەزەکەی دەگۆڕێت، بەمەش شوێنێکی نوێ لە دەقەکە داگیر دەکات و ئەرکێکی نوێ و تایبەت وەردەگرێت، بە گوێرەی ئەو شوێنە نوێیەی لە بونیاتی ڕستەکەدا هەیەتی.

پاش و پێش خستن گەلێك تێڕوانینی هاودژی لای ڕەخنەگر و ڕەوابێژیناسان هێناوەتە کایەوە؛ چونکە سەرەڕای ئەو ئەرکە ئێستێتیکایەی هەیەتی لە زەقکردنەوەی شتی نادیار و نامۆ، دەستنیشانکردن و ڕێکخستنی مۆسیقای شیعر و دەرخستنی توانای شاعیر لە گەردان کردن و ئالۆزکردنی بونیاتی ڕستە[١٥٨: ١٧٩]، [١٦٩: ١٣٨]، هەندێك جار هۆکارە بۆ لێڵی واتایی و دژواتایی پێکهاتەیی و شیعر بەرەو ئالۆزی و تێنەگەیشتن دەبات؛ چونکە ((ئەو کریار دبیتە ئەگەرێ گهورینا واتا و دەلالەتا تێکستێ، چونکی، یان دیارە، دەما گهورینێن ڕێزمانی پەیدا دبن، بەرامبەری وێ گهورینێن دەلالی ژی پەیدا دبن.)) [٥٧: ١٨٠]؛ لە بەر ئەوە ئەو ڕەوانبێژیناسانەی باس لە مەرجەکانی ڕوونبێژی دەکەن، پاش و پێش خستن ڕەتدەکەنەوە. [١٢٢:٢٠٣]، ئێمە تەنیا ئەم پاش و پێش خستنانە دەخەینەڕوو، کە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەم قۆناغە (١٩٨٠ – ١٩٩١) پەیڕەوکراون و بریتین لە:

**١– پێش خستن و پاش خستنی بکەر و بەرکار:** بکەر لە ڕستەی زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەتا و بەرکار لە دوای بکەرەوە دێت، بەڵام شاعیر لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان لە زمانی شیعرییدا، شوێنی ئەم دوو کەرەستەیە دەگۆڕن، بۆ نموونە:

**بە چرپە دەنگت دێتە گوێم**[١٠: ٣٠]

شاعیر بکەر و بەکاری ڕستەکەی پاش و پێش خستوون و ڕستەکە لە بنجدا (دەنگت بە چرپە دێتە گوێم)ە.

**من دەمەوێ ببم بەتۆ —**

**ڕەنگم ڕەنگی درەختان بێ،**

**بەرزیشش بفڕم وەکو هەڵۆ**[٧٤: ٧٣]

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە پێناوی ڕێکخستنی سەرواى کۆپلەکە وشەی (**هەڵۆ**)ی پاش خستتووە؛ بۆ ئەوەی لەگەڵ (بە تۆ) ببێتە وشەی سەروا، ڕستەکە بەم شێوەیە (وەك هەڵۆش بەرز بفڕم).

**لە ئاوێنەی تریفەدا دەشتی بازیان،**

**پێ ئەکەنێ و دەر ئەکەوێ دانی سپی،**[٤٠: ١٠١]

(شێرکۆ بێکەس) جێگۆڕکێی بە بکەر و بەرکاری ڕستەکە کردووە و ڕستەکە بەم شێوەیەیە (دەشتی بازیان لە ئاوێنەی تریفەدا پێ ئەکەنێ).

**٢— پێش خستن و پاش و خستنی کار و بەرکار:** ڕیزبەندی و شوێنی کار لە ڕستەی زمانی کوردیدا کۆتایی ڕستەیە، بەرکاریش پێش ئەم دەکەوێت؛ بۆیە یەکێك لەو لادانانەی لە ئاستی پێکهاتەیی ڕستەدا ڕوودەدات، جێگۆڕکێ کردنی ئەم دوو کەرەستەیە، بۆ نموونە:

**جیهانی خەمەکانمان**

**دەتەنیت بە گۆرانی.**[٣٢: ٢٤٧]

شاعیر لە لەتی دووەمدا شوێنی کار و بەرکاری ناڕاستەوخۆی گۆڕیوە و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە بەم شێوەیەیە (جیهانی خەمەکانمان بە گۆرانی دەتەنیت.)

(قوبادی جەلیزادە) ئەم لادانەی لە چەند دەقە شیعرێکدا ئەنجامداوە و دەڵێت:

**شا شیعرێکی جوامێریان**

**کرد بە دارا** [٦٢: ٢٩]

کاری ڕستەکە پێش خراوە و بەرکارەکەش پاش خراوە؛ چونکە ڕستەکە بەم شێوەیە لە بنجدا (شا شیعرێکی جوامێریان بە دارا کرد).

**شەو هەڵ ئەلەرزی ئازاری دڕك** [٧١: ٢٣]

بەرکار و کاری ڕستەکە جێگۆڕکێیان پێکراوە و ڕستەکە لە بنجدا بەم شێوەیە (شەو ئازاری دڕك هەڵ ئەلەرزی).

**(کەریم دەشتی) دەڵێت:**

**بەر لەوەی چرای پەنجەی زام و لاوازم**

**بگێڕم بە ناو پرچی هەورت** [١٢: ٥٥]

کاری (بگێڕم) پێش بەرکار (بە ناو پەرچەمی هەورت) کەوتووە.

**لە کراسە پەمەیی ڕەنگەکەت زیاتر**

**ئەنووسێم بە گیانی خەمتا..** [١٠: ١٩]

شاعیر جێگۆڕکێی بە بکەر و بەرکاری ڕستەکە کردووە، کاری (ئەنووسێم) دەبێت لە دوای (بە گیانی خەمتا بێت) کە بەرکارە.

**٣- پێش خستن و پاش خستنی هەندێك کەرەستەی تری ناو ڕستە:** ئەم جۆرە پاش و پێش خستنەدا شێوەیەکی جیاوازە لە هەموو ئەوانەی پێشووتر خستماننە ڕوو، شاعیر چەند کەرەستەیەکی سەرەکی و لاوەکی ناو ڕستە جێگۆرکێ پێدەکات، وەك: ئاوەڵکار و تەواوکەر و..... تاد، بۆ نموونە:

**سەرمان بەرزە وەك ئاڵامان**،[٧٤: ١١٣]

(عەبدوڵلا پەشێو) تەواوکەری پێش خستووە و هەندێ کەرەستەی تری دواخستوون؛ چونکە ڕستەی بنجی بەم جۆرەیە (سەرمان وەك ئاڵامان بەرزە.)

**ئاو بێدەنگ لە شەوی ئاهەنگ دادەنیشێ**[٤١: ٥]

(سەباح ڕەنجدەر) شوێنی بەرکار و ئاوەڵناوێکی ڕستەکەی گۆڕیون و ڕستەکە بەم شێوەیە (ئاو لە شەوی ئاهەنگ بێ دەنگ دادەنیشێ.)

**وەك پارچەیەك خۆشەویستی**

**من بە دوای ڕۆژی ڕووتەوەم**[١٠: ٢١]

شاعیر بکەری پاش خستووە، ڕستەکە شێوەی ڕاستەقینەکەی بریتییە لە (من وەك پارچەیەك خۆشەویستی بە دوای ڕۆژی ڕووتەوەم).

**کەودەر باڵەکانی مۆسیقا دەفرۆشیٚ**[٤١: ٢٥]

دیارخەر و دیارخراو لە ڕستە شیعرییەکە پاش و پێش خراون و ڕستەکە بەم جۆرەیە (باڵەکانی کەودەر مۆسیقا دەفرۆشن).

**٢-٢-٣: بەلووتکەکردن**

ئەم جۆرە لادانە ئەدگارێکە لە ئەدگارەکانی پێش خستن و پاش خستن، بە واتایەکی تر، لادان بە پێش خستن و پاش خستن هەوێنی هاتنە کایەوەی ئەم جۆرە لادانەیە لە زمانی شیعرییدا، سیمای جیاکاری نێوان ئەم دوو لادانە لە وەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر بە پێش خستن، یان پاش خستن کەرەستەیەکی ڕستە بە لووتکە دەکات لە چاو کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە[٩٣: ١٩٠]، بۆ مەبەستی زەقکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و جەختکردنەوە لەسەر ئەو واتا و مەبەستەی ئامانجییەتی، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك ئەو کەرەستانەی پاش و پێش دەخرێن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بە لووتکە کردن دوو شێوەی هەیە:

١- **بە لووتکە کردن بە پێش خستن:** لەم جۆرە لادانە شاعیر بە پێش خستن کەرەستەکە بە لووتکە دەکات و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، وەك:

**مردم کراسم برادەرایەتی بەردام**[٤١: ١١]

(مردم) بە پێش خستن بە لووتکە کراوە.

**ڕۆچووین بە ناو جوانییە ئەتك کراوەکان**[٤١: ٣٥]

شاعیر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر کاری ڕستەکەی بە پێش خستن بە لووتکە کردووە.

**پرسیاری تۆ ئێجگار زۆرن،**
**گەورەن بە قەد خەمەکانمان،**
**قووڵن هێندەی زامەکانمان،**[٤١: ١٢٣]

لـه لـەتی دووەم و سـێیەمدا تەواوکـەری ڕسـتەکان بـە پـێش خسـتن بـە لووتکە کراون.

**ئەڕۆم هەگبەی**

**کۆچێکی دوورم لە پشتە**[٣٠: ١٥٠]

شاعیر بۆ جەختکردنەوە، کاری ڕستەکەی هێناوەتە سەرەتای ڕستە.

**قیژاندم بەسەر هەموو جیهاندا..** [٢٦: ٥٤]

کـاری (قیژانـدم) بـە لووتکـە کـراوە، لـە چـاو کەرەسـتەکانی تـری نـاو ڕستەکە.

**کرێوەبوو، دنیا بولێڵ...** [٧٤: ٥٤]

(عەبدوڵڵا پەشێو) کاری (کرێوەبوو)ی لە کۆتایی ڕستە بە پێش خسـتن بە لووتکە کردووە.

٣-**بە لوتکە کردن بە پاش خستن:** شاعیر هەندێك جار بـە پێچـەوانەوە، بەلووتکەکردنی کەرەستەکان ئەنجام دەدات ((ئەگەر کەرەستەکە پـاش خـرا ئـەوە دیـار و زەقـە، بـەڵام ڕێـژەی کـەمترە لـە پـێش خسـتن))[٩٣: ١١١]، نموونەی ئەم جۆرە وەك

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**چاومان چوقاند، لە شەرمانا!**[٦٢: ١٤]

بە پاش خستنی بەرکاری رستەکە (لە شـەرمانا)ی بـە لووتکـە کـردووە، ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە (ئێمە لە شەرمانا، چاومان چوقاند).

**دەستاڕێکی مات و کپە.. وڵاتی من**

**هۆ کوڕینە...** [٦٢: ١٩]

ئامرازی بانگکردن هەمیشە دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، بـەڵام شـاعیر بـە پاش خستن بە لووتکەی کردووە و ڕستەکە ڕیزبەندی بنجی بریتییـە لـە (هـۆ کوڕینە...وڵاتی من دەستاڕێکی مات و کپە)، بەمەش سەرنجی خوێنەر زیـاتر دەکات بۆ چاوەڕوانکردنی ئەو شتەی شاعیر لە بارەیەوە دەدوێت.

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**دوورگەیەکی ونبووی ناو تەمە ئەو جیهانە،**[٧٧: ٣٥٩]

شاعیر بە پاش خستن بە لووتکەکردنی ئەنجامداوە و (ئەم جیهانە)ی لە سەرەتای ڕستە بردۆتە کۆتایی ڕستەکەوە.

**٢-٢-٤: تێکدانی ڕۆنان* و شێوەی گشتی و باوی ڕستە**

یەکێك لەو ئەدگارانەی لە بونیات و پێکهاتی چەند ڕستەیەکی شیعری دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی (١٩٨٠ – ١٩٩١) بەرچاو دەکەوێت، تێکدانی ئەو ڕۆنانە گشتی و بەربڵاوەیە، کە لە ئاخاوتنی ئاسایی زمانی کوردی بەکاردێن و ڕیزبەندی کەرەستەکانیان لە چوارچێوەی یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانەدایە، بەدەر لە هەموو ئەم جۆرە لادانانەی پێشووتر باسمان کردن، شاعیر بۆ دوورکەوتنەوە لە یاسا و شێوە باو و جێگیرەکان، کردەی لادانی ڕۆنانی لە سەرجەم پێکهاتەکانی ڕستەی شیعری ئەنجام دەدات؛ بەمەش خوێنەر ڕووبەڕووی ڕۆنان و پێکهاتێکی نامۆ دەبێتەوە، کە پێشتر نەیبیستووە و نەبووە؛ بۆیە بۆ تێگەیشتن لە واتای دێڕ و لەت و کۆپلەکان هەوڵ دەدات زیاتر لە و بونیاتە وردبێتەوە و کەرەستەکان بگێڕێتەوە بۆ ڕیزبەندی بنەڕەتی خۆیان؛ چونکە زۆربەی جار لێڵی و تەم و مژی واتایی و نەبوونی واتایەکی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە: (کەریم دەشتی) دەڵێت:

**کە هاتی قامچی بوو تاجی سەر برینی ئەم سینەم**

**تۆ سینەم نابینی بۆتە چۆن درەختێ**[١٢: ٣٥]

ڕۆنانی ڕستەشیعرییەکان ناباون و شێوە باوەکەیان بەم شێوەیە ( تاجی سەر ئەم برینەی سینەم قامچی بوو، کە هاتی) و (سینەم بۆتە چۆن درەختێ تۆ نابینی؟).

(عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:

---

(*) د.محەمەد بەکر، ئەم جۆرە لادانەی بە تێکدانی داڕشتنی ڕستە ناوبردووە. لادانەکەشی لە دانانی (،) لە شوێنی ئامرازی بەستنەوە کورتکردووتەوە. [١٥: ٤٤]

**دێ، دەتەنێ دەشتی ڕۆحم، بە هۆبەی خەم،**[٧٤: ٢٧]

ڕۆنانی ڕستە شیعرییەکە لە ڕۆنانی ڕستەی زمانی کوردی جیاوازە، ڕیزبەندی کەرەستەکان بەم جۆرەن: دێ بە هۆبەی خەم دەشتی ڕۆحم دەتەنێ.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**ئەوسا فریشتە، کە گەڕامەوە، لەو ڕێگە دوورە**

**بیدە لە سەرتا، چڵێ نێرگز و گوڵاڵە ســـوورە**[٣٠: ١٨٠]

شوێنی بنجی چەندین کەرەستەی ناو ڕستەکە گۆڕاوە؛ بۆیە بونیاتەکەی جیاوازە لەگەڵ پێکهاتی شێوە بنجییەکە (فریشتە کە لەو ڕێگە دوورە گەڕامەوە، ئەوسا چڵێ نێرگز و گوڵاڵە سوورە لە سەرتا بدە.).

(سەباح ڕەنجدەر) ڕۆنانی بڵاوی ڕستەی کوردی لە ڕستەیەکی شیعری تێکداوە و دەڵێت:

**تاکە پێڵاوی منداڵ لینگاو گۆڕە لە پێی کات.**[٤١: ١٨]

ڕۆنانە بڵاوەکە بەم جۆرەیە (منداڵ پێڵاوی لە پێ کات تاك و لینگاو گۆڕە.).

**پەنجەم بۆنی تووکی ناو بالیف نەخۆشی کەوانە.** [٤١: ٢٣]

ڕۆنانەکەی بەم شێوەیەیە (پەنجەم بۆنی نەخۆشی تووکی کەوانی ناو بالیفە.)

(جەمال شارباژێڕی) دەڵێت:

**لەسەر هەر بستە خاکێ دامنا پێم..**

**کڕنوشی وەك نوێژ بەرم بۆ ڕێزی..** [٧١: ٣٤]

ڕۆنانی وشەکە تێکدراوە و لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە (لەسەر هەر بستە خاکێ پێم دانابێ، وەك نوێژ کڕنوشی ڕیزم بۆ بەری).

**٢- ٢ -٥: هەڵەی ڕێزمانیی**

لـە بەشـی تیـۆری توێژینەوەکەمانـدا ئـەوەمان ڕوون کـردەوە، کـە لـە ئەزموونی شیعریدا شێواز هەڵەیەکی مەبەستدارە، واتـا شـاعیر بـە مەبەست هەڵـە دەکـات، بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئـەدگار و سـیمایەکی ئێسـتێتیکی لـە ئـەزموونی ئـەدەبیی خۆیـدا، ئەمـەش بـە گرتنەبـەری چـەندین ڕێ و شـوێنی هونەریی هەمەچەشن، لە بونیـاتی پێکهاتـەیی وشـە و ڕسـتەکاندا، دواتـریش ئاستەکانی دەنگ و واتا بەیەکەوە گـرێ دەدات، بـەڵام ئـەو هەڵانـەی لـە بـێ ئاگـایی شــاعیرەوە ڕوودەدەن، یــان هــیچ بەرجەسـتەکردن و ڕەهەنـدێکی ئێستێتیکی بە دەقە شیعرییەکە نابەخشـن؛ بـە لادانێکـی سـلبی و ناپەسـند ئەژمار دەکرێن و لە پلە و کاریگەری ئاستی دەقەکەش کەم دەکەنەوە.

ئێمە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی دەقە شیعرییەکانی ئەم کۆمەڵـە شاعیرەی سـنووری توێژینەوەکەمانـدا، چـەندین هەڵـەی ڕێزمانیمـان تێبینـی کردووە، لە ئاستی پێکهاتەیی ڕستەکاندا، وەك هاتنی کەرەسـتەی زیـادە لـە ناو ڕستەدا، نەبوونی نیشانەی ڕێکەوتن، لادان لـە کۆکردنـەوەی وشـە، هەڵـە بەکارهێنانی نیشانەی ڕێکـەوتن، گـۆڕینی شـوێنی جێناوەکـان.....تـاد، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:

**دێ، دەتەنێ دەشتی ڕۆحم، بە هۆبەی خەم**
**بەهاریش بێ شینکەم نوقمی خـــەزەڵ دەکا** [٧٤: ٢٧]

لە نیوە دێڕی دووەمدا جێنـاوی لکـاوی (م) دەبێـت بچێتە سـەر وشـەی (بەهاریش)؛ چونکە جۆرێك لە نارێکی لـە داڕشـتنەکە دروسـت کـردووە و لـە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە (بەهاریشم بێ شینکە نوقمی خەزەڵ دەکات).

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**شەو هاوینێ خەوم نەهات،**
**لە بن دیوارێ دانیشتم** [١٠٥: ٥٩]

لە لەتی یەکەمدا هەڵەیەکی ڕێزمانی هەیە و شاعیر ئامرازی (ێك)ی بەکارنەهێناوە و دەبوایە بڵێت (شەوێکی هاوینێ)؛ بۆیە لە کاتی خوێندنەوە هەست بە جۆرێك لە لەنگی دەکرێت.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**خۆم لە خۆزگان بە تاڵ دەکەم**[٤٧: ٥٣]

شاعیرلە کۆکردنەوەی وشەی (خۆزگە) هەڵەی کردووە؛ چونکە هەندێك وشە لە زمانی کوردیدا لە کاتی کۆکردنەوە، نیشانەی (ەکە) ی ناسیاوی دەچێتەسەر ئینجا کۆدەکرێتەوە؛ بۆیە دەبێتە (خۆزگەکان).

**کە ئەستێران دەجریوێنن**،[٦٢: ١١٨]

هەڵەی پێشوو لای (قوبادی جەلیزادە) دووبارە بووتەوە، وشەی (ئەستێرەکان) بەم شێوەیە کۆدەکرێتەوە.

**سێشەممە ردێن تراشین پەسند نییە**[٤١: ٢٠]

(سێشەمووان، سێ شەممان) ردێن تراشین پەسەند نییە، هەڵەی ڕێزمانیی لە وەدایە، ئەو تایبەتمەندییەی شاعیر باسی لێوە دەکات هەموو سێشەممەیەك دەگرێتەوە؛ بۆیە دەبێت بە شێوەی کۆ بەکاربهێنرێت.

**لە سەر زەوی خەون دانیشتن**[٤١: ٢٩]

نیشانەی ڕێکەوتن (ن) لەم ڕستە شیعرییەدا کۆیە، بەڵام ناوەکە (خەون) تاکە؛ بۆیە هەڵەیە، یان دەبێت خەون بکرێتە (خەونەکان) یان نیشانەکە بکرێتە تاك، بۆ کەسی سێیەمی تاك (∅) دەرناکەوێت، واتا ڕستەکە (لەسەر زەوی خەونەکان دانیشتن. یان خەون لەسەر زەوی دانیشت.)دەبێت.

(موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) دەڵێت:

**کێیە دەڵێت بزماری داخ**
**لەش و چاوە بێ کامەکان**
**دادەکێڵن؟!** [٢٠: ٦١]

هـەمان هەڵـەی ڕێزمـانی نموونـەی پێشـووترە، (بزمـاری داخ) وشـەیەکی لێکدراوی تاکە، بەڵام نیشانەی ڕێکەوتن (دادەکێڵێن) بە شێوەی کۆ هـاتووە؛ بۆیە دەبێت کاری ڕستەشیعرییەکە (دادەکێڵێت) بێت.

**سوێندم دەخۆم،**

**بە گەردو خاك**[٢٠: ٣٩]

جێناوی ڕێکەوتنی بکەر دەکەوێتـە کۆتـایی ئـەو کـارەی بکـەر ئـەنجامی دەدات؛ بۆیە لە (سوێند دەخۆم)دا جێناوی دوای (سـوێند) زیادەیـە؛ چـونکە (سوێند دەخۆم) کارێکی لێکدراوە و تەنیا پێویستی بەیەك جێناو هەیە.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**کە من هەرگیز بە تۆ نەگەم**

**ئیتر بۆ نەبمە بە دێوانە**[٣٠: ١٤٨]

هەڵەی ڕێزمانی لە لەتی دووەمدایە، دەبڕینەکە، یان دەبێت (ئیتر بۆ نەبم بە دێوانە) بێت، یان (بۆ نەبمە دێوانە)بێت، واتا (ە، بە) یەکێکیان زیادەیە لە ڕستەکەدا، هەرکاتێك یەکێکیان بەکارهێنرا ئەوی تریـان زیادەیـە و ڕسـتەکە پێویستی پێ نابێت.

**٢-٢-٦: ڕستەی ناتەواو**

ڕستەی ناتەواو، ئەو ڕستانەن، کە مەرجە سەرەکییەکەی ڕستە – بوونی بەشە سەرەکییەکان، ڕیزکردنی کەرەسـتەکان بـە پێـی یاسـا ڕێزمانییـەکان، گەیاندنی واتا – یان تێدا نییە. ئەمەش یەکێکە لـە ئـەدگارەکانی (نووسـینی ئۆتوماتیکی)* لای سوریالییەکان؛ چونکە ((پێیانوایە دەکرێت ڕسـتە بـەدوای یەکـدا بـێن وەك ترپـەکانی دڵ بـە بـێ بیرکردنـەوە و چـاودێری و ڕێکخستن.))[٢٠٦:١٤٣]ی مـرۆڤ خـۆی؛ بۆیـە لـە کـردەی داهێنـانی شـیعریدا

(*) بە شـێوەی ئۆتومـاتیکی بریتییـە لـەوەی ( (کـە نووسـەر لـە هـەر کاتێکدا دەسـت بداتـە پێنووس و بێ ئەوەی بیربکاتەوە، بێ ئەوەی خـۆی بخاتـە ژێـر ڕکێفـی لۆژیـك و کـۆنترۆڵی عەقڵەوە، بێ دۆش دامان و بیرکردنەوە، یەکسەر ئـەوەی دێتـە سـەر دڵ و زمـانی، ئـەوەی دێتە خەیاڵی...بینووسێتەوە))[٤٢: ٢٦٧].

بەردەوام ئازادییەکی ڕەهایان بە خۆیان داوە، بە بێ ملکەچکردن بۆ یاسا ڕێزمانییەکان، بەمەش کەرەستەکان بەسەر یەکدا کەڵەکەدەبن، بەبێ ڕێکخستن و پێکبەستنەوە، هەروەها لە ڕووی عەقڵ و لۆژیکیشەوە پەسەند ناکرێن؛ لەبەرئەوەی زۆربەی کات واتا و مەبەستی تایبەتیان نییە.

پاڵنەر و ئامانجی سەرەکی سوریالیەکان لەم کارەدا گەڕاندنەوەی زمانە بۆ ڕەهایی؛ چونکە لە گۆشەیەکی تایبەتەوە بۆ زمان (وشە، ڕستە) دەڕوانن و پێیانوایە پێش ئەوەی فەرهەنگەکان وشەکانی زمان بەند بکەن لە واتادا ئازاد بوونە و دەلالەتیان نادیار بووە، دوایی ڕێزمان هاتووە لە نەسەقێکی بەکارهێنانی دیاریکراو چوارچێوەیەکی بۆ دروست کردوون.[١٦٨: ٧٠]؛ بۆیە دەیانەوێت ئەو یاسا و کۆت و بەندانەی فەرهەنگ و ڕێزمان ببەزێنن.

کەواتا ئەم لادانە لە ڕستەی شیعرییدا، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ڕێکخستنی کەرەستەکانی ناو ڕستە و نەگونجان و نەبوونی پێوەندی لۆژیکی واتایی بەدی دێت؛ لە بەرئەوەی هەموو ئەوانە لە پێکهات و چوارچێوەی ڕستە بەرجەستەدەکرێن، هەروەك (د.سعید حسن بحیری) دەڵێت: ((ناکرێت بڕیار لەسەر دەلالەتی ڕاستەقینەی هیچ ڕستەیەك بدەین لە ناو دەقدا، تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی دەلالەتە پێشەکی و پاشەکییەکانی ئەو زنجیرەیە نەبێت، تەنانەت ئەگەر دەقەکەش بچووك بوو؛ چونکە دەق یەکەیەکی گشتگیرە و بەشەکانی پەیوەستن بەیەکەوە)).[١٥٣: ٩٥]

(ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر) وەك دوو شاعیری دیاری قۆناغی هەشتاکانی شیعری کوردی، لە بەر تیشکی کاریگەربوون و نووسین بە شێواز و دەستووری ڕێبازی سوریالیەکان ئەم لادانەیان لە چەندین ڕستەی شیعری دەقەکانیاندا ئەنجامداوە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(ئەنوەر مەسیفی) لە بەشێکی دەقی (جل و بەرگ و جمکەکان)دا دەڵێت:

**ساقۆ پەمۆ**

**لە پشت بەردە بۆری پشت ماڵان**

**گۆرانیی بزماران**

**بازرگانی خۆڵ**

**سەرکەکان چوونەوە ناو کیفی**

**ئاخوڕ لە بیابان**

**رۆژی ناو هەور**[١٨: ٢١–٢٢]

چەندین کەرەستە لە ناو ڕستە شیعرییەکاندا ئامادەنین؛ بۆیە واتا و مەبەستێکی دیاریکراویش نادەن بە دەستەوە، ئەمەش ڕێگا بە خوێنەر دەدات لە دید و تێڕوانینی تایبەتی خۆی و ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی سەرپشك و ئازادبێت لە چۆنیەتی لێکدانەوەی واتا و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی لە سنووری هەر ڕستەیەکدا بوونیان هەیە؛ لەبەرئەوە ئەم لادانە بەرەو فرە واتایی لێکدانەوەی جیاوازی دەق سەردەکێشێت.

شاعیر لە بەشێکی دەقی (جمکەکان)یشدا دەڵێت:

**تەمبور قوڕ**

**کاولی**

**لا**

**بەرد**

**باداری**

**موو**

**پەلك**

**کەسکی چاکی**

**لای چووم**[١٨: ٣٩–٤٠]

ڕستە شیعرییەکان نە لە ئاستی ئاسۆیی نە لە ئاستی ستوونی خاوەن سنوور و واتا و سیستەمێکی دیاریکراو نین.

(سەباح ڕەنجدەر) لە بەشێکی دەقی (سزای هەمیشەیی)دا دەڵێت:

**داواکراوم بەرپا نەبوو**

**دانیشتمەوە**

**كراسم پەڕۆی داوەڵ**
**هەوڵم چالاکی بۆشایی**[٤١: ١٦]
**مووچڕکی فەرامۆشی لێرە**
**باوێشك بەو بەری**
**نەخرۆشاوی خۆمیت**[٧:٤٧]

بونیاتی ڕستە شیعرییەکان ناتەواوە و چەندین کەرەستەیان کرتێنراوە و سیستەمێکی ڕێك و ڕێزمانی دروست نەبووە؛ بۆیە واتایان دیار نییە.

هەروەها لە بەشێکی دەقی (جەنگی پرسیار)دا دەڵێت:

**پانکەی ناو تونێل باڵ گەچڵاو**
**دووکەڵی درەختی تەڕ**
**یاداشتی ژنی بەباران شێلدراو**
**بۆنی دۆڵ**
**گۆرانی خۆشبەختی پیاوی لە باخچە هەڵاتوو**
**سیما ئاوێنە نەیگەست**[٤١: ٣١]

خوێنەر بە نەبوونی کەرەستەی بنجی و ناڕێزمانی ڕستەکان، ناتوانێت ڕاستەوخۆ لەو چەمك و واتایانە بگات، کە شاعیر مەبەستییەتی.

### ٢-٢-٧: هاوتەریبی ڕێزمانی – ڕستەیی (التوازی الترکیبی) (Parallalisme)

هاوتەریبی یەکێکە لە ئەدگارەکانی زمانی شیعری، (جیرار مانلی) بە بنەمایەکی ڕێکخستنی ئەو زمانەی ئەژمار دەکات[١٦٣: ١٤٧]، هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بە فرە شێوەیی هاوتەریبی و ئامادەیی لە ئاستە جیاوازەکانی زمانی دەقدا، وەك: دەنگ و وشە وگرێ و ڕستە، ئەمەش ڕێگە بە دەقی شیعریی دەدات بونیاتێکی بەرز و گەشەسەندووی هەبێت، هەروەها دەق لە وەسفکردنی بە دیاردەیەکی دەنگی و شێوەیی و ئێستێتیکی هەنگاو دەنێت بۆ بەدەستهێنانی هێزێکی بونیاتی و شێوازیی، بەجۆرێك ببێتە

کۆڵەکە و یارمەتیدەری دەق لـە پێکبەسـتنەوە و لکاندنـدا.[١٩٨: ٦٣]، هـەر لەم سۆنگەیەوە (یاکۆبسن) دەڵێت: ((بونیـاتی شـیعر بونیـاتێکی هاوتـەریبی بەردەوامە.)) [١٦٣: ١٠٦]

هاوتـەریبی؛ لـە بەرئـەوەی لـە هـەردوو تـەوەری ئاسـۆیی و سـتوونیدا ئەنجامدەدرێت؛ بۆیە ((پشکداریێ د ئەشکراکرن و بەرچاڤا ئێکەتیا یـەکبوونا تێکستیێ دادکەت و پارچەێن وێ دگەهینیتـە ئێـك ب ئاوایـەکێ ڕێـك و پێـك و هەڤسەنگ)) [٥٧: ٢٣٨]، (د.صلاح فضل) پێیوایە: هەرکاتێك هاوتەریبییەکە قـــووڵ بـــوو لـــە بونیـــاتی دەلالی دەق و شـــێوە ئیســـتاتیکی و ئـــەدگارە پێکهێنەرەکانی دەرکەوت، ئەوا لە تێکچڕژانی ئاستە جۆراوجۆرەکانی گوتاری ئـەدەبی پـەنگی خواردووتـەوە.[١٢٦:٢١٥]، بەمـەش دەقەکـە زیـاتر سـیمای شیعرییەت وەردەگرێت، هەروەك (خوسیە ماریا)ی ڕەخنەگری ئیسـپانی لـەم بارەیەوە دەڵێت: هاوتەریبی بێ گومان یەکێکە لـە ڕوخسـارەکانی لادان، کـە مەبەســت تێیــدا پێــدانی شــێوەیەکی تایبەتــە بــە دەق، بــە هۆیــەوە دووردەکەوێتەوە لە شێوەی گەیاندنی ئاسایی و دەگاتە شێوەیەکی هونـەری و ئێستێتیکی[١٢١: ٥٠].

(رومان یاکۆبسن) یەکەم کەس بوو هاوتـەریبی وەك چـەمکێك لـە دەقـە ئایینییـەکان گواسـتەوە نـاو بازنـەی شـیعرییەت و بـە ڕەگـەزێکی بنچـینەیی دەقـی شـیعری دایـدەنێت، دوای شـیکردنەوەی سـەدان قەسـیدە لـە پـانزدە زمانی جیاواز گەیشتە ئەوەی: هاوتـەریبی دیاردەیـەکی دەرەکـی ڕەوانبێـژی نییە؛ بەڵکو بنەمایەکی پێکهاتەییە و ڕەگەزێکە هـەموو دەلالەتـەکانی دەقـی لەسـەر وەسـتاوە.[١٢١: ٤٩]، دوای ئەمـە هاوتـەریبی وەك چـەمکێکی نـوێ دەرکــەوت و هــەموو ئــەو چــەمك و هونەرانــەی لــە ڕەوانبێــژی کۆنــدا بــە ناونیشانەکانی (دژیەك و هاوکێش و هاوسـەروا و ڕەگـەزدۆزی و بەرامبـەری و دووبارەکردنەوە) خراونـە ڕوو، ڕەخنـەی نـوێ لـە ژێـر چـەتری (هاوتـەریبی) کۆیکردنەوە و یەکیخستن.

ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە هاوتەریبی ڕێزمانی لە ئاستی ڕستەدا دەکەین، کە سەرچاوەی دروستبوونی هاوتەریبی هەموو ئاستەکانی تریشـە، (خوسـیە

ماریا) بەوە پێناسەی دەکات ((شێوەیە کە لە شێوەکانی ڕێکخستنی سینتاکسی، خۆی لە دابەشکردنی فۆرمە سینتاکسییەکان بەسەر ڕەگەزە لێکچووەکان، لە ڕووی درێژی و ئاوازە و بونیاتی ڕێزمانیدا دەبینێتەوە))[١٢١: ٤٩]، واتا بنەما و کەرەستەی دوو ڕستەی شیعری، یان زیاتر، لە ڕووی داڕشتن و پێکهاتەوە لەگەڵ یەکدا هاوتەریب و لێکچوون، ئەم لادانەش ((شیعر دەکاتە خاوەن مۆرکێکی ئێستێتیکی کاریگەر لە پاڵ مۆرکە مەعنەویی و لۆژیکییەکەی)).[١٩٨: ٦٣]، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك یەکسانییەکی تەواو لە نێوان ڕستە هاوتەریبەکاندا هەبێت؛ چونکە ((هاوتەریبی لێکچوونە، بەڵام یەکسانی نییە))[١٦٣: ١٠٣]؛ بۆیە هاوتەریبی ڕێزمانی دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت[٢٠٢:٨٢]:

**یەکەم: هاوتەریبی ڕستەیی تەواو**

ڕستە شیعرییەکان لەم جۆرە هاوتەریبییەدا لە ڕووی بونیاتی ڕێزمانی و پێکهاتی کەرەستەکانەوە تەواو لێکدەچن، واتا ئەو ئامراز و بکەر و بەرکار.....تاد، و شێوە ڕیزبوونەی لە ڕستە شیعرییەکدا هەیە، ڕستەیەکی تریش خاوەن هەمان کەرەستە و ڕۆنانە، لادانەکە لای زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی (١٩٨٠– ١٩٩١) پەیڕەو کراوە، وەك:

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەون | بۆ | من | چی | تێدایە |
| خەون | بۆ | تۆ | چی | تێدایە |

[٨٦ :٤٧]

ڕستە شیعرییەکان هەمان ڕۆنانیان هەیە و کەرەستەکانیشیان وەك یەکن.

نیهاد + ئامراز+ جێناو+ ئامرازی پرس+ گوزارە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دانیشتنی | مردوو | لە | ناو | کفن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕاچەنینی | مردوو | لە | ناو | کفن |

کار + ناو + ئامراز + ئاوەڵکار+ ناو [٤٧: ٩٨]
ڕستە شیعرییەکان هاوتەریبن و بنچینەی ڕێزمانییان وەکو یەکە.

**لە + نێو + لوولە + ی + باوەڕ + ەوە**
**لە + نێو + لوولە + ی + بڕنەو + ەوە**
**لە + نێو + لوولە + ی + هاوەن + ەوە**
**لە + نێو + لوولە + ی + مووشەکە + وە**[٢٠: ٧٧]
ئامراز+ ئاوەلکار+ ناو+ ئامراز+ ناو+ پاشگر

**لەناو سەرمادا بەستییەوە،**
**لە ناو گەرمادا بەستییەوە،**[٧٧: ٣٣٦]
ئاوەڵکار + کار + جێناو + پاشگر

یەکێك لەو لادانانەی لە شێوە باوەکەی هاوتەریبی ڕستەی لە چەند نموونەیەك بەرچاو دەکەوێت بریتییە، لە هاتنی دوو ڕستەی شیعری و دواتر هێنانی دوو ڕستەی هاوتەریب بەدوایاندا، وەك:

**ئەوە بارانە دەبارێ**
**یا دوو چاوی کوفارەیە.**
**ئەوە هەورە دەگرمێنێ**
**یا هاواری سوارەیە؟!** [٦٢: ٧٥]

سەرەتا دوو ڕستەی شیعری هێناون، دواتریش دوو ڕستەی شیعری هاوتەریبی تەواوی بە دوادا هێناون، بە جۆرێك ڕستەی یەکەم لەگەڵ سێیەم هاوتەریبی تەواون، ڕستەی دووەمیش لەگەڵ چوارەمدا هاوتەریبی تەواون.
(عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:

**گەر بە دەریا بێ،**
**چی لە ناخدایە دەیدا بە شەپۆل.**
**گەر بە شەپۆل بێ،**
**چی لە ناخدایە دەیدایە کەنار**[٧٤: ١١١]

لادانەکە هەمان شێوەی نموونەی پێشووە، شاعیر بەم کردە شیعرییە، مەودای مۆسیقی و واتایی دێڕە شیعرەکان درێژتر دەکاتەوە و سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێت.

هاوتەریبی ڕستەیی لەسەرجەم ئەم نموونانەی خستمانەڕوو ئەرکێکی ئیستاتیکیان بە دێڕە شیعرەکان بەخشیووە، وێنەی جیاوازی و مۆسیقایەکی پتەوییان بۆ دەقەکە فەراهەم کردووە، بونیاتێکی قووڵ و تێکچڕژاوە لە ئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و واتا؛ بۆیە کاریگەری پتەوی بە سەر دەقەکانەوە هەیە، چەندین نموونەی تری ئەم جۆرە لادانە لای ئەم شاعیرانە بەرچاو دەکەون*.

**دووەم: هاوتەریبی ڕستەیی ناتەواو**

کەرەستە و ڕۆنانی دوو ڕستە شیعرییەکە لەم جۆرە هاوتەریبییەدا، تا ڕادەیەك لێك جیاوازن، هەرچەندە هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازییەکە، یان لە شێوە و پێکهاتەکە دایە، یان لە ئەرکە ڕێزمانییەکە وەك:

| | |
|---|---|
| **به سەقتی** | **لەدایك بووم.** |
| بەرکار | کار (ئامراز+ناو+کار+جێناو) |
| **به سەقەتی** | **هەنگاودەنێم.** [٦٢: ٥٦] |
| بەرکار | کار (ناو+کار+جێناو) |

ڕستە شیعرییەکان لە بەشی یەکەمدا هاوتەریبی تەواون، بەڵام پێکهاتی کەرەستەی کۆتاییان جیاوازە؛ بۆیە هاوتەریبی ناتەواوە.

---

(*) لە پاشکۆی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**لە یەك کاتدا.. هەتاو بووین و سێبەریش بووین**

**لە یەك کاتدا.. پێکەنین و گریانیش بووین**[٢٦: ٢٦]

سەرەتا و کۆتایی پێکهاتی ڕستە شیعرییەکان وەکویەکە، تەنیا ناوەڕاستی پێکهاتەکان جیاوازە؛ بۆیە هاوتەریبی ناتەواو دروست بووە.

نموونەی تری ئەم جۆرە لادانە:

**لە زاری تۆدا خۆشی لێو ڕێژە.**

**لە زاری مندا خەم تا چۆکانە.** [٧٤: ٨٥]

## بەشی سێیەم:

# لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکاندا

**پێش باس**

واتا بنەمایەکی گرینگە لە پێکهات و دروستبوونی هەموو جۆرەکانی زماندا*، ئەو ڕێککەوتن و ئامراز و یاسا ڕێزمانییانەی لە لێکدان و خستنەپاڵیەکی هێما زمانییەکان بەکاردێن، بۆ بونیاتنان و بەخشینی بەهایەکی واتاییە؛ بۆیە ((هیچ زمانێك بوونی نییە، بە بێ بوونی واتا)) [٨١: ٧] زمانی ئەدەب – شیعر – بە تایبەتی؛ لەبەرئەوەی ئێستێتیکا بە ئامانجێکی سەرەکیتر دەزانێت لە کردەی گەیاندندا؛ بۆیە لادان لە بونیاتی کەرەستە و بنەما زمانییەکانی بەرهەمهێنانی واتادا ئەنجام دەدات، ئەمەش دیارترین تایبەتمەندی شیعرە و شیعری پێ لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکرێتەوە [١٩٠:١٣٠]، واتا شاعیر بیانوویێکی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە؛ بۆیە (تودورۆف) لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: ((دان بەو سەرپێچیکردنانەی شاعیر دانانرێت، ئەگەر بەم بیانووە ئیستاتیکییەکەی نەبێت))[١١٤: ٢٤]؛ بۆیە شاعیری ئەزموونـدار هەوڵدەدات بە شێوازێکی نابـاو ئەزموونەکەی پێشکێشی خوێنەر بکات و لە پێناوی بەدیهێنانی دەلالەتێکی شیعری کاریگەر پەنا دەباتە بەر لادانەکان، ئەو کاریگەرییەش هەروەك (لوتمان) ئاماژەی پێکردووە لە شەپۆل و ململانێی هەردوو سیستەمی گەیاندندا (سیستەمی ئاماژەیی ئاسایی و سیستەمی شیعری سرووش بەخش)لە ناوەندی هۆشیاری خوێنەردا بەرهەم دێت[١٢١: ٢٤]؛ بۆیە لێرەدا خوێنەری وشیار و شارەزا زۆر گرینگە، بۆ دۆزینەوەی کۆد و واتا شاراوەکان، هەروەها ئەو هۆکارانە بدۆزێتەوە، کە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی واتای دەقیان لەسەر زەینیدا گران کردووە، (کۆهین) یش هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ ئەوە چووە. کە

زمـانی شـیعری زمـانێکی کاریگـەرە (ورووژێنـەرە)، بـەڵام زمـانی نـا شـیعری ئاماژەپێکەرە[١٨٢: ٣٩٥].

شاعیر لە زمانی شیعریدا ئەو قاڵبە ئامادەکراوانە بگۆڕێت، کە ڕۆژانـە بـۆ گەیاندنی واتا بەکاردێن، مەبەستیشیەتی شێوازی نـوێ بـۆ کـردەی گەیانـدن دابهێنێـت؛ بۆیـە لادانـی واتـایی لـە ئـەنجامی گەیانـدنی واتـا دوور لـە شـێوە باوەکە بەدی دێت، دەستپێکی ئەم کارەش لە دەسـتکاری کـردن و گـۆڕینی پێوەندی نێـوان نیشـانکار (دال) و نیشـانکراو (مـەدلوول)** سـەرهەڵدەدات؛ چونکە هەروەك (ئۆڵمان) دەڵێت: (( واتا بریتییە لە پێوەندی نێوان نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مـەدلوول)، هـەر گـۆڕانێکیش لـەو پەیوەندییـە ڕووبـدات، دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتادا))[٨٠: ١٣٥]؛ بۆیـە ئێسـتێتیکای واتـای دەق لـە نـەمانی پێوەنـدی ئاسـایی و گـۆڕانی پەیوەندییـە سرووشـتییەکە دەسـت پێدەکات، (نازك الملائكه) تیشکی خستۆتە سەر ئـەم ڕاسـتییە و پێـی وایـە شاعیر بەرگێکی نوێ بە بەر گوزارەکاندا دەکات، کە بە واتا و گەیاندنی نـوێ داپۆشراوە، پێشی وایە شاعیر زیاتر لە هەر زمانەوان و ڕێزماننناسێك گەشە بە زمــان دەدات؛ چــونکە گــۆڕانێکی کرۆکــی لــە وشــەکانی فەرهــەنگی ئــەو سەردەمەدا دەکات و واتای نوێ دەخاتە شوێنی ئەو واتایانـەی لـە پێشـووتر بەکارهاتوون، هەر بەم ڕێگەیەش زمانی شـیعری بـەرەو چـڕکردنەوە دەچێت [١٤٠: ٣٥٧]،[١٧٨: ١٦٧]. لادانــە واتاییــەکان لــە سەرچــاوە زمــانی و ڕەخنەییـەکانی ئـەدەب بـە لادانـی ڕاڤـەیی و خـوازەیی[٩٣: ١٧٢]، لادانـی ئیسـتیبدالی[٩٧: ١٤٧]، لادانـی سـیاقی[١٨٢] نـاوبراوە؛ لەبەرئـەوەی کاتێـك دەستکاری ئەو ڕێککەوتنە واتاییەی دال و مەدلوول کرا، ئەوا خوێنەر دەبێـت لە ڕێگەی بیر واتا نوێیـەکان بدۆزێتـەوە، ئەمـەش پەیوەسـتە بـەو دەوروبـەر (سـیاق)* ەی کـە وشـەکەی تێـدا بـەکارهاتووە؛ چـونکە دەوروبـەر ئـەرکی

(*) مەبەست لە زمانی جەستە و ئاماژە و هێماکانە.

(**) نیشانکار (دال) جەستە و بـوونی شـتەکەیە، بـەڵام نیشـانکراو (مـەدلوول) واتـای زەینـی وشەکەیە، کۆمەڵگا لەسەر هەموو ئەو واتایانە ڕێککەوتوون.

دەستنیشـانکردن و ئاراسـتە کردنـی واتـای وشـە دیـاری دەکـات؛ بۆیـە زمانناسەکان وەسفی واتای وشەی فەرهەنگی بەوە دەکەن کە فرەواتایە و لە واتایەك زیاتر بە خۆیەوە دەگرێت، لـە کاتێکدا وەسـفی واتـای سـیاقی وشـە دەکەن، کە یەك واتای هەیە و لەو واتایـەش زیـاتر لـە خـۆوە ناگرێت،...هـەر یەکەیەکی ئاخاوتن (وشـە، یـان ڕسـتە) واتاکـەی بـە پێـی ئـەو دەوروبـەرەی ئاخاوتنەکەی تێدا دەردەکەوێت دەستنیشان دەکرێت و دەبێتـە بەشـێك لـە واتـای گشـتی دەوروبەرەکـە؛ بۆیـە دەوروبـەر و دەق بـە تەواوکـەری یـەکتر دادەنرێن.[٨١: ٤٥ — ٤٩]

زمانی شیعریش، کە زیاتر نامۆیی و ناوازەیی لە پەیڕەوکردنی یاسـاکانی زمان و داهێنان و نوێگەری لە واتادا تێدایە، واتـای وشـە و یەکـە زمانییـەکان دەبێت لە چوارچێوەی ئەو نەسەقە زمانییـە لێکبدرێتـەوە، هـەر سـیاقێك لـە دایك بووی ئەو دەقە خۆیەتی، (جۆرج مونان) ئاماژە بە پێویستی و گرینگیی ئەم بۆچوونە دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە سیمانتیك گرینگـی بـە چـۆنیەتی گوتن دەدات.[١٧١: ١٢١]؛ چونکە شاعیر شێوەی چـۆنیەتی گوتنـە باوەکـان دەگۆڕێـت و دەیـەوێت مـۆرکێکی تایبـەتی ئـەدەبی و خـودی بـە گوتنەکـە ببەخشێت؛ بۆیە لەم سۆنگەیەوە لە شیعری نوێی کوردی (١٩٨٠ — ١٩٩١)دا تیشك دەخەینە سەر سێ تەوەری دیاریکراو:

### ٣ — ١:جۆرەکانی لادانی واتایی

لادانە واتاییەکان شێوە و جۆری جیاوازییان هەیە، مەرجیش نییە هەموو لادانێکـی واتـایی هـەر لـە پێنـاوی چـۆنیەتی گوتنـدا ئـەنجام بـدرێت، بـەڵکو هەندێك جار چەندێتی گوتن لادانە واتاییەکە بەرهەم دێنێت*، دیارترین جۆری لادانە واتاییەکان بریتیین لە:

---

(*)دەربڕین و ئاخاوتنەکان بە گشتی بە دوو شێوە لێکدانەوەی واتاییان بۆ دەکرێت:
١— واتای سیمانتیکی = واتای فەرهەنگی + کاریگەری ڕێزمانی.
٢- واتای پراگماتیکی= واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر[٨٠: ٢٥]

١- **زیادەگوتن (کەڵەکە بوون، هەڵئاوسانی) واتایی** (Cumulation)

ئـەم جـۆرە لادانـە واتاییـە لـە سـەر ئاسـتی چـەندایەتی گـوتن ئـەنجام دەدرێت، (کۆهین)لە بابەتی دەستنیشانکردن (التحدید) باسی کردووە و ئـەم زیادەڕۆییە زیاتر لە ئاوەڵناودا دەبینێتەوە و پێی وایە، **هەرکاتێك** ئاوەڵناوێـك بەسـەر هـەموو جـۆر و بەشـەکانی ئـەو پێکهـات و نـاوەی وەسـفی دەکـات جێبەجێ بوو، ئەوە لادانێکی واتاییە و لە یاسای دەستنیشانکردنی کەرەستە ڕوودەدات؛ چونکە پێویستی بەم دەستنیشانکردنە نییـە[١٢٩: ١٣٥- ١٣٤]؛ بۆیـە **خـودی** لادانەکـە کاتێـك دەبێـت، کـە دەربڕینەکـە **هەڵئاوسـانی** واتـایی تێدابێت و وشەی **هاوواتا** و زیادی تێـدا بـەکارهاتبێت[٨٠: ١٤٥]، بـۆ نموونـە: (عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**ئێمە درەختی زڕو بێ بەرنین،**

**تا لە چوار لاوە بمانبڕنەوە.** [٢٩: ٣٢٠]

لە لەتی یەکەمدا ئاوەڵناوی (بـێ بـەر) زیادەیـە؛ چـونکە هـەر درەختێـك زڕبێت بێ بەریشە؛ بۆیە ئەگەر ئاوەڵناوە زیادەکەش نەبێت واتاکەی تەواوە.

(موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) دەڵێت:

**کۆشکی ئومێد و ئاواتی هەموو دڵێك**

**لە ناو باخی ژینی ڕووندا** [٢٠: ٦٨]

لە لەتی دووەمدا یەکێك لە ئاوەڵناوەکان زیادەیە؛ چونکە ئومێد و ئـاوات هاوواتان.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**پێئەکەنێ و دەرئەکەوێ دانی سپی**[٤٠: ١٠١]

**هاتنی** (سپی) زیادەیە؛ چونکە سپی سیماییێکی ددانە.

---

لەم بەشەی توێژینەوەکەمانـدا تـەنیا لـە ڕووی (چـۆنیەتی و چـەندایەتی) بـاس لـە لادانـە واتاییەکان دەکەین، بەدەر لە چی گوتن، لە بەشی داهاتوودا باسی لێوە دەکـەین؛ چـونکە چی گوتن لە سەر ئاستی بونیاتی گشتی دەق دەردەکەوێت، بەڵام چـۆنیەتی و چـەندایەتی گوتن زیاتر لە پێوەندی نێوان وشە و چوارچێوەی ڕستەدا دەردەکەون.

(عەبدوولّلا عەباس) دەڵێت:

**فریشتەی ئاسمانی بەرینی هەموو دنیایت** [١٠: ١٩]

ئاسمان بەرینە و هی هەموو دونیاشـە؛ بۆیـە زیـادەڕۆیی لـە شـیعرەکەدا هەیە.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**ئەوە برژانگی پەرژینی چاوی منە**[٤٧: ٤٨]

پــەرژینی و پاراســتنی چــاو ئــەرکی هــەموو برژانگێکــە؛ بۆیــە هــاتنی ئاوەڵناوەکە زیادەیە.

ئەم جۆرە لادانە واتاییە لەم نموونانەی خوارەوەشدا دەردەکەوێت:

(**تاریکە شەو**)[٤٠: ٧٦]، (**بە فیـز و لـووت بـەرز**)[٤٠: ١٠٢]، (**مـەرجانی خوێنی**)[١٢:٢٢]، (پەلك و گەڵا) [٧١: ٥٥]

## ٢- **پارادۆکسی** (**المفارقه**)(Paradox) (*)

بنچینەی وشەکە لە (para): **هەڵـە** و (doxa): ئـەوەی دژ، یـان لـە پشـت ڕاوبۆچووندا هەیە[١٨٨: ٣٨١]، بنەمای دروستبوونی ئەم جۆرە لادانە واتاییە پشــت بــە هــاتنی دوو وشــە، یــان دەســتەواژەی دژ بەیــەك دەبەســتێت، ((حاڵەتێکە بە ڕووکارێکی پێچەوانەی لۆژیك و نـەرێنی ئـەقڵی دەردەکـەوێت، بەڵام دەتوانرێت لێکدانەوەی بـۆ بکرێـت، بـە ڕێگایـەك کـە واتایـەکی ئـەرێنی هــەبێت))[٢١٦: ٢٠١]، واتــا هــەموو پارادۆکســێك زیــاتر لــە واتایــەك لــە خۆدەگرێت.

پارادۆکسی کردەیەکی زمانی شیعرییە، نەك تەنیا ئامرازێکی جوانکـاری، بریتییە لە ئەرێنی کردنی گوتن لە بابەتێکدا کە دژ و پێچـەوانەیە لەگـەڵ ڕای باو؛ بۆیە لێکدانـەوەی پارادۆکسـی گرینگییـەکی تایبـەتی هەیـە[١٩٠: ١٦٢]، ئەم گرینگی و بەها ئیستاتیکییەش لە بەریەککەوتن و ململانێیەی نێـوان دوو وشە دژبەیەکەکە دروست دەبێت، (د.کمال أبودیـب) پێـی وایـە پارادۆکسـی،

دەق بەرەو کرانەوە دەبات، بە هۆی ئەو وێنــە زەیینییــەی دامـاڵراوە، بـە لـە نـاوبردنی پێوەنـدی پارادۆکسـەکە بـە شـتەکانی دەرەوە، بەمـەش حاڵـەتی نائامـادەیی دەق دروسـت دەکـات[١٩٥: ٥٣]، ئـەو نادیـاری و نائامـادەیی دەقەش بە گشتی بۆ ئەو سیاقە زمانەوانی و خودی ئـەو ئەزموونـە شـیعرییە دەگەڕێتەوە کە پارادۆکسییەکەی تێدا بەکارهاتووە؛ لەبـەر ئـەوەی زمـانێکی گەیاندنی نهێنییە لە نێوان نووسەر و خوێنەر، هەمیشە خوێنـەر بـە زۆرتـرین توانا هەوڵی دۆزینەوەی ئەو نهێنییە دەدات بـۆ گەیشـتن بـەو پاشـخانە[١١٣: ٢٧١]. سـنوور و مـەودای پارادۆکسـی دیـاریکراو نییـە بـە پێـی پێکهـاتی ئەزموونەکە قەبارەی دەگۆڕێت؛ بۆیە لە وانەیە وشـە بێـت، یـان ڕسـتە، یـان سەر تاپای دەقە ئەدەبییەکە بگرێتەوە (**)، بۆ نموونە:

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**بەیێکەوەین و لێك دوورین**![٦٢: ٦٣]

لەتـە شـیعرەکە پارادۆکسـیە و دوو وێنـەی پارادۆکسـی بەیەکـەوە تێـدا کۆبوونەتەوە.

(عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**قینم لێتە**

**هەتا بڵێی، خۆشم ئەوێی**[٢٩: ١٧]

وێنــە شــیعرییەکان پارادۆکســی تــەواون؛ چــونکە واتاکــان یــەکتر ڕەتدەکەنەوە.

---

(*) (د.عەبدولواحیـد مشـیر) ئـەم جـۆرە لادانـە واتاییـەی بـە جۆرێـك لـە لادان لـە گونجـان دانـاوە[٨٠: ١٤٦]، لادانەکەشـی بـە (پێکـدادانی واتـایی) نـاوبردووە[٨٠: ٧٦]، بـە واتـای ئەوەی شاعیر دوو وشە لێکدەدات لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن.

(**) جگــە لــە پــارادۆکس (ئــایرۆنی (Irony)، هــاودژی (Contradiction)، پێچــەوانە (Opposition)، دژیەك (Antithesis)) ئەو دیاردە زمانییانـەن کـە لـە سـەربنەمای دژیـەکی دروست دەبن، ئەگەرچی لە پارادۆکس نزیکن، بەڵام جیاوازن و پـارادۆکس لەسـەر بناغـەی ئەم چەمکانە بونیات دەنرێت.[١٤: ١٤– ٢٠]

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**دەچیتە بەهەشت،**

**دەبیت بە نائومێدی.**[٧٧: ٣٦٥]

شیعرەکە پرادۆکسییە؛ چونکە بەهەشت جێگای ئومێد و خۆشییە، بەڵام شاعیر بە سەرچاوەی نائومێدی ناوی بردووە.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**ئاو لە کوێ بێنم ئاگری تەقەڵای خۆمی پێ**

**خۆشکەم؟**[١٢: ٤٦]

ئەم وێنە شیعرییەش لەسەر بنەمایەکی پارادۆکسی بونیاتنراوە؛ چونکە ئاو ئاگر لە ناودەبات نەك خۆشی بکات.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**پێ دەکەنن**

**بەڵام لەسەر شێوەی گریان!......**[٥٠: ١٧٧]

وێنەکە پارادۆکسییە؛ چونکە پێکەنین و گریان دژی یەکن.

(نەوزاد رەفعەت) دەڵێت:

**ئاگادارم**

**نیوەت بەهەشتە و نیوەشت دۆزەخێکی بێ تخووبە.**[٧٣: ١٠]

وێنە شیعرییەکە پارادۆکسییە؛ چونکە بەهەشت و دۆزەخ دوو شوێنی دژی یەکن.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**سەمایەکی بێ جووڵە بووی**[٥٠: ٢١٠]

جووڵە سەما دروست دەکات؛ بۆیە وێنەکە پارادۆکسییە و هیچ سەمایەکی بێ جووڵە نییە.

پارادۆکسی لە چەند نموونەیەکی تریش لای شاعیرانی ئەم قۆناغە دەردەکەوێت وەك:

(**چ بیناسم، چ نەیناسم**)[٢٩: ٣٤٤]، (**گڕی هەناوی سڕی**)[٣٢: ٢٩١]، (**دوێنێم چ شەوگارێکی ئارام بوو**)[٤٧: ٦٦] (**بەهار دڕندەیەکی بەزەییە**)[٤١: ٤٨]، (**ئەمکوژێت و نامکوژێت...بۆ یەکەمجار و بۆ دوواجار**)[١٠: ١٨] (**کاتێ، قاقا پێ ئەکەنین بە کوڵ ئەگرین..**)[١٠: ٣٣]، (**جلێکی ڕووت**)[ ٥٠: ٢١١]، (**نیوەڕۆی شەوان**)[ ٥٠: ٢٣٤]، (**ئاوی تینوو**)[ ٥٠: ٢٣٩]، (**ڕووناکی یە قوڕاوییەکان**)[ ٥٠: ٣٢٩].

**٣- دانەپاڵ (هەڵسپاردن)** [*] **(الأسناد)**

زمانی شیعریی؛ لەبەرئەوەی سیستەمێکی نوێی زمانی لە خۆ دەگرێت ((لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوەیەکی واتایی، کە لە نێوان دال و مەدلوول وەستاوە))[١١٣: ١٣٥]. بە هۆی لادان لەو سیستەمە باوەی هەیەتی، بە هەڵبژاردن و گۆڕینی شوێنی ئەو کەرەستانە (لە تەوەری جێنشینی و هاونشینی)دا؛ بۆیە هەندێك جار نەگونجان لە نێوان وشەکان سەرهەڵدەدات.

دانەپاڵ لادانێکی واتاییە[**] و دەرئەنجامی ئەم جۆرە گۆڕینانەیە، بەخشینی سیفەتێکە بۆ شتێك، دیاردەیەك، ناوێك بە جۆرێك ئەو شتە هەڵگری (= ئەو سیفەتەیە)، هەندێك جار لادانەکە لە ئەنجامی دەستکاری یاسا سینتاکسییەکان دروست دەبێت، هەندێك جاریش بە دانان و خستنە پاڵی وشەیەك لە چوارچێوەی سینتاکسەوە دەبێت، بەڵام لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت، ئەم جۆرە دانە پاڵە بونیاتی زمانی دەق قووڵ دەکاتەوە و جۆرێك لە داهێنان و ناوازەیی بە پێکهاتەکە دەبەخشن[١٨٢: ١٣٥]، دانە

---

(*) هنری بلیش بە (لە بریتی خستن) ناوی بردووە[١٢٧: ٨٣].

(**) هەندێك جۆری دانەپاڵ لە ڕێگەی خواستنەوە دروست دەبن، بەڵام (کۆهین) جیاوازی لە نێوان خواستن و دانەپاڵدا کردووە، دەڵێت: هەردوو لادانەکە تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە یەك سیاقی زمانی ڕوونادەن، دوورکەوتنەوە بە لادان لە ئاستی ئاخاوتن دادەنرێت، بەڵام خواستن لە ئاستی سیاقی جێبەجێ دەبێت[١٢٩: ١٠٩].

پاڵ بە چەندین ئـەدگاری جۆراوجـۆر دەردەکـەوێت، بـە پێـی سرووشـتی دوو کەرەستەکە و بریتیین[*] لە:

**یەکەم: بەزیندەوەرکردن:**

بریتییە لە دانە پاڵی سیفەتی زیندەوەران (مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەك) بۆ ئەو شـتانەی هـەڵگری سـیفەتی (– نازینـدوون)، شـاعیر ئـەم لادانـە زیـاتر بـۆ چەسپاندنی وێنەکە لە زەینی خوێنەر و دروستکردنی جۆرێـك لـە پێوەنـدی و لێکچواندن لە نێوان ئەم دوو شتە ئەم کارە ئەنجام دەدات، بۆ نموونە:

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**تا ئێستاش چاوی هۆنراوەم**

**هۆن..هۆن فرمێسکی لێ ئەتکێ**[٣٠: ١٤١]

(چاو) ئەندامێکی زیندەوەرانە و دراوەتە پاڵ (هۆنراوە).

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**شەوان لە وڵاتێکی بێ داوەر دەچم**

**شیعر پێ لە دڵم دەنێ.**[١٧: ٢٧]

(شیعر) نازیندووە، بەڵام بە هۆی دانەپاڵی پێ بە زیندووکراوە.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

---

(*) هەندێك لە جۆرەکانی دانەپاڵ پێوەندییەکی زۆر پتەوییان بەیەکەوە هەیـە، لـە سەرچـاوە ڕەخنەیی و ڕەوانبێژییەکانیشدا چـەندین پـۆلینی جیاوازیـان بـۆ کـراوە، ئێمـەش تـەنیا بـۆ مەبەستی توێژینەوە لێکمان جیاکردوونەتەوە، بۆ نموونـە: (هنـریش بلیـت) لـە ژێـر نـاوی (لەبریتی دانان، لـە جیـاتی دانـان) چـەند جـۆرێکی وەك: ١– لـە بریتـی دانـانی +ڕووت لـە شـوێنی – ڕووت بـە پێچـەوانەوەش، دابەشـی کـردوون بـۆ چـەند جۆرێـك: أ– خواسـتنی هەستی بەتەنکرد، ب– خواستنی ڕووت.٢– لە بریتی دانانی +زیندوو لە شوێنی– زینـدوو، بە پێچەوانەوەش.٣– لەبریتی دانانی + بینین لە شوێنی – بیـنین.٤– لـە بریتـی دانـانی + گەورە لە شوێنی – گەورە دەبێتە: أ– خواستنی کەم و کورت، ب– خواستنی زێدەڕۆیی.
٤– لەبریتی دانـانی – موجـەب لـە شـوێنی + موجـەب دەبێـت: أ– خواسـتنی گاڵتـەجاڕی بـە دەرخستنی بە ناڕاستەوخۆ. ب– خواستنی گاڵـەجاری بە دەربڕینـی بـە ڕاسـتەوخۆ.[١٢٧: ٨٣ – ٨٥]

**زۆر دڵی گۆڕیان بۆ هەڵکەندم..**[٦٢: ١٣٥]

(گۆڕ) دڵی نییە، شاعیر وەك زیندەوەرێك دڵی پێبەخشیوە.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**گوڵ کوێر ئەکەن**

**قاچی شیعر ئەبڕنەوە**[٢٦: ٤٣]

(شیعر) زیندەوەرێك نییە جەستە و ئەندامی هەبێت، بەڵام شاعیر سیفەتێکی زیندەوەرانی داوەتە پاڵ.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**لە لای چەپتەوە بە جوانی، باڵای ڕقی خۆت دەبینی**[٥٠: ١٠]

شاعیر بە دانەپاڵی سیفەتی (باڵا) بۆ (ڕق) بە مرۆڤکردنی ئەنجامداوە.

بەزیندەوەرکردن بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆری سەرەکی:

**أ- بەرجەستەکردن (التجسيد) (**Anthro pomorphism**):** دانەپاڵی سیفەتێکی زیندەوەران (مرۆڤ، ئاژەڵ)ە ((بۆ دەرخستنی شتە ژیرییەکان بە شێوەیەکی هەستی و لەبەرئەوەی پەیوەستە بە جەستەوە. باشتر وایە تەنیا بۆ گیانلەبەر بەکاربێت. واتە ئەو لەشانەی خوێنیان تێدا دەسووڕێتەوە و گیانیان تیایە))[٨: ١٣٥].

**١- بەکەسکردن (بە مرۆڤ کردن) (التشخيص) (**Personification**):**

شاعیر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو شتەی باسی لێوە دەکات سیفەت و خەسڵەتی جۆراوجۆری مرۆڤی پێدەبەخشێت؛ بۆیە هەندێك لێکۆڵەر پێیانوایە، کە بەمرۆڤکردن پەیوەستە بە ویژدانی مرۆڤایەتی و دەتوانرێت تا ڕادەیەك درێژبکرێتەوە، گشتگیر بێت و بگاتە هەموو گەردوون[١٥٢: ١٣٧].

بۆ نموونە:

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**خۆر سەری ڕەزای بۆ لەقاند**[٥١: ١٨٥]

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

**گیانە دەشیٚ، لەم شەوە بیٚ ئەستێرەدا**
**پێش بە ئاسۆی ونبوون بگریت**
**یان لە درزی ئاوێنەوە**
**پرچی باران دابهێنیت**[٣٢: ٢٢٠]
(عەبدوڵلا پەشێو) دەلێت:
**وا نامۆیی**
**دەرسی عەشقم پیٚ دەخوێنیٚ!**[٢٩: ٣٥٦]
(موحسین ئاوارە) دەڵێت:
**سەرم خستە باوەشی پەنجەرەیەك و**
**فرمێسكم بە بەژن و باڵای شیشەكانیا**
**هاتە خواریٚ** [٢٢: ١٧]
(نەوزاد رەفعەت) دەڵێت:
**شەویٚ لە شەوان خەونێكم بینی.**
**كە گێڕاشمەوە**
**تەنیا با وەستا و گویٚ ی بۆ ڕادێرام.**[٧٣: ٢٧]
(فەرید زامدار) دەڵێت:
**لەسەر شانی شەپۆلەكان خەو دەبینی**
**سەر بە ڕانی**
**كانی و ڕووبارەكان دەكەی**[ ٥٠: ٢٢٩].

سیفەتەكانی (سەرلەقاند، دەرس خوێندن، باوەش، بەژن و باڵا و گوێگرتن، پرچ، شان و ڕان) تایبەتن بە مرۆڤ، بەڵام لەم لەتە شیعرییانەدا دراونەتە پاڵ كەرەستەی تر.

دانەپاڵ لە بە كەسكردن تایبەتە بە (پیا و ئافرەت)، بەڵام هەندێك جار شاعیر بە سیفەتێكی تایبەت  بە پیاو، یان بە ئافرەت بەكەسكردنەكە ئەنجام دەدات، وەك:

**- بەکەسکردن (بە پیاوکردن):**

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**منیش خەمێکی ڕدێن سپیم**

**لە مابەینی ((ئەسکی کۆیە و شارەزوور))دا** [٤٠: ٢٩]

(عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:

**قەڵەمەکەم چاو شۆڕدەکا،**

**وەك ئەو سمێڵبابڕانەی**

**سەنگەریان لێت کردە گڵکۆ**[٢٩: ٣٥٩]

(سمێڵ و ڕدێن) دوو سیفەتی تایبەت بە پیاون، دراونەتەپاڵ کەرەستەی تر.

**- بەکەسکردن (بە ئافرەتکردن):**

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**لەوێ مردن کەزی ڕەشی**

**لە ناو خەنەی ئاگر دەناو**[٥٠: ٢٣٨].

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**شیعرم**

**کیژۆڵەیەکی پارچەلەی سواڵکەرە**[٥١: ٢٢٣]

شاعیر سیفەتی کچی بە شیعرەکەی داوە.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**چا دەستە خوشکی پشوودانە**[٤١: ٨]

(دەستەخوشك) تایبەتە بە ئافرەت و شاعیر بۆ چای بەکارهێناوە.

(نەوزاد رەفعەت) دەڵێت:

**سیروان بەیانیان بووکێکە**

**تارای شەرمی**

**بە کزەبایێ لادەچێ.** [٧٣: ٥٠]

شاعیرسیفەتی بووکێنی داوەتە پاڵ زێی سیروان.

٢- **به ئاژەڵکردن:**

دانــەپاڵی ســیفەتێکی ئاژەڵانــە بــە هــەموو پۆلــەکانی باڵنــدە و شیردەر.....تاد، بۆ شتێك كە هەڵگری سیفەتی (- ئاژەڵ) بێت، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**رۆحی من ئەسپێکی سەرکێشە کەس وەك خۆم**

**نایناسیٚ**[١٢: ١٥]

شاعیر ئەسپی سەرکێشی داوەتە پاڵ رۆح.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**ئەم هەورازە.... بەرازێکە**[٢٦: ٢٣]

هــەوراز نازینــدووە، شــاعیر بــە پێــدانی ســیفەتێکی ئاژەڵانــە بــە زیندەوەرکردنی ئەنجامداوە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**شیعرێکی سەرکێش و شێتم پیٚ دەنووسی**

**دەترسم لە قووڵاییەکانی ناخمدا**

**هەڵبنیشیٚ و نەییٚ تەوە**[ ٥٠: ٢١٤].

هەڵنیشن سیفەتێکی باڵندەیە و شاعیر داویەتەپاڵ شیعر.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**شیعر ئەسپێکی رەسەنەو**

**باڵی نەمریت هەڵدەگرێت**[٦٢: ٣١٧]

شیعر چەمکێکی نازیندووە و شاعیر بە ئاژەڵی کردووە.

(موحسین ئاوارە) دەڵێت:

**کرێکاریٚ**

**لەسەر ترۆپکی دار تەلیٚ**

**زەرگەتەی کارەبا چزوی لیٚ گیر کردو**

**پێوەی وەدا**[٥٩: ١١]

شـاعیر سـیفەتی زەرگەتـەیی و پێـوەدانی داوەتـەپاڵ کارەبـا و بـە ئاژەڵکردنی ئەنجامداوە.

**ب– بەڕووەککردن:**

دانـەپاڵی سـیفەتێکی دار و درەخـت و گـژوگیا و جۆرەکـانی ڕووەکـە بـۆ شتێك کە هەڵگری سیفەتی (– ڕووەك) بێت، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**باریّ گەڵای مێژووم پێیە.** [١٧: ٣١]

شاعیر (مێژوو)ی بە ڕووەککردووە بەدانەپاڵی گەڵا.

(عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**چرۆیەك بووی، سیس بووی، مرد..**

**چرۆیەك بووی، ژیایتەوە..**[١٠: ٣]

شاعیربە ڕووەککردنی ئەنجامداوە بە دانەپاڵی ڕۆچوون و ڕەگ دەرکـردن بە (بیّ دەنگی).

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**ئەوساکە تۆش وەك من لاولاوەی بێزاری**

**لە دەوری ڕۆحی خۆت دەچێنی*** [١٢: ٣٥]

شـاعیر (بێـزاری) بـەڕووەککردووە، بەدانـەپاڵی سـیفەتی لاولاوەیـی، کـە جۆرێکە لە ڕووەك.

**دووەم: بەتەنکردن (التجسیم)** (Embodi ment):

(ابن سینا) دەڵێت: ((شیعر لە سرووشتی خۆیدا شتێکی هەسـپێکراوە)) [١٥٠: ٢٢٦]، ئەزموونی شاعیر لەو هەسـتەوە بەرجەسـتە دەبێـت، کـە کـاری

(*) مــەرج نییــە هــەموو جۆرەکــانی (بــەمرۆڤکردن، بــەئاژەڵکردن، بــەڕووەککردن) بــە زینـدەوەرکردن بـن؛ چـونکە هەنـدێك جـار سـیفەتێکی مـرۆڤ دەدرێتـە پـاڵ ئاژەڵێـك یـان سیفەتێکی ڕووەك دەدرێتە پاڵ مرۆڤێك لە کاتێکدا هەمووشیان زیندەوەرن؛ بۆیە ئەو کاتـە دانەپاڵەکــە تــەنیا دەبێتــە بــە مرۆڤکــردن، یــان بــەڕووەککردن و ناچــێتە خانــەی بەزیندەوەرکردن.

لێکردووە، جا دەرەکی بێت، یان ناوەکی؛ بۆیە هەوڵدەدات پێوەندی و لێکچواندن و نزیکییەك لە نێوان شتە مەعنەوی و شتە هەسپێکراوەکان بۆ خوێنەر دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەستێت بە دانەپاڵی سیفەتێکی (+ بەرهەستکەوتوو) بە پێکهات و شتێك کە هەڵگری سیفەتی (– بەرهەستکەوتوو، + مەعنەوی)، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**هۆشیاری تەرمێکی کوێرە**[٥٠: ٢٢٦]

**خەم دەوەرێ**

**لەسەر مەیتی پیرۆزترین چاوەڕوانی**[٥٠: ١٦٥]

(هۆشیاری و خەم و چاوەڕوانی) چەمکی ڕووتن و شاعیر بەتەنیکردوون.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**دوو مرۆی پیر ماندووبوونی خۆیان**

**لەناو باولان نا**[١٨: ٢٨]

(ماندووبوون) چەمکێکی مەعنەوییە، شاعیر وەك تەنێك کە سیفەتی هەڵگرتنی داوەتەپاڵ.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**حەقیش پارووی دوورگەی دوورە**![٤٠: ١١١]

(حەق) وشەیەکی واتاییە بەرهەستەکان ناکەوێت، بەڵام شاعیر بەتەنیکردووە.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**گیانم گڕی قوتیلەیەکە**[٥١: ٢٢٧]

گڕ دەبینرێت و هەستیپێکراوە؛ بۆیە کە (گیان)ی دراوەتەپاڵ بەتەنکراوە.

(عەبدوڵڵا پەشێو)دەڵێت:

**شادی زەوی وەکو خۆرە،**

**تاوێك دیارە، تاوێك بزر.** [٧٤: ١٤٢]

شادیی چەمکێکی واتاییە و نابینرێت، شاعیر وەك خۆر سیفەتی دیاری و بزری داوەتەپاڵ.

**سێیەم:داماڵین (التجرید):**

شاعیری داهێنەر؛ بۆئەوەی بە زمانێکی بەرزتر لە سەرووی زمانی ئاساییەوە، ئەزموونەکەی بە خوێنەر ئاشنا بکات، زۆر گرینگی بەوەنادات، کە تێڕوانین و هزرەکانی بەو وشەو کەرەستە زمانییانە دەربڕێت، کە لە جیهانی دەوروبەر و هەستپێکراو بە دەستیهێناون[١٤٨: ١٥١]؛ بۆیە هەندێك جار ئەو شتە واقیعیانەی هەستیان پێدەکات، لە ڕێگەی وێنەیەکی بەرهەم هاتوو لە گەمەیەکی خەیاڵی بە چەمك و شێوەی بیرێکی ڕووت دەریاندەبڕێت، واتا توانای هۆشەکی زیاتر ئاراستە دەکات لە هەڵچوونەکان، هەروەك گوتوویانە: شاعیر بە دڵ بیردەکاتەوە و بە عەقڵ هەست دەکات، بە مەش کاریگەری هەڵچوونەکانی لەسەر دەبێت، ڕۆڵی خۆی بە کردەی گواستنەوەی گوزارەکان لە ئاستی واقیعی بۆ ئاستی خەیاڵی و بەدەستهێنانی سرووشتە شیعرییەکەی دەنوێنێت[١٤٨: ١٥١]؛ بۆیە دەتوانین بڵێین: داماڵین بەخشین و دانەپاڵی سیفەتی (− هەستی) بە کەرەستەو شتێك، کە خاوەن سیفەتی (+ هەستکرد)ە، توێژەرێکیش پێی وایە ئەم جۆرە لادانە پێوەندی بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەیە و ئەنجامی گەشەسەندنی عەقڵی مرۆڤە[١٥٦: ٢٣٨]، بۆ نموونە:

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**وشەکانت خەمی ئاوین**[٥٠: ٢٥٥]

شاعیر (وشە)ی لە سیفەتە بەرجەستەییەکان داماڵیوە.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**بەهار وەك سۆزی غەریبیت هەڵوەدایە**[٥١: ٢٣٧]

(بەهار) دەبینرێت و هەستپێکراوە، بەڵام شاعیر بە چەمکێکی نابەرجەستەی چواندووە.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**ئەو رەزە نامۆیانەی دەورم**

**ترێی سەرسامییان گرتووە** [١٢: ٥٩]

ڕەز و تـرێ دوو پێکهاتــەی هەسـتپێکراو و بینـراون، بـەڵام شـاعیر ئـەو سیفەتەی لێداماڵیون.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**بەسەر هاتێکی دێرینەی**

**لە ناو هەوری خەیاڵەوە،**[٤٠: ٥٤]

سیفەتی هەستپێکراوی لە (هەور) داماڵیوە و خەیاڵی داوەتە پاڵ.

**چوارەم: بەڕەوانکردن:**

بەخشین و دانـەپاڵی سـیفەتی (+رەوانی)یـە بـە شـتێك کـە خـاوەنی (− رەوانییە)، دەریـا و ڕووبـار خـاوەن سـیفەتی ڕەوانـین، وەك ئـەم نموونانـەی خوارەوە:

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**لێرەوە لەشی کەنەفتم**

**وەکو ڕووبارێکی بە تاڵ**

**بە ڕۆخاو ڕۆخی خۆی دادێ**[٥٠: ٢٠٨]

شاعیر بەڕەوانکردنی ئەنجامداوە؛ چونکە لەشی کەنەفتی خۆی بە ڕووبار چواندووە.

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**تاوێك نییە نیشتیمانم، وەکو ڕووبار**

**بەسەرماندا ڕانەبوورێ** [٧٤: ٥٤]

شاعیر نیشتمانی کردووە بە ڕووبار؛ بۆیە بەڕەوانکردنە.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**تەمە کۆچی چیاکانەو دەم و چاوی"پەری خان"یش**

**ئاسمانێکە**

**باڵدارێکە**

**ڕووبارێکە**[٢١:١٣]

سیفەتی ڕەوانی ڕووباری داوەتەپاڵ دەم و چاوی پەریخان.

(نەوزاد رەفعەت) دەڵێت:

**تۆ ڕووبارمی،**[٧٣: ١٧]

سیفەتی ڕووباری داوەتەپاڵ خۆشەویستەکەی.

**پێنجەم: هەستگۆڕکێ** (Corres Pondance):

گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی سیفەتی هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەست لێدان) و ((هەڵسانی هەستەوەرەکانە هەریەکە بە ئەرکی هەستەوەرێکی تر جگە لە ئەرکە بنچینەییەکەی خۆی، ئەو ئەرکەش لە زەینی شاعیردا دروست دەبێ و دەیخاتە سەر یەکێك لە هەستەوەرەکان))[٨:١٣١]. شاعیر بۆ دروستکردنی شێوازێکی شیعریی کاریگەر و دروستکردنی کتوپڕیی لەسەر دەروونی وەرگر، دەستکاری ئەو سیمایە جێگیرەی کەرەستەکان دەکات، سیفەتێك دەداتەپاڵ ئەو شتە کە لە بنچینەدا پێچەوانەی سرووشتی ئەو شتەیە، بۆ نموونە: بۆن دەداتە پاڵ شتێکی بینراو، تام دەداتە پاڵ بیستراوەکان..تاد، وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

(رەفیق سابیر) دەڵێت:

**تا دوێنێ بوو**

**بۆنی وڵات**

**بۆنی هەتاو**

**بۆنی سەربەستییان لێ دەهات!**[٣٢: ٢٧٠]

(هەتاو) دەبینرێت، بەڵام شاعیر هەستی بۆنکردنی داوەتەپاڵ.

(عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**کۆن و تازە ئەناسمەوە..**

**خوێنی هەڵچوو..**

**باڵای بێ دەنگ**[١٠:٢٩]

(باڵا) دەبینرێت و بەرهەستی دەست لێدان دەکەوێت، بەڵام شاعیر سیفەتی بێ دەنگی داوەتەپاڵ، کە تایبەتە بە هەستی بیستن.

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**هەستیشم گرژبووەوە ناو گەرمای بۆنکردووی خۆی**،[٧٧: ٣٢٦]

گەرما هەستی پێدەکرێت، بەڵام شاعیر هەستی بۆنکردنی داوەتەپاڵ.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**ترپەی دڵم بۆنی باران و پروشەی بەفری لێ دێ**[١٢: ٢٥]

(ترپەی دڵ)دەبیسترێت، بەڵام لەم لەتە شیعرەدا بەر هەستی بۆنکردن کەوتووە.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**سەرت بەخشی بە باران و**

**چوویتە ناو دەنگی خوێنەوەو...** [٢١: ٤١]

خوێن بەر هەستی بینین دەکەوێت، بەڵام لێرەدا وەك شتێکی دەنگدار سیفەتی دەنگی دراوەتەپاڵ.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**بۆنی چاوت هەموو شەوێ،**

**وەك بارانێکی ناوەخت بەسەر سنگما هۆن هۆن**

**تك تك دێتە خوارێ.**[١٧: ١٤]

(چاو)دەبینرێت و بەر هەستی دەستلێدان دەکەوێت، بەڵام شاعیر بە هەستگۆڕکێ سیفەتی بۆنی داوەتەپاڵ.

**شەشەم: ڕەنگپێدان**

هـەموو ڕەنگـەکان سـەر بـە کێڵگـەی واتـایی* (ڕەنـگ)ن، سرووشـت و دەوروبەری مرۆڤ چەندین تەن و کەرەستەی ڕەنگداری تێدایـە؛ لەبەرئـەوەی ڕەنگدان زمانێکی بەرجەسـتەکەرە و ڕاسـتەوخۆ ئاراسـتەی چـاو دەکرێـت و لێرەوە لەگەڵ ناخ دەدوێ و بە کەمترین ماوە کارلێکردن دروست دەکات[٣٥: ٧٤]؛ بۆیە زۆر لە هونەرمەندان لە کارەکانیاندا ڕەنگ وەك ڕەگەزێکی گـرینگ و سـەرەکی بـەکاردەهێنن. لـە شـیعردا ڕەنـگ بونیـاتێکی گرینگـی پێکهـاتی وێنەیە؛ چونکە زۆربەی ((ئەو وێنانەی ڕەنگیان تێدایە لە زەیینی وەرگر زیاتر و باشـتر دەچەسـپێن))[٢٠٥: ١٧٤]، ئەمـەش زیـاتر بـۆ ئـەو دەلالـەت و واتـا ناوانخنییە دەگەڕێتەوە کە هەر ڕەنگێك لە خۆی گرتووە**.

---

(*) تیـوری کێڵگـە واتاییـەکان یەکێکـە لـە تیورەکـانی لێکدانـەوەی واتـای وشـە، ((دەتوانێـت دیتنێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی وشـە زمانەوانییـەکان لەسـەر ئاسـتی بینـای سـیمانتیکی پێشکێش بکات، ئـەم تیـورە تـەواو ناسـنامەی وشـە، یـان واتـای وشـە دەردەخـات))[٤٦: ١٩٤]، (لهرر –Lehrar)بـەوە پێناسـەی کێڵگـەی واتـایی (Semantic Field )کـردووە کـە: کۆمەڵـە وشـەیەکن پێوەندییـەکی واتـایی لـە نێوانیانـدا هەیـە، لـە ژێـر وشـەیەکی گشـتی کۆدەبنەوە، بۆ نموونـە هـەموو ڕەنگـەکان لـە ژێـر نـاوی ڕەنـگ کۆدەبنـەوە،[١٥٦: ١٣٥]، هەروەها (ئۆڵمان – (Ulman بەوە پێناسەی دەکات، بریتییە لە پارچەیەکی تەواوکار لـە کەرەستەی زمانەوانی و گوزارشت لە بوارێکی دیاریکراو یان پسپۆرییەك دەکات[١٥٦: ٨٠].

** (جان کۆهین) لێکدانەووەی واتای دەلالی هەر ڕەنگێك بۆ سێ ڕەهەنـد دەگەڕێنێتـەوە: ١– **سرووشـتی:** مەبەسـت ئـەو ڕەنگەیـەی لـە ڕەنگـی دیاردەیـەکی سرووشـتی وەرگـیراوە و دەلالەتێکی تری لەسەر هەمان بنەما لەخۆوە گرتووە، بۆ نموونە: سەوز واتای نوێبوونـەوە و ژیان دەگەیێنێت؛ چونکە لە بەهاردا گژو گیا سـەوزە، ٢– **ڕۆشـنبیری:** بـە پێـی ئاسـت و ڕۆشنبیری هەر وڵات و کۆمەڵگایەك ڕەنگەکان دەلالەتی جیاواز لە خۆ دەگـرن، بـۆ نموونـە: لای هەندێك کۆمەڵگا (ڕەش) نیشانەی ماتەوە، بەڵام لای هەندێك میللەتی تر ڕەنگی سـپی دەپۆشـن.٣– **کەسـایەتی:** هەنـدێك جـا ڕەنگـەکان ڕیشـەیان لـە ئـەدگارە کەسـییەکان وەردەگرن، بۆ نموونە: ڕەنگی وەنەوشەی لای (بۆدلێر) تایبەتمەندی خەمناکی هەیە، بەڵام لای (رامبو) ڕەنگێکە دەلالەتی زیندوێتی و بە توانایی دەگەیێنێت [١٨٢: ٣٩٦ – ٤٠٢].

ڕەخنــەگری عــەرەب (د.محمــد کنــونی) دەڵێــت: ((ڕەنگپێــدان جــۆرە لادانێکی واتاییە، بریتییە لە ڕەنگپێدانی شتێکی ڕەنگدار بە پێچەوانەی ئـەو ڕەنگەی هەیەتی لە سرووشتی خۆیدا))[١٦٦: ٢٣٥]، ئەمەش جۆرێکە لە دانە پــاڵ، کــە بــەهۆی نــەگونجانی دوو کەرەســتەکە دوورکەوتنەوەیــەك بــەدی دەکرێت، هەروەها دوو شێوە ڕەنگپێدانی تریشی دەستنیشانکردوون لەوانـە ((١- **ڕەنگپێدانی بێ ڕەنگ**، کاتێك ڕەنگ دەدرێتە پاڵ شتێکی هەستپێکراو، کە لـە واقیعـدا ڕەنگـی نییـە. ٢- **ڕەنگپێـدانی ڕووت (مجـرد):** کاتێـك ڕەنـگ دەدرێتە پاڵ شتێك، یان چەمکێکی ڕووت و هەست پێنەکراو)).[١٦٦: ٢٤٧]، جـۆری یەکـەمیان جۆرێکـە لـە هەسـت گۆڕکێیـەکان، جـۆری دووەمیشـیان شێوەیەکە لە داماڵین.

**١- ڕەنگپێدانی کەرەستەی بێ ڕەنگ:** وەك:

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

**بایەکی سپی لەو بنارە هەڵدەکات**[٣٢: ٢٨٣]

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**لە لێکدانەوەی تەنکە هەڵمێکی وەنەوشەیی**
**بەردی خۆشنوودی ناوەشێندری**[٤٧: ٤٤]

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**گەل باوەشی**
**بۆ کۆچی سپیت کردۆتەوە**[٥١:٢٢١]

(هەڵم) و (کۆچ) ڕەنگییان نییە، بەڵام شاعیر ڕەنگیپێداون، بە دانـەپاڵی ڕەنگی وەنەوشەیی و سپی.

**٢- ڕەنگپێدانی چەمك و بیرە ڕووتەکان:** وەك:

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**ئەستێرەیەکی ڕژاوبوو،**
**وای کرد تەنیاییم سپی بێت**[٧٧: ٣٤٧]

شاعیر ڕەنگی بە (تـەنیایی)داوە لـە کاتێکـدا چـەمکێکی ڕووتـە و ڕەنـگ وەرناگرێت.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**هێشتا بژوێن و دارستان**

**هەر لە خەوی سەوزیانا بوون**[٤٠: ١٤٣]

(خەون) چەمکێکی ڕووتە، بـەڵام لـەم نموونەیـەدا ڕەنگی پێـدراوە، بـە دانە پاڵی ڕەنگ.

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

**دەتەویست – بۆ هەتا هەتایە – پرچی ئاوریشمین،**

**گفت و بەڵێنی ژەنگاوی و**

**زەردەخەنەی دڵدارە دێرینەکەت لە بیر خۆت بەریتەوە.**[٣٢: ٢٧٤]

(بەڵێن) چەمکێکی ڕووتە و شاعیر ڕەنگیپێداوە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**بە ژانی سوور**

**نووسینی خۆی هەڵدەکەنێ**[٥٠: ٢٠٥].

(ژان) ڕەنگی نییە و شاعیر ڕەنگی پێداوە.

**٣- ڕەنگپێدانی کەرەستەکان بە ڕەنگی جیاوازی خۆیان:** وەك:

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**دڵی سەوزی شاعیرێکی جوانپەرستە**[٥١: ٢٢٥]

(دڵ)سوورە، بەڵام شاعیر ڕەنگی سەوزی داوەتەپاڵ.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**هەڵئەپەڕێ و ڕیشی سپی خانی و بەفر**

**بەیەکەوە ئەستێرەی سەوز و سوور ئەگرن**[٧١:٢٦]

(ئەستێرە) ڕەنگێکی زیوی درەوشاوەیی هەیە، بەڵام لەم لەتە شیعرەدا بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی خۆی، کە (سەوز و سوور)ن ڕەنگی پێدراوە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**هەر پارچەیێکی دڵی سپیم**
**لە شوێنێکی ئەم زەمینە خوارەدا ناشت**[٥٠: ١٤٩].
(دڵ) ڕەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر ڕەنگی سپی پێداوە.

**حەوتەم: نەگونجانی ئاوەڵناو**

ئەم جۆرە لادانە لە ئەنجامی دانەپاڵی هەموو جۆرەکانی تری پێشووی دانەپاڵ دروست دەبێت، شاعیر بۆ زیاتر بەرجەستەکردن و دوورکەوتنەوە لە دەربڕینە باوەکان، ئاوەڵناوێك دەداتەپاڵ ناوێك، یان کەرەستەیەك بێ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:
**شەو گەورە بێ**
**درەختێ دێ لق و پۆپت تێ وەردێنێ**.[١٧: ٣٧]
ئاوەڵناوی (گەورە) لەگەڵ (شەو)دا ناگونجێت؛ چونکە لە زمانی باودا ئاوەڵناوی درێژ و کورت دەدرێتەپاڵ شەو.

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:
**دەرگای ئەو پەرستگایە تەمبەڵەش ناکرێتەوە**،[٧٧: ٣٢٧]
ئاوەڵناوی تەمبەڵ لەگەڵ پەرستگادا ناگونجێت.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:
**هەور شکا و ڕەنگی بە سەد جۆر گۆڕا**[٤٧: ٥٠]
ئاوەڵناوی (شکا) لەگەڵ (هەور)دا ناگونجێت.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:
**شیعری تووڕە یەخەم ئەگرێ و**[٣٠: ١٦٠]
ئاوەڵناوی (تووڕە) لەگەڵ (شیعر)دا ناگونجێت.

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێت:
**گەر ڕۆژێ بایێکی کۆیلە**
**سەری خۆی بۆ دانەواندی**[٧٣: ٥٦]

ئاوەڵناوی (کۆیلە) لەگەڵ (با)دا ناگونجێت.


(فەرید زامدار) دەڵێت:

**ئێوارەیەکی کوژراو بووی**

**لە ناو ژوورە ڕووتەکەتدا**[٥٠: ١٨٣]

لە لەتی یەکەمدا ئاوەڵناوی (کوژراو) لەگەڵ ئێوارە ناگونجێت، لە لەتی دووەمیشدا ئاوەڵناوی (ڕووت) بۆ (ژوور) ناگونجێت.

هەموو ئەو جۆرە لادانە واتاییانەی خستمانەڕوو، لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوون دەبنەوە.




## ٣ – ٢: میکانیزمەکانی لادانی واتایی**

زمانی شیعری مۆرك و سیمای تایبەتی خۆی هەیە لە گەیاندنی واتادا، ئەمەش بەو شێوە ناوازە و دەگمەنەی لە گەیاندن و بەخشینی واتادا

---

(*) زۆربەی جۆرەکانی دانەپاڵ پێوەندیان بەیەکەوە هەیە و دەچنە ناو هەمان بازنە، بەڵام ئێمە تەنیا بۆ ئاسانکاری و مەبەستی ڕوونتری گەیاندن جیامانکردوونەتەوە، بۆ نموونە: هەندێك جۆری ڕەنگدان دەچنە خانەی پارادۆکسی یان نەگونجانی ئاوەڵناو.

(**) لە هەندێك لە سەرچاوە وتوێژینەوە ڕەخنەییەکان (لێکچواندن و خواستن) بە لادانی واتایی دانراون، هەرچەندە هێڵێکی زۆر باریك لە خودی لادانەکە جیایان دەکاتەوە، بەڵام ئێمە پێمان وایە، کە ئەمانە لادانی واتایی نین، بەڵکو شاعیر وەك میکانیزمێك بۆ بەرجەستەکردنی لادانە واتاییەکان، پەیڕەوییان دەکات.

پەیڕەوی دەکات، لە چوارچێوەی هەر ئەزموونێکی شیعرییدا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست دەکات؛ چونکە شاعیری داهێنەر بۆ دوورکەوتنەوە لەو بەکارهێنانە واتاییە تەسکەی وشەکان لە فەرهەنگدا هەیانە، هەوڵ دەدات هەندێك پێوەندی و وێنەی نوێ لە ئەزموونەکەیدا دابهێنێت، کە پێشتر ئامادەییان نەبووە لە زەینی خوێنەردا، بۆ ئەمەش پێویستی بە هەندێك میکانیزم دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە زانراوەی لە نێوان دال و مەدلوولدا ئامادەیی هەیە، بیگۆڕێت و دەستکارییان بکات؛ لەبەرئەوە هەموو ئەو جۆرە لادانە واتاییانەی لای شاعیرانی ئەم قۆناغە (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا پەیڕەوکراون، بە بەکارهێنانی دوو میکانیزمی سەرەکی دەگەڕێنەوە، کە بریتین لە:

**١- لێکچواندن*** **(التشبیه)** (Simile):

لە دەربڕینی شیعریدا هونەرێکی گرینگی ڕوونبێژییە ؛ بۆیە شاعیران هەمیشە لە بونیاتنانی وێنەی شیعریی و لادانە واتاییەکان پشتییان پێبەستووە، کە بریتییە لە لێکچواندنی دوو شت، یان دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان دوو شت، یان دوو دیاردە، ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەك وەستاوە (لێ چوو، لەوچوو، ئەوزار، ڕووی لێکچواندن)، ئەگەر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، شاعیران زیاتر لێکچواندنیان لە نێوان شتە دیارەکان کردبێت، ئەوا شاعیرانی ئەم قۆناغە لادانیان لەم لێکچواندنانەدا کردووە، ئەمەش ((بە هێنانەوەی لێکچواندنی

---

(*) لە سەرچاوە ڕەوانبێژییە کۆنەکاندا چەندین شێوە و جۆری جیاوازی لێکچواندن بە پێی هاتن و نەهاتنی بنەما و پێکهاتی بنەمایەکان لێك جیاکراونەتەوە، بەڵام ئێمە بە پێویستی نازانین لێرەدا بیانخەینەڕوو، بڕوانە: ١– عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (ڕوونبێژی)، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٢. ٢– سەردار ئەحمەد گەردی، لێکچواندن و ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف)دا، گ.زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١/١١/٥. ٣– شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەددین، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ٢٠٠٧.

نویٚ و نامۆ، که بریتییه لـه چـڕکردنەوەی ئـەرکی لادان، بـه جۆرێك کـردەی سەرسوڕمان و کتوپڕیی لای خوێنەر دروست دەکات، بەو دوورییەی له نێـوان دوو لایەنەکـەی لێکچـواندندا هەیـە.))[١٩٩:٤٥]؛ بۆیـە گرینگییەکـەی لـەو کاریگەرییـە دەردەکـەوێت، کـه لەسـەر دەروونـی وەرگـر دروسـتی دەکـات؛ چـونکه خوێنـەر چـاوی بـه جیهـانێکی نـویٚ و جیـاواز لـەو جیهانـه ئاسـاییە دەکەوێت. شاعیری داهێنەر هەموو ئەو کردانه لـه ڕێگـەی خەیاڵـەوە ئـەنجام دەدات؛ چونکه هەروەك (ئۆڵمان) ئاماژەی پێکـردووە، لـه زمـانی ئاخـاوتن و ڕێزماندا شاعیر دەبێت لەو سنووره تەسکەی ڕێزمان دەرنەچـێت؛ بۆیـه تاکـه دەرفەت، که ڕێگه به هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەو وشانه دەدات به بیٚ کۆت و بەنـد خەیاڵـە[١٥٦:٢٤٩]، خـەیاڵیش کۆڵەگەیـەکی گرینگـی دامەزرانـدنی لێکچـواندنه؛ بۆیـه ((تـا خەیاڵەکـه بـەرزەفڕتر بـیٚ لێکچـواندنەکه بـه پێزتـر دەبیٚ))[١٠٨: ١٠٥]؛ لەبەرئەوە خوێنەریش دەبێت پشت به خەیاڵ ببەسـتێت له دۆزینەوەی ئەو پێوەندی و لێکچواندنەی شـاعیر لـه نێـوان دوو شـتی لێـك دوور دروستیان دەکات.

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین، دەبینین کـه شـاعیر وەك میکانیزمێکی سەرەکی له ئەنجامدانی لادانه واتاییەکان پشتی به لێکچـواندن بەستووە.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**گیانی حاجی، کۆتره باریکەی شەکەت و لانەوازە**

**لەودیوی پەنجەرەکانەوە**

**باڵه فڕکەیەتی و دەگمێنیٚ** [٥١: ٢٣٥]

شاعیر به لێکچواندنی ڕۆحی (حاجی قادر کۆیی) به کۆتر به ئـاژەڵکردنی ئەنجامداوە، که له بنچینەدا بەم شێوەیە (گیانی حاجی وەك کۆتره باریکەی شەکەت و لانەوازە)

گیانی حاجی: لیٚ چووە.

کۆتره باریکە: لەوچووە.

ئەوزار: دەرنەکەوتووە.
ڕووی لێکچواندن: شەکەت و لانەوازەیە.
(عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:
**کە من کڕ و بێدەنگ دەبم**
**وا تێ نەگەی بارسووکەڵە و دەستبەتاڵم –**
**بڕوا بکە،**
**وەك پلوورەی هەنگە سەرم، هێند سەرقاڵم!** [٧٤: ٣٥]
شاعیر وێنەکەی لە سەر بنەمای لێکچواندن کێشاوە؛ چونکە سەری خۆی لە سەرقاڵیدا بە پلوورەی هەنگ چواندووە.
(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:
**لەو ڕۆژەوە کە دەستم لە تۆ شتووە**
**وەك دەروێش**
**ڕۆحم لەبەر**
**بارانی رەحمەتی خوادا هەڵخستووە**[٣٠: ١٩٤]
(ڕۆح) بەتەنکراوە، ئەو میکانیزمەی شاعیر لادانەی پێ ئەنجامداوە لێکچواندنی خۆیەتی بە دەروێش.
(رەفیق سابیر) دەڵێت:
**بیرەوەرییەکان، وەك زەردەواڵەی وروژاو**
**تێی ئالآن**[٣٢: ٢٧٥]
شاعیر بە ئاژەڵکردنی ئەنجامداوە، بە لێکچواندنی بیرەوەرییەکان بە زەردەواڵە.
(نەوزاد رەفعەت) لە شیعری (سڵکردنەوە)دا دەڵێت:
**ئەو بولبولە**
**سڵم لێ دەکا و دوور لە من**
**هەڵدەنیشێ.**
**نازانێ دڵی من هەزار**
**بولبولی وەك ئەو جوانی تێدا دەخوێنێ.** [٧٣: ٤٦]

شاعیر بە لێکچواندن لادانی واتایی (بە ئاژەڵکردنی)ی ئەنجامداوە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**ئەو دەمەی شیعرێ دەنووسم**

**وەك مێش هەنگوین**

**خۆیشم دەمرم**[٥٠: ٢٤٣]

شاعیر لێکچواندنی وەك میکانیزمێك بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی بە ئاژەڵکردن.

**٢- خواستن[*] (الاستعارة)** (Metaphore):

هونەرێکی گرینگی ڕوونبێژییە، لەسەر بنچینەی لێکچواندنی دوو لایەن کاردەکات، بەڵام جیاوازی لەگەڵ لێکچواندن لەوە دایە، کە لە خواستندا تەنیا یەك لایەن دەردەکەوێت، کاریگەرییەکەشی لە لێکچواندن زیاترە؛ چونکە خواستن گۆڕینێکی ڕووتی واتا نییە، بەڵکو گۆڕینی سرووشتی واتایە، گواستنەوەی واتای زەینییە بۆ واتای هەڵچوونی، پەڕینەوەیەکە لە زمانی ئاماژەییەوە بۆ زمانی سرووش بەخشیی[٢٣٧:١٨٢ - ٢٣٨]، ئەمەش بە توانا و ئاستی زیرەکیی ئەو شاعیرەوە پەیوەستە، کە چۆن بتوانێت وزەیەکی هونەریی بەهێز بە ئەزموونەکەی خۆی ببەخشێت، لە ڕێگەی دۆزینەوەی پێوەندی لە نێوان لایەنە دوور و لێك جیاوازەکان.

(لۆرانس پیرین) چەند ئەرکێکی گرینگی خواستنی دەستنیشانکردووە:

١- بە هۆی بەکارهێنانی خەیاڵ یارمەتی خوڵقاندنی سەرچاوەیەك بۆ چێژ دەدات.

٢- ڕێگەیەکە بۆ هێنانە ناوەوەی خەیاڵێکی زۆرتر بۆ شیعر بە مەبەستی گۆڕینی شتی موجەڕەد بە بەرجەستە و بۆ بەهەستکردنی شیعر.

---

(*) خواستن بەشێکە لە خوازە؛ چونکە خوازە دووبەشە، خوازەی ژیری و خوازەی زمانی، خوازەی زمانیش دەکرێتە دوو بەش: خوازەی بەرەڵڵا و خواستن.

٣- ئامرازی چڕکردنەوەیە، ڕێگەیەکە بۆ گوتنی زۆر لە بوارێکی تەنگدا. [٥٢: ٤٥]

کەواتە: خواستن میکانیزمێکی گرینگە بۆ ئەنجامدانی لادانە واتاییەکان، خوێنەر دەبێت بە تەواوی دوولایەنەکە بدۆزێتەوە، بۆ گەیشتن بە واتای خواستراو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەوروبەرە زمانییەی وشەکەی تێدا بەکارهاتووە؛ ((چونکە بەبێ باری گوتن و بابەتی گوتن ئەو وشانە نادۆزینەوە کە لە جێی خۆیاندان و جیاناکرێنەوە لەو وشانەی نامۆ و سەیرن))[٩٨: ٩]، ئەمەش بۆ ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە، کە خواستن لەو سیاقە زمانییە دەیبینێت، کە ((ئەرکێکی لادانییە، ئارەزووی لە نامۆیی و سەرسوڕمان و سەرپێچییە، یاسا لۆژیکی و هۆشەکییەکان پێشێل دەکات[١٢٤: ١٨٢].

بەشێکی زۆری ئەو لادانە واتاییانەی باسمانکردوون، خواستن میکانیزمی سەرەکی بووە بۆ هاتنە کایەوەیان، هەروەك لەم نموونانە دەردەکەوێت* :

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**درەختی کەژ سەر بەرەوخوار ئەبوونەوە و بەقژ خۆیان**

**هەڵ ئەواسی.** [٤٠: ٤١].

شاعیر لادانی واتایی بەمرۆڤکردنی ئەنجامداوە، قژی لە مرۆڤەوە بۆ درەخت خواستووە.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**بۆ کوێ بچم؟ بەردیش بۆنی خەمی لێ دێ!**[١٧: ١١].

---

(*) (لیچ) سێ جۆر خواستنی دەستنیشانکردوون: ١- الاستعارة التشخيصية أو المحسية (Concretive Metapre): گواستنەوەی سیفەتە هەستییەکانە بۆ چەمکە ڕووتەکان. ٢- الاستعارة الانسانية (Humanizing Metaphore): گواستنەوە سیفەت و مۆرك و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە بۆ ئەو شتانەی (- مرۆڤ)ن.٣- الاستعارة الاسلوبية (Synaesthetic Metaphore) لەسەر تێکەڵبوونە هەستییەکانی نێوان دوو کێڵگەی واتایی چڕ و جیاواز وەستاوە. [٢١٠: ١٥٨].

شاعیر هەستگۆڕکێی لەسەر بنەمای خواستنی سیفەتی (بۆن) لە شتە بۆندارەکان و دانەپاڵ (خەم) کە بۆنی نییە لادانە واتاییەکەی ئەنجامداوە.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**زمانی هۆشم پێم ئەڵێت**

**نەفامە ئەو کەسەی دڵی**

**بداتە دەست کچێکی شێت**[٣٠: ١٩٦]

شاعیر بەرجەستەکردنی ئەنجامداوە، بە خواستنی زمان لە گیانداران و دانەپاڵی بۆ (هۆش).

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**من چاوم گەلێك جار لە چنگم فڕیوە**

**بێ ئەوەی پرسێکم پێ بکا،**[٥١: ٢٣٤]

شاعیر بەهۆی خواستنی (فڕین) لە باڵندە چاوی خۆی بەئاژەڵکردووە.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**گەڵای مردوو**

**تووڕەیی وەرزەکان**

**درۆکردنی ئەسپ لەگەڵ ئەوسوارەی**

**بە پشتیەوەیە دەگەنە کانی و مێرگێك**[٤٧: ٤٤]

شاعیر لە لەتی یەکەم و دووەمدا نەگونجانی ئاوەڵناوی داهێناوە، بە هۆی خواستنی (مردوو) لە گیانەوەران و دانەپاڵ گەڵا و خواستنی (تووڕەیی) وەك سیفەتێکی گیانداران و دانەپاڵ وەرزەکان، لە لەتی سێیەمیشدا درۆکردنی لە مرۆڤ خواستووە و دراوەتەپاڵ ئەسپ.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**خەونەکانت هۆنراوەیین**

**کە پەنجەی نەرمی ئاو دەگری** [٥٠: ٢٥٥]

شاعیر پەنجەی لە مرۆڤ خواستووە بۆ ئاو.

**٣ – ٣: ئەدگارەکانی لادانی واتایی**

شـاعیر؛ لەبەرئـەوەی لەسـەر ئاسـتی هـەردوو تـەوەرەی جێنشـینی و هاونشینی لە یاساکانی زمان لادەدات، بە هەڵبژاردن و دانانی وشـەو دانـەپاڵ یـەکیان؛ بۆیـە لـە ڕووی چـۆنیەتی و چـەندایەتی دەربڕینەکـە گـۆڕانی بەسەردادێت، بەمەش زمانی دەق بەرەو چڕکردنەوە دەچێـت. ئـەو واتایـەی شاعیر لە وشە و لەتە شیعرێکدا بەرجەستەی دەکات، بە ئەندازەی ئەو لادانە لە یاسا چەسپاو و جێگیرەکـان، دوور دەکەوێتـەوە لـە گەیانـدنێکی ڕوون و ڕاستەوخۆی ڕۆژانە، بەمـەش هەسـتێکی سـەرنجڕاکێش لای خوێنـەر دروسـت دەکـات و تووشـی کتـوپڕیی دەکـات بـە هـۆی لادان لـە هەڵبـژاردنی لـۆژیکی چاوەڕوانکراودا[١٣٥: ١٧٦] ؛ بۆیە مەبەست لـە ئـەدگارەکانی لادانـی واتـایی ئەو واتـا نادیـار و شـاراوانەیە، کـە لـە سـێبەری وشـە، یـان لـەت و دێڕەکـان بوونیان هەیـە و لـە تیشـکی لادانـە واتاییـەکان بەسـەر جەسـتە و پێکهاتـەی دەقەکان بەرهەم هاتوون، دیارترین و گرینگترین ئەدگارەکانی لادانی واتاییش لە شیعری کوردی قۆناغی (١٩٨٠ – ١٩٩١)، بریتیین لە:

**أ – ڕەمز*** (Symbol)

ڕەمز بنەمایەکی گرینگی دەربڕینی شـیعرییە، بەرهـەم و لـە دایـك بـووی لادانـە واتاییەکانـە؛ چـونکە هـەرکاتێك ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان دال و مەدلوول هەیە، دەستکاری کرا ئەو واتایـەی کۆمـەڵگا لەسـەری ڕێککـەوتووە

---

(*) چەمکی ڕەمز لەگەڵ (ئیشارەت و نیشـانە و خـوازە و خواسـتن و ئـەلیگۆری) زۆر نزیکـە، بـەڵام جیاوازییشـە و لەبەرئـەوەی لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا چـەندین توێژینـەوەی ئەکادیمی تایبەت بە ڕەمز ئەنجامدراون؛ بۆیە ئێمە بە ئەرك و پێویسـتی توێژینەوەکـەمانی نازانین، دووبارە لە چەمك و پێناسە و چۆنیەتی دروست بوون و جۆرەکـانی ڕەمـز بـدوێین، بۆ زانیاری لە بارەی ئەم بابەتانە، بڕوانە: ١– د.تالیب محەمەد ئەحمەد، هێما لـە چـیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور (١٩٦١–١٩٨٠)نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئـاداب، زانکـۆی سەڵاحەددین،٢٠٠٠. ٢– پـەخشـان سـابیر محەمـەد، ڕەمـز لـە شـیعری هاوچـەرخی کـوردی کرمانجی خـوارووی کوردسـتانی عیراقـدا (١٩٧٠–١٩٩١)، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێـژی ئـاداب، زانکۆی سەڵاحەددین،٢٠٠٢.

دەگۆڕێت؛ بۆیە لەقینی هاوسەنگی نێوان ئەم دوو پێکهاتـە لـە ڕەمـزدا خـۆی دەنوێنێت، کە لە گـۆڕین و پێچـەوانەکردنەوەی ئـەو ڕێککەوتنـە سەرچـاوەی گرتووە[١٤٨: ١٦٣].

خواســتن و لێکچــواندن* دوو بنـــەمای گرینگـــی دروســتبوونی ڕەمـــزی شـیعرین؛ چـونکە ئـەو وشـە و گوزارانـەی بوونەتـە ڕەمـز لـە سـەر بنـەمای لێکچوون، یان خواستنی وشەکە و بەکارهێنانی بۆ واتایـەکی جیـاواز لـە واتـا بنەڕەتییەکـەی خـۆی وەسـتاوە، بـەڵام کاتێـك ڕەمـز لـە دەقـی شـیعرییدا بەکاردێت، دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:

١- سـیاقی زمـانی: کـە ڕەمزەکـەی تێـدا بـەکارهاتووە؛ چـونکە ئـەوە دەزانین، کـە وشـەکە بـە واتـای بنچـی، یـان وەك ڕەمـز بـەکارهاتووە؛ بۆیـە ((ئەوە سیاقە کـە گرینگـی و پێگـە و ناوەرۆکـە ئیسـتاتیکییەکەی بـە ڕەمـز دەبەخشێت))[١٤٨: ١٠٥]؛ لەبەرئەوەی وشەکە لە دەرەوەی ئەوسـیاقە هـیچ بەهایەکی جوانکاری نییەو نابێتە ڕەمـز؛ لەبەرئـەوە یـەکێك لـەو گۆڕانکارییـە ڕیشەییانەی، کە (ریفاتیر) لە بـارەی لادانـە واتاییەکانـەوە ئامـاژەی پێـداوە، (لادانی سیاقی)بوو، ((کە چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام (ریفاتیر) تەنیا گرینگـی بە سیاقی شێوازی دەدا و بەوە دەیناساند، کە نەسەقێکی زمانی دیـاریکراوە دەچێـە ناو ڕەگەزێکی چاوەڕواننەکراو، ئەمەش بە بۆچوونی ناوبراو بە لادانی سیاقی ئەژماردەکرێت و کاریگەرییـەکی ڕوونـی لەسـەر شـێواز هەیـە))[١٦٢: ١٤٥].

٢- هــەبوونی شــارەزایی لــە بــارەی ســەردەم و بــاری کۆمەڵایــەتی و فەرهەنگی وشەی شاعیر و ئـەو کۆمەڵگایـەی دەقەکـەی تێـدا نووسـراوە، کـە تاڕادەیەك یارمەتی خوێنەر دەدات لە دۆزینەوەی واتـای دووەمـی ڕەمزەکـە؛ چونکە ڕەمز بە هۆی ئەو ئیحایە ناوەکییەی هەیەتی، هەندێك جار تێکچڕژاوی

(*) ئەمە بڕیارێکی ڕەها نییە بۆ هەموو ڕەمزێك؛ چونکە هەندێ ڕەمز (ڕەمزی دەستوور بـەدەر و لە خۆوە) هەیە نـە لەیەکچـوون لـە فـۆرم و واتـادا هەیـە نـە پێوەندییـەك دەیانبەسـتێت بەیەکەوە بڕوانە:[٤٣:٤٠].

و ئالۆزی لە تێگەیشتن دروست دەکات، جگە لەمەش ((شاعیر کار لەسەر ئامادەکردنی هەندێ هەڵوێست و ڕووداو و کەسایەتییە دیارەکان دەکات، لەو سیاقە کولتوورییە دەریاندەهێنێت، بە لادان لەو دەلالەتە کەلەپوورییەی یەکەم، بە تێڕوانینێکی جوانتر واتای تریان لێ باردەکات، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەزموونە شیعرییەکەی))[١٥٠: ٥٩]،

گرینگیی بەکارهێنانی ڕەمز لە زمانی شیعرییدا جگە لە لایەنە جوانکارییەکەی، کورتبڕی کردنی زمانە، بە هۆی چڕکردنەوەی واتایەکی گەورە لە چوارچێوەی تاکە گوزارەیەکدا؛ چونکە هەروەك (یونج) (١٨٧٠-١٩٦١ز) ئاماژەی پێکردووە، ڕەمز میکانیزمێکە بۆ درکپێکردنی ئەوەی ناتوانی بەبێ ئەوە گوزارشتی لێ بکەی، هەروەها پێی وایە ئەمە باشترین ڕێگەی پەیڕەوکراوە بۆ گوزارشتکردن لە واتا و مەبەستێك کە هیچ هاوتایەکی گوزارەیی نییە، یان قورسە و ئەستەمە بتوانێت لە خودی خۆیدا هەڵیبگرێت[١٤٧:٣٦].

لە سەرچاوە و توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا چەندین جۆری ڕەمز دەستنیشانکراون، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین: هەموو جۆرەکانی ڕەمز لەسەر چەند سیماو بنەمایەکی هاوبەش وەستاون، کە بریتین لە:

١- هەموو ڕەمزێك گوزارشتە لە شتێك (واتایەك) بە ناوێکی تر، یان وشەیەکی تر.

٢- هەموو ڕەمزێك ئاماژەیەکی دوالیزمی، یان تێکچڕژاوی هەیە.

٣- هەموو ڕەمزێك ڕەگەزێکی واقیعی و خەیاڵی هەڵگرتووە. [١٤٧: ٣٥][٨٩: ١٣]

کوردستان زیاتر لە ساڵانی سەدەی پێشوودا، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە، بە بارودۆخێکی تایبەت و جیاواز لە ئێستا و قۆناغەکانی پێشووتریدا تێپەڕی، جەنگی هەشت ساڵەی عیراق و ئێران (١٩٨٠ - ١٩٨٨) و ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە (١٩٨٨) و نەبوونی ئازادی لە ڕادەربڕین و چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی تاکی کوردی

له لایەن ڕژێمی بەعس، هۆکارێکی سەرەکی بوون؛ بۆئەوەی شاعیران پەنا ببەنە بەر ڕەمز و وەك چەکێکی کاریگەر لە گوزارشتکردن لە هزر و هەست و سۆزەکانیان بەکاریبهێنن. جگە لەم هۆکارە تایبەتییانە بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز بریتیین [٨٩: ٢٢- ٢٣]لە:

١- **بۆ مەبەستی ئێستێتیکی:** شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونەکەی بەرز و داهێنەرانە بێت، پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕەمز دەبات؛ بۆیە زۆربەی جار وەك پێوانەیەك لە هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتوویی شاعیر پشتی پێ دەبەسترێت..

٢- **هۆکاری رامیاری:** شاعیر بەهۆی ترس لە دەسەڵات هەندێك لە دەربڕینەکانی بە ڕەمز دەردەبڕێت.

٣- **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** هەندێ جار دابونەریتی و کۆمەڵایەتی لە دەربڕینی هەندێك بابەتدا دەبنە کۆسپ لە بەردەم شاعیر و ناتوانێت بە ئاشکرا دەریانبڕێت؛ بۆیە بە ڕەمز بۆچوونی خۆی لەبارەی هەندێ بابەت دەردەبڕێت.

٤- **هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان:** شاعیر لە ئەنجامی کاریگەربوونی بە شاعیر و نووسەرانی میللەتانی تر بە تایبەتیش ڕۆژئاواییەکان و بۆ پێشکێشکردنی شتێکی نوێ و پیشاندانی ڕۆشنبیری خۆی لەبەردەم وەرگرەکانیدا، ڕەمز بەکاردەهێنێت.

٥- **هۆکارە دەروونییەکان:** بە هۆی پابەندبوونی شاعیر بە وەهم و خەیاڵ و گوزارشت کردن لە هەندێك حاڵەتی ناوەوە و نەست و بابەتی شاراوە ڕەمز بەکاردەهێنێت.

ئەو جۆرە ڕەمزانەی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەم قۆناغەدا (١٩٨٠ - ١٩٩١) دەبینرێن، ئەمانەن:

١- **ڕەمزی خودی:** ئەم جۆرە ڕەمزە شاعیر خۆی دایدەهێنێت، یان دەستکاری ڕەمزێکی کۆن دەکات و بەواتایەکی تر بەکاری دەهێنێت[١٤٧: ١٣٦]، ئاستی داهێنانەکەی بەرزترە لە ڕەمزی گشتی بۆ نموونە:

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**من هەم و نیم دووپێیەکم،**

**کەچی ئەوا**

**زەردەواڵەی دوو پێ دەمخۆن،**[٢٩: ٣٢٨]

(زەردەواڵە) ڕەمزێکی خودییە شاعیر بۆ دوژمن بەکاریهێناوە.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**دەستاڕێکی مات و کپە...**

**دەسکیی، قەدی داربەڕووە و**

**هەر لینگەی سینگی شاخێکە**[٦٢: ١٩]

(دەستاڕ) ڕەمزێکی خودییە و شاعیر بۆ نیشتیمان بەکاریهێناوە؛ چونکە لە کۆتایی دەقەکە دەڵێت: (دەستاڕێکی مات و کپە.. وڵاتی من).

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**دوعام دەکرد دەمگوت خوایە/بایێ با بێ/**

**ڕەش بە سپی بگۆڕێتەوە/کیژان پیرکا/**[١٧: ٦٦]

ڕەنگی (ڕەش) ڕەمزە بۆ ماتەمینی و ناخۆشی و ڕەشبینی، ڕەنگی (سپی) ڕەمزە بۆ پاکی و بێگەردی و ئاشتی، بەڵام شاعیر دەستکاری ئەم ڕەمزە باوەکەی کردووە؛ بۆیە لێرەدا ڕەمزێکی خودی نوێن، (ڕەش) بە واتای گەنجێتی هاتووە، کاتێك مرۆڤ پرچی ڕەشە، (سپی)ش ڕەمزە بۆ پیری، کە تێیدا مرۆڤ پرچی سپی دەبێت؛ چونکە شاعیر مەبەستی ئەوەیە، پرچی ڕەشی کچان سپی بکات، واتا پیربن.

(عەبدوڵلا پەشێو) بۆ (هادی عەلەوی) دەڵێت:

**تۆ لە سەردەمی کورتە بالایان،**

**بالای بەرزی خۆت لە کوێ هێناوە؟**[٧٤: ١٥٩]

(کورتە بالا)ڕەمزێکی خودییە و شاعیر بۆ ترسنۆك و ئەوانەی خۆیان دەشارنەوە لە ترسی دەسەڵات بەکارهێناوە، بەڵام (بالای بەرز) ڕەمزە بۆ ئەوانەی چاونەترسن و داوای سەربەستی و ئازادی دەکەن و هەق دەڵێن.

**٢- ڕەمـزی گشـتی:** ئـەم ڕەمزانـە ڕەمـزی ئامـادەکراون و لای زۆربـەی نەتەوەکان، یان سەرجەم شاعیرانی نەتەوەیـەك هـەمان واتـا دەگـەیێنن، بـۆ نموونە:

(عەبدوڵلاّ پەشێو) دەڵێت:

**هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!**

**لە هەستاندا ئێوە یەکن.**[٢٩: ٣٢١]

(هەڵۆ) ڕەمزە بۆ بەرزی و پێشڕەوی گشتییە؛ چونکە لای هەموو کـەس هەمان واتا دەگەیێنێت.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**ئەو وەختەی لاکی عوسمانی**

**لە نێوانی گورگەکاندا لەت لەت کرا**

**کوردستان و..**

**ئەم مەڵبەندەی سلەیمانی**

**بە گورگە چاوشینی دوورگەی**

**ئینگلیز بڕا**،[٤٠: ١٠٩]

(گورگ)یش ڕەمزە بۆ دوژمن و گشتی یە، (گورگی چاوشین)یش ڕەمـزە بۆ داگیرکەرانی ئینگلیز.

شاعیران بۆ وەرگرتن و داهێنانی ڕەمزی ئەدەبی لە شیعرەکانیاندا سوود لـە چـەند سەرچـاوەیەکی جۆراوجـۆر دەبیـنن؛ بۆیـە لەسـەر بنـەمای ئـەم سەرچاوانە ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە:

**١- ڕەمزی ئایینی:** شاعیران ئایین بە سەرچاوەیەکی گرینگی وەرگرتنـی ڕەمز دەزانن، لە ڕێگەی وەرگرتنـی کەسـایەتی و ڕووداوەکـانی نـاو چـیرۆك و ئاماژە ئایینییە جۆراوجۆرەکان، بۆ نموونە:

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**دوعام دەکرد/دەمگوت خوایە دیسان/**

**نووحمان بۆ بنێرە/ ئەوە نییە جارێکی تر چیا/**

**بارانێکی نەشارەزای لێ دەدا/** [١٧: ٦٦]

شاعیر سوودی لە چیرۆکی پێغەمبەر نووح (س.خ) وەرگرتووە، کە ڕەمزە بۆ ڕزگاری مرۆڤ، کاتێك بە کەشتییەکەی مرۆڤایەتی لە لەناوچوون ڕزگارکرد.

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**بیستوومە، دەڵێن:**

**خۆر، وەك مەلێکی پەڕوباڵ زێڕین،**

**ناولەپی مەزدەی کردۆتە**[٧٤: ٢٢]

ئایینی زەردەشتی بنچینەکەی دوالیزمییە، (خێر و چاکە) — (ڕووناکی و تاریکی)؛ بۆیە (خۆر) ڕەمزە بۆ ڕووناکی و (مەزدە) ڕەمزی هێزی خێر — ڕووناکییە.

(موحسین ئاوارە) دەڵێت:

**ناو و یادی سەلما**

**وەك کراسەکەی (یوسف) ئاسا**

**بۆ چاو هەڵهێنان و ڕۆشنایی**

**بەسەر گیانی تێنووت دادێ بە ئاسپایی**[٢٢: ٨]

(کراسەکەی یووسف) یەکێك بوو لە پەرجووەکانی ئەم پێغەمبەرە، ڕەمزە بۆ چاکبوونەوەی چاوی نابینا گەڕانەوەی ڕۆشنایی.

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**من خەمێکی گەورەم پێیە**

**نازانم بۆ کێ ی هەڵڕێژم**

**ساڵەهایە.. وەکو قابیل**

**لاشەی هابیل لە کۆڵمایە**

**پێم بڵێن لە کوێ بینێژم**[٣٠: ١٨٤]

(قابیل) ڕەمزە بۆ سەرهەڵدانی کارەساتێکی گەورە لەسەر زەوی، کە ئەویش خوێن ڕشتن بوو، لەبەرئەوەی یەکەم مرۆڤی کوشت نەیدەزانی چۆن بینێژێت؛ بۆیە شاعیر سوودی لەم ڕووداوە وەرگرتووە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**خۆی دەدایە دەم هەورازێك**

**دووا هەورازی لوتکەی حەزرەتی "موسا" بوو** [٥٠: ٢٤١]

شاعیر سوودی لە چیرۆکی پێغەمبەر (موسا)وەرگرتووە، (هەورازی حەزرەتی موسا)ی وەك ڕەمزێك بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو چیایەی کە پێغەمبەر موسا تێیدا گفتوگۆی لەگەڵ خوای گەورە کرد.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**ئەمشەو لە باخەڵتا نرکەی**

**شاعیرێکی بریندارم**

**هاتووم لە دەورت گەڕێم و**

**گەرمە شینت بۆ بگێڕم**

**بگریم وەك ئەو دەروێشانەی**

**لەسەر مەزاری حوسێن دا**

**بەلادادێن لە حەژمەتا**[٦٢: ١٠١]

مەزاری حوسێن (ر.خ) ڕەمزە بۆ قوربانیی بریندار بوون و شین و گریان و سووڕانەوە لە دەوری، ئەو کەسانەی سەر بە ڕێبازی (شیعە)ن، ئەم ڕێوڕەسمە ئەنجام دەدەن؛ بۆیە شاعیر سوودی لەم بۆنە ئایینییە وەرگرتووە، پلەی خۆشەویستی خۆی چواندووە بە خۆشەویستی شیعەکان بۆ ئیمامی حوسێن (ر.خ).

**٢- ڕەمزی کەلەپووری:** کەلەپوور و ئەدەبی فۆلکلۆری گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن بۆ شاعیر بۆ هەڵێنجانی هەموو ئەو وشە و کەرەستانەی پێویستییەتی لە بەرجەستەکردنی ئەزموونە شیعرییەکەی. بۆ نموونە:

(نەوزاد ڕەفعەت) لە شیعری (عیشق)دا دەڵێت:

**زێش نەوێرێ بیدرکێنێ..**

**چیای سیپانیش بترسێ دەنگ هەڵبڕێ.**

**من شایەتم**

**سیامەند پەلی دارەبەنێی لە دڵ ڕاچوو.**

**خەجیش لە حەژمەتی ئەو، خۆی**

**هەڵدێرا، ئەمیش شەهید بوو**[٧٣: ٨٨]

(سیامەند و خەج) دوو ڕەمزی کەلەپووری کوردیین و و ڕەمزن بۆ کۆڵنەدان و خۆبەختکرد لە پێناوی عەشق و خۆشەویستی.

(قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (کۆترە شینکەکانی زانکۆ)دا دەڵێت:

**چ خەزاڵێکی سەرکێشن**

**وەك برووسکە ڕێدەکەن و**

**تەنیا جارێك سەیر ناکەن**

**دڵی گەرمی چەند لاسەشۆڕ**

**بە دوای خۆتان رادەکێشن**[٥١: ٢٢٥]

(خەزاڵ و لاسە شۆڕ)دوو ڕەمزی کەلەپوورین شاعیر بەکاریهێناون.

**٣- ڕەمزی ئەفسانەیی:** بە شێکی زۆر لە ڕووداو و کەسایەتی و پەڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بوونەتە ڕەمزی شیعری و لە لایەن شاعیران بەکاردەهێنرێن، بە هۆی ئەو ئیحاو لێکدانەوە واتاییانەی بۆ ئەم ڕووداو و کەسایەتییانە کراوە؛ بۆیە شاعیر بە نزیککردنەوە و لێکچواندنییان بە سەردەم و بارودۆخی خۆی بەکاریان دەهێنێت، بەمەش ئەفسانە دەبێتە بەشێك لە بونیاتی شیعرەکە[١٤٧: ٢٨٨].

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**ساڵ نییە ئەو گڕە چیرۆکێ بۆ عەشقی**

**کاوەیەك نە نووسێ و**

**بۆ مەرگی زووحاکێ**

**دۆزەخێ دانەخا.** [٤٠: ٦٣]

(گڕ، کاوە، زووحاك) ڕەمزی ئەفسانەیین، شاعیر سوودی لە ڕووداوە ئەفسانەییەکە وەرگرتووە، (گڕ) ڕەمزە بۆ سەرکەوتن و (کاوە) ڕەمزە بۆ تێکۆشان و (زوحاك) ڕەمزە بۆ چەوساندنەوە و زۆرداری.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**ئەو ئاوێنەیە بە چی تاوانبار بکەم**

**بەوەی دەموچاوەکان دەدزێت**

**بەشێواویش دەیان گێڕێتەوە**[٤٧: ٤٩]

(ئاوێنـە) لـە چـیرۆکە ئەفسـانەییەکاندا، وەکـو ڕەمزێکـی ئەفسـانەیی، سەرچاوەیەکە بۆ پێشبینی کردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**داری کۆران پەلکیان دا**

**کەسکی چاکی لە مووی باداران**[١٨: ٤٦]

(کەسکی چاکی) ڕەمزە بۆ چاکبوونەوە و چارەسـەری نەخۆشـی؛ بۆیـە بە بۆچوونە ئەفسانەییەکان کاتێك کەسێکی چاك دەمرێت لەسـەر گۆڕەکـەی پارچــە پەڕۆیــەکی ســەوز هەڵــدەدەن و خــەڵکی بــۆ مــراز و چارەســەر لێیدەکەنەوە و لـە شـوێنی نەخۆشـییەکەی دەبەسـتن یـان بـە نەخۆشـەکەی هەڵدەواسن.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**لە کەیەوە تۆ ((سیزیف))ی و ئەم جیهانەش،**

**بەردەکەتە؟!**[٢٦: ٣٤]

(سیزیف) ڕەمزە بۆ بێ هودەیی، لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانی وەرگیراوە.

**ئەم زریانە لە ((گلگامێش)) ی کاروانیا**

**قاڕەی تۆفان ناونووس ئەکات...**

**دەرگای داستان و ئەفسانە..**

**لە سەر ((ئەنکیدۆ))ی هاوڕێ ی ئەکاتەوە..**[٢٦: ٣٧]

(گلگـامێش)ڕەمزە بـۆ نـەمری و (ئەنکیـدۆ) ڕەمـزی هاوڕێیەتییـە، لـە داستانێکی کۆنی ئەفسانەیی وەرگیراون.

٤- **ڕەمزی مێژوویی:** بەشێکی زۆری کەسایەتی و سەرکردە و پاڵـەوان و ڕووداوە مێژوویەکان بوونەتە ڕەمـز بـۆ واتایـەك بـە گـوێرەی ئـەو ڕۆڵـەی لـە

ڕووداوە مێژووییەکان بینیویانە؛ بۆیە شاعیرانیش سوود لەم سەرچاوەیە دەبینن و چەندین ڕەمز لە مێژوو وەردەگرن.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**باسی زامی خۆت بۆ کردم...**
**لە سینەتا**
**کەلاوەی قەڵای ((دم دم))و**
**تەرمی لەپ زێڕینم بینی..!** [٦٢: ٨٦]

(قەڵای دم دم و خانەی لەپ زێڕین) ڕەمزی نەتەوەیین و ڕەمزن بۆ تێکۆشان و بەرگری و نەبەردی کورد بەرامبەر دوژمن.

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**کێ کڕیارە؟**
**دەی وەرنە پێش!**
**فەرموون: ئەمە کالانەی چاو،**
**بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،**
**کڵاوی کەریم خانی زەند،**
**شیر و زرێی سەلاحەددین،**
**مێژووی لنگە وقووچی بێبەر،**
**یەکە یەکە**
**بەندەکانی پەیمانی مۆرفینی سیڤەر،**
**دەندەکانی نیاندەرتاڵی**
**پیرە ئەشکەوتی شانەدەر!**[٧٤: ٥١ – ٥٢]

شاعیر کۆمەڵێ ڕەمزێکی گرینگی لە مێژووی کورد و مرۆڤایەتی وەرگرتووە، (کەریم خانی زەند، سەلاحەددین) ڕەمزی سەرکردەی ئازا و ڕزگاریکارن، (نیاندەرتاڵی، ئەشکەوتی شانەدەر) ڕەمزی مێژووی مرۆڤایەتین، شاعیر ئامادەیە هەموویان لە پێناوی بستێك خاکی ئازاد بفرۆشێت.

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێت:

**پێش وەی قەدی دار**
**خاچ و پوازی لێ بتاشرێ،**
**خانی لەپزێڕین گەمارۆبدرێ،**
**فەقیانەی سوارەی شکاك لە خوێنی سمكۆ وەردێ،**[٧٣: ١١٣]
(خانەی لەپزێڕین و سوارەی شکاك و سمكۆ) ڕەمزی مێژوویین.

**٥- ڕەمزی نێو سرووشتی:** سرووشت بەو فراوانـی و هەمەڕەنگییەیـەوە، جگە لەوەی سەرچاوەی گرینگی بەهرە و ئیلهامی شاعیرانە لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر لــە دیــاردە و ڕەنگەکانیشــی بوونەتــە ڕەمــز بــۆ واتــا و مەبەســتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە: (بەهار) ڕەمـزە بـۆ نوێبوونـەوە و ژیانـەوە، (ڕەشـەبا) ڕەمزە بۆ لەناوبردن و نالەباری، (ئاو) ڕەمزە بۆ ژیان و مردن، (خۆر) ڕەمـزە بۆ هیوا و ئاوات، ڕەنگەکانی (سوور، سەوز، سپی...تاد)* هەریەکە و ڕەمـزە بۆ واتایەك؛ بۆیە شاعیران ئەو ڕەمزانە بەکاردێنن بۆ ئەو واتایەی دەیگەیێنن.
(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:
**هەموو ساڵێ لە مانگی گەڵاڕێزاندا**
**لە خۆرنشینی ڕۆژێکی خەماویدا**[٤٠: ٢٧]

وەرزی (پـایز) ڕەمـزە بـۆ مـردن و سـیس بـوون و لـە ناوچـوون؛ بۆیـە (گەڵاڕێزان) ڕەمزی خەم و کۆتایی هاتنی ژیانە.

---

* بۆ زانینی واتای ڕەمزیی ڕەنگەکان، بڕوانە:
١- ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، لێکۆڵینەوەی چامە شیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گـەل (شێرکۆ بێکەس)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٧١ - ٧٢.
٢- د.نعيم اليافي، تطور الصورة الفنيـة في الشـعر العربـي الحـديث، صـفحات للدراسـات والنشـر، سورية، ص ١٧٩ - ١٨٠.
٣- د، مستەفا زەنگەنـە، ڕەنـگ لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی دکتـۆرا، زانکـۆی سـەلاحەددین- هەولێر، ٢٠٠٠.

(موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) دەڵێت:

**بە ئاگر و ئاگرباران**

**خەونی ڕەشی مێشکی ڕەشیان**

**دەپژێنین**[٢٠: ٣٥]

(ڕەش) ڕەمزە بۆ تاریکی و دواکەوتوویی و نەزانی خراپی؛ بۆیە شاعیر مەبەستی ئەوەیە ئەو خەونە خراپ و بیرۆکە تاریك و خراپانەی هەیانە لە ناویان دەبەین.

(عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

**ئارامی من چرایەك بوو**

**رەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.**[٧٤: ٧١]

(چرا) ڕووناکە و سپییە، ڕەمزە بۆ ئاشتی و ئاوەدانی، (ڕەشەبا) ڕەمزە بۆ دوژمن.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**باسی خەمی خۆت بۆ کردم..**

**لە چاوانتا**

**جەنگەڵی خەمێکی سەوز و**

**دوو ڕووباری سوورم بینی.** [٦٢: ٨٦]

ڕەنگی (سەوز) ڕەمزە بۆ بەردەوامی و ژیان، ڕەنگی (سوور) ڕەمزە بۆ خوێن و کارەسات، شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە خەمەکانی هەمیشە و بەردەوامن و چاوەکانی پڕن لە فرمێسکی ناخۆشی.

**٦- ڕەمزی ئەدەبی:** شاعیر بە کاریگەربوون بە شاعیر، یان نووسەر و بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان و بۆ دەرخستنی توانا و شارەزایی لەم بارەیەوە، چەند ڕەمزێکی ئەدەبی بەکاردەهێنێت؛ بۆیە ڕەمزەکە پاڵەوانی ڕۆمانێك، یان ڕووداوی چیرۆکێکی ئەدەبی، یان ناونیشانی شاکارێکە و واتایەك لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە:

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**تۆش ((پیرەکە و زەریا))کە..بە.**

**پەڕینەوە.. لەم تۆفانە**

**پردێکی چەخماخەی ئەویٚ** [٢٦: ٣٧]

(پیرەکەو زەریا) ڕەمزە بۆ ململانیٚ و بەرەنگاری مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر و ڕووداوە سرووشتییەکان، لە ڕۆمانێکی بەناوبانگی ڕۆماننوسی جیهانی (ئێرنست هیمنگوای) (١٨٩٨– ١٩٦١ز) وەرگیراوە، بە ناونیشانی (پیرەمێرد و زەریا).

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**وەك دوو پەڵە هەوری تینوو**

**ئاوێزانی یەکتر دەبینن**

**(زۆربا ئاسا)، تێهەڵدەکەم لە سترانەکی دۆزەخی** [٥١: ١٧٩]

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**لە کەیەوە تۆ ((زۆربا))یت و بوومەلەرزەش،**

**سەماکەتە؟!** [٢٦: ٣٤]

(زۆربا) ڕەمزە بۆ ئازایەتی و بەختیاری و بەرزی و شکۆمەندی، ڕەمزەکە ناوی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی (زۆربا)ی نووسەری یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکیس)ەوە (١٨٨٣– ١٩٥٧)ز وەرگیراوە.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

**ئاگرێك پێدەکەی گەردنەی کێوێکی تەنکە**

**لایەکی دۆزەخی – باربوس – ە ئەویتر بەهەشتی**

**– دانتی– یە** [١٢: ٣٧]

(ئاگر) جگە لە شۆڕش و سەرکەوتن ڕەمزە بۆ دۆزەخ و سزای مرۆڤ لە جیهانەکەی تر، (دۆزەخ) ناوی ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی فرەنسی (هنری باربوس)ە (١٨٧٣– ١٩٠٣)، ڕەمزە بۆ ناخۆشی، (بەهەشتی دانتی) ڕەمزە بۆ خۆشی و پاك بوونەوە، شاعیر بۆ وەرگرتنی ئەم ڕەمزە سوودی لە لە شاکارە بەناوبانگەکەی شاعیری ئیتاڵی (دانتی) وەرگرتووە، بە ناوی

(کۆمیدیای یـەزدانی) کـە تێیـدا بـاس لـە بەهەشـت و دۆزەخ و پاکبوونـەوەی مرۆڤەکان دەکات لە تاوانەکان.

**٧- ژمارە وەك ڕەمز:** ژمارە وەك ڕەمز لە کولتوور و ڕۆشـنبیری زۆر لـە نەتەوە جیاجیاکانی جیهان بوونەتە ڕەمز، لە هەر سەردەم و کۆمەڵگایەکیش بە پێی ئایین و دابونەریت ژمارەکە و واتای ڕەمزییان جیاوازە، بۆ نموونـە: لای میللەتانی کۆنی نێوان (دوو ڕووبار) ژمارەکانی (حەوت، دوانـزە) واتـایی تایبەتییان هەبووە، لە ڕۆشنبیری عیبریـە کۆنـەکانیش هـەر ژمـارە و ڕەمـزی واتایـەك بـووە، ١: ڕەمـزی تـاجی پاشـایەتی بـووە، ٢: ڕەمـزی دانـایی بووە.....تاد،[١٤٦: ٣٨٧- ٣٩٦] دواتـریش لای هـەر نەتەوەیـەك ژمارەکـان بوونەتە ڕەمز بۆ واتای جۆراوجۆر، بـە پێـی یاسـا و دەسـتوورەکانی ئـایینی نەتەوەکە و بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئەو بوارەی میللەتەکە کاریان تێدا کردووە، بۆ نموونە: لە ئایینی ئیسلامدا ئەو ژمارانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون وەك: یەك و دوو و سێ و حەوت و یانزە.....تـاد، بوونەتـە ڕەمـز بـۆ واتای جیاواز، لە ئـایینی مەسـیحی ژمـارە (سـێ) واتـای تایبـەتی هەیـە، لای نەتـەوەی کـورد ژمـارە (چـوار) بۆتـە ڕەمـز بـۆ پارچـەکردنی کوردسـتان و گۆڕەپانی (چوار چرا).....تاد، ئەم جۆرە ڕەمزە لای شاعیرانی ئەم قۆناغـە بەکارهێنراوە،

لای (قوبـــادای جـــەلیزادە) ژمارەکـــانی ( ٣ و ٤ و ١٠و ١٠٠٠) واتـــای تایبەتییان هەیەو بوونەتە ڕەمز.

لە شیعری (ئاژاوە)دا دەڵێت:

**لە شارێکی مات و کڕا**
**ئاسمان شەق بوو.**
**سێ نوورانی**
**بە سێ گوریسی ئاگردا**
**هاتنە خوارێ!**
**سێ سروودی سووریان چڕی.**
**شار بوو بە سێ**[٦٢: ٣٣].

له شیعری (شەوی سێیەم) دا دەڵێت:

**شەوی یەکەم، کاکە مەم هات..**

**شەوی دووەم، برایمۆك هات...**

**شەوی سێ یەم، شاعیرێ هات..** [٦٢: ٧٢– ٧٣]

له شیعری ژمارە (٣)دا دەڵێت:

**بستێك، دوو بست، سێ بست.**

**تەرمێك،**

**دوو تەرم،**

**سێ تەرم،**

**هەنگاوێك، دوو هەنگاو، سێ هەنگاو**

**گۆڕێك،**

**دوو گۆڕ،**

**سێ گۆڕ.** [٥١: ٢١٢]

(سێ) لەم شیعرانەدا ڕەمزێکی خودییە، لای شاعیر ڕەنگە ڕەمز بێت بۆ هەنگاو بڕین و بەردەوامی.

له شیعری (سێ بەرد) دا دەڵێت:

**ئەمن سێ بەرد ڕادە مووسم...**

**بەردە ڕەش...و**

**قارەمان..و**

**بەردی (کوڵێ)ی دڵ بەکەسەر.**

**بۆ سێ مرۆڤ کڕنووش دەبەم**

**پەیامبەر و..**

**تێکۆشەر و**

**هەستیارێکی دەربەدەر**[٥١: ١٨٩]!

(سێ) لەم شیعرەدا رەمزە بۆ پیرۆزی لای شاعیر.

له شیعری ( ژمارەکان)دا دەڵێت:

**١**

**...چوار چرا**

**چوار چرای پڕ لە نەوت**

**چوا ڕەشەبا**

**٢**

**چوار ڕووبار**

**چوار هاواری سەربەرەو خوار**

**چوار بەستێن و چوا ڕیزە دیوار**[٥١: ١٩٣]

(چوار) لەم شیعرەدا ڕەمزە بۆ چوار پارچەکەی کوردستان.

لە شیعری (پەرۆشی چیم بێ...) دەڵێت:

**دە ساڵ....دە بەهار**

**دە مۆمی گەنجی.** [٦٢: ١٣٩]

دەبێ ژمارە (١٠) واتایەکی دیاریکراوی هەبێت لای شاعیر و ڕەمزێك بێت بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو، کە (١٠) ساڵی خایاندبێت.

لە شیعری (١٠٠٠) دا دەڵێت:

**ئەو مردووەی**

**گۆڕەکەی خۆی ونکردبوو**

..

..

**لەسەر دەرگای ماڵەکەیان نووسرابوو:**

**(بەندیخانەی ژمارە هەزار).** [٥١: ٧١]

(١٠٠٠) ڕەمزە بۆ بێ هیوایی بە هۆی بەندکردنی زۆری کورد لە بەندیخانەکاندا.

(فەرید زامدار) چەند ژمارەیەکی وەك ڕەمز بەکارهێناون وەك:

**تارماییەکانی ژمارە"٣"**

**لاسایی گریانی سێبەر دەکەنەوە**[٥٠: ٢٢٧]

ژمارە سیّ لای شاعیر ڕەمزی خەم و نەهامەتییە.
**بۆ – دەریا....**
**.. یەکەم هەنگاو**
**یەکەم سەفەر**
**یەکەم ڕێگا**[٥٠: ١٦٣]
ژمارە یەك ڕەمزە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی هەموو کارێك.
**وەك دوو هاوڕێ**
**وەك دوو هەور**
**وەك دوو سێبەر**[٥٠: ٢٩٥]
ژمارە دوو ڕەمزی پێکەوە ژیان و هاوکارییە.
(عەبدوڵلا پەشێو) چەند ژمارەیەکی وەکو ڕەمز بەکارهێناون، وەك:
**ئێمە درەختی زڕو بێبەر نین،**
**تا لە چوار لاوە بمانبڕنەوە.**
.........
.........
**هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!**
**لە هەستاندا ئێوە یەکن:**
**یەك بیر، یەك ڕێ، یەك مەبەستن.**

**هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!**
**لە هەستاندا ئێوە زۆرن:**
**چل ملیۆن چاو، چل ملیۆن قاچ،**
**چل ملیۆن مەچەك و دەستن.**[٧٤: ٢٠– ٢١]
(چوار)ڕەمزە بۆ چوار پارچەکەی کوردستان، (یەك) ڕەمزە بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی، (چل ملیۆن) ڕەمزە بۆ زۆری میللەتی کورد بە هەر چوار پارچەکەیەوە.

(عەبــدوڵڵا پەشــێو) لــە شــیعرەکانی (ســەدان ســاڵە) [٧٤: ٦٥] و (حەسرەت)یشــدا [٧٤: ٧٨] ژمــارە (١٠٠)ی وەك ڕەمزێــك بــۆ مێــژوو و ماوەیەکی درێژ لە چەوساندنەوە و ناخۆشی بەکارهێناوە.

(سەباح ڕەنجدەر) چەند بەروار و ژمارەیـەکی وەك ڕەمـز بـەکارهێناون، وەك:

**سبەینەی ٣١ ی ٣ی ١٩٨٣ لە درەختی شانازیم خوارد**[٤٧: ٤٥]

ڕەمزێکـی خودییــە؛ چـونکە شـاعیر خـۆی بـۆ مەبەسـتێکی تایبــەتی بەکاریهێناوە.

**نواڵە هێندەی ئاگری شەست و سێ دڕندەی**

**گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ**

**نواڵە هێندەی ئاگری حەفتا و پێنج دڕندەی**

**گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ**[٤٧: ٧٧]

ئاگر ڕەمزی لە نـاوبردن و سـووتانە، (٦٣)و (٧٥) مێـژووی دوو ڕووداوی ناخۆشی شۆڕشەکانی کوردن؛ بۆیە شاعیر وەك ڕەمـزی ڕووخانـدنی هیواکـان بەکاریهێناون.

**١٩٨٨/٨/٢٥چاوی خالید بووە ئاو ڕژایە خاك**

**باوەشێ پەلك پەرت بوون**[٤١: ٢١]

بەروارەکە واتا و مەبەستێکی نێگەتیڤی هەیە، ڕەنگە شـاعیر هاوڕێیـەکی خۆشەویستی لە دەست دابێت؛ بۆیە ڕەمزی شوومی یە.

**١٩٨٩/٨/٤ ئەڵقە پەنجەی چەپی کردم بە باخچەیەکی خەونی**[٤١: ٢٥]

بە پێی واتـای شـیعرەکە ئـەم ژمارانـە بـەرواری هاوسـەرگیرییە؛ چـونکە ئەڵقە بۆ هاوسەرگیرییە و دەکرێتە پەنجەی چەپ.

**لەو خانووەی تێیدا لە دایك بووم**

**بە خوێنی ناوکبڕینم نووسییان ١٩٦٥/١١/١٨ هەولێر**[٤١: ٤٢]

ڕەمزەکە خودییە، لەوانەیە بەرواری لە دایك بوونی شاعیر بێت؛ چونکە لە ناو کوردەواری باوە کاتێك منداڵ لە دایك دەبێت، ئاژەڵێك سەردەبڕن و دەست دەخەنە خوێنی ئاژەڵەکە و لە دیواری خانووەکەیان دەدەن.

**ب- تەم و مژی واتایی*** (Ambiguity)**:**

تەم و مژی ئەدگارێکی واتاییە، بریتییە لە هەبوونی زیاتر لە واتایەك لە دەربڕینێکدا، بۆ دیاریکردنی واتای دەربڕینەکەش پێویستە ئاستی ژێرەوەی گوتن لەبەرچاوبگیرێت[٨٠: ٥٢]، ئەمەش ڕاستەوخۆ لە پێوەندی و چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ئاستی سەرەوەی دەقی ئەدەبی دەرناکەوێت؛ بەڵکو لەو پەیوەندییە نا ئامادەییەکانی وەك واتا و ڕەمز و دەلالەت سەرچاوە دەگرێت.

(یاکۆبسن) پێی وایە تەم و مژیی تایبەتمەندییەکی ناوەکی و.... ئەدگارێکی پێویستە بۆ شیعر، لەگەڵ (ئەمپسۆن) ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ((پێکهێنەرەکانی تەم و مژیی لە خودی ڕەگ و ڕیشەی شیعرەوە دەست دەکەون)).[١٦٣: ٥١] بوونی ئەم تەم و مژییەش هۆکارێکە بۆ قووڵبوونەوەی خوێنەر بە ناخی دەقدا، بۆ گەڕان و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ڕەگەزە

(*) لە سەرچاوە زمانییەکان تەمومژی و لێڵی وەکو یەك سەیردەکرێن بە بێ جیاوازی، بڕوانە ١- پ. د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ب.١، چ.٢، دەزگا ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩. ٢- پ. ی. د.عەبدولولحید مشیر دزەیی، واتاسازی، دەزگای موکریان، چ.١، هەولێر،٢٠٠٩ . ٣- سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو، زمانەوانی، چ. ئاوێر، هەولێر، چ.٢، ٢٠١٠. بەڵام لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا تەمومژی (الغموض) و لێڵی (الأبهام) بە دوو پێکهاتی لێك جیاواز دادەنرێن، هەرچی تەم و مژییە بە ئەدگارێکی ئیجابی و لێڵی بە ئەدگارێکی ناپەسەندی دەقی ئەدەبی ئەژماردەکرێت، ٤- د.سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ - ١٩٩١)دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤. (پەخشان سابیر حەمەد)یش لە نامەی دکتۆراکەیدا (ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠- ١٩٩١)، جیاوازی لێڵی و تەم و مژی لە بنەمای دروستبوونیانەوە دەکات و پێی وایە، کە لێڵی لە ئەنجامی لادانە سینتاکسییەکانەوە بەرهەم دێت، هەرکاتێکیش شیعر بەرەو نائاسایی زیاتر چوو دەبێتە تەم و مژی.[٨٩: ١٦- ٢١]

پێکهێنەرەکانی تەم و مژییەکە؛ لەبەر ئەوە (ئایزەر) دەڵێت: (( کاری ئەدەبی سەرکەوتوو...پێویست ناکات تەواو ڕوون بێت؛ چونکە بەمە گرینگی پێدانی خوێنەر لە دەست دەدات))[١٢١: ٦١]؛ چونکە تەم و مژیی* لە خۆوە دروست نابێت؛ بەڵکو شاعیر بە پشت بەستن بە خەیاڵ و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمز و وشەی سرووش بەخش و فرەواتاوە، هەوڵدەدات وەك یەکێك لە بونیاتە پێکهێنەرەکانی شیعرییەت لە ئەزموونەکەیدا دایبهێنێت؛ بۆیە (مالارمیە) جەخت لەسەر هەبوونی لە دەقی شیعری دەکاتەوە و دەڵێت: ((شیعر باوەشێن نییە بۆ ئەو تەمبەڵانەی نووستوون، بەڵکو پێویستە خوێنەر خودی خۆی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، هەوڵبدات و بگەڕێت تا دەگاتە لێکدانەوەی ڕەمز و تەم و مژییی لە قەسیدەکەدا؛ چونکە شیعر بەردەوام لوغزێك هەڵدەگرێت، کە ئەمەش ئامانجی ئەدەبە))[١٤٠: ٣٢٢]؛ بۆیە ئاستی زیرەکی و تێگەیشتنی خوێنەر لێرەدا زۆر گرینگە، لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕەگەزە دوور و لێك جیاوازەکان، شاعیران لە ڕێگەی تەم و مژییەوە هەوڵدەدەن: [١٣١: ٤٤]:

١- بیرۆکەی ئاسان و ڕوون بگۆڕن و ڕەهەندێکی قووڵیان پێدەبەخشن.

٢- بنەماکانی زمانی شیعری تێکدەشکێنن و لە دەربڕیندا هێزی پێدەبەخشن.

٣- خوێنەر ئاگاداردەکەنەوە بۆ گەڕان بە دوای واتای ڕەمزەکان و مەلەکردن لە قووڵایی خەیاڵە دوورەکان.

تەمومژیی مەرج نییە بە تەنیا لە دایکبووی لادانە واتاییەکان بێت و بەو میکانیزمانەی لادانی واتایی بەرهەم دێنن دروست ببێت؛ چونکە لادانەکانی

(*) بوونی تەم و مژی لە بونیاتی واتای دەقی ئەدەبیدا، یەکێکە لەو دیاردانەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گفتوگۆی زۆری لە بارە ئەنجامدراوە، ڕەخنەگران لەم بارەیەوە خاوەن تێڕوانینی لێك جیاواز و بۆچوونی دژ بەیەکن ، بۆ زانینی هەڵوێست و تێڕوانینە ڕەخنەییە جیاوازەکان بڕوانە: د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

ئاستەکانی تری زمانیش بەشدارن لە دروستکردنی تەم و مژییدا، بە تایبەتیش لادانەکانی ئاستی پێکهاتەیی؛ بۆیە تیۆریستەکانی تیۆرەکانی واتا هەمیشە گرینگی زۆر بە سیاقی زمانی دەربڕین دەدەن؛ چونکە سیاق چارەسەری زۆر لە گرفتە زمانییەکان دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەنجامدا تەم و مژی واتاییان لێدەکەوێتەوە[١٧٠: ٢٢٢]، هەتا ئەگەر هاتوو وشە زیاتر لە واتایەکیشی هەبێت، هەروەك (پێیرجیرۆ)ئاماژەی بەوە کردووە، کە واتای بنەڕەتی و واتای سیاقی تێکەڵ نابن، هەمیشە یەك واتا هەیە بۆ هەموو بارودۆخێك، کە ئەمەش واتای سیاقییە، وشە لە ناو سیاقەکەیدا وێنەی تاکە چەمکێك وەردەگرێت[١٧٠: ٢٢٢].

تەم و مژی وەك ئەدگارێکی لادانە واتاییەکان و پێداویستی و بنەمایەکی ئێستێتیکا لە بونیاتی دەقی شیعری و بەرجەستەکردنی زمانێکی بەرز، لای شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا بە دوو شێوە دەبینرێت*:

١– **تەمو مژی تەنك:** مەبەست ئەو تەم و مژیانەیە، کە خوێنەر دەتوانێت، بە وردبوونەوە و لێکدانەوەی واتای ڕەمز و وشە فرەواتایەکان لێکدانەوەیەکی واتایی لۆژیکیانەیان بۆ بەشێکی دەق، یان سەرجەمی دەقەکە بکات، وەك ئەم نموونانە:

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**بۆ.. پەری خان.. فەرهاد زۆرە..**
**بەڵام کێ یە ئەژنۆ بە بێستون دا ئەداو،**
**ڕووی ئاو بەرەو**
**ئەو زەویانە وەرئەگێڕێ**
**کە مێروولەی وێرانە خاك... تێ یان ئەدا؟**[٢٦: ٩]

(*) ئەم دوو زاراوەیە لای (د.پەرێز سابیر) بەکارهێنراون. [٣٣: ٥٥٩ – ٥٦٠]،

شاعیر وێنەیەکی تەمومژاوی کێشاوە لەسەر بنەمای چەند ڕەمزێك لە پارچەکەدا، (پەری خان) ڕەمزە بۆ کوردستان، (فەرهاد) ڕەمزە بۆ تێکۆشەران کە لە پێناوی خاکی شیرینی کوردستان خۆبەخت دەکەن، (بێستوون) ڕەمزە بۆ بەربەست و کۆسپی گەیشتن بە ئاوات، (ئاو) ڕەمزە بۆ ژیانەوە، خوێنەر بە دۆزینەوەی واتای ڕەمزەکان دەتوانێت لە تەم و مژییەکە تێبگات، شاعیر دەڵێت پێشمەرگە و خەباتکارمان زۆرن کە لە پێناوی کوردستان خۆیان بەخت بکەن، بەڵام دەبێت کەی و کێ بتوانێت ئەو دوژمنە سەرسەختە بە دەسەڵاتە لە ناو ببات و دووبارە ژیان بگێڕێتەوە بۆ ئەو گوند و دێهاتانەی سەربازەکانی دوژمن لە ناویان بردن.

(کەریم دەشتی) دەڵێت:

- **ئاو لە کویێ بێنم ئاگری تەقەڵای خۆمی پێ**
  **خۆشکەم**[١٢: ٤٦]

تەم و مژی وێنە شیعرییەکە لە سەربنەمای پارادۆکسی دروست بووە؛ بۆیە خوێنەر دەتوانێت بە دوو واتای جیاواز لێکدانەوەی بۆ بکات.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**لەگەڵ یاد و بیرەوەری سەوز و سوورا**
**ڕۆژێ سەدجار دەژییێمەوە و**
**سەدیش دەمرم**
**بەڵام چبکەم..چیم بۆ دەکرێ**
**خۆ موسانیم، لە ژوور سەرتا**
**عەسایەکەم هەڵبڕم و**
**گیانێکت بکەم بە بەرا**[٦٢: ١١٧]

پارچەکە چەند ڕەمزێکی تێدا بەکارهاتووە، (سەوز)ڕەمزە بۆ خۆشی و (سوور) ڕەمزە بۆ ناخۆشی، (موسا) ڕەمزێکی ئایینییە و بە گۆپاڵەکەی دەستی گیانی بە بەر بێ گیاندا دەکرد، شاعیر شیعرەکەی بۆ هاوڕێیەکی جوانەمەرگی نووسیووە، کە دوای کۆچی ئەو بە یادگارییە خۆشەکان

دەژیایـەوە و بـە یادگارییـە ناخۆشـەکانیش دەمـرد؛ بۆیـە داوای لێبـووردنی لێدەکات، کە هیچی پێناکرێت و وەك پێغەمبەر موسا (س.خ) بتوانێت گیـانی بەبەردا بکاتەوە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**دەستی باران**

**بێ هەوری ڕەش، تاکو ئێستا**

**نەچۆتە ناو**

**خەونی سپی گێرفانە شینەکانی ئاو**

**ئاوی شێلو**

**بارانی خوێنی ئاوە**

**ئاو بشخنکێ**

**سێبەرەکەی شەهید نابێ؟** [٥٠: ٢٦٥]

دەقەکـە کۆمـەڵێك ڕەمـزی وەك (بـاران، هـەوری ڕەش، خـەونی سـپی، گێرفانی شین، ئاوە شێلو، بـارانی خـوێنی ئـاو)ی تێدایـە؛ بۆیـە تـەم و مـژی واتایی دروستکردووە.

(عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**بەسەر باڵی گەردەلوولا...**

**نوێژ ئەکەیت و...**

**شەڕیش ئەکەیت...** [١٠: ٣٦]

وێنەکـە پارادۆکسـیە؛ بۆیـە دوو واتـای لێکجیـاواز بـە پێـی ئاسـتی تێگەیشتنی خوێنەر لەخۆ دەگرێت.

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**سەری کۆچی ئەو هەورانەی لە وڵاتی بێ خاك**

**دێن و**

**بەسەر خاکی بێ وڵاتما تێ دەپەڕن،**

**ئەوانیش وەك من دەگەڕێن**[١٧: ١١]

تەم و مژیی دەقەکە بە دۆزینەوەی پێوەندی نێوان واتـای کەرەسـتەکان دەڕەوێتەوە، شاعیر باسی ئەو پەنابەرانە دەکات، کـە ولاتیـان هەیـە، بـەڵام داگیرکـراوە، دێنـە کوردسـتان و ئێمـەش هەرچـەندە خاکمـان هەیـە، بـەڵام دەوڵەتی سەربەخۆمان نییـە، منـیش وەك ئـەوان دەگـەڕێم، هەریەکـەمان لـە پێناوی شتێکدا.

٢- **تەم و مژی ئەستوور:** مەبەست ئەو تەم و مژییانەیە، کە خوێنـەر زۆر بە زەحمەت دەتوانێت پێوەندی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تەمومژیی لـە نێـو دەقــی شــیعرییدا بدۆزێتــەوە و تووشــی تێنەگەیشــتنی دەکـات، ئـەم تەمومژییەش زیاتر لەو دەقە شـیعرییانە بەرجەسـتە دەبێـت، کـە شـاعیر بـە زمـانی خـەون و نەسـت دەنووسـێت و لـە هـەموو بنـەماکانی زمـانی ئاسـایی دووردەکەوێتەوە، هەروەك (تۆدۆرۆف) دەڵێت: (( واتای وشەکانی تەمومـژیی یەکە یەکە ئاماژەیە بۆ لادان لە یاسا))[١١٤: ١٠٥]، ئەم جـۆرە تـەم و مژییـە لەم قۆناغەدا لای (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر) دەبینرێـت، وەك ئـەم نموونانە:

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**ژن**

**لە ناو کۆران**

**هێسك لە بیابان**

**دەسکی خاکەناسان**

**مووی گرانیان**[١٨: ٣١-٣٢]

لەتەکانی پارچەکە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە و سنووری ڕستە و پێکهاتە زمانییەکان دیارنین؛ بۆیە خوێنەر بـە زەحمـەت دەتوانێـت واتاکـە لێــك بداتــەوە، (ژن) زۆر واتــا لــە خــۆ دەگرێــت، ڕەمــزە بــۆ ژیــان و خۆشەویســتی.....تــاد، (کــۆرە) لەوانەیــە شــاعیر مەبەســتی نــەزانی و نەخوێندەواری بێت، یان مەبەستی (کۆڵان) بێت، دانیشـتنی ژنـان لـە کـۆڵان وەك دیاردەیەکی ناو گۆمەڵگا بخاتـەڕوو، (هێسـك لـە بیابـان) ڕەنگـە ئامـاژە

بێــت بــۆ پاشمــاوەی ئــەنفالکراوەکان، (دەســکی خاکــەناس) بــۆ لێــدان بەکاردەهێنرێت، لە وانەشە واتای ئەوە بێت، کە ژن لە کۆمەڵگای دواکـەوتوو زیندەبەچاڵ کراوە و بەدار لێیان دەدرێت و دەچەوسێنەوە.

(سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**بژی ئەسپ دەزووی کۆلارەی منداڵانە**

**ددانی پەرەسێلکە بکەوێ**

**تەلیسم کەوی دەبێ**

**گرد لە ئەفسانە دەڕۆن**

**رۆیشتن ختووکەی مردووانە**

**رەنگی ئاوی ناو تابلۆ چڵکی کراسی نواڵەیە**[٤٧: ١٢]

ڕەمز و پارادۆکسی لـەم شـیعرەدا بوونیـان هەیـە و تەمومژییەکـە، گـرێ کوێرەی دروست کـردووە، بـەهۆی لێـك دووری پێوەنـدی نێـوان کەرەسـتەی لەتە شیعرییەکان.

## بەشی چوارەم:

# هەندێك جۆری تری لادان

ئــەدەب وەك بەرهــەم و ئەفرێنــدراوێکی مــرۆڤ، گوزارشــت لــە لایــەن و دیاردەیەکی ژیان و بەها مرۆڤایەتییەکان دەکات، بەڵام ئەو قۆناغ و ژینگـە و کۆمەڵگایەی شاعیر و نووسەر تێیدا دەژیێت کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی دەبێـت لەسـەر بـیر و بەرهـەمی ئـەو نووسـەر و شـاعیرە و لـە سـەرجەم بونیاتـە جۆراوجۆرەکانی دەقەکانیشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. لەم سۆنگەیەوە زۆرجار توێژەری بواری ئەدەبناسییش، ڕەچاوی قۆناغ و ژینگەی تایبـەتی بەرهـەمی ئەدەبی دەکـات. بـۆ نموونـە: هەنـدێك لـە ڕەخنـەگران پێیـان وایـە پێـوەری سەرەکی لە دیاریکردنی جۆرەکانی لادان لـە هـەردەقێکی شـیعرییدا بریتییـە لەو قۆناغ و سەردەمەی تێیدا نووسراوە؛ چونکە لادانی هەر قۆناغێك بـۆ ئـەو سەردەمە لادانە و لـە قۆنـاغێکی تـر بـە لادان دانانرێـت؛ لەبـەر ئـەوەی لادان دەبێت بەهای ئێستێتیکی نوێ لە خۆ بگرێت؛ بۆیە (محمد عزام)ی ڕەخنـەگر ئەمەی کردووتە مـەرجێکی سـەرەکی و پێـی وایـە: لێکۆڵـەری شـیکردنەوەی لادانــەکان پێویســتە بــە پێــی پلــە و لــە چوارچــێوەی ســیاقی مێــژوویی و کۆمەڵایەتی کارەکەی ئەنجام بدات [١٠:١١٧]، ئێمـەش لـەم ڕوانگەیـەوە لـەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەموو ئەو جۆرە لادانانە دەستنیشان دەکەین، کە شـاعیرانی ئـەو قۆناغـەی شـیعری کـوردی لـە شـیعرەکانیاندا بەرجەسـتەیان کردوون.

**٤ - ١: لە سەر بنەمای بونیاتی دەق**

**٤ –١ – ١: لادان لە بونیاتی دەرەوەی دەق:**

ئاماژەمان بەوە کردووە، کە لادان تەنیا لە ئاستی یاساکانی زماندا نییە، بەڵکو بە پێی بونیاتەکانی تری دەق چـەندین جـۆری هەیـە؛ بۆیـە شـاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری نوێی کوردی لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەندێ جـۆری لادان

له پێکهاتەکانی بونیـاتی دەرەوەی دەق توانیویانـە ئەفرانـدن و داهێنـان بـۆ بەرهەمەکانیان بە دەست بهێنن؛ چونکە لادان، کـە بـە یـەکێك لـە نیشـانە و ئاماژەکـانی ئەدەبیـەت و شـیعرییەتی دەق دەژمێردرێـت[٤:١٩٣]، شـاعیر ئازادە چۆن و بە چ تەکنیك و هونەرێك بەرجەسـتەی بکـات؛ بۆیـە نیشـانەکە لەوانەیە لە ڕێگەی شێوەی نووسین، یـان مۆسـیقا، یـان ناونیشـانی دەقـەوە بێت. ئەو لادانە دەرەکیانەی لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەدی دەکرێن ئەمانەن:

**١- لادان لە ناونیشان:**

ناونیشان هەموو ئەو وشە و فرێز و ڕسـتە و هێمـا و ژمـارە و دەربڕینانـە دەگرێتەوە، کە شاعیر بـۆ ناولێنـانی دەقێکـی شـیعری و کۆشـیعرێکی خـۆی دایـدەنێت، ئەمـەش بـە بونیـاتێکی دیـار و گرینگـی دەقـی ئـەدەبی ئەژماردەکرێت؛ چونکە تـەنیا ((بـە ڕابـەرێك دانانرێـت بـۆ ئـەوەی پێکهـات و بەشـەکانی تـری دەقـی بـەدوا دابێـت؛ بـەڵکو ئەڵقەیـەکی بنەڕەتییـە لـەو ئەڵقانـەی، کـە سـتراتیژییەتی دەق پێکـدێنن))[١٣٦:١٦٢]، زۆربـەی کـاتیش ئـەرکی پێکـەوە گرێـدان و بەسـتنەوەی پێکهـات و ئەڵقـەکانی تـری دەقـی دەکەوێتـە ئەسـتۆ؛ چـونکە پردێکـە خوێنـەر پێیـدا دەپەڕێتـەوە بـەرەو بەشەکانی تری دەق. لە تیور و ئاراستە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکاندا بـە تایبـەتیش تیۆرەکـانی وەرگـرتن و خوێندنـەوەدا، ناونیشـان وەك بونیـاتێکی گرینگـی دەق باسـی لێـوە کـراوە؛ چـونکە خوێنـەر بـەهۆی ناونیشـانەوە دەتوانێـت بچـێتە نـاو جیهـانی دەق و ئـارەزوو و چەشـەی خوێندنـەوە لای خوێنەر زیاد دەکات بۆ خوێندنەوەی زۆرتر و گەڕان و بە دەستهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ناونیشانەکە لە زەینییدا دروسـتیکردوون[٤٦:١٥٧] ئەمـەش تەنیا بە خوێندنەوەی سەرجەمی دەقەکە دەبێت. هۆکارێکی سەرەکی تریش بـۆ شـوێن و هەڵکەوتـەی جـوگرافی خـودی ناونیشـان دەگەڕێتـەوە، کـە ڕاستەوخۆ و پێش هەر بونیاتێکی تـری دەق دەکەوێتـە بـەر دیـدی خوێنـەر؛ بۆیە ڕەخنـەگرێك پێـی وایـە ئەگـەر پێکهاتـەی هەریەکـە ((لـە (ناونیشـان) و

(دەستپێك) و (دەق) وەربگرین، وەکو پێکهاتەی لاشەی مرۆڤ دێتە بەرچاو ((سەر/ناونیشان)) و ((مل/دەستپێك)) و ((جەستە/مەتن)) دەبن بە پێکهاتەیەکی گونجاوی هەر دەقێك))[٣: ٧٣]؛ لەبەرئەوە هەر کاتێك خوێنەر ناباوی و لادانی لە چۆنیەتی ناونیشانی دەقێکدا بەدی کرد، ئەم لادانە وەك هێزێك سەرنجی بۆلای دەقەکە ڕادەکێشێت و جۆرێك لە ئاوێتە بوون و نزیك بوونەوە لە نێوان زەینی خوێنەر و دەقدا دروست دەکات؛ بۆیە ڕەخنەگرێك بە پێویستی دەزانێت، کە ((ناونیشان کاریگەر و پوخت و چڕ بێت، کۆمەڵێك زانیاری لە پێکهاتێکی مۆرفۆلۆجی بچووك هەڵبگرێت))[١٩٧: ٩٦]، بۆ ئەوەی خوێنەر لێی وردبێتەوە و هەوڵی تێگەیشتنی واتاکەی بدات؛ بۆیە دەڵێن: ((ناونیشان لە شێوەیەکی بچووکدا دەردەکەوێت، بەڵام دەقێکی گەورە بە بەرخۆی دادەبڕێنێت لە ڕێگەی چڕی و ئیحا و ڕەمز و پوختەییەوە)).[١٩٦: ٢٢٠]

شیعری کلاسیکی کوردی ئەگەر ناونیشانی نەبووبێت و هەندێ جار دەنگی ڕەوی وشەی سەروا، یان دێڕی یەکەمی شیعرەکە، یان بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکە بووبنە بنەمای ناونیشانی دەقە شیعرییەکە، ئەوا لە قۆناغەکانی نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا ئەو نەریت و یاسا باوە وەلانراوە و شاعیران دانانی ناونیشانیان بۆ کۆشیعر و شیعرەکانیان بە یەکێك لە بنەما هونەرییەکانی دەقەکانیان داناوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین تەکنیك و هونەر و لادانی جۆراو جۆریان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی دەقەکانیان ببنە خاوەنی ناونیشانی سەرنجڕاکێش و شیعرییەت ئامێز ئەمەش ئەرکێکی تایبەتی ناونیشانە و لەو سۆنگەیەوە (ئیکۆ – Eco)، پێی وایە ناونیشان دەبێت بیرەکان ئاڵۆز بکات و بیانشێوێنێت نەك جێگیرییان بکات؛ بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی کتوپڕی بکات، ئەمەش بە شکاندنی ئەو ئاسۆیانەی لای خوێنەر پێشبینیکراون[١٥٧: ٥٣].

پێم وایە ئەو لادانانەی شاعیرانی ئەم قۆناغە لە بونیاتی ناونیشاندا کردوویانە بە سێ ڕێگەی تایبەتی بووە:

١- ئەو لادانانەی پەیوەندییان بە لایەنی پێکهاتەی ناونیشانەکەوە هەیە لە ڕووی چۆنیەتی داڕشتن و لێکدانی وشەکان، یان دەستکاری کردنی یاسا سینتاکسییەکان و کرتاندنی هەندێ کەرەستە، ئەم جۆرە لادانانە بە گشتی ناونیشان وردتر دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ کەلێنێکی دەروونی لای خوێنەر دروست دەکەن[١٩٧: ٩٢] [١٥٧: ١٨٢]، وەك:

- (**بارانە شیعر**) ناونیشانی دەقێکی شیعری (فەرەیدوون عەبدول)ە[١٩٩:٣٠]، لە یاسای زیاد کردنی دیارخەر بۆ وشەی (باران)لایداوە؛ چونکە هەمیشە دیارخەرەکانی باران دەکەونە دواوەی وشەکە وەك: شەستە باران، نەرمە باران، گوللە باران، بەرد باران، بەڵام لەم ناونیشانەدا دیارخەر کەوتۆتە پێش وشەکە.

- (**چاوم تاریکە**) ناونیشانێکە، تێیدا (عەبدوڵڵا پەشێو)[٢٩: ٢٨٣] یەکێك لە کەرەستەکانی ڕستەکەی قرتاندووە، کە وشەی (بەرچاو)ە؛ چونکە لە ئاخاوتنی ئاساییدا (چاوم کوێرە، چاوم کزە، چاوم هەڵنایە) بەکاردێت، بەڵام بۆ تاریکی (بەرچاوم تاریکە)بەکاردێت.

- (ئەنوەر مەسیفی) لە ناونیشانی (**خۆر باران**)دا لادانی لە ئاستی وشە ئەنجامداوە کە ئەویش لادانی دیالێکتی، یان شێوەزارییە و تێیدا دەنگی (ڵ) ی گۆڕیوە بۆ (ر) وەك زاری هەولێری؛ بۆیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکە تووشی جۆرێك لە کتوپڕی و سەرسوڕمانی دەبێت کە ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی لادان؛ چونکە بە دوو واتای جیاواز بەکاریهێناوە (خۆڵ باران، خۆر باران) واتای دووەم مەبەستی ئەو تیشکەی ڕۆژە کە هەندێ جار لە ژێر هەور دێتە دەر[١٠٥: ٦٤].

٢- ئەو لادانانەی پەیوەندییان بە لایەنی واتایی ناونیشانەکانەوە هەیە، واتا شاعیر لە سەر بنەمای یەکێك لە لادانە واتاییەکان لادان لە ناونیشانی کۆشیعر، یان دەقێکی شیعریدا ئەنجام دەدات، لێرەدا ناونیشان دەبێتە ڕەگەزێکی کراوەیی دەق هەروەك ( ئیمەبرتوئیکۆ) بە (کلیلی لێکدانەوەکان) ناوی دەبات؛ چونکە هەوڵدەدات خوێنەر و چنینی دەرەوەوە و ناوەوەی

دەق بەیەکەوە ببەستێتەوە[١٩٧:٩٨]، واتا خوێنەر لە پرۆسەکە بەشداره و زۆر جار واتا و مەبەستی ناونیشانەکە لە ڕێگەی بونیاتەکانی تر دەدۆزێتەوە بە تایبەتیش لە واتای گشتی دەقەکەدا؛ چونکە ئەو کاتانەی ناونیشان ڕاستەوخۆ بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت و واتا ناگەیێنێت، خوێنەر لە چوارچێوەی گشتی دەقەکە لەو پەیامە دەگات، کە ناونیشانەکە لەخۆی گرتووە[١٥٧: ٥٣]. وەك ئەم نموونانە:

– (**خۆر کۆچ ناکات**)ناونیشانی کۆشیعرێکە کە (موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) لە ڕێگەی لادانێکی واتایی کە دانە پاڵی ئاوەڵناوێکی تایبەت بە زیندەوەرانە بۆ خۆر؛ چونکە (خۆر ئاوادەبێت) دەستەواژەی ئاسایی بە کارهێنراوە، بەڵام شاعیر لە پێشەکی کۆشیعرەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی خۆری خواستووە و بۆ شەهید (موجاهید جەلیل ڕەشید) بەکاریهێناوە[٢٠: ٧].

– (**سێبەرێکی مۆر**) ناونیشانی دەقە شیعرێکی (جەلال بەرزنجی)یە[٧٧: ٣٤٥]، لەسەر بنەمای ڕەنگپێدان لادانی تێدا ئەنجامداوە؛ چونکە ڕەنگی مۆر لەگەڵ سێبەردا ناگونجێت.

– (**بێ دەنگی گەورە**) ناونیشانی کۆشیعرێکی ( عەبدوڵڵا عەباس)ە بە لادانێکی واتایی دروست بووە، کە ئەویش دانەپاڵی سیفەتێکە بۆ شتێك کە دژی بارودۆخ و سرووشتی خۆیەتی؛ چونکە ئاوەڵناوی بێ دەنگی هەرکاتێك لەگەڵ ئاوەڵناوێکی دەنگ بەکارهات ئەوا دژی بێ دەنگییە.

– ( **خەمی شیرین**) دەقێکی شیعریی نێو هەمان کۆشیعرە و شاعیر بە پارادۆکس لادانی تێدا ئەنجام داوە؛ چونکە شیرینی سیفەتێکە هەرگیز لەگەڵ خەم بەیەکەوە کۆنابنەوە.

– (**تەمەنی دوور**) دەقێکی شیعری (ڕەفیق سابیر)ە[٣٢: ٢٨٩]، بە هۆی لادانی واتایی شاعیر لادانی لە ناونیشانەکەدا ئەنجامداوە؛ چونکە نەگونجان لە نێوان ناو و ئاوەڵناوەکەدا هەیە و لەگەڵ تەمەندا ئاوەڵناوەکانی (کورت و درێژ) بەکاردەهێنرێن.

- (**قەڵەمێکی ڕدێن سپی، جانتایەکی سوور، گۆرانییەکی سپی**) ئەو ناونیشانانەن کە (قوبادی جەلیزادە) لە ڕێگەی لادانە واتاییەکانەوە لادانی تێدا ئەنجامداون، لە یەکەمدا ئاوەڵناوی (ڕدێن سپی) کە سیمای پیاوێکی بە تەمەنە داویەتییە پاڵ قەڵەم، بەڵام خوێنەر لە ئەڵقەکانی تری دوای ناونیشانەکە زیاتر لەو واتا و مەبەستە تێدەگات کە شاعیر شیعرەکەی بۆ (سامی عەوداڵ)[٦٢: ٧٦] نووسیووە.

ناونیشانی دووەم ڕەنگە جێی سەرنجی خوێنەر نەبێت؛ چونکە جانتای سوور لای هەموو کەس بینراوە و شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر دەقە شیعرییەکە بخوێنینەوە کە دەڵێت:

**ڕایان گرتم..**
**چیم پێ بوو پێیان داگرتم.**
**وردە وردە**
**هەموو شتێکیان پشکنی.**
**نابەڵەد بوون...**
**ڕێیان نەبرد بەو جانتایەی**
**کە لە کلۆرایی سینگمدا،**
**بە زەنگیانەی ترپە ترپ**
**تۆم تیا چنی!!** [٦٢: ٣٩]

کەواتا شاعیر مەبەستی لە جانتای سوور (دڵ)ە، سووریش مەبەستی کوردستانە.

لە ناونیشانی (گۆرانییەکی سپی)دا شاعیر بە هەستگۆڕکێ ئاوەڵناوی (سپی) داوەتە پاڵ گۆرانی لە کاتێکدا گۆرانی دەبیسترێت و نابینرێت واتا ڕەنگی نییە؛ بۆیە شاعیر مەبەستێکی ئێستێتیکی و واتایەکی لە پشت ناونیشانەکە شاردووتەوە؛ بۆ ئەوەی خوێنەر بە دوایدا بگەڕێت و بیبینێتەوە ((بەم شێوەیە ناونیشان لای نووسەر دەبێتە دەرەنجامی کارلێکردنێکی (نیشانەیی) لە نێوان خۆی و دەقەکەیدا و پەیامگریش لەم دەروازەیەوە

هەوڵدەدات بگاتە پێشینەو زەمینە مەعریفییەکەی ناونیشانەکە))[١٥٩: ٥٨]؛ بۆیە لە خوێندنەوەی دەقەکە و لێکدانەوەی هێما و کۆدەکانی ناو شیعرەکەدا دەزانین کە شاعیر مەبەستی لە (گۆرانی سپی) ئەو سروود و گۆرانییانەن کە لە ناوەرۆکدا باس لە ئاشتی دەکەن و هەمیشە لە سەر لێوی تاکەکانی وڵاتێکی نائارام و پڕ جەنگ دەبیسترێت.

٣- ناونیشان بە شێوەیەکی گشتی لە چەند ڕەگەزێکی جیاواز و جۆراوجۆر پێکدێت، وەك ڕستە و ناوی شوێن و ژمارە و مێژوو[١٩٧: ٩٠]، بەڵام (فەرید زامدار)لایداوە لە هەموو ئەو شێوە باوانە و لادانی ناونیشانی تەواو جیاوازە لە شێوەکانی ڕابردوو، ئەویش گۆڕینی پێکهاتی ناونیشانە لە وشە و ڕستە و پێکهاتێکی زمانەوانی و بەکارهێنانی هێما و خاڵ، شاعیر کۆشیعرێکی بە ناونیشانی (******) داناوە، سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ناو ئەم کۆشیعرەکەشی کە ژمارەیان (١٩٨)دەقی شیعرییە، بە (.........) ناوناون.

(کەریم دەشتی)یش لە کۆشیعری (تەمە سپییەکانی ڕۆح)دا ئەم جۆرە لادانەی لە ناونیشانی دوو دەقی شیعرییدا ئەنجامداوە، بە دانانی «••••»[١٢: ٣٢]، «•••••»[١٢: ٣٥]، بە لێکدانەو و تێگەیشتن لە ناوەرۆکی شیعرەکان دەردەکەوێت مەبەست لە کەسێکە؛ بۆیە ناوی یەکەم لە چوار پیت و دووەم لە پێنج پیت پێکهاتووە.

ئەم لادانە یەکێکە لەو داهێنانەی، کە (ریفاتیر) بەردەوام جەختی لە سەر دەکردەوە و بەدوای ئەو کاریگەری و وەڵامانەی خوێنەردا دەگەڕا، کە لە ئەنجامی بونیاتێکی دەق لای دروست دەبێت[١٩٣: ٦]، بۆ نموونە: خوێنەری ئەم دەقە هەوڵ دەدات ئەو وشە، یان ناوی ئەو شوێن و کەسە بزانێت، کە ئەم خاڵانە لە شوێنی بەکارهاتوون.

**٢- لادان لە شێوەی نووسین:**

ئاشکرایە دەقی شیعریی، خاوەن شێوەیەکی تایبەتی خۆیەتی لە نووسیندا و هەر ئەمەشە جیای دەکاتەوە لە شێوەی ژانرەکانی تری وەك:

چیرۆك و ڕۆمـان.....تـاد، ئـەم جـۆرە لادانـە بەشـداری پێکردنـی بینینـە لـە کردەی گەیاندنی شیعردا، واتا زیادکردن و ئاراستەکردنی ئاماژە بینینییەکانە بۆ شیعر لە پاڵ ئەو ئاماژە دەنگی و بیستنییانەی هەیـەتی[١٦٤: ٩٧][١٦٧: ٢٥٩]؛ بۆیە ئەم جۆرە لادانە لای خوێنەر زوو دەرکی پێدەکرێت.

لادان لەو مۆرك و یاسایە کارێکی چاوەڕوان نـەکراو بـوو کـە مێژووەکـەی زیـاتر بـۆ ئـەوروپا و کارەکـانی (پۆشـکین) بەتایبـەتی دەگەڕێتـەوە، بـەڵام هەنگاوی گرینگ لە گەشە پێدانی ئەم جۆرە لادانە لە سەدەی بیستەمدا دوای (١٩٥٠ز) هاتـە کایـەوە و بـە چـەندین ڕێگـەی جیـاواز و تایبـەتی چەسـپا، دەتـوانین بڵـێین (اندریـە بیلـی) بـە پێشـەنگی ئـەم کـارە دادەنرێـت و لـە ئەزموونـەکانی (مالارمیـە) (١٨٢٤– ١٨٩٨ز) و شـاعیرانی سـەر بـە ڕێبـازی ڕەمــزیش بینــرا[١٣٢: ١٤٩] [١٦٧: ٢٦٤]؛ بۆیــە هەنــدێك لــە شــاعیران تێگەیشتنێکی نوێیان بەرامبەر شێوەی نوێی شیعر پەیدا کرد بەمەش شوێنی شێوە کۆنەکانییان گرتـەوە. لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی نوێـدا ئـەم جـۆرە لادانـە یەکێکە لەو بنەما ئیستاتیکیانەی دەقی شیعری، کە چەندین لێکۆڵینەوەی لە بارە ئەنجام دراوە و ئەم دەقە شیعرەی ئەم جۆرە لادانـەی تێدا بەرجەسـتە کـراوە بــە شــیعری کۆنکرێــتConcrete Poetry[١٦٧: ٢٦٤]،[٥٣: ١٠٥]، پوکانـەوە و هەڵوەشـاندنەوە[٩: ٢٢١]، شـیعری بینـراوpoesie visnell[١٠٣: ٧٤]، لـە زمـانی عەرەبیشـدا زاراوەکـانی (الشـعر البصـری، الملمـوس)ی بـۆ بـەکاردێت [١٣٦: ١٩٢]،[١٦٧: ٢٦٤]، بـە ئـەوروپیش کـالیگرام Calligrame [٥٣: ١٠٥] ناودەبرێـت، خـودی سـەرهەڵدانی دیاردەکـەش دەبەسـتنەوە بـە سپییەتی و ڕەشییەتی[١٦٧: ٢٥٨]، ڕووبەری شیعری[٣٨: ٧٣]،جوگرافیای شیعری[١٠٠: ٣٢]؛ چونکە خودی لادانەکە لەسەر ڕووبـەری کاغـەزی شـیعر و دەسـتکاری کردنـی جوگرافیـای دەق دەردەکـەوێت، هەنـدێك لـە شـاعیران هەوڵیاندا سوود لەم ڕووبەرە ببینن و لاپەڕەی چاپکردن بەشـێکی چـالاکبێت لە کارەکەیاندا، وەك سەرچاوەیەکی وزەی دەربڕین؛ بۆیە هەوڵیاندا لە شێوە کۆن و سواوەکەیەوە بیگۆڕن بۆ کەرەستەیەکی کاریگـەر و سـەرنجڕاکێش لـە کردەی شیعرییدا[١٦٧: ٢٦٨].

شيعری كوردی به پێی قۆناغه جیاوازەکـان چـەندین شـێوەی نووسـینی جۆراو جۆری به خۆیه وه دیوه، ئەگەر شـاعیرانی کلاسـیك شـیعرەكانیان بـه شێوەی ستوونی و قالّبه شیعرییەكانی وەك چوارین و پێنجین و موسـتەزاد و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند.....تاد، نووسی بێت، له قۆناغـەکانی تـر دێـڕی شیعر بەرامبەر بەیەك، یان به شێوەی جووت نووسرابن، ئەوا له شیعری نوێ ورده ورده ئەم شێوانه گۆڕانیان بەسەردا هاتووه و هەندێك شاعیر ((گرانـایی پێكهاتەی هونەرییان بردەوه سەر دەنـگ و دیمـەن و وێنـه))[٤٧: ١٥]؛ بۆیـه شـاعیران لـه پێنـاوی ئـەم جـۆره لادانـه بـه دوای ئـەو تـەكنیك و هونەرانـەدا دەگەڕان که شیعر بـەرەو بـه تـابلۆكردن و وێنـەكردن ببـەن، بـه جۆرێـك کـه ڕاستەوخۆ كار له خوێنـەر بكـات، ئامانجییـان لـەم کارەشـدا بەیەكگەیانـدنی هەستەكانه لەگەڵ چالاكی مێشك و نەهێشتنی جیاوازی نێوان هونەر و شیعر، داهێنـانی کـارێكی تێکـەڵ لـه ڕەگـەزه هەسـتی و بیرییـەکان [١٦٧: ٢٥٨]، دەتوانین له پێناسەی ئەم جۆره لادانه بڵێین: **لادان له شێوەی نووسین** لادانه له هەموو شێوه باو و كۆنانەكانی نووسینی شـیعر، بـه بـەكارهێنانی هەنـدێك تەكنیك و گۆڕان له شێوەی نووسـین و بـه خشـینی ئـەدگارێكی تایبـەتی بـه شـیعر، بـه جۆرێـك لەگـەڵ زەیینـدا هەسـتی بینینـیش بەشـداربێت لـه چـێژ وەرگرتن و بەرجەستەكردنی ئێستێتیكای دەقەكه.

ئەم جۆره لادانه بـه چـەندین ڕێگـەی جۆراوجـۆر ئـەنجام دەدرێـت، ئـەو ڕێگایانــەی لای شــاعیرانی ئــەم قۆناغــه بــۆ ئــەم مەبەســته بــه کــارهێنراون ئەمانەن:

• **نووسین به شێوەی ستوونی:**

ئاراستەی نووسینی ڕستەی زمانی كوردی به شێوەی ئاسۆییه و شیعری كوردیش بەو ئاراستەیه نووسراوه، بەڵام هەندێك له شاعیرانی ئەم قۆناغه لەم ئاراستەیه لایانداوه و ڕسته شیعرییەكانیان به ئاراستەی ستوونی نووسیووه، یەكێك لەو پێناسانەی بۆ لادانی گرافیكی كراوه ئەوەیه كه دەڵێـت: ((شـاعیر گوێ به یاساكانی نووسـین نـادات، وشـەكان بـه چـەند ڕێگەیـەك دەنووسـێت

بەبێ هەبوونی هیچ سنوورێك بۆ دێڕ و بۆشایی و ریتم))[٢١٨: ٥] بۆ نموونـە:
ئەنوەر مەسیفی لە بەشێکی شیعری (جل و بەرگ)دا دەڵێت:

**لەشکر**
**لە**
**مووی**
**بن**
**کەوشان**
**خۆی**
**دروست**
**کردەوە** [١٠٥: ٦٨]

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**شەونم**
**یا**
**ڤارتۆ؟**
**وەرە ژوور**[٥١: ٢٧٧]

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**لە سەرەوەی،**
**مانگ**
**و**
**هەور**
**ڕژاونەتە سەر گەڵاکان،**[٧٧: ٣٥٣]

نووسینی شیعر بەم ئاراستەیە ڕووبەری سپییەتی لە سەر ڕووی لاپەڕەی کاغەز زیاد دەکات و ڕووبەری ڕەشی کـەم دەبێتـەوە، (مالارمیـە) ئامـاژە بـە گرینگیی ئـەو ڕەگـەزە شـێوەییە دەکـات و جـەخت لەسـەر ئـەو کاریگەرییـە ئیستاتیکییە دەکاتەوە کە بۆ شـیعر بەرجەسـتەی دەکـات و پێـی وایـە ((بـۆ ڕێکخسـتنی وشـەکان لـە لاپـەڕەدا بـەوەی کـە تەواوکـەری ڕازاوەییـە، هــەر

وشەیەك پێویستی بە لاپەڕەیەكی سپی تەواو هەیە، بەم جۆرە وشەكان دەبنە كۆمەڵە ئەستێرەیەكی درەوشاوە،...تەنیا وشەكان وێنەكان تەواو ناكەن؛ بەڵكو پێویستە لەسەر بۆشاییە سپییەتییەكە تەواوی بكات))[١٥٠: ٢٦٥]

- **هەڵوەشاندنەوەی كەرەستەی ڕستە:**

بریتییە لە هەڵوەشاندنە و لێك جیاكردنەوەی كەرەستەكانی ڕستە لە شیعردا، ئەمەش ((هونەرێكی زمانی شیعر نیشان دەدات، سەرەڕای جەوهەرایەتی ئێستێتیكان بۆ هۆشیاركردنەوەی خوێنەر لە ناخی هەڵچوون، ئاستێكی سیحری دەگرێتە بەر))[٩: ٢٢٥]، هۆكاری ئەمەش بۆ بەشداری پێكردنی خوێنەرە لە پرۆسەی گەیاندن؛ چونكە شاعیر وەك لاسایكردنەوەیەكی بەشەكانی شووشەیەك، یان وێنەیەكی نەخشاوی شكاو بەشەكانی وشە هەڵدەوەشێنێت[١٦٧: ٢٢٠] بەمەش خوێنەر ناچارە ئەو كەرەستە هەڵوەشاوەیە لێك بداتەوە و بزانێت بنچینەی وشەكە چۆنە؛ بۆیە شاعیر زیاتر ئەو وشەو ڕستانە هەڵدەوەشێنێت، كە مەبەستێكی تایبەتی، یان كرۆكی شیعرەكەی لێ پێكهاتووە، بۆ نموونە:

(شێركۆ بێ كەس) لە كۆپلەی شیعرێكیدا دەڵێت:

**تۆ ببینە...ئەم شیرینە....دەستەكانی**
**لێ**
**بۆ**
**تە**
**وە..**
**چاوەكانی لەگەڵ پێڵووی:**
**جو**
**ێ**
**بۆ**
**تە**
**وە..** [٢٦: ٢٨]

شاعیر هەردوو وشەكانی (لێ بۆتەوە، جوێ بۆتەوە) لێك هەڵوەشاندوون.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە كۆپلەیەكی شیعری (پیری)دا دەڵێت:

**گەردو گوڵی بە یانییە....**

**دانیشتووم و**

**هەناسەكانت دەژمێرم**

**دێ بپرسم:**

**((كێ ئەویتر جێ....دە....هێ...ڵێ؟**

**پرسیارێكە،**

**لە دەرگەی نادەم...ناوێرم!** [٢٩: ٢٨١]

وەك دیارە شاعیر وشەی (جێ دەهێڵێ) ی هەڵوەشاندووتەوە بۆ چەند برگەیەك.

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**بە نەشئەی گوڵێك، شووشەی پەنجەرەكانی لەشم**

**ه ە لا ه ە لا كە**.[٥١:٢٧٥]

شاعیر وشەی (هەلاهەلاكە)ی لێك هەڵوەشاندووە.

لە شیعرێكی تریشدا دەڵێت:

**تەسبیحە قەزوانەكانی من و ملوانكە زێڕینەكانی ژنەكەمی**

**ج ی ێ كردەوە**

**هاتە بن گوێم و پێی گوتم؛ وەختی ل ی ێ كت را ز ا ن ە**[٥١: ٣٦٢]

شاعیر وشەكانی (جیێ و لێكترازانە)ەی هەڵوەشاندوون.

ئەم جۆرە لادانە لە هەندێك نموونەی تریش بەرچاو دەكەوێت وەك:[٢٦: ٤٧]، [٢٦: ٤٨]، [٥١: ٤١٤] [٥١: ٤٢٥].

- **نووسینی پلیكانەیی:**

تەكنیكێكی تری لادانە لە شێوەی نووسین، كە تێیدا شاعیر لە سەر شێوەی پلیكانەیی كەرەستەو وشە و لەتەكان ڕیز دەكات، جۆرە چێژێكی ڕاستەوخۆیی بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەم جۆرە تەكنیكە لای شاعیرانی ئەم

قۆناغە لە هەموو شێوە و تەکنیکەکانی تر ڕێژەی بە کارهێنانی بەرزترە وەك لەم نموونانە دەردەکەوێت:

(قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:

**ئالەم دڵە بچکۆلەی تۆ**

**چۆن بەیێکەوە هەڵ دەکەن،**

**گەرمەسێرو**

**بەفرو**

**گڵکۆ** [٦٢: ٦٩]

(عەبدوڵلاّ پەشێو) لە شیعری (چاوم تاریکە)دا دەڵێت:

**ئاخ چیان لێ کردم**

**تەرەسی عۆجەو**

**گای بنەی خۆیی و**

**گەوادی دونی**[٧٤: ١٥١]

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (بەچیت بچوێنم)دا دەڵێت:

**بە ئاسۆی باران؟**

**بە ماندووبوون و**

**خەون و**

**تێنوێتی**

**یان بە دارستان؟**[٣٢: ٢٣١]

لە کۆپلەی دواتریشدا دەڵێت:

**یان بە گۆرانی**

**بە هەناسەدان،**

**هەرەس و**

**لافاو؟**[٣٢: ٢٣٢]

شاعیر لە بەشێکی شیعری (شەوانی چاوەڕوانی)یشدا ئەم جۆرە لادانـەی پەیڕەوکردووە و دەڵێت:

**کام گۆرانی**
**تیشـک**
**هیوا**
**خۆشەویستی**
**لە ژێر هەوری بەستەڵەکدا چاو هەڵدێنێت؟**[٣٢: ٢٢٠]

- **نووسینی وێنەیی:**

شـێوازێکی تـری لادانـە لـە شـێوەی نووسـین، شـاعیر لـە ڕێگـەی وشـە وێنەیـەك دەكێشـیٚ، شـیعرەكە لەوانەیـە وێنـەی دارێـك، یـان شـوێنێك، یـان ژمارەیەك دەبێت، واتا زەین و هەستی بینین بەیەكەوە گـریٚ دەدات؛ چـونكە زۆربـەی جـار ئـەو وێنـەی شـاعیر كێشـاویەتی لەگـەڵ واتـا و ئـەو دیـاردە و بابەتـەی باسـی لێـوە دەكـات هـەمان شـتە، واتـا جگـە لـە نـاوەڕۆك چـێژی شیعرەكە لە شێوە ئەندازەییەكەشدا بە دەست دێت، لە ڕێگەی جووڵەی چاو لەسەر جەسـتەی دەقـە شـیعرییەكە، كـە وەك جووڵـەی چـاوە لەسـەر ڕووی تابلۆیەك[١٦٧: ٢١١]، هەروەها لایەنێكی تری ئـەم جـۆرە لادانـە ئەوەیـە كـە نەك تەنیا خوێنـەری كـورد، بـەڵكو خوێنـەرێكی بێگانـە بـیٚ ئـەوەی بتوانێـت دەقەكەش بخوێنێتەوە ڕەنگە لـە واتـا و مەبەسـتی شـیعرەكە تێبگـات، ئـەم جۆرە شیعرانە بە شیعری وێنەییPictur Poetry[٥٣:١٠٥][٤٩: ١١١]، شـیعرە نیگـارImagist، Visual،Optic،Spatialsed[٥٣: ١٠٥] نـاودەبرێن لـە زمـانی عەرەبیشـدا زاراوەكـانی (الشـعر المرئـي، البصـري، التشـكيلي، المجسـد، الصوري)ی بۆ بەكاردێت [٥٦: ١٩٢]،[٥٣: ١٠٥]، لـە زمانـە ئەوروپییـەكانیش پێیـدەڵێن شـیعری كـالیگرامی ((Calligrame [١٠٥:٥٣]وەك لـەم نموونانـە دەردەكەوێت:

(شێركۆ بیٚ كەس) دەڵێت:
**لە دوا ساڵدا**
**فەرهادێكی كوژراو وتی:**
**لەبەر ئەوەی ((هەرەم))ەكە لەسەر نووك و**

سـ‍ـــــــەر بەرەو ژێر دانرابوو
هەرەس وابوو زەویـــش
بنکـەو ڕەگی ئەویست
تۆفانەکەش زەریاوانیێ
چەند خوایەك بوون
خۆفۆی گەورە
خـۆفۆی
بچووك
خۆفۆی
قرە [٢٦: ٤٩]

شـاعیر لـە نـاوەڕۆکی شـیعرەکە بـاس لـە هـەرەمێکی لەسـەر نـووك و خواوەند فیرعەونەکانی میسر دەکات، کە هەرەمیان دروست کردووە، هـەمان واتاشی بە وشەی شیعرەکەی کێشاوە، کە هەرەمێکی لە سەر نووکە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە کلیلی..
جومگەی فەرهادێکی کوژراو
لێ ی نیشتوون و...ئەیکەنەوە.
فڕان
فڕان
فڕان
فڕان [٢٦: ٤٦]

شاعیر بە ناوەڕۆك باس لە کلیل دەکات؛ بۆیە شیعرەکەشی بە شـێوەی کلیل نووسیووە.

(ئەنوەر مەسیفی) لە کۆپلە شیعرێکیدا باس لە هەور و باران دەکات بـە وشەکانی ناو شیعرەکەی وێنەی دیاردەکەی کێشاوە و دەڵێت:

**ڕۆحم هاتنی بارانێکە هیچ هەورێ دای نەگرتووە**
**ئەمشەو شیعرم کۆدیتایە**
**شێتە.**
**تایە.**
**بەفرە.**
**بایە.** [١٧: ٣٢]

شیعرەکە بە ناوەرۆك و بە وێنە گوزارشت لـە پەڵـە هـەور و بـاران بـارین دەکات.

**٣-لادان لە خاڵبەندی:**

مرۆڤ لە زمانی ئاخاوتندا لە ڕێگـەی کۆمـەڵێك ئەنـدامی تایبـەت بـەم بوارە و کـردارە دەنگییـەکانی (ئـاوازەو بـەرزی و نزمـی) چـۆنیەتی دەربـڕین ئەنجام دەدات، بەڵام لـە زمـانی نووسـیندا، خاڵبەنـدی ئـەم ڕۆڵـە دەبینێـت. کەواتـە خاڵبەنـدی یەکێکـە لـە پێویسـتی و کەرەسـتەکانی زمـانی نووسـین؛ چونکە ئەو هێز و ئاوازەی لە بڕگەکانـدا هەیـە و وەسـتان و کۆتـایی ڕسـتە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین دیاری دەکات.

خاڵبەندی لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بوونی نییە و لە شـیعری کلاسـیك بـە ڕێژەیـەکی کـەم دەبینرێت، بـەڵام لـە قۆنـاغی سـەرەتایی نوێبوونـەوەی شیعری کوردیدا، (گـۆران) بـە پێشـەنگی ئـەم داهێنانـە دادەنرێـت، لادان لـە خاڵبەندی لای شاعیرانی (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

١- لادان بــە بــەکارهێنانی تایبــەتی خاڵبەنــدی و بەشــداری پێکردنــی نیشانەکانی لە شیعرەکە، واتا دەبنە بەشێك لە دەقەکە، (هنریش بلیت) ئـەم جۆرە لادانە بە جۆرێك لـە وێنـە دادەنێـت، کـە بـەکارهێنانی هەنـدێ هـێڵ و هێمایە لە ناو شیعر وەك ( نیشانەکانی ڕیز بەندکردن وەك: خاڵ و بۆشـایی و نیشانەی هێزو نیشانەکانی گەیاندن)[١٢٧: ٩٦].

بۆ نموونە: ئەنوەر مەسیفی دەڵێت:

**ڕەبەنێ خەوی خراپ بێ / دڵۆپە بارانێ زەویی**
**بزر کردبێ / بەستێ شەپۆلی چك کردبێ/**
**چیایێ**
**قۆپێکی ڕما بێ / کێشکەیێ گوندی نەمابێ/**
**وڵاتێ**
**داگیر کرابێ / ئێواران پێش من دەکەون / پێش**
**من**
**خۆیان لە ناو گۆڕی من دەکوتن / ماڵ نووستنان**
**بەتای یەکتر خۆمان گەرم دەکەیتەوە**
**تا ڕۆژ هەڵدێ وێکڕا گوێمان ڕاگرتووە/**
**ڕەنییێ دۆڵێ دابمارێ / بایێ هەڵکە / شەو**
**هاوارێ.** [١٧: ١٣]

شاعیرلەم شیعرە نیشانەی (/) بۆ سەرجەم ئاوازە و وەستان و کۆتایی ڕستە کە ئەمەش بە کارهێنانی شێوەییێکی خاڵبەندی تایبەت بە خۆیەتی.

(عەبدوڵلا عەباس) لە شیعری (عەودالی چی) خاڵبەندی پەیڕەو کردووە و دەڵێت:

**عەودالی چیت؟**
**باڵا ئەندام، بەبێ دەنگی دام ئەپۆشی...**
**لەنێوان نمەی شەونم و مەرگێکی کوت و پڕا**
**یادگاری من جێ دێڵی..!**
**عەودالی چیت؟**
**تۆ عاشقی خۆری دووریت.. خۆرێکی دوور..** [١٠: ٢٣]

٢- لادان بە بەکارنەهێنانی خاڵبەندی شێوەیەکی تری ئەم جۆرە لادانەیە،، ئەم لادانە لای هەندێ لە شاعیرانی ئەم قۆناغە وەك (فەرەیدوون عەبدول و ئەنوەر مەسیفی و شێرکۆ بێ کەس) دەبینرێت، بەڵام (سەباح ڕەنجدەر) لە سەرجەمی هەردوو کۆشیعری (ڕووەکەکانی خواوەند و زێوان)دا

ئـەم لادانـەی ئەنجامـداوە، هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێنێتـەوە بـۆ نـەبوونی خاڵبەندی لە حەیران و شیعری میللی کوردی و شـیعری کلاسـیکی و دەڵێـت: ((پـەیڕەونـەکردنی خاڵبەنـدی لای مـن نـەزانین نییـە، بگـرە وەك مەبەسـت و هونەر گەڕانەوەیە بۆ هەستی سەرەتایی کوردی و ڕەسەنایەتی کەلەپوور. لە سـپێتی کاغـەز و دابەشـکردنی وێنـەدا هەسـت و نیشـانەکانی خاڵبەنـدی لـە ئاستەکانی دەربڕین لـە خـەیاڵ و زەینـی خوێنـەری خـود وریـا دەستنیشـان دەکەم.))[٢٧: ٢٩]، بۆ نموونە لەم کۆپلە شیعرەیدا هیچ نیشانە و هێمایەکی خاڵبەندی نابینرێن:

**تەنیا شوێنێك لە سەر زەمین**
**باران بە هێمنی بە ناویدا دادەبەزێ**
**ئەمیش دەروون**
**بێ ئاخاوتن لەسەر کورسی درەوشانەوە دانشتووە**
**هەموو شتێك لە شێوەی خۆی دروست دەکات** [٤٧: ٧٧]

(فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**من ئەزانم**
**لەوە زیاتر تۆم خۆش بوێ**
**خوێنم ئەکرێتە کاسەوە**
**نە ئێزگەیەك باسم دەکا**
**نە هەواڵی کوشتنیشم**
**ئەخرێتە دەنگ و باسەوە**[٣٠: ١٧٠]

**٤- لادان لە بونیاتی مۆسیقا (ریتم)**

مۆسیقا و ریتم لە شیعردا بە بونیاتێکی سـەرەکی و گـرینگ دادەنرێـت و تەنانەت بە ڕای هەنـدێك ڕەخنـەگر، ((شـیعر لـە ڕاسـتیدا تـەنیا دەربڕینێکـی مۆسیقییە))[١٤١: ١٧]، هەڵبەتە ریتم و مۆسیقاش ((ڕەنگدانەوەی ئـەو سـۆز و هەڵچـوونانەیە، کـە لـە ئـەزموونی شـاعیرەوە سەرچـاوە دەگرێـت، لەگـەڵ

بونیات و ئاستەکانی تری دەقدا ئاوێتـە دەبێـت و پەیوەندییـەکی گـرینگ لـە نێوان ڕەگەزەکانی بونیاتدا پێکدێت))[٤٢: ١٨٦]؛ بۆیـە بـە دامـاڵینی هـەموو ئەو هونەر و تەکنیکانەی بەشداری لە بونیاتنانی ریتمی شیعر دەکەن، شـیعر دەبێتە قسەیێکی ڕووتی ئاسایی. لێرەدا توانا و زیرەکیی شاعیر زۆر گرینگـە لـە چـۆنیەتی بەرجەسـتە کردنـی بونیـاتێکی مۆسـیقی پتـەو و کاریگـەر بـۆ دەقەکە، بە جۆرێك بتوانێت هێڵێکی پێوەندی لە نێـوان سـەرجەم ئاسـتەکان دروست بکات و هاوسەنگی لە نێوان کردەی گەیانـدن و تێگەیشـتن ڕابگرێـت؛ چونکە هەرچەندە ریتم و مۆسیقا هەڵقووڵاوی زمانێکی دەروونییە و بە پلـەی یەك کاریگەری ڕاسـتەوخۆی لـە سـەر دەروون دەبێـت، بـەڵام ((لـە ڕوانگـەی واتاوە، بەهاو نرخێکی دیاریکراوی هەیە؛ چونکە سەرچاوەی ڕایەڵەکانی واتـا لـە نـاخی ڕیتمـدا قـاڵ دەبنـەوە و بارگـاوی دەکـرێن.))[٧٢: ٧٤]؛ بۆیـە دەگوترێت ((بەهای ڕاستەقینەی ریتم تەنیا لە پەیوەندییە دەنگییـەکان پێـك نایەت؛ بەڵکو لە پێکهێنەرێکی دەروونی پێك دێت، کە لە ناو تۆڕێکی گەورەی هەست و پاڵنەرەکان ڕوودەدات، بـە وشـە دەسـت پـێ دەکـات و لـە ڕێزمـان بەردەوام دەبێت))[٢٠٥: ٢٧].

ریتم ئەگەرچی دیاردەیەکی هاوبەشی ناو چەندین هونەری جۆراوجـۆرە و لە هەندێ دیاردەی ڕۆژانەی ژیاندا بوونی هەیە وەك، هەنگاوەکانی ڕۆیشـتن و لێـدانی دڵ و سـوورانەوەی زەوی بـە دەوری خـۆی و خـۆردا، بـەدوای یەکـدا هاتنی شـەو و ڕۆژ، کـە هـەموویان بـە پێـی سیسـتەمێکی دووبارەبوونـەوەی ڕێکخراو کاردەکەن،[٩: ٧٤]، بەڵام ریتم و مۆسـیقای شـیعر لـە سـەر بنـەمای دووبارەبوونەوەی چەند ڕەگەزێك دروست دەبێت، کە لە زماندا سەرچـاوەیان گرتووە، ئەمەش لە زمانی ئاسایی و ئاخاوتنی گشتی بەدی ناکرێت؛ بۆیە بـە لادان دادەنرێت، بە هەموو شێوە و ڕەهەندەکانییەوە.

سەرچاوە و تیۆرە کـۆن و نوێیـەکانی ئەدەبیاتناسـی، ریـتم و مۆسـیقای شیعرییان لەسەر بنەمای ئەو تـەکنیك و هونەرانـەی بەشـداری لەبونیاتەکـەدا دەکەن، لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوەی دەق دابەش کردووە بۆ مۆسیقای

دەرەوە و ریتمــی نــاوەوە. مۆســیقای دەرەوە: مەبەســت ئــەو ریــتم و مۆسیقایەیە کە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی (کـێش و سـەروا)ن و ڕاسـتەوخۆ لـە ڕووکاری دەرەوەی شیعر دەردەکەون، تـەنیا لەسـەر ئاسـتی دەرەوەی دەق بەشداری پێکهێنانی مۆسیقادا دەکـەن، بـەڵام هەرچـی ریتمـی ناوەوەیـە لـە کۆمەڵێك تەکنیك و هونەر و ڕێگەی جۆراوجۆر پێك دێن، کە بە پێـی شـاعیر و جۆری ژانرەکە دەگـۆڕێن و ریتمـی نـاوەوە بـۆ دەقەکـە بەرجەسـتە دەکـەن، ئێمە وەك بونیاتێکی دەرەوەی دەق تەنیا باس لە لادان لە بونیاتی مۆسیقای دەرەوەدا دەکەین.

(کـێش و سـەروا) زۆر دەمێکـە بـە دوو ڕەگـەزی سـەرەکی پێکهێنـەری مۆسـیقای دەرەوەی (مۆسـیقای جـێگیر) * شـیعر دادەنـرێن، لای عەرەبـەکان لەسەر ئەم دوو بنچینەیە پێناسـەی شـیعر بـەوەکراوە کـە ((شـیعر وتەیـەکی کێش و سەرواداره و گوزارشت لە واتایەك دەکات))[١٤١: ١٩]، واتـا پێوانـەی سەرەکی شیعر هەبوونی کێش و سەروا بوو:

**کێش**: ((بریتییـە لـە لەسـەرجەمی ئـەو پێیانـەی کـە دێـڕە هەڵبەسـتێك دروست دەکەن))[٦٥: ١٠]، یان ((ئەو زەنگ و لەرینەوە و مۆسیقی یەیـە کـە گوێ هەستی پێدەکات، ئەو شادی و خۆشـییەی لـە چوارچـێوەی تفغیلـەکان دەیچێژین))[١٥١: ٢٣٧]، واتا کێش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بـە ریتمـەوە هەیە و یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بەشداری لە بونیـاتی مۆسـیقای دەرەوەی شـیعر دەکـات، بـەڵام مـەرجێکی سـەرەکی ریـتم نییـە لـە هـەموو ژانـرە ئەدەبییەکاندا[٢٠١: ٢٧].

شیعری کوردی لە سەرەتای پەیـدا بوونیـەوە تـا ئێسـتا چـەندین کێشـی هەمەجۆری تێدا پەیڕەو کراوە بـە پێـی قۆنـاغ و سـەردەمەکان، لەگـەڵ ئـەو گۆڕانانـەی بەسـەربونیاتی دەرەکـی و نـاوەرۆکی شـیعردا هـاتووە، کێشـیش

(*) لەبەر ئەوەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی تەنیا بریتین لە کێش و سـەروا و نـەگۆڕن (واتـا هـیچ ڕەگەز و هونەرێکی تر بەشداری لـە دروسـتبوونیدا ناکـەن)؛ بۆیـە لـە هەنـدێ سەرچـاوەی ڕەخنەیی ئەم زاراوەیەی بۆ بەکاردێت[٢٠١: ٢٧].

یەکێك بووە لەو لایەنانەی، کە بەر شەپۆلی نوێبوونەوە کەوتووە و گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا کێشی پەنجە[خۆماڵی، سیلاب] پەیڕەو کراوە، کە لە سەر بنچینەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر دامەزراوە[٦٤: ٢٢]. لە قۆناغی ئەدەبی نووسراودا، شیعری کلاسیکی پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە. (عەزیز گەردی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کێشی عەرووزی دیاردەیەکی غەوارەیە و لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی ئایینی و ژیانی ڕۆژانەی کورد لەگەڵ عەرەب و فارسدا لەسەردەمی باباتاهیرەوە خۆیان خزاندۆتە ناو شیعری نووسراوی کوردی و لە سەدەی بیستەمدا وردە وردە جێگەیان بۆ کێشی خۆماڵی چۆڵ کرد، واتا کێشی عەرووزی لە قۆناغێکی تایبەتی دا هاتە ناو شیعری کوردی و ماوەی هەزار ساڵێك مایەوە و دووبارە کشایەوە دواوە))[٦٦: ٢٩٢]. (گۆران) و هاوسەردەمەکانی لە قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا لە پەیڕەوکردنی کێشی عەرووزی عەرەبی لایاندا و گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی و شیعری کوردی بەرەو ئازادی زیاتر هەنگاوی نا، بەمەش لادانێکی تریان لە بونیاتی کێشی شیعری کوردیدا کرد و کێشی هەمەڕەنگیان پەیڕەوکرد، واتا تێکەڵکردنی چەندین جۆری کێشی بڕگەیی وەك (٤) بڕگەیی، (٨) بڕگەیی، (١٠) بڕگەیی..... هتد، خۆ نەبەستەوە بە تاکە کێشێك لە سەرتاپای دەقێکدا.

کێشی شیعر لە ساڵانی هەشتاکانیش بە چەندین شێوە پەیڕەوکراوە کە بریتین لە:

١- بەشێك لە شیعرەکان هەمان کێشی قۆناغی پێشووتریان تێدا پەیڕەو کراوە کە کێشی هەمەڕەنگە، بەتایبەتیش شیعرەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) و (عەبدوڵلا پەشێو) و (شێرکۆ بێکەس)دا بەدی دەکرێن، وەك: عەبدوڵلا پەشێو لە کۆپلەیەکی شیعری (بۆمارگرێت)دا[٢٩: ٣٥٥] دەڵێت:

**ڕەنگی شەوە** (٤) بڕگە
**لەچی بکا، چاکە بۆتۆ:** (٤+٤) بڕگە
**لە ئەرخەوان؟** (٤)بڕگە

**لە پەلكە زێڕینەی حەفتڕەنگ؟ (٦+٢)بڕگە**
**لە وەنەوشە، یا لە هێرۆ؟ (٤+٤)بڕگە**

كێشی شیعرەكە لەكێشەكانی (٤، ٨)بڕگەیی پێكهاتوون و لە هەر لەتێكدا بە جۆرێك دابەشكراوە.

٢-كێشی ئازاد ئەو لادانە بوو كە شاعیرانی ئەو قۆناغە (١٩٨٠ – ١٩٩١) ئەنجامیان دا، ئەمەش نەك بەو واتایەی كە شیعر، ئازاد بكرێت لە كێش و بە تەواوی واز لە بەكارهێنانی كێش بێنن؛ چونكە ((ئەو شۆڕشە نوێیە دژی بەكارهێنانی كێش نەبوو، بەڵكو دژی بەكارهێنان و تەوزیفكردنییەتی، واتا جیاوازییەكە لەو ڕێگە نوێیە دایە كە بەكاردێت و دەرفەتێكی فراوانی لەبەردەمی شاعیراندا كردەوە، لە پێناو ئازادی زیاتر لە كردەی خولقاندن و داهێنان)) [١٥١: ٢٣٨]؛ بۆیە شاعیر لە دەقی شیعرییدا خۆی نابەستێتەوە بە كێشێكی دیاریكراو، بەڵكو هەر لەتە و كێشێكی تایبەتی خۆی دەبێت وەك: (سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت[٤١: ٣٠]:

**سروود (٢)بڕگە**
**درۆی پفدراو (٥)بڕگە**
**ژوور (١)بڕگە**
**ئەسپی ناڵ لۆكە (٥)بڕگە**
**ڕێگا (٢)بڕگە**
**هەراسانی دیدەنی (٧)بڕگە**
**ئاڵا (٢)بڕگە**
**یاڵی ئەسپی شەڕكەرەكان (٨)بڕگە**
**دوو وشكایی (٤)بڕگە**
**لەو كتێبە ڕەنگاو ڕەنگەی هەمیشە كۆمان دەكاتەوە (١٧)بڕگە**

لادان لە پەیڕەوكردنی ئەم شێوازانەی كێش تەكانێكی تری شیعری ئەو قۆناغە بوو، كە لای هەندێك لە شاعیرانی ئەو قۆناغە هەنگاوی بۆنرا و

شیعریان داماڵی لە هەموو جۆرە کێشێك، بەمەش قورسایی ریتم زیاتر کەوتە سەر ریتمی ناوەوە؛ چونکە کە مۆسیقای دەرەوە نەما قورسایی مۆسیقا دەکەوێتە سەر ریتمی ناوەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی ژانرێکی نویێ کە پەخشانە شیعرە، (د. محەمەد بەکر) لە بارەی ریتمەوە دەڵێت: ((ریتمی تایبەتی، بریتییە لە رێکخستنی تایبەتی ریتمی گشتی بە گوێرەی ئەدگارە هونەرییەکانی گوتارێکی دیاریکراوی ئەدەبی، بەم چەمکە ریتمی تایبەتی، چەمکەکانی (ریتمی ناوەوە– ریتمی دەرەوە) لەخۆ دەگرێت. لێرەدا جیاوازی نێوان ریتمی شیعرێکی رێکخراو و دەقێکی پەخشانە شیعردا، نەك چۆنایەتی بەڵکو چەندایەتی دەبێت، واتە رێکخستن لە شیعری رێکخراودا* لە یەك یەکەی (پێ) و (دێڕ)ەکاندایە، بەڵام لە پەخشانە شیعردا، لە ئاستی کەرت و بەش و سەرتاپای دەقدایە.[١٥: ٨٢]، ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە بونیاتی پەخشانە شیعر دەکرێ لە هەندێ شوێن، دێڕ بێت و لە هەندێ شوێنیش، بەرەو پەخشان بچێت، هەروەها ریتمەکەی لە سەر ئاستی دەق و ئەو بەشانەی لێی پێکهاتووە دروست دەبێت، ئەم ئەدگارەش کتومت لە هەندێ لە بەرهەمەکانی (سەباح رەنجدەر و ئەنوەر مەسیفی و عەبدوڵڵا عەباس)دا دەبینرێن، بەڵام لە دوای راپەرینی بەهاری (١٩٩١)زیاتر و بە تەواوەتی دەرکەوت. بۆ نموونە (عەبدوڵڵا عەباس) دەڵێت:

**چاوتان لێ بێ، دەستی لە مل هەنگاوی سبەینێ دایە و سەرئەکەوێ، (٤+٤+٤+٤+٤)**

**ماچی ئەو[دێرێن]ەی کردوە، بەسەر بەرزی ((ڕۆژ)) ی ماچ کرد (٤+٤+٤+٤)**

**چاوتان لێ بێ، ئەڕواو"ڕۆژ"ماچی ئەکات و دیسان ماچی ئەکاتەوە (٤+٤+٤+٤+٤)!**

---

(*) چەمکی شیعری رێکخراو: واتا دێڕ و لەت لە شیعرەکەدا هەیە، بەڵام لە شیعری رێکنەخراو لە ئەنجامی نەمانی سنووری لەت و دێڕ شیعر بەرەو پەخشانەشیعر دەچێت.

**[- شیعرەکانم، دوای ماچی [ڕۆژ] (٤+٤)**
**لە لانکی دڵەکانا.. (٤+٤)**
**خەونی پەمەیی ئەبینن.. (٤+٤)**
**خەونەکانم، نهێنی"عەشق"م ئەهێنن.. (٤+٤+٤)**
**ئەیهێنن و، ئاگام لێ یە، لێوی کام"کچ" (٤+٤+٤)**
**لە دەروازەی کام دڵەوە.. (٤+٤)**
**ئەیکا بە ڕەنگ، ئەیکا بە دەنگ..[١١: ٩]. (٤+٤)**

ریتمی گشتی پەخشانە شیعرەکە لەسەر ئاستی بەش و کەرت و ئاستی گشتی دەقەکە دیاری دەکرێت و شاعیر سەرەتا بە شێوەی پەخشان و دواتریش لەت نووسیوویەتی.

کەواتا لادان لە بونیاتی کێش وەك ڕەگەزێکی سەرەکی مۆسیقای دەرەوە لای شاعیرانی ئەم قۆناغە لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئەم لادانانە بە ئاسانی و بەیەك هەنگاو ڕووینەداوە؛ بەڵکو لە ژێر سێبەری گەشەسەندنی ژیان و هەستکردنی شاعیر بە گیانی نوێبوونەوە و بێزاربوون لە قاڵبە کۆن و سواوەکان و بۆ بەدەستهێنانی چێژی زیاتر و پڕکردنەوەی پێویستی و وەڵامی خوێنەر سەریان هەڵداوە، بە پێی گۆڕانی ژیان و سەردەم کاتێك شاعیرەکان درکییان بەوە کرد کە پێویستیان بە جۆرە شیعرێکە، کە کێش و ریتمی تێدابێت، لە لایەکی تریشدا ڕەهەندە بیری و دەروونییەکانی ئەوانی تێدا ڕەچاو بکرێت و گوزارشت لە هەموو سۆز و هەڵچوونەکانیان بکات بە بێ کۆت[ ١٨٤: ٢٥٠].

**– سەروا (قافیە)**: بە ڕەگەزی دووەمی پێکهێنەری مۆسیقای دەرەوە دادەنرێت، ((گوزارشتە لە ڕێککەوتنی پارچە، یان قەسیدە لە پیتی کۆتایی))[١٨٤: ٢٤٨]، واتا دەکەوێتە کۆتایی شیعر. (د. مارف خەزنەدار) بەوە پێناسەی کردووە: ((دێڕە شیعرەکانی شیعر، بە وشەیەك دواییيان دێت، ئەم وشانە لە لایەن کێش، یان ئاوازەوە لە یەکتری دەکەن و بەلای

کەمییەوە دەبێ تیپی دوایی هەموو ئەم وشانەی دێڕە شیعرەکان یەك بن، ئەم وشانە قافیەیان پێ دەڵێن))[٦٤: ٥٦]، ئەم پێناسەیەی سەروا تەنیا بۆ ئەو شیعرانە دەبێت کە یەکێتی سەروایان تێدا پەیڕەوکراوە، واتا شیعرەکە لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتایی پەیڕەوی لە یەك سەروا کردووە. (عەلائەدین سەجادی) دەڵێت: ((سەروا، بریتییە لەو پیتانە– بە دەنگبێ، یان بێدەنگ – کە ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەوتونەتە دوایی هەردوو نیوە هۆنراوەکە، ئەمە لە کاتێکدا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ...)) [٧٢: ١٠٣] ئەم پێناسەیەش لە سەر بنەمای نووسینی شیعر بە شێوەی جووت دێڕی کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە سەروا بە پێی شێوەی نووسینی شیعرەکە دیاری دەکرێت؛ چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی سەروا ئەوەیە کە ((نەخشەی هەندەسی شیعرەکە لەسەر لاپەڕە دیار دەکات))[٤٨: ٤٢]؛ بۆیە بە پێی شێوەی شیعرەکە شوێنی هاتنی سەروایەکە دەگۆڕێت، بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا وشەکانی سەروا لە دەنگێك، یان کۆمەڵە دەنگێکدا هاوبەشن و دەکەونە کۆتایی دێڕ، یان لەت، یان پارچە شیعرەکە، واتا بنچینەی سەرەکی سەروا وەك کێش دووبارە کردنەوەیە؛ بۆیە ئەو شیعرەی پەیڕەوی لە سەروا دەکات دەبێت خاوەن مۆسیقایەکی پتەو و ((خۆشی و لەزەتێکی دەروونی لای خوێنەر (گوێگر) پەیدا دەکات، کە لە تێرکردنی تاسەی ڕەچاوکردنی دووبارە بوونەوەی سەروا دێتە دی))[٤٨: ٤١].

شیعری کوردی هاوکات لەگەڵ کێش سەرواشی بەکارهێناوە و لەگەڵ هەر جۆرە کێشێك جۆرێك لە سەرواش دەبینرێت؛ بۆیە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جۆر و پێکهاتی کێشدا هاتوون گۆڕانی سەرواشیان بە دوای خۆیادا هێناوە؛ بۆیە ئەو جۆرە سەروایانەی لە شیعری کوردیدا پەیڕەو کراون ئەمانەن:

– **(یەکێتی سەروا):** ڕێککەوتنی قەسیدەیە لەسەر بەکارهێنانی یەك سەروا، واتا دێڕی یەکەم تا کۆتایی لەسەر یەك سەروا دەڕوات[١٨٤: ٢٥٠]، ئەم جۆرە سەروایەش لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پەیڕەو کراوە. ئەم جۆرە

سەروایە لای شاعیرانی هەشتاکان پەیڕەو نەکراوە؛ چونکە سەروای شیعر لەو قۆناغە بەرەو گۆڕان و نوێبوونەوەی زیاتر هەنگاوی دەنا، کە بریتی بوو لە

– (**سەروای هەمەڕەنگ**): ئەو قافیەیە، کە لە شیعرێکدا ئەگۆڕێ، واتـە: هـەموو قافیـەکانی شـیعرەکە یـەك نـابن، بـەڵکو شـیعرەکە چـەند جـۆرە قافیەییێکی تیا ئەبێ))[٦٤: ١٦٢]، ئەمەش بە چەند شێوەیەك دەبێت:

١– (**جووت سەروا، مەسنەوی**): لەم جۆرە سەروایە دوولـەت هاوسـەروا دەبن[٤٨: ١٠٤]، واتا هەردوو لەت سەروایان جیـاواز دەبێـت لەگـەڵ سـەروای دوولــەتی دوای خۆیــان، ئەمــەش لــە شــیعرە فۆلکلۆرییــەکان و داســتانە کوردییــەکان و شــاعیرانی ســەر بــە دیــالێکتی گــۆران وەك، (مەولــەوی و بێسارانی) پەیڕەو کراوە. لەگەڵ نوێبوونەوەی شیعری کـوردیش، (گـۆران) و هاوســەردەمەکانی دووبــارە گەڕانــەوە ســەر ئــەم ســەروایە و لایانــدا لــەو سـەروایەی، کـە لـە شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا پـەیڕەو دەکـرا. هەنـدێ لـە شـاعیرانی ئـەم قۆناغـەش جـووت سـەروایان بـەکارهێناوە، بـەڵام ڕێـژەی بەکارهێنانی زۆر کەمە، وەك (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**نـــــازانم چۆن خۆشم ویستی**
**تـــــا ئەو پەڕی خۆشەویستی**
**خولیای عەشقت هەموو شەوێ**
**فرمێسکی تـــــازەی لێم ئەوێ** [٣٠: ١٤٨]

شـیعرەکە دوولـەت دوولـەتی هاوسـەروان، وشـەکانی (خۆشـم ویسـتی و خۆشەویســتی) وشــەی ســەروان و لــە دەنگــەکانی (ویســتی) هاوبەشــن و کەوتوونەتە کۆتایی، (شەوێ، ئەوێ) وشەی سەروان و کەوتوونەکۆتایی و لـە دەنگەکانی (ەوێ)دا هاوبەشن.

(موحسین ئاوارە) دەڵێت:

**مێوان، مێوانی ئازیـــــزن**
**شایانی گەورەیی و ڕێزن**

**بەیانی جەژنی نـــەورۆزە**

**ئەم شەو، شەوێکی پیرۆزە**[٢٢: ١٨]

وشەکانی (ئازیزن، ڕێزن) وشەی سەروان و لە دەنگەکانی (زن) هاوبەشن و کەوتوونەتە کۆتایی و وشەکانی (نەورۆزە، پیرۆزە)ەش وشەی سەروان و لە دەنگەکانی (رۆزە) هاوبەشن و کەوتوونەتە کۆتایی.

**٢– (سەروای ئـازاد):** کاتێـك شـاعیران هەسـتیان بـەوە کـرد کـە سـەروا ڕێگـرە و خـۆی بەسـەر هەڵچـوون و واتاکانیـان دەسـەپێنێ و وەك کـۆت و بەندێکە لە هەمبەر دەربڕینی بیر و ئەندێشەکانیان[١٨٤: ٢٥٠]، ئەوا لایاندا لە هـەموو ئـەو قاڵـب و شـێوە کـۆن و باوەکـانی سـەروا و سـەروای ئازادییـان بـەکارهێنا، کـە لەگـەڵ سـەردەم و ئـەو بـیر و ناوەرۆکـە نوێیانـە بگونجێـت، (عەزیز گەردی) دەڵێـت: سـەروای ئـازاد ئەوەیـە ((کـە خـۆی بـە هـیچ قـاڵبی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بەپێی یاسـای دەرەوە نییـە، بـەپێی هەسـت و نەسـتی شـاعیرە، بـەپێی دەلالـەت و دابەشـبوونی ڕسـتەو دەسـتەواژەی شـیعرەکەیە. شـاعیر کـەی ویسـتی بـە چـاکی زانـی سـەرەتای سـەروا دادەمـەزرێنێ و کـەی بـۆی گونجـا بـێ زۆر لـە خـۆکردن، سـەرواکە دووبـارە دەکاتەوە)) [٤٨:٣٠٥]، واتا شاعیران لە پێناوی گوزارشت کردن لە مەبەست و ناوەرۆکی شیعرەکانیان وازیـان لـە یـەکێتی سـەروا هێنـا هـەروەك (کاکـەی فەللاح) دەڵێت: ((ئەم هونەری وشەی قافیە دۆزینـەوە و ڕیزکردنـە بەشـێکی زۆری لــە بــەهرەو و ســەلیقە و ڕەنــج و کــاتی شــاعیر بۆخــۆی بــردوە و داگیرکردوە،...پێش ئـەوەی شـاعیر ویستبێـی شـیعرێك بڵێـت، جـارێ وێڵـی چـەند وشـەیەکی ئـاوازداری ئـەوتۆ بـووە))[٦٣: ٣٦]، ئـەم جـۆرە لادانـە لـە بونیاتی سەروا لای (گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح و عەبدوڕەحمان بـەگی نفـوس) دەسـتی پێکـردوو، لـە قۆناغـەکانی تـری شـیعری کوردیشـدا زیـاتر دەرکەوت و ((ئاسۆیەکی ئەو تۆی لەبەردەمی شاعیراندا کردۆتەوە کە بتـوانن سەربەسـتانە مامەڵـە لەگـەڵ قافیـەدا بکـەن و ئـاوازی دەقـەکانیان لەیـەك نەسەقی دەرباز بکەن))[٢٨: ٢٢١]؛ بۆیە شاعیرانی هەشتاکانیش وەك درێـژە

پێدەری ئەم لادانە، بەشێکی زۆریان لە شیعرەکانیان پەیڕەوییان کردووە، بۆ نموونە (عەبدوڵڵا عەباس) [١٠: ٢٩] دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **بیرەوەری پڕە لە دەنگ** | A |
| **دەنگ دانەوە...** | B |
| **وا ئێستاکە..** | C |
| **بێ دەنگی خۆم ئەنوسمەوە** | B |
| **دەور و بەروو** | D |
| **کۆن و ئێستا ئەناسمەوە** | B |
| **خوێنی هەڵچوو..** | D |
| **باڵای بێ دەنگ** | A |

شیعرەکە لە سەر چوار سەروا دامەزراوە، شاعیربێ خۆ بەستنەوە بە هیچ یاسایەك، بە ئازادی چەندین سەروای جیاوازی بەکارهێناون.

**– (لادان لە بەکارهێنانی سەروا):** لادانێکی تر لە بونیاتی سەروا لای شاعیرانی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە بەکارهێنانی سەروا بە شێوەیەکی جیاواز لە هەموو ئەو قاڵبانەی پێشووتر، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ئەرکی ئێستێتیکی سەروا لە شیعری نوێدا بۆ دوو ئەرکی گرینگ و فراوانتر لەو ئەرکەی پێشتر هەیبوو: ئەرکی داهێنان (fonction creatrice) کە چاودێری پێوەندی سەروا بە بیرۆکە و ڕەهەندەکانی شیعرییەت (پێکهاتە سیمانتیکییەکان) دەکات، لەگەڵ ئەرکی بزاوتن (fonction motrice)، کە پێوەندی سەروا بە جووڵە و لەرینەوەی شیعرەکە لەبەرچاو دەگرێت[١٦٦: ٨٤]؛ بۆیە شاعیران هەوڵیاندا هەموو ئەو شێوانەی پێشووتر هەبوون پەیڕەوی لێ نەکەن و ریتمی ناوەوە ببێتە جێگرەوەی سەروا، هەروەك (عەبدولخالق سەرسام) دەڵێت: (( شاعیران هەستیان بەوە کرد، کە شاعیر سەربەستی تەواوی خۆی وەرنەگرتووە، لە چوارچێوەی هەمان کێش و هەمان قافیەی شاعیرانی پێش خۆی دەخولێتەوە. ئەمجارەیان بیر لەوە کراوەتەوە کە شیعر سەروا بەجێبێڵێ و پشت بە ئیقاعی ناوەوە

ببەستێت))[٣٣: ٤٣٥]، ئەم جۆرە لادانە لە هەندێ دەقی شیعری ئەو ماوەیە دەبینرێن، بەڵام نەیانتوانیووە بە یەکجاری دەست بەرداری سەروا بىن، بۆ نموونە (رەفیق سابیر) دەڵێت:

**دڵم بەم بایە دەگوشرێ،**
**جاران کە بای دەهات،**
**چیلەبەردم بە دەوری خۆمدا نەدەکرد،**
**نەشدەچوومە ناو گۆڕ،**
**وام لێ هاتبوو ئەگەر ساتێك بای نەهاتبایە،**
**دڵم توووند دەبوو،**
**وام لێ هاتبوو،**
**بوویبووم بە دەربەندی هەڵکردنی بایەکان،**
**ساتێك لە با دوور بوومایە**
**دڵم توند دەبوو.**[٣٢: ٣٥٢]

شیعرەکە بە سەرجەمی لەتەکان تەنیا وشە سەرواکانی وەك (دەبوو– هاتبوو، نەهاتبایە، بوومایە) دەبینرێن، بەڵام لە لەتەکانی تردا سەروا بوونی نییە.

(سەباح ڕەنجدەر) لە شیعرێکیدا تەواو دەست بەرداری سەروا بووە دەڵێت:

**خەڵات لە بەهەشتی هەست وەربگری**
**یان بگەڕێیتەوە گەڕەکی هەمیشە بەهرەمەند**
**بە سرووش و**
**مۆسیقاو**
**باران و**
**چراو**
**زێوان**
**لێرە بڕۆی**

**بەوێدا بێیت**
**کرێوە بەژنت دەڕنێ**
**کێ سۆبەت بۆ گڕ دەدا**[٤٧: ٤٣]

(فەریـد زامـدار)یش لـە چـەند دەقێکـی شـیعرییدا ئـەم جـۆرە لادانـەی ئەنجامداوە، بۆ نموونە کە دەڵێت:

**ئافرەتە ڕەنگ تەماوییەکە**
**لە ژێر تیشکە تاریکەکان**
**نینۆکەکانی خۆی دەکرد**
**گەرمایی ئەهریمەنی لەش**
**ڕەشایی جیادەکردەوە**
**لە ژێر ڕەگی هەر نینۆکێك**
**منداڵدانی گوڵێکی ڕەش و لایەکی ڕەش**
**نیوەی ڕاستیەکانی دەکوشت**
**ژیان هەمیشە منداڵە**
**پێویستی بە خەونی بڵاو و**
**مەزن هەیە!....** [٥٠: ٣٥٦]

**هیچ جۆرە سەروایەك لە دەقەکە پەیڕەو نەکراوە و نابینرێـت.**

ئەم جۆرە لادانە لە لای (ئەنوەر مەسیفی) و (سەباح ڕەنجدەر) و (فەرید زامدار) پەیڕەو کراوە، ئەم قۆناغە سەرەتای چەکەرەکردنی بـوو؛ لەبەرئـەوە هەنـدێ لـە ڕەخنـەگران پێیـان وایـە کـە شـیعری نوێخـواز وازی لـە سـەروا نـەهێناوە * بـەڵکو ((چەشـن و چـۆنێتی هونـەری، تایبـەت و جیـاوازە، پانتاییەکەی لە پانتایی سەروای کۆن ناچێت؛ چونکە پێکهاتەکەی شاراوەیە

(*) ڕەخنـەگری عـەرەب (د.عزالـدین اسماعیـل)، لـە کتێبـی (الشـعر العربـي المعاصـر)، ئـەم بۆچـوونەی خسـتووتەڕوو، هەنـدێك ڕەخنـەگری کـوردیش بۆچـوونەکانی ئـەوییان پەسـەند کردووە لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینـەکانی ئـەو بڕیـار لەسـەر دەقـی شـیعری کـوردی دەدەن، بڕوانە[٩: ٩٧].

و کـات و شـوێنێکی پـڕ لـه دەلالـەت و تێکچـڕژاوی هەیـە))[٩: ٩٧]؛ بۆیـە هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی دێڕە شیعر بۆ جووت دێـڕی و دواتر بۆ لەت و کۆپلە؛ لەبەرئەوەشە لە شـیعری نوێـدا هـەر لەتـە و سـەروای خۆی هەیە و وشەی کۆتایی لەتەکان دەبن بە وشەی سەروا، لەلایەکی تـریش پێوەندی سەروا بە بونیاتی سیمانتیکی شیعر وەك (کۆمێن) جـەختی لەسـەر کردووتەوە[١٢٩: ٥٨]. واتا شاعیران پەیوەست نـەبوون بـە هـیچ یاسـایەکی جێگیر و ئامادەکراوی پێش وەختەی سەروا، چەمکی سەروا بە چـەمکە کـۆن و باوەکەی گۆڕانی بەسەردا هات، بـۆ نموونـە لـەم کۆپلـە شـیعرەی (ئـەنوەر مەسیفی)دا:

**نیوەڕۆ بوو گوێم لە بایەکی بێ ئامان**
**ڕاگرتبوو ژنێ، وەکو سوارێ لەسەر گردێ**
**پەیدا بوو چوومە لای گوتی، بانی ئاگر**
**گرتووم ئێستا بەسەر برینی مێردەکەم بەردەبتەوە**
**بردیان هەتا ددانی زێڕی مردووەکانیشیان**
**نایە گیرفانی گووتی، بڕۆ بە دوامەوەن**
**توخوا ئەگەر منداڵەکەت ناو نەنێی گوند..**[١٧: ٥٥]

پـەیڕەوی لـە هـیچ شـێوە و یاسـا کـۆن و باوەکـانی پێشـووتری سـەروا نەکراوە؛ بۆیە وەك شیعرێك وشەی کۆتایی لەتەکان دەبن بە وشەی سەروا.

**٤ – ١ – ٢:لادان لە بونیاتی ناوەوەی دەق**

دەقی شیعریی ئەگەر لە ڕووکار، خاوەن بونیاتی تایبـەت و جیـاواز بێـت لەگـەڵ ژانرەکـانی تـر، ئـەوا لەسـەر ئاسـتی نـاوەوەش کۆمـەڵێك بونیـاتی دیاریکراوی هەیە. مەبەست لە بونیاتی ناوەوەی دەق هـەموو ئـەو پێکهـات و لایەن و ڕەهەندانەی دەقی شیعرییە، کە پەیوەندییان بەلایەنی ناوەوەی دەق هەیـە، خوێنـەر تـەنیا لـە ئـەنجامی شـۆڕبوونەوە بـەناخی دەق و ڕۆچـوونە

قـوولایی پێکهاتـە زمانییـەکان و تێگەیشـتن لـە نـاوەڕۆك و کرۆکـی دەقەکـە دەتوانێت بیاندۆزێتەوە؛ بۆیـە بەشـێکیان بـە هەڵوەشـاندنەوە و شـیکردنەوە کەرەستە زمانییەکان دێتە ئەنجام، یـەکێك لـەو پێناسـانەی (هیلمسـلف) بـۆ دەقی کردووە ئەوەیە کـە ((دەق سیسـتەمێکی لـە خۆگرتـووە))[١٢٠: ١٢٢]، واتـا کۆمــەڵێك سیسـتەمی جۆراوجـۆر لــە خۆدەگرێـت، بەمــەش ناکرێـت سیسـتمەکان، تــەنیا لــە ئاسـتی دەرەوەی دەق سـنووربەندییان بکــەین؛ لەبەرئەوەی بەشێك لەو سیستمانە بەرەو ناوەوەی دەق دەکشێن، هـەروەها ئەگـەر لـە بونیـاتی دەرەوەی دەق هەسـتی بیـنین ڕێگـا و هۆکـاری یەکـەمی دۆزینەوەی لادانەکان بوو بێت، ئەوا لە بونیاتی نـاوەوەی دەق لادانـەکان لـە ڕێگای بیستن و تێگەیشتن و زەینەوە پەیان پێ دەبرێت و دەزانرێن؛ چـونکە هەروەك ڕەخنـەگرێکیش پێـی وایـە لادانـی نـاوەکی ((لـەو یاسـا زاڵ و یەکـە زمانییانە دەردەکەوێت، کە خاوەن پانتایی و بڵاوییەکی دیاریکراون لـە سـەر ئاستی دەق))[١١٧: ٥٢]، ئەمـەش پێویسـتی بـە هەڵوێسـتە و وردبوونـەوەی زیاتری توێژەرە. جگە لەمەش ئەو یەکە و پێکهاتانە بە خودی شـاعیر و ئـەو قۆناغـە پەیوەسـتن؛ چـونکە شـاعیر هــەوڵ دەدات ترپــە و مۆسـیقا و ئـەو کەرەستە زمانییانەی لە کاتی گوزارشتکردن لە هزر و ڕوانینەکانی بە کارییان دێنێت، هاوتا و گونجاو بن لەگەڵ هزر و بارودۆخە دەروونیەکـەی و بـە پێـی سەلیقە و شێوازی خۆی لادانی تێدا ئەنجام دەدات، هەروەك (د. عبد الحمیـد جیـدة) دەڵێـت: ((مەسـەلەی دەربڕینــی شـیعریی، مەســەلەی هەڵچـوون و هەســتیاری و دوو دڵــی و خەونــە، نــەك تــەنیا مەســەلەی ڕێزمــان و ڕستەسـازی))[١٥٣: ١٠٢] ؛ بۆیـە (د.کمـال أبودیـب) لادانـی وەك کردەیـەکی شیعرییەتی دەق تەنیا لە بونیاتە زمانییەکاندا قۆرغ نەکردووە، بەڵکو لادانـی لە ڕوانگەی هەندێك لە بونیاتە هەستی و وێنەگرتنەکانـدا پەیوەسـت کـردووە بـە بونیـاتی هـزری و جیهانبینیـەکانی شـاعیر بـە شـێوەیەکی گشـتی[١٧٣: ١٣١]بێگومان ئەمانەش شتگەلی نـاجێگیر و گـۆڕاون تـەنیا بـە لادان لـە یاسـا ڕستەسازییەکان درکیان پێناکرێت؛ بەڵکو چەند تـەکنیك و هونـەرێکی جـۆراو

جۆرن، شاعیر بۆ بەرجەستە کردنی دەقێکی سەرنجڕاکێش و دروستکردنی دوودڵی و مەغزایەکی چاوەڕواننەکراو لای خوێنەر ئەنجامیان دەدات؛ بۆیە لادانی ناوەکی پەیوەستە بە پێکهاتی ناوەوەی دەق و ئەو لادانە ناوەکییەش ((واتاییە، یان وێنەییە، یان هزرییە، یان پێکهاتەییە))[١٦١: ١٤١]، دەتوانین بڵێین هەموو لادانە ناوەکییەکان لە جیهانبینی و تێڕوانینی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرن.

لادانە ناوەکییەکانی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا بریتین لە:

**١- لادان لە بونیاتی واتای دەق:**

مەرجێکی سەرەکی و دیاری دەق هەروەك لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێکرد هەبوونی واتایە؛ مەبەست ئەو واتا گشتییەیە، کە سەرتاپای دەق دەگرێتەوە و لە سەر ئاستی گشتی دەق دەردەکەوێت؛ چونکە ئەو وشە و ڕستانەی ئەزموونێکی شیعرییان لێ پێکهاتووە لە سۆز و هەڵچوونی دەروونی تایبەتی شاعیر هەڵقووڵاون، واتا و مەبەستەکانیان پەیوەستە بەو ژینگە و بارودۆخەی تێیدا لە دایك بووە؛ بۆیە ئەو تەکنیك و لادانە جۆراوجۆرانەی شاعیر لە دەقەکەی ئەنجامیان دەدات بۆ بەرجەستە کردنی واتای دەقە لە قاڵبێکی هونەری و داهێنەرانەی جیاواز لە گەیاندنی واتا لە زمانی ڕۆژانە، خوێنەریش لەڕێگەی ئەو واتایەوە لە بارودۆخە دەروونی و بۆچوونەکانی شاعیر تێدەگات. لادان لەم بونیاتە لای شاعیرانی ئەم قۆناغە لە دوو شێوەدا دەبینرێت:

**أ- لادان لە یەکێتی بابەت:** بریتییە لە پابەند نەبوون بە تاکە مەبەستێك و باسکردنی چەندین واتای جیاواز و هەمەجۆر لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراو، (سەباح ڕەنجدەر) یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەم لادانەی لە بەرهەمەکانیدا ئەنجامداوە و دەڵێت: ((جۆرێك پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتی بابەتم وەك ڕەگەزی کتوپڕی پەیڕەو کردووە، ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە فێر بووم، لە شیعری کلاسیکی کوردی یەکێتی

بابـەت نییـە، بگـرە یـەکێتی دێـڕ هەیـە)) [٢٧: ٢٧]. بـۆ نموونـە: لـە دەقـی یەکەمی (زێـوان)دا چـەندین واتـا و بابـەتی جۆراوجـۆر لـە چوارچـێوەی یـەك دەقدا ئاوێتەی یەکتر کردووە:

**قیژەی یەکەمین کتێب**

**لە ناو چاڵە بەفرەکان گوێی زرینگاندمەوە**

**بەیەکگەیشتنەوەی من و جزدانی ئارامبەخشی دایکم**

**کۆڵانەکانی دەگەیاندمە قوتابخانە و گۆڕەپانی ڕووخۆشی تۆپی پێ**[٤٧: ١٨]

لێرەدا شاعیر باسی ژیانی منداڵیی خۆی دەکات، کە ساردوسـڕ بـووە لـە خوێندن؛ بۆیە لێدانی یەکـەمین زەنگـی قوتابخانـە بـە قیژەیـەکی تۆقێنـەری کتێب دەچوێنێ، بەڵام ئەو پارەی ڕۆژانە دایکی پێی دەدا بۆ شت کڕین گەرم و گـوڕی پێـدەداو هانـدەری بـوو بـۆ تـەواوکردنی هـەموو ڕۆژ و سـاڵەکانی خوێندن، ئـەو دەروونـە پـڕ لـە ترسـەی، بـە یـاری کردنـی تـۆپی پـێ لەگـەڵ هاوڕێکانی دڵخۆش دەکرد.

لە کۆپلەیەکی تری هەمان دەقدا دەڵێت:

**گوێم بە پڕمەی ئاژاوەی قەشمەرجاڕان تەپ بووە**

**کوودەتایەك بە گوێی کوودەتایەکی چرپاند**

**ئارمی وڵات لە چ قوماشێك چاپ بکەین**

**قاچم تێکئالاون**

**نەخشە بە دەستە لەرزۆکەکانم**

**لە دیوارەکانی شاری خانەدان بەرێکی هەڵناواسری**[٤٧: ٢١]

لێرەدا باس لە بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەی دەکـات، کۆمـەڵێك ئـاژاوە و کوودەتای یەك بە دوای یەك تێیدا ڕوویانداوە، تا ئێستا کورد لەبـەر نـەبوونی سەرکردە و هێز بەدەست بێ وڵاتی دەناڵێنێت؛ چونکە نەخشە و دامەزراندنی وڵات بە هێز و دەسەڵات دەکرێت.

(ئەنوەر مەسیفی) لە شیعری (تا)* [١٧: ٢٣–٢٨] لە یەکێتی بابەت لایداوە، چەندین بابەتی جۆراو جۆری وەك دڵداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و چینایەتی تێدا باسکردووە، (قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (کەڕی خەنجەر لە زەماوەندی سێویَ دا) [٦٢: ١٥٩–١٧١]کە شیعرێکی درێژە تێیدا شاعیر باسی چەندین بابەتی جۆراوجۆری وەك: قارەمانێتی و دڵداری و دڵسۆزی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: چینایەتی و پیاو سالاری و دواکەوتوویی و کردووە.

دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە لادانە زیاتر لەو دەقە شیعرییانەی خاوەن فۆرمێکی درێژن پەیڕەو دەکرێت؛ چونکە شاعیر مەودایەکی زیاتری لەبەر دەستادایە و دەتوانێت گوزارشت لە چەندین ناوەرۆك و بابەتی لێکجیاواز بکات لە چوارچێوەی یەك دەقدا.

**ب– نادیاری و ئاڵۆزی واتایی:** جۆرە لادانێکی ترە لە بونیاتی واتایی دەق، ئەمەش زیاتر لای ئەو شاعیرانە پەیڕەو کراوە کە کاریگەربوونە بە شەپۆلە ئەدەبییە هاوچەرخەکان و لە ژێر دروشمی (هونەر بۆ هونەر) شیعرییان دەنووسی و یەکێك لەو پرۆسانەی پەیڕەوییان کردووە نووسینە بە شێوەی ئۆتوماتیکی**، هەروەك (ئەندریَ بریتون)ی پێشەوای ئەو ڕێبازە نوێیە دەڵێت: ((بەهێزترین وێنە لای من ئەو وێنەیە کە گەورەترین توانای هەڕەمەکی پێشکێش دەکات، من ئەو ڕاستییە ناشارمەوە، ئەوە ئاراستەیە، کە پشت بە نووسینی خۆڕسکی دەبەستێت، بە ڕەچاوکردنی وەك پرۆگرامێك لە نووسینی ئەدەبی))[١٨٢: ٢٢٥]؛ ئەم جۆرە لادانە لە بواری ئەدەبیاتناسیدا بە فۆرمی گران ناوزەند دەکرێت، بریتییە لە نائامادەییەکی تەواوی سیمانتیکی دەق، کە نائامادەیی بابەت و چەند هۆکارێکی تر بەشداری لەم ئاڵۆزبوونە دەکەن و ڕەخنەگری عەرەب (د.عبدالرحمن محمد

---

(*) لە بەرئەوەی دەقی نموونەکان لە ڕووی فۆرمەوە درێژن ؛ بۆیە تەنیا ئاماژە بە ناونیشانی نموونەکان دەکەین.

(**) لە بەشی دووەم ل٩٤ ئاماژە بە پێناسەکەی کراوە.

القعود) لـه كتێبـی (الإبهام في الشعر الحداثة ( العوامل و المظاهر و آليات التأويل)، هەموو ئەو هۆكارانەی بە وردی دەستنیشانكردوون، كە نائامادەیی بابەت لە ناوەرۆكی دەقێكی شیعری و دواتریش نائامادەیی سیمانتیكی لەسەر ئاستی گشتی دەق بەرهەم دێنێت، ئەم هۆكارانەش بریتین لە:

١- ئەو گۆڕان و پێشكەوتنانەی لە جیهان ڕوویانداوە، كە هۆكاری هاتنەكایەوەی ڕێبازی ئەدەبی نوێ بوون، ئەمەش ئامانجی نووسینی ئەدەبی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێنا، (ئەنوەر مەسیفی) وەك دەنگێكی دیاری ئەم قۆناغە، ئەم جۆرە لادانەی لە كۆشیعری (جل و بەرگ و جمكەكان) پەیڕەوكردووە؛ بۆیە جەخت لەسەر ئەم هۆكارە دەكاتەوە و لە مانفێستی دووەمی فۆرمی گراندا دەڵێت: ((ئێستا واقیعی بە كیمیا خنكاندن و زیندەبەچاڵكردنی بە كۆمەڵ و ئەنفالكردنە. ئێستا واقیعی بازرگانی كردنە بە ئاو و بازرگانی كردنە بە گورچیلەی مرۆڤ. من ئەو كارەساتانە بە بەیانی یەكەمی فۆرمی گران دادەنێم))[١٠٥: ١٤١]، واتا شاعیر دەیەوێت بڵێت كە ئەو گۆڕانە نائاساییانەی لە جیهانی ئەمڕۆ ڕوویانداوە، دەبێتە هۆكاری سەرەكی ڕوودانی ئەم جۆرە لادانە نائاساییانە؛ چونكە شیعر ڕەنگدانەوەی واقیعە؛ لەبەر ئەوەی جیهان گۆڕاوە، دەبێت قاڵب و دەستوورەكانی شیعر نووسینیش بگۆڕێن، نائامادەیی بابەتیش سیمایەكی شیعری نوێیە و بە نائامادەیی سیمانتیكی و واتایی ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دەبێت؛ بۆیە (هایدگەر) پێی وایە ئەو قۆناغەی نائامادەیی تەواوی واتای دەقی تێدا دەركەوت، ئەو قۆناغەیە كە ئامانجی قۆناغی نوێی بە تەواوی تێدا جێبەجێ بووە.[١١٢: ١٨٢]؛ بۆیە زۆربەی ئەو شیعرانە واتایان دیار نییە و لێكدانەوەیان بۆ ناكرێت.

٢- دروستكردنی كاریگەری شیعریی، یەكێكە لە ئامانجەكانی ئەنجامدانی زۆربەی جۆرەكانی لادان لە ئاستە جیاوازەكان و بونیاتی دەرەوە و ناوەوەی دەق؛ چونكە شاعیران گرینگی زیاتر بە چۆنیەتی گوتن دەدەن نەك چی گوتن، بۆ دروستكردنی زۆرترین كاریگەری لەسەر خوێنەر[١١٢: ١٩٠].

٣- لادانە پێکهاتەییەکان لە ئاستی ڕستەدا، بە تایبەتیش کرتاندنی هەندێ کەرەستە و پەیڕەو نەکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی لە سنووری ڕستەی شیعریی[١١٢:٢٣٠]؛ چونکە خاڵی بوونی دەق لەم ئامرازانە نەمانی پێوەندی لە نێوان بەشەکان، پەرتبوونی سیمانتیکی لێدەکەوێتەوە، بەمەش واتا لە ناودەچێت؛ بۆیە (فاینریش) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: ((ئەو جیاکردنەوەی نێوان بەشەکانی دەق دەبێتە هۆی نەهێشتنی ڕوونی، وەك دەبێتە هۆی دابڕاندن و لە ناوبردنی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دەق بۆ بەدینەهاتنی تێگەیشتن))[١١٢: ٢١٩].

٤- سەرجەم لادانە واتاییەکان و ئەو هۆکارانەی (ڕەمز* و تەم و مژی) بەرهەم دێنن، لە ڕەهەندە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانی وەك: (ڕەهەندی بیری و فەلسەفی، ڕەهەندی میتافیزیکی، ڕەهەندی سۆفیگەری، ڕەهەندی ئەفسانەیی)[١١٢: ١٩- ٦٤].

کەواتا لادان بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە ئەگەر لە هەر دەقێکدا پەیڕەو بکرێت، واتای دەق بەرەو نادیاری و ئاڵۆزی دەبات، بەمەش خوێنەر تووشی کتوپڕی دەبێت و واتای دەقەکەی بۆ لێکنادرێتەوە و ڕووبەڕووی پەرتبوونێکی سیمانتیکی دەبێتەوە.

لای شاعیرانی قۆناغی (١٩٨٠- ١٩٩١) ئەم جۆرە لادانە لە هەندێك لە شیعرەکانی** (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر و فەرید زامدار)

---

(*) لە بەشی پێشووتر هۆکار و سەرچاوەکانی دروستبوونی ڕەمزمان دەستنیشانکردن، هەر یەکێکیان بۆ یەکێك لەم ڕەهەندانە دەگەڕێتەوە.

(**) ئەو جۆرە شیعرانەی خاوەن ئەم جۆرە لادانەن بە شیعری بێگەرد (الشعر الصافي) یان شیعری بێ دەنگ (الشعر الصامت) ناودەبرێن؛ چونکە بە نائامادەیی بابەت دوورن لە باسکردنی کێشە و گرفتەکانی ژیان، هیچ پەیام و واتایەك لە خۆ ناگرن، تا خوێنەرلێکییان بداتەوە و واتایان بۆ دیاری بکات؛ بۆیە وەك ئەوە وایە لە بەردەم ئەشکەوتێکی تاریکدابێت، کە هیچ ڕووناکی و نیشانەیەکی تێدا نەبێت، ئاماژە بۆ سەرەتا و کۆتاییەکەی بکات. [١١٢: ٢٠٢- ٢٠٤] .

پـەیڕەوکراوە، بـۆ نموونـە (ئـەنوەر مەسـیفی) لـە شـیعری (جـل و بـەرگ و جمکەکان)دا دەڵێت:

**بارانی بزر**
**چەرمی پێیان**
**پاش سواقدانی ئاو و هەوا**
**دونیاداری**
**بنەکان پڕ ئارەقەن**
**کۆرە**
**ساقۆ پەمۆ**
**لە پشت بەردە بۆری پشت ماڵان**
**گۆرانی بزماران**
**بازرگانی خۆڵ**[١٨: ٢١]

جگـە لـە ڕسـتەی پێنجـەم شـیعرەکە لـە کۆمەڵـە ڕسـتەیەکی ناتـەواو پێکهاتوون؛ بۆیە لە سەر ئاستی گشتی دەقەکە نائامـادەیی بابـەت و واتـایی لێکەوتۆتەوە و مەبەستێکی تایبەتی نادات بە دەستەوە؛ لەبەرئـەوە زۆر بـە زەحمەت لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت یان هەر بۆیان ناکرێت.

(سەباح ڕەنجدەر) لە بەشێکی دەقی (جەنگی پرسیار)دا دەڵێت:

**دیوار گەمارۆی جوانی**
**ئێوارە و شەو**
**مانم پەرت**
**سبەینە و نیوەڕۆ**
**ئەستێرەم نەوی**
**:**
**پانکەی ناو تونێل باڵ گەچڵاو**
**دووکەڵی درەختی تەڕ**
**یاداشتی ژنی بە باران شێلدراو**
**بۆنی دۆڵ**[٤١: ٣١]

لەم شیعرەدا لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی لادانە واتـاییی و ڕێزمانییـەکان و بەکارهێنانێکی هەرەمەکییانەی کەرەستە زمانییەکان و نـەبوونی خاڵبەنـدی، هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان وشە ڕیزبووەکانی ناو ڕستە و ڕسـتەکانی ناو دەقەکە دروست نەبووە؛ بۆیـە پـەرتبوونی سـیمانتیکییان دروسـتکردووە بابەت و واتای دەقەکە لای خوێنەر دیار نییە.

**٢– لادان لە بونیاتی ریتمی ناوەوە:**

ریتمی ناوەوەی دەق، یان ریتمی (جووڵاو)* ئەو ریتمەیە کە لە پێکهـاتی ناوەوەی دەق سەرچاوەی گرتووە، لە پێوەندی هەموو ئەو ئاستانە دروسـت دەبێت کە بونیاتی گشتی دەق پێك دێنن، ئاستە جیاوازەکانی دەنگ و واتـا و ڕێزمان بەیەکەوە گریٚ دەدات.[٢٠٥: ٢٧]، ئەگەر کێش و سەروا پێکهێنەری سەرەکیی مۆسیقای دەرەوە بن ئەوا ریتمی ناوەوە ((بنەماکانی جێگیر نین و ئـاڵۆز و تێکچـڕژاون، نـاتوانین وەك چوارچـێوەیەکی پـێش وەختـە باسـیان بکەین))[٢٠٤: ٦٥]؛ بۆیە کۆمەڵێك هونەر و پێکهاتەی زمانیی بەشـداری تێـدا دەکەن و ((سەرجەم هونەرە جوانکارییە گوزارەییە ناوەکییەکان دەگرێتـەوە کـە جووڵەیـەکی ریتمـی بـۆ دەقـی ئـەدەبی بەرجەسـتە دەکـەن))[٢٠١: ١٠٠] زیاتریش بە هەستی بیستن درکی پێدەکرێت؛چونکە گوێگر لە ڕێگەی گوێچکە بەدوای ئەو چێژەدا دەگەڕێت، کە لە ترپە و ئاوازی ریتمەکەدا حەشـاردراوە؛ بۆیە تۆکمەیی لە دارشـتن و دەسـتەبەرکردنی ئـەم ریتمـە بـۆ دەقـی شـیعری پرۆسەیەکی گرینگە؛ چونکە ریتمی ناوەوە ((پرۆسەیەکی تاکی و بیٚ یاسادار و بە شێوەیەکی کـارەکی بـوونی نییـە، بـەڵکو بـە توانایـە))[٢٠١: ٩٩]، ئـەو تواناو لێهاتووییەی شاعیر ڕۆڵـی گـرینگ و سـەرەکی دەبینێـت لـە چـۆنیەتی

---

(*) لـە هەنـدێك سەرچـاوەی ڕەخنەییـدا ئـەو زاراوەی بـۆ بـەکاردێت؛ چـونکە ڕەگـەز و بنـەما پێکهێنەرەکانی بەردەوام دەگۆڕێن و ریتمێکە لەسەر ئاستی گشتی دەق دەردەکەوێت[٢٠١: ٩٩].

مامەڵەکردن لەگەڵ یەکە زمانییەکان و بەرجەستە کردنی ریتمی ناوەوە بۆ ئەزموونە شیعرییەکەی، خوێنەریش لە ئەنجامی شیکردنەوە و وردبوونەوە و رامان لە دەقە شیعرییەکە، بە بیستنی هێز و ئاوازەکە ئەو یاسا و بنەمایانەی لە ناوەرۆکی دەقەکە دەردەچن ریتمی ناوەوە دەدۆزێتەوە، ئەمەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر و بە پێی ژانری دەقەکە دەگۆڕێت؛ چونکە بە پێی ئەو هەڵچوون خەیاڵ و بارودۆخە دەروونییەی شاعیر تێیدایە و ئەو واتا و مەبەست و بیرۆکەی دەیەوێت گوزارشتیان لێبکات ریتمەکە بەرزی و نزمی دەکات و ئاست و پلەی بە هێزی و لاوازی دەگۆڕێت[٧٤:٥٥]؛ بۆیە هەندێ جار هەست دەکەین لە هەندێ شوێنی دەقەکەدا ریتم زۆر چڕ و کاریگەرە و لە هەندێ کۆپلە و بەشیشدا ئاساییە و ئەو هێزەی نییە.

ریتمی ناوەوە؛ لەبەرئەوەی یاسایەکی تایبەتی نییە و ((دەستنیشان ناکرێت؛ چونکە تاکە کەسی و گۆڕاوە))[١٥: ٨١]، هەر ئەمەش وای کردووە بخزێتە ناو هەموو ئاستەکانی وەك دەنگ و وشە و ڕستە سەرجەم پێکهاتی دەق بگرێتەوە بە ئاستی واتاشەوە، ئەم هۆکارەش وایکردووە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت؛ بۆیە ریتمی ناوەوە ((مەبەست لێی، پێکەوە گونجاندنی ئەو رووبەرە دەنگدارو بێدەنگانەیە، یان ئەو پیت و یەکە فۆنەتیکیانەیە، کە ناچنە چوارچێوەکانی کێشناسی و ریتمناسی تەقلیدیەوە)) [٦: ١٨٩]، واتا هەر دیاردەیەکی دەنگی بەشداری لە بونیاتی کێش و سەروادا نەکردبێت دەچێتە چوارچێوەی ریتمی ناوەوە، ڕەخنەگرێکی تریش پێی وایە ریتمی ناوەوە ((مەبەست ئەو ئاوازەیە کە لە تێکەڵاو بوونی پیتەکان لە ناو وشەیەك پێك دێن))[١٣١: ٤٩]، ئەم بۆچوونەش، ریتمی ناوەوەی تەنیا لە ئاستی وشەدا دیاری کردووە؛ چونکە کەرەستە و ئەدگارە شیعرییەکانی ریتمی ناوەوە نادیار و گۆڕاون هەندێك جار دەکەونە سنووری وشەوە.

ئەم جۆرە ریتمە لە شیعری هەموو سەردەم و قۆناغێکی شیعری کوردیدا بوونی هەبووە، بەڵام لە شیعری نوێدا ئامادەییەکی بەرفراوانتری هەیە، ئەمەش بە هۆی:

١– لادان لـه بونیـات و شـێوەی نووسـینی شـیعر بـە هۆكـاری هـەرە سەرەكی دادەنرێت، بەتایبەتیش گۆڕانی سیستمی دێڕ و دوو دێڕی و قاڵبـە شیعرییەكان.

٢– هەموو ئەو لادانانەی لـە بونیـاتی مۆسـیقای دەرەوە ڕوویانـدا، دوای ئەوەی كێش و سەروا بەرەو كاڵبوونەوە و نەمان چوون، وایكرد ریتمی شـیعر زیاتر لە دیوی ناوەوەی دەق چڕبكرێتەوە؛ چونكە ریتمی شیعر ((لـە لـەرە و دووبارەكردنەوە دەنگییەكان پێكدێت لە مەودا كاتییە دیاریكراوەكان))[٢٠٢: ٣٤]؛ بۆیـە لەگـەڵ گـۆڕانی قۆنـاغ و سـەردەمەكان دەگۆڕێـت و خـۆی دەگونجێنێت.

٣–ئـەزموونی شـیعری نوێخـواز بایـەخی زۆری بـەم ریتمـە داوە، بەتایبەتیش لە ژێر ڕۆشنایی (تیۆرە نوێیەكانی خوێندنەوە و وەرگرتن)دا، كە هەوڵیانداوە پردی پێوەندی لە نێوان خوێنەر و دەق دروست بكەن و خوێنـەر لە پرۆسەی داهێنان بەشدار بێت و خۆی لە كرۆكی بابەتەكە بـە دوای بـەها و چێژی شـیعرییەتدا بگـەڕێت؛ چـونكە ((ئـەو ریتمـە لـە داڕشـتندا ئـەركێكی هونەرییە، لە هەڵوێستدانەوەدا ئێستێتیكی و لە وەرگرتندا خوێندنییە))[١٥: ٨١]

ریتمی ناوەوە وەك لادانێكی دەنگی، لە ئەزموونی شیعری نوێخوازدا، بـە هۆی ئەو ڕۆڵ و سەنتەرەی لەم ئەزموونەدا هەیەتی لە پێش هەموو بونیـات و پێكهاتـە جۆراوجۆرەكـانی تـرەوە دێـت و بۆتـە پێكهـاتێكی ئێسـتێتیكی سەرەكی شیعریەتی نوێ[٢٠٥: ٢٦].

دیـاریترین و سـەرەكیترین ئـەو تـەكنیك و هونەرانـەی بەشـداریان لـە بونیاتنانی ریتمی ناوەوەی شیعری ئەم قۆناغەدا كردووە ئەمانەن:

**یەكەم: دووبارە كردنەوە:**

لادانێكـی دەنگـی و هونـەرێكی سـەرەكی و گرینگـی بونیـاتی گشـتی مۆسیقای شیعرە؛ چونكە مۆسیقای دەرەوەی شـیعریش – كـێش و سـەروا–

پشتی پێدەبەستن و لەسەر بنەمای دووبارەبوونـەوەی پێیـەکان و دەنگـێگ، یان کۆمەڵە دەنگێك دروست دەبن، بەڵام ئەگەر لە مۆسیقای دەرەوە بە پێی یاسا کاربکات ئەوا لە ریتمی ناوەوە دووبارەکردنەوە تەکنیکێکی سەربەخۆیە و- هەروەکو ئاماژەمان پێکرد- تاکە کەسی و گۆڕاوە. شاعیر، دەیـەوێت بـە هەڵبژاردنی هەندێ گوزارە و دەربڕینی تایبەتی بە وردی گوزارشت لە سـۆز و هەڵچـوونە تایبەتییـەکانی بکـات، یـان بـە دووبارەکردنـەوەی پیتـی تایبـەتی لەسەر بنەمای بـزوێن و نـەبزوێن کـە هـەنگاوی لـەت و دێـڕە شـیعرییەکانیان پێکهێناوە[١٨٤:٢٥١]؛ بۆیـە سـەرتاپای ڕووبـەری دەق دەگرێتـەوە و لەسـەر ئاستی سـتوونی و ئاسـۆیی، هـەروەها لـە بچـووکترین پێکهـاتی دەق دەسـت پێدەکات کە دەنگە، هەتا وشە و گـرێ و ڕسـتە و نیـوە دێـڕ و دێـڕ و کۆپلـە ((بەم جۆرەش ڕەهەنـدێکی ئێسـتێتیکی لـە خۆیـدا دەنوێنێـت))[٩٢: ٤٣]، و بەشداری لە بونیاتنانی ریتمی ناوەوەی دەقەکە دەکات.

بە پێی ئاستەکان جۆرەکانی دووبارەکردنەوە بریتین لە.

**أ- دووبارەکردنەوەی دەنگیی:** دووبارە کردنەوەی دەنگێگ، یان زیاترە لە سـنووری وشـەیەك، یـان لـەتێك یـان دێـڕو کۆپلـە، یـان سـەرجەمی دەقـە شیعرییەکە، شاعیرانی ئەم قۆناغە بە چەندین شێوەی جیاواز داهێنانیان تێدا کردووە وەك:

**- دووبارەکردنـەوەی دەنگێـك:** دەنگێگـی بـزوێن بێـت، یـان نـەبزوێن، شاعیرلە ئاستی وشە، یان دێڕ و لەت، یان کۆپلە، یان سەرجەمی دەقەکە بـۆ چەند جارێك دووبارەی دەکاتەوە. (جان کۆهین) بە (هاوشێوەی پیتی)[١٢٩: ٨٢] ناوی دەبات و بە هونـەرێکی گرینگـی پتـەوکردنی ریتمـی دادەنێـت، بـۆ نموونە:

**فڕێ بدەمە سەر پشتی ئەسپی مەست و سەرسام** [٤٧: ٣٥]

(سەباح ڕەنجدەر) دەنگی (س)ی (٥) جار لـە یـەك لەتـە شـیعر دووبـارە کردوتەوە.

**ئەم دار بەڕووە،**

**داستانێکی گڕی سوورە،**

**لە قووڵایی وەرزەکانی مێژووەوە**

**لە زووەوە**

**لەم خاکەدا جێگیر بووە،**

**چێژی ئاوی ئەم ناوچەیەی**

**بە ژێر دانی ژین دا چووە،**[٢٠: ١١١]

موکەڕم تاڵەبانی دەنگی (وو)ی (٧) جار دووبارە کردووتەوە و لە سەرجەمی شیعرەکە (٣٩) جار دووبارەی کردووتەوە.

**زیان و زام و سزابێ.. نیازم**[٧١: ٢٤]

شاعیر لە لەتێکی کورتدا (٤)جار دەنگی (ز)ی دووبارەکردووتەوە.

قوبادی جەلیزادەش لە شیعری (ئاژاوە)[٦٢: ٣٣] ٨جار دەنگی (س)ی دووبارە کردووتەوە.

– **دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ:** شاعیر هەندێك جار دوودەنگ دووبارە دەکاتەوە، جا بزوێن بن، یان نەبزوێن، هەروەها دوو دەنگە دووبارە کراوەکە لە وانەیە بکەونە تەنیشت یەك لێرەدا **(جووت هاودەنگی یەکگرتوو)**ی[١٥: ٨٣] پێدەوترێت، ئەگەر دوو دەنگەکە بکە و ناو دوو وشەی هاودەنگ ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت، وادەبێت دوو دەنگەکە بە شێوەی چوونیەك دووبارە دەبنەوە وەك:

**گوێم بۆ ئەگرێ**

**کە من ئەگریم...ئەویش ئەگری و،**[٢٦: ٦٢]

گ– ر          گ– ر

(جەمال شارباژێڕی) دەڵێت:

**هەر پەل بوو پەل پەل پلەی هی گەلێ**

**پ–ل    پ–ل  پ–ل  پ–ل**

**ئەبوون بە مووچەی نەهەنگ و گەمێ**[٧١: ٣٠]

هەندێ جاریش دوو دەنگەکە بە شێوەی پێچەوانەی یەکتر دووبارە دەبنەوە وەك:

**لە ژێر ڕێژنەی پەنجەکانما** [٦٢: ٨١]

ژ– ێ ێ– ژ

**کاتێ دوا داوەمووی ڕۆحم**

و– ا ا– و

**لەگەڵ چەرخی چەپگەرد پچڕا،**[٧٣: ٣٧]

چ– پ پ– چ

دوو دەنگە دووبارە کراوەکە (**جووت هاودەنگی ئاوێتەی**) پێدەووترێت، کاتێك دوو دەنگە دووبارەکراوەکە دەکەونە ناو دوو وشەی جیاوازی ناهاودەنگ، ئەمەش بەدوو شێوە دەبێت، دوو دەنگە کە بە هەمان شێوە دووبارە دەبنەوە وەك:

**کات دەبێتە ناسیاوێکی ئێسك سووکی خەڵك**[٤١: ٢٩]

س–ك س–ك

یان دوو دەنگەکە بە پێچەوانە دووبارە دەبنەوە وەك:

**جۆگەلەکانی برژێنە گۆمە مەنگەکانی کرێت**[١٢: ١٩]

گ– م م– گ

–**دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێك**: واتا زیاتر لە دوو دەنگ لە سنووری وشەیەك، یان ڕستەیەك دووبارە دەبنەوە بە شێوەی ڕێك و چوونیەك وەك:

**بێمە بەر دەمت، چۆك دادەم**

د–ە–م د–ە–م

**پەردە لەسەر چاوی شینی ئەوین لادەم.** [٧٤: ٣٢]

د–ە–م

عەبدوڵڵا پەشێو لەم دوو لەتە دەنگەکانی (د–ە– م)ی بە شێوەیەکی ڕێك سێ جار دووبارە کردوونەتووە.

**ئەستێرەیەکی هێندەی زەوی لە هەست،**

**ە- س- ت                    ە- س- ت**

**دەستی لێ مەدە،**[٧٧: ٣٤٩]

**ە- س- ت**

هەندێ جار دەنگە دووبارەکراوەکان بە شێوەی ناڕێك دووبارە دەبنەوە وەك:

**درەختێکی داماڵراوون**

**د-ر-ە**

**هەرچی دوژمنێکی لێ بێتەدەر**

**د-ە-ر**

**دەدرێتە بەر** [٢٠: ٨١]

**ە-ر-د**

شاعیر هەرسێ دەنگی ( د- ە- ر)ی سێ جار بە شێوەی جیاواز دووبارە کردوونەتەوە.

**ب-دووبارەکردنەوەی وشەیی:** بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەك، یان چەند وشەیەك لە جارێك زیاتر لە ناو لەت و دێڕێك، یان کۆپلەیەك، یان سەرتاپای دەقێك، جا ئەو وشەیە ناو بێت، یان ئاوەڵناو، یان کار.....تاد، بۆ نموونە: (فەرید زامدار) دەڵێت:

**لەبەر ئەوەی دژی بیرچوون**

**بێ ئاگا بیر دەکەمەوە**

**دژی بیرم**

**بیر لە ژیان دەکەمەوە**

**ئەگەر دڵە کوتەت هاتێ**

**دڵی منە لە ناو سینگت دادەخورپێ**

**ئەگەر بیرت لێ کردمەوە**

**بیری منەلە ناو سەرت ڕادەچەنیٚ**
**دژی بیرچوونەوەی منە**
**ئەسپەکانی بیرهاتنەوەت ڕادەپەڕن...** [٥٠: ٢٣٣]
شاعیر (٨)جار وشەی (بیر) ی دووبارەکردووتەوە.
شاعیران چەند شێوە هونەرێك لەم دووبارە بوونەوەیە بەکاردێن وەك:
- **دووبارەکردنـــەوەی ســـەرەتایی:** ((وشـــەکە، یـــان گوزارشـــتەکە لـــە سەرەتای ڕستە شیعرییەکان دووبارە دەبێتەوە، یەك لە دوای یەك، یان پچڕپچڕ))[٥: ٢١٩] هەروەك ئەنوەر مەسیفی لە شیعری (بۆ بێکەس) دەڵێت:
**ئەو ڕۆمانەی شەویٚ بۆت بوون بە هێلانە**
**وەکو پووشی تیشیٚ کە جێت هێشتن، سووتان.**
**ئەو کێوانەی جاریٚ بۆت بوون بە جۆلانە**
**وەکو پیرەداریٚ کە جێت هێشتن، قەپان.**
**ئەو ئاوانەی ئێواران شیعرت فڕیٚ دەدایە ناوی**
**پاشی تۆ بووە تەیر.**
**ئەو بەردەی ئێواران شیعرت لەسەر دەگۆت.**
**پاشی تۆ بووە درەخت.** [١٧: ٤١]
جێناوی (ئەو)چوار جار و ئامرازی (وەکو) دوو جار و ئاوەڵکاری (پاشی) دووجار لەسەرەتای لەتەکان بە پچڕپچڕی دووبارە کردوونەوە.
- **دووبارەکردنەوەی کۆتایی:** ((بۆیە بەو ناوە ناو دەبرێت؛ چونکە وشـە دووبارەکراوەکـە، بـە شـێوەی یـەك لـە دوای یـەك، یـان پچڕپچـڕ دەکەوێتـە کۆتایی ڕستەکانی شیعرەکە))[٢٠: ٢١٨] وەك:
**لە پڕ هات و خێرا ون بوو**
**چی بوو؟ کیٚ بوو؟**
**گرینگ نییە!**
**لە بەر چاوی خەیاڵی من باڵای ژن بوو**
**چ بیناسم، چ نەیناسم،**
**نێزکترین کەسی من بوو**[٧٤: ٧٧]!

کاری (بوو)چوار جارلە کۆتایی لەتەکان دووبارە بووتەوە.

– **دووبارەکردنــەوەی وشــە بــەدوای یەکـدا:** بـە تایبـەتیش هەنـدێك لـەم وشـانە خۆیـان خـاوەن ئـەم فۆرمــەن وەك: دەنـك دەنـك[٢٦: ٢١]، مــەلاس مەلاس[٢٦: ٢٣]، قولپ قولپ قولپ[٢٦: ٤٦]داو داو داو[٢٦: ٤٧]

– **دووبارەکردنـــەوەی ســـەرەتاو کۆتـــایی:** بـــە شـــێوەیەك وشـــە دووبارەکراوەکان یەکێکیان دەکەوێتە سەرەتای دێڕ و ئـەویتریان دەکەوێتـە کۆتایی دێـڕ، یـان یـەکێکیان دەکەوێتـە کۆتـایی دێـڕ و ئـەویتریان دەکەوێتـە سەرەتای دێڕ وەك:

**ئاسمانی بەختی تۆ شینە..**

**شینە وەك شینایی ئاسمان**[١٠: ١٩]

– **دووبارەکردنــەوەی پێچــەوانەی:** دووبارەکردنــەوەی دوو وشــەیە بــە پێچەوانەی یەکتر وەك:

**سەری کۆچی ئەو هەورانەی لە وڵاتی بێ خاك**

**دێن و**

**بەسەر خاکی بێ وڵاتما تێ دەپەڕن**[١٧: ١٠]

**ئەمڕۆ تا نیوەت ئاگرە**

**ئەمڕۆ ئاگر تا نیوەتە**[٥٠: ٣١٨]

– **دووبارەکردنەوەی کۆتایی لە سەرەتا (تکرار التصدیر)** [٥: ٢٢٠]: واتا ئەو وشەی دەکەوێتـە کۆتـایی لـەت یـان نیـوەدێڕ لـە سـەرەتای لـەتی دواتـر دووبارە دەبێتەوە، وەك: (سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت:

**هەوار پێخوستی خەون**

**خەون ژووری بەتاڵی گەواڵە**

**گەواڵە ئەڵقەی پەنجەی گۆجی کیژی شەل**

**شەل لە بانگی بڵندایی کەڕ**

**کەڕ کەڕووی ئاهەنگی بووکی نەمێ**

نەمێ بنێشتی هەڵبزڕکاوی نەمێردی ددان ڕووخاو
ڕووخاو گەشتی قرژاڵ
قرژاڵ کۆڕاڵی سروودی بیابان
بیابان دووکانی سەوزەی قوم
قوم ژەنگی گوارەی شاخ [٤١: ٤٣].

شاعیر وشەی کۆتایی هەموو لەتەکانی لە سەرەتای لەتی دواتر دووبارە کردووتەوە، بەمەش ریتمێکی تۆکمەی بۆ شیعرەکە داڕشتووە.

هەروەها شاعیر لە (سزای هەمیشەیی)[٤١: ١٩،٢٥،٨]، ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەی پەیڕەو کردووە، لای شێرکۆ بێکەس،[٢٦: ١٥] و موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی[٢٠: ٤٧،٢٩]یش دەبینرێت.

**پ- دووبارەکردنەوەی گرێ:** دووبارەکردنەوەی گرێیەکی ناوی، یان کاری یان ئاوەڵناوی.....تاد، بە چەند شێوەیەك: (عەبدوڵلا پەشێو) گرێی ئاوەڵناوی سەدان ساڵەی لە شیعری (سەدان ساڵە)ی چەند جارێك لە سەرەتا ناوەڕاستی کۆپلەکانی سەرەتای شیعرەکە دووبارە کردووتەوە: وەك لە کۆپلەی پێنجەمدا دەڵێت:

**سەدان ساڵە**
**لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان**
**جووتێك سۆلی پینە پینەم،**
**کێ لە پێم کا بۆ ئەو دەشێم.**
**سەدان ساڵە**
**دوای تڵیشێك فڕێ دەدرێم.**
**سەدان ساڵە**
**دوای پینەیەك لە پێ دەکرێم**[٧٤: ٦٧]

عەبدوڵلا پەشێو لە شیعری (کەڵکەڵە)[٧٤: ٩٠] ئاوەڵکاری کاتی (ئەمشەو)ی لە سەرەتای سێ لەت دووبارە کردوتەوە، (قوبادی جەلیزادە)ش لە شیعری (لە دایك بوون) [٦٢: ٥٦] ئاوەڵکاری چۆنیەتی (بە سەقەتی) لە

ســـەرەتای ســـێ لـــەت دووبارەکردووتـــەوە، لای (ڕەفیـــق ســـابیر)یش دووبارەکردنەوەی گرێ لە شیعرەکانی (وەرزی خۆڵ) [٣٢: ٢٢٥] و (لە نیـوە شەودا) [٣٢: ٢٨٧]لای (سەباح ڕەنجدەر)یش بە شێوەی سـەرەتا و کۆتـایی دووبارە کردووتەوە، وەك:

**شۆڕشی ئێمە ئاوێنەی ناو جانتای کیژی کوێرە**

**کیژی کوێر پێیەکانی بە ئاستەم لە زەوی دادەنێ تا زەوی لە پێیـەکانی نە پرسێ**[٤١: ٢٦]

**ت- دووبارەکردنـەوەی ڕسـتەیی:** دووبارەکردنـەوەی ڕسـتەیەکە لـە کۆپلەیەك، یـان سـەرجەمی شـیعرێك، ڕسـتەکە وادەبێـت وشـەیەك، یـان دوو وشە، یان لەتێك، یان دێڕێکی تەواو بێت، بۆ نموونە:

(موحسین ئاوارە) دەڵێت:

**لێك دابڕاین.. لێك دابڕاین**

**هەروەکو ڕێبوار و دوڕیان**

**لێك دابڕاین.. لێك دابڕاین**

**چەشنی خۆرەتاو و ئاسمان**[٢٢: ٧٣]

شـــاعیر ڕســـتەی (لێـــك دابـــڕاین)ی چـــوار جـــار لـــە یـــەك کۆپلـــەدا دووبارەکردووتەوە.

دووبارەکردنەوەی ڕستەیی چەند شێوەیەکی هەیە:

**- دووبارەکردنەوەی سەرەتایی:** شاعیر ڕستەکە لە سەرەتای کۆپلەکان دووبارە دەکاتەوە: وەك

عەبـدوڵڵا پەشـێو ڕسـتەی (چـەند دەترسـم)ی[١٣:٤٣] (٥)جـار لـە سەرەتای هەموو کۆپلەکان دووبارەکردووتـەوە، (ڕەفیـق سـابیر) لـە شـیعری (تەنیانـەبووم) [٣٢: ٢٠٩] ئـەم ڕسـتەیەی لـە سـەرەتای هـەردوو کۆپلـەکانی شیعرەکە دوبارەکردوونەتەوە، لە شیعری (بە چیت بچوێنم؟)یشدا[٣٢: ٢٣١] ئەم ڕستە پرسیارییەی لە سەرەتایی هەردوو کۆپلەکە دووبارەکردووتەوە.

– **دووبارەکردنەوەی درێژ خایەن:**[٥: ٢١٧] شاعیر ڕستەیەك لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی شیعرەکە دووبارە دەکاتەوە، وەك:

**هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!**
**لە هەستاندا ئێوە یەکن:**
**یەك بیر، یەك ڕێ، یەك مەبەست.**
**هەستن هەڵۆی شاخان، هەستن!**
**لە هەستاندا ئێوە زۆرن:**
**چل ملیۆن چاو، چل ملیۆن قاچ،**
**چل ملیۆن مەچەك و دەستن.**
**هەستن هەڵۆی شاخان، هەستن!**[٧٤: ٢١]

هەروەها لە شیعری (پیاو) ڕستەی (چییە دیسان)ی بە هەمان شێوە (٥)جار دووبارە کردوتەوە[٨٧:٧٤–٨٨]

– **دووبارەکردنەوەی پێچەوانەیی:** لێرەدا شاعیر ڕستە دووبارەبووەکان بە شێوەی پێچەوانە دووبارە دەکاتەوە: وەك:

**ئەینێنەوە... ئەیشکێنن**
**ئەیشکێنن... ئەینێنەوە**[٢٦:٤٥]

– **دووبارەکردنەوەی ڕستە بە دەستکاری:** لەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەدا، شاعیر ڕستەکان بە هەندێك دەستکاری دووبارە دەکاتەوە، بۆ نموونە: (قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (دروونە) ڕستەکەی لە سەرەتای سێ کۆپلە بە دەستکارییەوە دووبارەکردووەتەوە، لە کۆپلەی یەکەمدا بەم شێوەیەیە:

**هە دروونە... دروونە... دروونە...**
**دەسکی داسـێم بە ڕوونە...**
لە کۆپلەی دووەم، دوو وشەی لە لەتی دووەم گۆڕیوە
**هە دروونە... دروونە... دروونە...**
**دەمـی داسـێم بە خـوونە...**

له کۆپلەی سێیەم، لەتی دووەمی گۆڕیوە

**هە دروونە... دروونە... دروونە...**

**خەرمـــان، بێ سەروو شـــــوونە** [٦٢: ٤٥-٤٦]

**- دووبارەکردنەوەی سەرەتا و کۆتایی:** لـەم جـۆر دووبارەکردنەوەیـەدا شاعیر لەتێك لە سەرەتا و کۆتایی کۆپلە دووبارەدەکاتەوە: وەك:

**شیعرم... لە پرچی تۆ دەچێ...**

**دەی بڕنەوە،**

**لەو دیو دروێنەی مقەستا**

**وەك خەمی شاعیر هەڵدەچێ!**

**شیعرم... لە پرچی تۆ دەچێ...**[٦٢: ٩٣].

**ج- دووبارەکردنــەوەی کۆپلــەیی:** دووبارەکردنــەوەی کۆپلەیەکــە لــە سەرەتا و کۆتایی شیعرێك، یان لـە سـەرەتای کۆپلـەکان. ئـەم جـۆرە لادانـە دەنگییە لە شیعری (بێترمە)ی (قوبـادی جـەلیزادە)[٦٢:١٢٨]، لای عەبـدوڵلاّ پەشـــێو لـــە شـــیعرەکانی ژوان، جـــودایی[٢٩: ٣٣٥]، تـــا چـــرای ئێمـــە نەسووتێ[٧٤: ٩١] دەبینرێت لە شیعری (ژوان)دا ئەم کۆپلەیەی لـە سـەرەتا و کۆتایی شیعرەکەدا دووبارە کردووەتەوە.

**هاوڕێم!**

**تۆ پێم ناڵێی**

**کێ نهێنی ئەم ژوانەی درکاندووە؟**

**چ دەستێك، بەم نیوە شەوە،**

**بنە شەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟**[٧٤: ٦٣]

دووەم: **ریتمی سیمانتیکی:**

((شـــیعر ئـــەو ناوچـــەیەیە، کـــە پێوەنـــدی نێـــوان دەنـــگ و واتـــای لـــە پەیوەندییـــەکی شـــاراوە و نادیـــار تێیـــدا دەگۆڕێـــت بـــۆ پەیوەندییـــەکی دیـــار،

هـەروەها بـە ڕێگەیـەکی هەسـپێکراوی بـاش و زۆرتـرین هێـز دەردەکـەوێت))[١٦٣: ٥٤]؛ بۆیە شـاعیر هەوڵدەدات سـوود لـەو پەیوەندییـە وەربگرێـت لـە بونیاتنانی ریتمی ناوەوەی دەقەکەی و جۆرە تـەکنیکێك بـەکاردەهێنێت کـە تێیدا لێکدانەوە و واتای گوزارەکـان لەگـەڵ ئـەو دەنگانـەی خوێنـەر دەیـان بیسـتێت جـۆرە ترپـە و زرینگانەوەیـەکی تایبـەتی هـەبێت؛ چـونکە ((لـەم ئاستەدا، کاریگەری ریتمەکە بە گـوێرەی مەڵبەنـدە سـیمانتیکییەکان دیـاری دەکرێت))[١٥: ٨٥]؛ بۆیـە دەتـوانین بڵـێین ترپـە و لـەرەی ریتمەکـە لەسـەر پەیوەندییە دەنگیی و واتاییەکان دادەمەزرێت؛ چونکە شیعر زمانە، ریتمـیش لە وشە سەرچاوە دەگرێت، کە کۆمەڵە پەیوەندییەکی دەنگییە و ناکرێـت لـە پەیوەندییـە واتـایی و ڕێزمانییـەکان جیایکەینـەوە.[١٩٩: ٩٠]؛ بۆیـە لێـرەدا پێوەندی نێوان وشە و واتاکانیان ڕۆڵ دەبینێت، لە لایەنی جووڵە و گـۆڕان و بونیـات و مەدلوولـەوە، شـوێن و کـات و ڕووداو لەبـەر چـاو دەگرێـت، ئــەو کاریگەرییەی لە پەیوەندی نێوان ڕەنگـەکان و وێنـە دەروونـی و زەینییـەکان لەسەر خوێنەر هەیەتی دروست دەبێت، بـێ ئـەوەی بچـێتە ژێـر ڕکێفـی هـیچ یاسـایەکی ئامـادەکراو[٢٠٤:٧٠]. دیـارترین ئـەو تەکنیکانـەی لـە شـیعری شاعیرانی ئەم قۆناغە بوونەتە سەرچاوەی ئەم جۆرە ریتمە ئەمانەن:

**أ– دژیەك:** هونەرێکی زمـانی شـیعرییە و ((بریتییـە لـە بـەکارهێنانی دوو وشە، یان زیاتر کە لـە ڕووی واتـاوە پێچـەوانە (دژ)ی یـەکترن نـەك لـە ڕووی دارشـتنی زمانـەوانی یـەوە.))[١٤١: ١٠٢]، ئەمـەش بـە لادانێکـی واتـایی بەرهەمهێنەر بۆ لادانێکی دەنگی دادەنرێت؛ ((چـونکە دژیـەك ڕۆڵێکـی کـاراو بەرچاوی هەیە بۆ پێکەوە لکاندنێکی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان هـەردوو وشـە دژ واتایەکـە، کـە ئەمـەش لـە لایـەن خۆیانـەوە جـۆرە چـڕبوونەوەیەك دروسـت دەکەن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر مۆسیقاکە هەیە))[١٤٥: ٣١٨]، بـەڵام شـوێن و ڕادەی بـەکارهێنانی دەستنیشـان نـەکراوە و لـە نـاو لـەت و دێـڕە شـیعر و کۆپلـەکان بـەکاردەهێنرێت، بەمـەش جۆرێـك لـە دوودڵـی و سەرنجڕاکێشـان بەدی دێنێت، وەك تۆڕێك وایە شوێن تاڵـەکانی دەکـەوێت و چـەندین شـوێنی

جیاواز دەگۆڕێت، تاڵەکانی بەسەر جەستەی دەقدا بڵاو دەکاتەوە؛ بۆیە ڕۆڵێکی زیندوو و کارا دەبینێت لە بونیاتنانی ڕووکارێکی گرینگ لە بونیاتی جووڵەی ناوەوەی دەق.[ ١٥٣: ٤٤]، واتا لەسەر بنەمای دەنگ و واتا، ریتم و جووڵەی ناوەوەی دەق بەرز دەکاتەوە؛ لەبەرئەوەی لە زمانی ئاساییدا بە دەگمەن چەمك و وشە دژەکان بەیەکەوە بەکاردێن، هەروەها ئەو ئەرك و بەها گرینگە نابینن وەك ئەوەی لە زمانی شیعرییدا هەیەتی؛ بۆیە بەکارهێنانێکی نائاسایی و نامۆیە، ئەمەش سیمای هەرە سەرەکی لادانە. ئاشکرایە لە ڕەوانبێژی و ڕەخنەی ئەدەبییدا، دژیەك بە تەکنیکی دیار و گرینگ باسکراوە و شارەزایان بەسەر دوو جۆردا دابەشیان کردووە، لای شاعیرانی ئەم قۆناغەش هەردوو جۆرەکە بەدیدەکرێن:

**١- دژیەکی فەرهەنگی (ئیجابی):** ((بریتییە لە بوونی دوو وشە کە هەر لە بنچینەدا دژ و پێچەوانەن بە واتای یەکتری.))[١٩: ٧٩] وەك: ڕەش و سپی، شەو و ڕۆژ، کورت درێژ.....تاد، وەك:

**لە دوورترین هەرێما بیت**

**نزیك ترین برادەرم دەرگا دەبێت**[٦٢: ١٥٣]

دوورترین و نزیکترین، دژیەکن و کەوتوونە دوو نیوە دێڕی جیاواز و ریتمی ناوەوەی دێڕەکەیان بەهێزتر کردووە.

(فەرید زامدار) دەڵێت:

**لە ڕاست و چەپ**

**لە سەر و خوار**

**چوارچێوەیەك...دەخوێنمەوە**[١٥٧:٥٠]

(ڕاست و چەپ، سەر و خوار)دژیەکی فەرهەنگین و لە یەك دێڕە شیعردا هاتوون.

**٢- دژیەکی نا فەرهەنگی:** ((بریتی یە لە بوونی دوو وشەی (دژیەك)، پێوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی دروستکراوی، لەسەر بنەمای ئەرێ و نەرێی دوو وشەکانە)).[١٩: ٧٩]، واتا بە بەکارهێنانی ئامرازی نەرێی نە، نا، مە،

وشەکە دەکرێتـە دژی خـۆی، بەمـەش وشـە دژەکـان لـە زۆربـەی دەنگـەکان هاوبەش دەبن بە واتای جیاواز وەك:

(جەلال بەرزنجی) دەڵێت:

**پرسیاری خەون و بێداری**

**و ئاوێتەبوونی ئومێد و نائومێدی**،[٧٧: ٣٤٧]

بە هۆی ئامرازی نەرێی (نا) وشەکە بووتە دژی خۆی.

**تۆ...مەیگرە..**

**ملی چەپیان بگرە و برۆ و بەری مەدە..** [٣٨:٢٦]

دوو وشەکە بە هۆی ئامرازی نەرێی (مە) بوونەتە دژی یەك.

**ب–هاوتایی لە ریتمدا (التناظر الایقاعی):**

ئەم جۆرە لادانێکی هاوبەشە، لە یـەکگرتنی لادانـەکانی هـەردوو ئاسـتی دەنگ و واتا دروست دەبێت. شاعیر بۆ بەرجەسـتەکردنی ریتمێکـی زەینیـی، کە خوێنەر بە هۆی شیکردنەوەی واتا و مـەدلوولی وشـەکان نـەبێت ناتوانێـت بیدۆزێتەوە؛ ((چونکە شاعیر سەرەتا وێنەیـەك دەکێشـێت، پاشـان وشـەکان جێگۆڕکێ دەکات و بەمەش وشـەکان وێنەیـەکی تـر دەکێشـن))[١٤٥: ٢٢١]، دوو وێنــەی جیـاواز و دژی یـەك دروسـت دەبـن، لێـرەدا دووبارەکردنـەوە و وێنەی شیعری (کە لەسەر بنـەمای لادانـی واتـایی دروسـت دەبێـت)، بەشـدار دەبن لە بونیاتنـانی ئـەم جـۆرە ریتمـە، زۆربـەی شـاعیرانی ئـەم قۆناغـە لـە ئەفرانـدنی شـیعرەکانیان ئــەم جـۆرە لادانــەیان پــەیڕەوکردووە وەك ئــەم نموونانە:

**شەپۆلتاندا...کەنارتان بووم**

**کەناریش بوون....شەپۆلتان بووم**،[٢٦: ١٧]

وێنەی یەکەم و دووەم تەواو پێچـەوانەن، لـە ئـەنجامی گـۆڕینی شـوێنی وشەکان دروست بووە.

**خەونم بە خۆشی نەگەڕا**

**به خۆشی بــگەڕێ خەون**[٤٧: ٢٦]

ئەگەرچی وێنەکان تەواو پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵام زۆربەی وشەکانیان دوو بارەن.

**دەترســـــم من پێش تۆ بمرم،**

**شێت دەبم تۆ بمری پێش من!**[٧٤: ٤١]

ئەم وێنەیەش لە زۆربەی وشەکان هاوبەشـن، (تـرس و شـێت)یش سـەر بەهەمان کێڵگەی واتایین.

**بێ دەنگیت، وەك ڕۆژی حەشرە..**

**وەك، ڕۆژی، حەشرە بێ دەنگیت..!** [٢٠: ٣٩]

لەم وێنەیەدا شاعیر وێنەکەی لەسەر بنچینەی لێکچواندنی دوو سـەرەی کێشاوە، ((کاتێك لێکچـواندنێك لـە نێـوان دوو شـت دروسـت دەکـات، ئینجـا لێکچـواندنەکە هەڵدەگێڕێتــەوە جــێ گــۆڕکێ لــە نێــوان لێ چـوو و لەوچـوو دەکات))[١٠٨: ١١٥]

**من بووم بە ئەوان و ئەوانیش بوون بە من** [١٢: ٨]

دوو وێنەی پێچەوانەی یەکترن، بەڵام وشەکانیان بە هەمان واتـا دووبـارە بوونەتەوە، تەنیا شوێن گۆڕینیان وێنەکانی پێچەوانە کردوونەتەوە.

**تۆ هەموو شتێکی خۆت دا بە من**

**من هەموو شتێکی خۆم دا بە تۆ**

**بەڵام نە تۆ بە نهێنی منت زانی و نە من بە نهێنی تۆ**[١٨: ١٤٨]

لەم دوو نموونانە تەنیا جێگۆڕکێ بە وشەکان کراوە و ریتمەکـە لـە وێنـە جیاوازەکان و دووبارەکردنەوەی وشەکان بەرهەم هاتووە.

**ت– ڕەگەزدۆزی:**

هونەرێکی جوانکاری و پێکهێنــەرێکی گرینگـی ریتمـی سـیمانتیکییە، لـە چوارچێوەی وشەیەکدا لایەنی دەنگ و واتا بەیەکەوە گـرێ دەدات، جیـاوازی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری دووبارە کردنەوە لە وەدایـە کـە واتـای جیـاواز بەدەستەوە دەدات بەمەش خوێنــەر زیـاتر بـەرەو قـووڵایی دەق دەبـات، بـە

هـۆی ئـەو هێڵـە پەیوەندییـەی لـە نێـوان واتـاو دەنگـەکان پێکـدێنێت، لـە سەرچاوە کۆنەکانی ڕەوانبێژی وەك هونەرێکی جوانکاری لە داڕشـتنی دەقـە شیعرییەکان ئەژمارکراوە، بەڵام لـە سەرچـاوەکانی شـێوازگەری نوێـدا زیـاتر ئەرکەکەی لە مۆسـیقادا چـڕکراوەتەوە؛ بۆیـە هـەر دەنـگ و واتـاش بوونەتـە بنەمای لێك جیاکردنەوەی جۆرەکانیان -**ڕەگەزدۆزی تەواو**- ((ڕێککەوتنی دوو گوزارەیە لە دەربڕین و جیاوازبن لە واتادا))[١٦٠: ٥١]، (عەزیز گـەردی) ئـەم ڕێککەوتنەی لە چوار مەرجدا دیاریکردووە (١-ژمـارەی پیتـەکان ٢- جـۆری پیتەکان ٣- شێوەی پیتەکان ٤- ڕیزی پیتـەکان)) [٣٧: ٨]. وەك: (فەریـد زامدار) دەڵێت:

**هەر ئەو خاکە**

**خاکی شیعر و کڵۆڵیە**

**شایی و شینی لێ شین دەبێ**[١٢٥:٥٠]

شاعیر وشەی (شین)ی دووجار دووبارە کردووتەوە، لەیەکەمدا بە واتای ماتەم و سەرەخۆشی دێت، لـە دووەمیشـدا بـە واتـای شـین بـوون: ڕوانـدن، چاندن دێت، وشەکان لە سەرجەم دەنگەکان هاوبەشـن، بـە جیـاوازی واتـاش ریتمی لەتەکەیان قووڵتر کردووتەوە.

عەبدوڵلا پەشێو لە شیعری (بۆ مارگرێت)* دا دەڵێت:

**ئەی ئەو خاچەی لە خاچ درای،**

**شێرە ژنی خاوەن شکۆ** [٢٩: ٣٥٩]

وشەی (خاچ) دوو جار دووبارە بووتەوە، جاری یەکەم بە واتای مەسیحی بـەکارهێناوە؛ چـونکە شـیعرەکە بـۆ ژنێکـی مەسـیحی نووسـراوە، جـاری دووەمیش واتای داری سێدارەیە، کە لەسەر شێوەی خاچ دروست کراوە.

---

(*) لە پەراوێزی شیعرەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە (مارگرێت) کچە پێشمەرگەیەکی ئاسـوری ئەیلوول بووە.

**(ڕەگــــەزدۆزی ناتـــەواویش)**کاتێـــك دروســـت دەبێـــت کـــە وشـــە دووبارەکراوەکان یەکێك لەم چوار مەرجەی تێدا نـەبێت کـە لـە ڕەگـەزدۆزی تەواو دا هەن[٣٧: ١٥]، ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە لـە چـەند دەقـە شـیعرییێکی ئەم قۆناغەدا دەبینرێت وەك:

**دەبن بە یەك**

**بە یەك برین**

**بەڵام برینێکی بەرین**[٥٠: ١٩٧]

وشەکانی (برین– بەرین) ڕەگەزدۆزی ناتەواویان لە جۆری زیاد[٣٧: ١٥] پێکهێناوە لـە ڕووی واتـا و ژمـارەی پیتـەکان لێـك جیـاوازن؛ چـونکە وشـەی دووەم یەك دەنگی لە یەکەم زیاترە.

**تا خەون و خەم**

**وەك دەنگ و ڕەنگ و تیشك بن...** [١٠: ٢٩]

**باوکیشم لەوێ کرا بە چاودێڕ**

**خۆشم لە پشوی هاوینا ئاودێڕ** [٧١: ٧٥]

وشەکانی (دەنـگ و ڕەنـگ)، (چـاودێڕ، ئـاودێڕ) ڕەگـەزدۆزی ناتـەواویان پێکهێناوە لە جـۆری جـودا[٣٧:١٥]؛ چـونکە هـەموو پیتـەکانیان وەك یـەکن تەنیا شێوەی یەك پیتیان جیاوازە.

**گوێم بۆ ئەگرێ**

**کە من ئەگریم...ئەویش ئەگری و**،[٢٦: ٦٢]

وشـــەکانی (ئـــەگرێ و ئـــەگری) ڕەگـــەزدۆزی ناتـــەواوی لارییـــان پێکهێنـــاوە[٣٧:٢١]؛ چـــونکە پیتـــەکانی (ی، ێ) لێـــك جیـــاوازن و واتـــای وشەکانیش جیاوازە.

**شەڕی بە ڕەشەبا ئەفرۆشت.لیرەی ڕۆکرد.** [٤٠: ٣٧]

وشەکانی ( ڕەش و شەڕ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ئاڵۆزیان پێکهێناوە، دوو وشـەن کـە خـاوەنی هـەمان ژمـارە و جـۆر و شـێوەی پـیتن، بـەڵام ڕیـزی پیتەکانیان وەك یەك نییە واتا جێگۆڕکێیان پێکراوە[٣٧:٢٣].

**٣– لادان له بونیاتی وێنەی هونەری:**

وێنەی هونەریی، بە ڕەگەزێکی هەرە گرینگ و دیاری شیعر دادەنرێت، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك پێیان وایە وێنە ((کرۆکی هونەری شیعرە))[١٨٠: ٨٢٣]؛ چونکە هەموو بونیاتەکانی تر لە خزمەتی وێنەدان، بە واتایەکی تر هەموو بونیاتەکانی شیعر لە ناو وێنەدا دەبینرێن، واتا وێنە ڕایەڵەی سەرەکی پێکبەستنەوەی سەرجەم بونیاتەکانی شیعرە، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیشی بریتین لە ( زمان، ئەندێشە، واقیع، بیر، سۆز، نەست))[٨:٦١– ٨١]، شاعیر کاتێك ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەی لە نەست و خەیاڵی دایە وێنەیەکیان لێ دروست دەکات و بە خوێنەریان دەگەیێنێت هەندێك جاریش ڕووداوێکی واقیعی دەبینێت و تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی دەکات و وێنەیەکی نوێ و جیاواز لەوەی لە واقیعدا هەیە دەکێشێت و لە کردەیەکی شیعرییدا ئەزموونی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدات بە زمانێکی هونەریی و جیاواز لە زمانی ئاسایی ئەم هەست و سۆزەی دەرببڕێت، ئەم ئارەزووەش بە لادان لە پێوەرە باوەکانی زمان بەدی دێت؛ بۆیە ((وێنەی شیعری هەر جۆرێك بێت هەوڵ دەدات زمان ببەزێنێت و لادانێك بەرپا بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو لادانەوە ئیجا ببەخشێت))[٧: ٢٩]، (کبدی فارکا- Kibedi Varga) پێی وایە ((وێنەی ڕوونبێژی یەکەیەکی زمانەوانییە و لادان لە خۆ دەگرێت، وێنەی ڕوونبێژی گوزارشتە لە سیستەمێك لە لادانە زمانییەکان))[٢٠٨: ٤]، واتا لادان بناغە و بنەمای هەرە سەرەکی وێنەی شیعرییە و جا گرینگ نییە هەرجۆرێك و لە هەر ئاستێکدا بێت؛ بۆیە توێژەرێك پێی وایە (( باشترین وێنە ئەوەیە کە هەموو مەیل و ئارەزووی لە بەزاندنی یاساکانی زمانی ئاساییدا دەبینرێتەوە))[٧: ٢٩]؛ لەبەر ئەوەی وێنەی شیعریی، پێوەندی بە هەموو بونیاتەکانی تری شیعرەوە هەیە و پشت بە لادان دەبەستێت لە بونیاتنانیدا؛ بۆیە هەموو ئەو لادانانەی لە بونیاتی وێنە لای شاعیرانی ئەم قۆناغە (١٩٨٠– ١٩٩١)دا دەبینرێن پەیوەستن بەو لادانانەی لە بونیاتەکانی زمان و واتا و مۆسیقا و ریتم ڕوویانداوە؛ چونکە ((وێنەی شیعرییش لە پاڵ زمان و ڕیتم و

بابەتدا بونیاتی هونەری شیعر پێکدێنێت))[١١١: ٥٤]، واتا ناتوانین لە هیچ یەکێك لەم بونیاتانە دابېڕێنین و بە جیا باسی لێوە بکەین؛ بۆیە لادان و گۆڕانی هەموویان پەیوەستە بەیەکەوە و هەموویان لە سنووری شیعردا لەگەڵ یەکتردا دەتوێنەوە و ئاوێزانی یەکتر دەبن. ئێستا هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانە ئەو لادانانە ڕوون بکەینەوە کە لە بونیاتی وێنەی شیعری ئەو قۆناغە ڕوویانداوە:

**أ- لادان لە بونیاتی واتا:** پێوەندی ڕاستەوخۆی بە وێنەوە هەیە و ڕەخنەگرێك پێی وایە بونیاتی واتا لە دەقێکی شیعریدا لە وێنە لە دایك دەبێت[١٨٠: ٢٣٨]، ئەو بزووتنەوە شیعرییەی کە لە هەشتاکان بەرپا بوو هەوڵیاندا زمان زیاتر چڕبکەنەوە؛ ((بۆیە زمانی بونیاتنانی وێنەی شیعری لە دوای ساڵی هەشتاوە ساڵ لە دوای ساڵ خەستتر دەبێتەوە.))[٨: ٤٥٣] واتاکانیان لەگەڵ قۆناغەکانی تر جیاوازبوو لادانی زیاتری پێوە دیار بوو بە تایبەتیش بە هۆی ئەو لادانانەی لە چۆنیەتی و جۆری (لێکچواندن و خوازە و خواستن وڕەمز)ەکانی ئەم قۆناغە ڕوویاندا؛ چونکە وێنەی شیعری لە پەیوەندییەکانی نێوان وشە و واتا دروست دەبێت و ئامانجی سەرەکی و ((تەوەری خواستن و وێنە لە شیعردا لادانە لە زمانی دەلالی بۆ زمانی هێمایی))[١٨٠: ٢٤١]، شاعیر دەیەوێت وێنەیەکی جوان و کاریگەر بکێشێت بۆ ئەوەی لە هزری خوێنەر بچەسپێت؛ بۆیە ناتوانێت تەنیا لە چوارچێوەی واتاکانی فەرهەنگ ئەو خەیاڵانەی بێنێتەدی، بەڵام مەرج نییە هەر وێنەیەك لەسەر بنەمای لێکچواندن و خواستن و لادانە وابیەکان بونیات نرابن وێنەی جوان و بەرز بن؛ لەسەر ئەم بنچینەش، (فونتانی) دوو جۆرە وێنەی داهێنەرانە و بەکارهێنراوی جیاکردوونەتەوە[١٢٩: ٤٣]؛ چونکە وێنە کاتێك زۆر دووبارەبوویەوە و هەموو کەسێك لە واتای شاراوەی پشت وشە خوازراوەکان گەیشت ئەو نرخ و بەهایەی نامێنێت وەك لە وێنەیەکی تازەدا هەیە و پێشتر نەبیستراوە هەرکاتێك توانی لێکچواندنێك، خوازەیەکی نوێ دابهێنێ ئەوا سەرکەوتوو دەبێت و وێنەکەشی کاریگەرتر دەبێت؛ چونکە

((وێنەی داهێنەرانە لە شێوەدا نوێ نییە، بەڵكو لە وشەكانیدا نوێیە، كە بلیمەتی شاعیری بە بەرداكراوە))[١٢٩: ٤٥]، و شاعیرانی ئەم قۆناغە لادانی واتایی نوێیان ئەنجامدا بۆ نموونە:

(فەرەیدوون عەبدول) دەڵێت:

**باڵات هەمووی**

**لەشیعرێكی نازدار ئەچێ**

**كە ئەتبینم**

**دەروونی پڕ سۆز و شیعرم ئەكرێتەوە**[٣٠: ١٦٨].

وێنەیەكە لە سەر بنەمای لێكچواندن بونیاتنراوە، لادان لە شێوە و جۆری لێكچواندنەكە وێنەیەكی نوێ و سەرنجڕاكێشی دروست كردووە؛ چونكە باڵای یار لە قۆناغەكانی تری شیعری كوردیدا بە چنار و عەرعەر و لاو لاو...چوێندراوە.

ئەگەر لای شاعیرانی پێشووتر دڵ بە مەی و پیاڵە و شووشەی شەراب چوێنرابێت ئەوا لای قوبادی جەلیزادە لێكچواندنە گۆڕاوە و دەڵێت:

**منیش دڵم،**

**وەك چۆلەكەی لەش و لار سووك**

**بۆی كەوتە خوێندن بە دەنووك.** [٦٢: ١٥٥]

دڵی بە چۆلەكەیەكی لاواز چواندووە كە دەخوێنێت.

(رەفیق سابیر) دەڵێت:

**لە نێو بولێڵی ئەم خامۆشییەدا**

**وەك گۆرانی سووری ژیان**

**بە باوەشێك ئەڤینەوە**

**بباریێ نێو برینەوە** [٢٦: ٣٦]

وێنەكە لە سەر بنچینەی هەستگۆڕكێ بونیاتنراوە، شاعیر بە دانە پاڵی ڕەنگ بۆ گۆرانی، كە دەبیسترێت، وێنەیەكی جیاواز و داهێنەرانەی كێشاوە.

هەروەها لادان لە وێنـەی شـیعری لای ئـەو شـاعیرانەی کاریگـەربوون بـە شەپۆلە ئەدەبییە نوێیەکان و خاوەن خەیاڵ و دیدگا و بیرۆکەی جیاواز بوون لە شاعیرانی تر، بۆ نموونە: (ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت: ((من بـۆقێکم لـە گیـا پێ جوانترە، ئەوەیە ئەو ئێستێتیکایەی کە مـن هـان دەدا بـۆ ئـەوەی شـیعر بنووسـم. ژنـێکم پـێ لـە گوڵێـك جـوانترە))[١٠٥: ٨]؛ بۆیـە وێنـەکان قاڵـب و ئەدگارێکی جیاوازتریـان بەخۆیانـەوە بینـی، ئاسـتی دەربـڕین و شـارەزاییان فراوانترە و درککردن و ڕۆچوونی زیاتر بە ناخی وێنەکان لای خوێنەر دروست دەکەن؛ چونکە وێنەی شیعری نوێ وێنەی جیهـانبینین، شـاعیر بـە گـوێرەی جیهانبینی و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی بۆ شـتەکان دەڕوانێـت و پێوەنـدی لـە نێـوان شـتەکان دروسـت دەکـات[١٣٤: ٢١٢] بـە تایبـەتیش لای (سـەباح ڕەنجدەر و ئەنوەر مەسیفی) بە هۆی زۆر بەکارهێنانی هێما و نادیاری واتـا و لادانی واتایی زۆر، هەروەك (سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت: ((لێچـوون و لەوچـووم گۆڕیوە بۆ هێماو ئاماژە))[٢٧: ٢٧]، وەك لەم نموونەیە دەردەکەوێت:

**لەو ئێوارەیەی کێوە بەرزەکان خۆیان بە**
**شۆڕشگێڕو**
**مامزو**
**قورینگ و**
**شمشاڵژەن ئارایش کردبوو**
**کراسی خاکمان کردەوە**
**قۆپچەکانی ئێسکبوون**[٣٩:٤٧]

شاعیر وێنەیەکەی لە ڕێگای هێما و ئاماژەی جۆراوجۆر وێنەیەکی جوانی کێشـاوە، کێـوە بـەرزەکان ئاماژەیـە بـۆ چـیاکانی کوردسـتان، شۆڕشـگێڕ مەبەستی پێشمەرگە، یان سەربازەکانی شەڕی ئێـران و عیراقـە، شمشـاڵژەن ئاماژەیە بۆ شوان، کە لە چیا ژیان بەسەر دەبات، کراس و قۆپچە تایبەتن بە مـرۆڤ بـۆ خـاك بـەکاریهێناون. واتـا هـەموویان لـەو شـوێنە مردبـوون و بـەس ئێسکەکانیان مابوونەوە،

(ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت:

**لە ناو کۆران**
**هێسك لە بیابان**
**دەسکی خاکە ناسان**
**مووی گرانیان**
**باری مانینان**
**لە دەرەوەی زەوی**
**بەردی لە خۆ چوو**
**پێش پەیدابوونی جلوبەرگ**[٢٧:١٨-٢٨]

کۆمەڵێك وێنەی بەدوای یەکدا کێشاون، بەڵام بەهۆی هێما و ئاماژەی زۆر، نادیاری واتا لە دەقەکەدا هاتۆتە ئاراوە و وێنەکان واتای تەواویان دیار نییە. خوێنەر بە ئاسانی لێیان تێناگات؛ چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی وێنەی شیعریی گوزارشت کردنە لە واتا زۆر بەرزەکان، کە لە سەرووی واتای ئاساییدان؛ بۆیە ئەو وێنە هونەرییانەی سرووشتێکی ئاڵۆزیان هەیە هەموو کەسێك ناتوانێ بچێتە ناخیانەوە و تێیان بگات[٨: ١٠٠].

**ب- بونیاتی مۆسیقای دەق:** وێنەی شیعری پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە مۆسیقای گشتی شیعر و- ریتمی ناوەوە- بە تایبەتی هەیە؛ چونکە وێنەی شیعریی، زادەی خەون و خەیاڵەکانی نەست و هزری شاعیرە ((لە ڕێگەی وشەو ڕیتمەوە دەبێتە نووسین))[١٠١: ٢٢]، ئەو ریتم و مۆسیقا و ڕێکخستنەشە وێنەی ناو دەقێکی شیعری لە زمانی ئاسایی و پارچە پەخشانێك جیادەکاتەوە، (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر لەبارەی پێوەندی نێوان ئەم دوو بونیاتە دەڵێت: ((هونەری نیگارکێشان بە پلەی یەکەم هونەری (بینینە)، هونەری حاسەکانی تر خۆیان دەکەن بە (چاو)، لەوێدا کۆدەبنەوە، بەڵام لە شیعردا، گوێ و بیستن بە لای منەوە لە پلەی یەکەمدان ئەویش وامان لێ دەکات کە بە هیچ جۆرێك شیعر و خوێندنەوەی شیعری، مۆسیقای شیعری، ئاهەنگی وشە و ڕستە و زمان لە خۆی جیا نەکەینەوە))[٧: ٢٣]؛

بۆیە هەموو ئەو لادانانەی بەسەر بونیاتی مۆسیقادا هاتن، کە لادانیان لە فۆرمی شیعر بە دوای خۆیاندا هێنا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لە سەر وێنە شیعرییەکانی قۆناغی خۆیان هەبووە، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە وێنە ئەرکێکی تری گرتە ئەستۆی خۆی ئەویش دیاریکردنی کۆتایی کۆپلە و شوێنی وەستان و پێکبەستنەوەی بەشەکانی شیعر بوو، زۆربەی جار وێنە وشەی سەروا دەستنیشان دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی وێنەکان؛ چونکە شاعیرانی نوێ کاتێك پشتیان لە قاڵبە کۆن و باوەکانی کێش و سەروا دا کرد، هەوڵیاندا بونیاتێکی هونەری تر بدۆزنەوە بۆ بەهێزکردنی بونیاتی دەق؛ بۆیە زیاتر جەختیان کردە سەر وێنەی شیعریی[٧: ٢٩] بە واتایەکی تر بە کزبوون و نەمانی ڕۆڵی کێش و سەروا گۆڕان لە فۆرمی شیعر دروست بوو، وێنە توانی ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و یاسا و سنووری مۆسیقای دەرەوە بکێشێت بۆ نموونە: (فەرەیدون بەرزنجی) دەڵێت:

**دەنگت وەکو**
**ئاوازێکی مۆسیقایە**
**شەپۆل...شەپۆل**
**هێرش دێنێ بۆ دەماخم**
**وردە..وردە**
**تێکەڵ بە خوێنم ئەبێت و**
**دا ئەچۆڕێ بەرەو ناخم**[٣٠: ١٥٣]

بە هۆی لادان لە بونیاتی مۆسیقا دەقەکە شیعرێکی ئازادە، لە دوو وێنە پێکهاتووە، وێنەکان شوێنی وەستان و وشە سەرواکانیان دیاریکردووە، کە (دەماخم و ناخم)ن لە دەنگەکانی (اخم) هاوبەشن، بەمەش هەردوو وێنەکە بەیەکەوە بەستراون.

(مولینییه) هەندێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ریتمی ناوەوە بە وێنـەی بچووك ناو دەبات بە تایبەتیش ڕەگەزدۆزی و دووبارەکردنەوە؛ چـونکە پێـی وایە ئەو وشانەی دووبارەن جۆرە وێنەیەك

دروست دەکەن، هەروەها ڕەگەزدۆزیش بە هەردوو جۆری تەواو و ناتەواو بـە دووبارەبوونـەوەی دەسـتە دەنـگ و واتـای جیـاواز وێنەیـەك بـە خوێنـەر نیشان دەدەن[١٢٣: ٢١٠].

ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕەگەزانەی مۆسیقا و ریتمی ناوەوە پێك دێنن، لە شیعری نوێدا بوونەتە بناغەیەك بۆ دروست بوونی چەندین شێوازی وێنـەی شـیعریی نـوێ، وەك: وێنــەی بونیـاتی (کۆپلــەیی، واژۆی، بازنــەیی، پێچـاو پێچ) (*)، بە جۆرێك هەر جۆرە شێوازێکی دووبـارە بوونـەوە جـۆرە بونیـاتێکی وێنەی جیاوازی تێـدا لـە دایـك دەبێـت، بـۆ نموونـە: (قوبـادی جـەلیزادە) لـە شیعری (زنجیر)دا دەڵێـت:

**به من بوایه..**
**چاوەکانم، جووتێ کەلا شووشە دەبوون**
**تا منداڵی بێ لەیلووك و شاری یاری**
**کەمەی لەگەڵ بکردایە.**
**به من بوایه...**
**سەرم پەڵە هەورێ دەبوو،**
**بە سەر لێوی برینێکی وشك و تینوو**
**بە خووڕ ئەشکی بڕشتایە.**
**به من بوایه...**
**باسکەکانم، دوو ڕووباری هەنگوین دەبوون**
**هەتا هەرچی گوڵی ژاڵە هەیە،**
**گوڵی نوقڵی بگرتایە.**

(*) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆڵی دووبارەکردنەوە لە بونیاتی وێنەدا، بڕوانە[٨: ١٥٨– ١٧٧]

**به من بوایه..**
**دڵم ئاگردانێ دەبوو**
**هەتا گیانی برایمۆکی ئەم دنیایە**
**لە ڕۆخیا گرمۆڵە بوایە.**
**بەڵام...چاوم.**
**بەڵام.. سەرم.**
**دەسم، دڵم..**
**لەو ڕۆژەی پێوەم ڕسکاون**
**وەکو خۆم زنجیر کراون!!**[٦٢: ١٥٨]

شاعیر وێنەیەکی گشتی کێشاوە، کە لە چەند وێنەیەکی سەربەخۆ پێکهاتوون، بونیاتی وێنەکە پشتی بە دووبارە کردنەوەی دەستەواژەیەك بەستووە، کە لە سەرەتای هەموو وێنەکان دووبارەی کردووەتەوە، ئەمەش بە بونیاتی پێچاو پێچ ناو دەبرێت، یەکێکە لە شێوەکانی وێنەی نوێ کە تێیدا ((وێنەی گشتی لەسەر بنچینەی شعورێکی یەکگرتوو، یان کۆمەڵە مەشاعیرێکی پاژەیی تەواو دروست دەبێت. بیری سەرەکی شیعرەکە وەکو تەوەرێکی سەرەکی لێدێت کە وێنەکان لە سەرییەوە هەڵدەستن. هەر وێنەیەك لەسەر تەوەرە سەرەکییەکە دەست پێدەکات و خولێك بە دەوریا دەسووڕێتەوە و بازنەیەك دروست دەکات، بەڵام بازنەکە داناخا و دەگەڕێتەوە سەر تەوەرە سەرەکییەکە و وێنەیەکی تر دروست دەکات. بەم جۆرە کۆمەڵە وێنەیەك لە شێوەی بازنەیی دانەخراو لەسەر تەوەرەکە دروست دەکات))[٨: ١٧٧].

## ٤ - ٢: لە سەر بنەمای داهێنان و بەکارهێنان

لادان وەك كردەیەكی ئەزموونی شیعریی كە لە لایەن شاعیرانەوە ئەنجام دەدرێـــت، بـــۆ مەبەســـتی جوانكـــاری و داهێنـــانی شـــێوازێكی زمـــانیی سەرنجڕاكێش، كە جیابێت لە ئاخاوتن و زمانی نووسینی بابەتێكی زانستی و پەخشانی؛ لە بەرئەوەی هەر شاعیرەی خاوەن دیدگا و تێڕوانینی تایبەت بـە خۆیـەتی و لـە ڕوانگەیـەكی دیـاریكراوەوە هـەوڵ دەدات داهێنـان بكـات، كـە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو قۆناغە ئەدەبییەی ئەو شاعیرە؛ بۆیـە لـەم سۆنگەیەوە لە سەر ئاستی بەرهەمەكانی شـاعیرێك، یـان كۆمەڵـە شـاعیرێكی هاوقۆناغ، دابەشی سەر چەند جۆرێك دەبێت، بە بـێ لەبەرچـاوگرتنی جـۆری لادان و ئەو ئاست و بنەمایەی لادانەكەی تێدا ئەنجامدراوە، بـە خسـتنەڕووی نموونەی شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغە زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

**١– لادانی خودی:** هەموو كەسێك خـاوەن ڕەهەنـدی بـیری و جیهـانبینی تایبەتی خۆیـەتی و سرووشـتی هـەر مرۆڤێـك لەگـەڵ مرۆڤێكـی تـر جیـاوازە. ئـــەدەب و داهێنـــانیش لـــە بنەڕەتـــدا كردەیـــەكی تاكییـــە[٢١: ٦]، لـــەم سۆنگەیەشـــەوە جیـــاوازیی ڕوانـــین و زمـــانی دەربـــڕین، جیـــاوازیی شـــێوازی لێدەكەوێتەوە؛ چونكە زمان بۆ شاعیر وەك ئاوێنەیە ئـەو تیشـكانەی لێیـەوە دەردەچن زادەی هۆش و بیر و تێڕوانینەكانی شاعیرن بۆ ژیان، زمـان لێـرەدا دەبێتە سەرەكیترین هۆكـاری گوزارشـتكردن لـە دیـدگا و ئایـدیاكانی؛ زمـانی شـاعیر هاوشـێوەی خۆیـەتی و بـۆ خـودی خـۆی بونیـاتی دەنێـت و ئـامرازی دەربڕینـــی جۆراوجـــۆر دادەهێنێـــت بـــە گـــوێرەی ئـــەو واتـــا تایبەتییانـــەی دەیەوێت[١٦٣: ٧٩].

لادانی خودی هەموو ئەو جۆرە لادانانـە دەگرێتـــەوە، كـە لەلایـەن تاكـە شاعیرێك داهێنراون، لە بەرهەمەكانیدا پەیڕەوییان دەكات، لادانەكـە مـۆرك و جێ پەنجەی ئەو شاعیرەی پێوە دیارە و بە پێی ماوەی پەیڕەوكردن لەسـەر ئاسـتی دەق وەك سـیمایەكی خـودی دەچەسـپێت؛ واتـا شـاعیری داهێنـەر دەبێت خودییەتی خۆی لەو دەقە دەربخات؛ چونكە ئەگەر بڕوای بەوە نەبێت

سیما و ئەدگارێکی کەسی بە زمانێکی باو و ئاسایی ببەخشێت ئەوا پێویستە بێ دەنگ بێت[١١٧: ١٠١]بۆ نموونە: (سەباح ڕەنجدەر)، یەکێك لەو ڕەگەزانەی لە ریتمی ناوەوەی شیعرەکانیدا دایهێناوە بریتییە لە هێنانەوەی دوو وشە، یان زیاتر کە لە چەندین دەنگەوە هاوبەشن، بێ ئەوەی بچێتە ناو خانەی لادانی دەنگی – ڕەگەزدۆزی – کە پێشتر باسمان کردووە وەك:

پەنجەکان – پەنجەرەی[٤١: ٨]، زەیستان– دەستیان[٤١: ١١]، باڵی – باڵندە، خەوتوون– خەونی[٤١: ١٣]، پەپوولە– پوولەکە[٤١: ١٥]، باڵ – بەتاڵ[٤١: ٣٠]، پێنج – پەنجە[٤١: ٥٥]، گوند – گەنجینە[٤٧: ٣٨]، بەژنی – پەرژینی[٤١: ٤٥]، هەڵبەز – دابەز[٤٧: ٧٩]، کەچەڵ – گێچەڵ[٤١: ٩٧].

هەندێ لادانی وشەیی لای (شێرکۆ بێکەس) و (عەبدوڵلا پەشێو)، یان بەکارهێنانی ڕستەی ناتەواو و بەکارنەهێنانی ڕستەی داخوازی لای (ئەنوەر مەسیفی) هەموو ئەمانە لادانی خودین، لادانی خودی لە ئاست و چوارچێوەی دەرکەوتن و چۆنیەتی پەیرەوکردنی دەکرێتە دوو جۆر:

أ– **لادانی شێوازی:** هەرکاتێك باس لە شێواز بکرێت وتە بە ناوبانگەکەی (بۆفۆن) (١٧٠٧– ١٧٨٨ز) دێتە پێشەوە، کە دەڵێت: ((شێواز بریتییە لە مرۆڤ خۆی))[١٢٠: ٣٣]، هەندێ جاریش بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە ((ڕێچکەی نووسینی نووسەرێك لە نوسەرەکان))[١٢٠: ٣٣]؛ لەبەرئەوەی شاعیر هەوڵدەدات شێوازی خۆی بسەلمێنێت و زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، هەروەها شێوازیش (( ئەو ئەڵقە پچڕاوەی لە نێوان زمان و دەقدا هەیە تەواوی دەکات، هەروەك ئامرازی چوونە ژوورەوەی جیهانی دەقیشە))[١٢٠: ١٠٥]، لادانی شێوازی هەموو ئەو لادانە خودیانە دەگرێتەوە، کە بوونەتە سیمایەکی شێوازیی بۆ دەقێکی شیعری، یان بەرهەمی شاعیرێك، یان قۆناغێکی ئەدەبی؛ بۆیە دەڵێن شێواز ((نیشانەی جیاکردنەوەی دەقێکە لە چاو دەقەکانی تر))[١٢٠: ٣٩]؛ چونکە کاتێك شاعیر دەقێکی شیعری دادەهێنێت ((شوێن پەنجەی خۆی لە سەر ئەو نووسینە بەجێدێڵێت، ئەمەش پوختەی شتە شیاو و گونجاوەکانن لەگەڵ بلیمەتی و کەسایەتییەتی))[١٢٠:

٣٤] بۆ نموونە: دووبارەکردنەوەی وشەی وەك یەك لای (شێرکۆ بێکەس) لە هەردوو کۆشیعری (ڕووبار) و (دوو سروودی کێویی) دەبنە لادانێکی شێوازی؛ چونکە ئەدگارێکی شێوازییان بە ئەزموونی شاعیر بەخشیوە، لە سەر ئاستی هەردوو بەرهەم دەردەکەون، وەك: یەکە یەکە، نم نم، کۆڵان کۆڵان، گەڕەك گەڕەك، دوو دوو، سێ سێ، پەیتا پەیتا[٤٠]، مەڵاس مەڵاس، هەڵچن هەڵچن، داو داو، فڕان فڕان، دەنك دەنك، ورد ورد، غارە غارە[٢٦].

دژیەك و دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی ناتەواو کۆمەڵە بونیاتێکن، لە سەرجەم بەرهەمی شاعیرانی ئەم قۆناغە وەك بونیاتی ریتمی ناوەوە پەیڕەو کراون؛ بۆیە بە لادانێکی شێوازی ئەژمار دەکرێن.

ب- **لادان لە شێواز:** هەندێ لە نووسەر و شاعیران نایانەوێت ئەزموونی ئەدەبیی خۆیان بەردەوام بە یەك ئاستی زەینی و بە یەك شێوەی دەربڕین بەرجەستە بکەن؛ بۆیە لە شێوازێکەوە لادەدەن بۆ شێوازێکی تر، جا لادانەکە لە یەك دەقدا بێت، یان لە قۆناغێکەوە بێت بۆ قۆناغێکی تر؛ لەبەر ئەوەی هەر قۆناغە و بە پێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستی بە جۆرێك لە داهێنان و نوێگەری هەیە؛ بۆیە مەرج نییە ((شاعیر لە هەموو قۆناغە جوداکانی ژیانی دوور و درێژیدا، بە هەمان نەفەس و بە هەمان ئاست بنووسێتەوە؛ بەڵکو لە هەوڵێکی نەپچڕاو و بەردەوامدایە بۆ تێر کردن و وەڵامدانەوەی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیێت))[١٣: ١٩٤] بۆ نموونە: (شێرکۆ بێکەس) لە کۆشیعری (دوو سروودی کێویی)دا (شیعری وێنەیی) بە چەندین شێوە و جۆری جیاواز پەیڕە و کردووە، بەڵام لە کۆشیعری (ڕووبار)دا لایداوە لەم شێوازە و هیچ شیعرێکی وێنەیی نابینرێت؛ چونکە شاعیر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەو لادانانە جۆرێك لە تاکییەتی و شێوازێکی خودی جیاواز لە شێوازی شاعیرێکی تر بۆ خۆی بەرجەستە بکات و نایەوێت ((لە یەك جیهانی بابەتیدا یەك شێوازی دەربڕین بێنێتە کایەوە؛ بۆیە دەبینین هەر شیعرە و بونیاتێکی سەربەخۆ و ڕەهای خۆی هەیە))[١٣: ٤٥].

**٢- لادانی گشتی:** هەندێك بونیات و پێكهاتی دەقی ئەدەبی گشتین و هەموو شاعیرێك لە كاتی شیعر نووسیندا پەیڕەوییان دەكات، وەك: شێوەی نووسین، كێش و سەروا.....تاد،[3:٢١٧ ]، هەروەها كاتێك لادانێكی زمانی زۆر دووبارە كرایەوە و لای چەند شاعیرێك بێ جیاوازی پەیڕەو كرا، بە لادانێكی گشتی لە قەڵەم دەدرێن.

**٣- لادانی باو (سواو):** هەموو ئەو جۆرە لادانانەی پلەی كاریگەرییان كەمە و نابنە مایەی سەرنجڕاكێشان و خوێنەر تووشی كتوپڕی ناكەن، دەچنە خانەی ئەم جۆرە لادانە، هەروەك (ریفاتێر) ئاماژەی پێكردووە، كە پلە و كاریگەری شێوازی هەر شاعیرێك بەو هێز و كاریگەرییە بەندە، كە لە سەر خوێنەری بەجێدێڵێت؛ چونكە هەتا ئەو لادان و داهێنانەی ئەنجامی دەدات چاوەڕوان نەكراو بێت، ئەوا كاریگەری قووڵتر و زیاتر دەبێت لە هەستی وەرگردا، ئەگەر هەمان تایبەتمەندیش چەند جارێك دووبارە بوویەوە كاریگەری و پلەی سەرنجڕاكێشانەكەی لە دەست دەدات[١٧٢: ٢٧] بەمەش دەبنە لادانی سواو، بۆ نموونە:

(شێركۆ بێكەس) لە چیرۆكە شیعری (داستانی بەردە قارەمان)دا دەڵێت:

**<u>شێر</u> كەوتۆتە ناو تۆڕەوە و حەپەساوە**
**بەڵام هێشتا ئەنەڕێنێ**
**بەڵام هێشتا**
**<u>گورگی</u> چاوشینی ئەودیو تۆڕ**
**ئەتۆقێنێ**![٤٠: ١٥١].

(شێر و گورگ) ڕەمزن دوو ئەدگاری لادانی واتایی باون؛ چونكە لە زمانی ئاسایشدا زۆر جار بەكاردەهێنرێن و هەموو كەسێك لە واتا خوازراوەكەیان تێدەگات، كە شێر ڕەمزە بۆ ئازایەتی و نەبەردی، بەڵام گورگ ڕەمزە بۆ خراپی و دڕندەیی.

بەڵام کاتێك دەڵێت:

**ئەم زریانە لە ((گلگامێش)) ی کاروانیا**

**قاڕەی تۆفان ناونووس ئەکات..**

**دەرگای داستان و ئەفسانە...**

**لەسەر ((ئەنکیدۆ))ی هاوڕێ ی ئەکاتەوە..**

**تۆش ((پیرەکە و زەریا)) کە..بە**

**پەڕینەوە... لەم تۆفانە**

**پردێکی چەخماخەی ئەوێ**

**تۆش ((بوراق)) بە**![٢٦: ٣٧]

شاعیر کۆمەڵە ڕەمزێکی بە کارهێناوە (گلگامێش، ئەنکیدۆ، پیرەکەو زەریا، بوراق) ڕەمزی نوێ و داهێنەرانەن؛ چونکە تەنیا دەستە بژێرێکی کۆمەڵگا و شارەزایانی ئەم بوارە لێیان تێدەگەن. (گلگامێش و ئەنکیدۆ)دوو کەسایەتی ناو داستانی کۆنی سۆمەریین، (پیرەمێرد و زەریا) ناونیشانی کورتەڕۆمانێکی (ئێرنست هیمنگوای)یە، ئەم پیرەمێردە ڕەمزە بۆ ئازایەتی و چاو نەترسی و هێزی لە بن نەهاتووی مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ ڕووداوەکانی سرووشت، (بوراق) ئەو ئەسپە بوو کە پێغەمبەرمان (د.خ) لە ڕووداوی (شەوڕەوی بۆ ئاسمان) هەڵگرت، کە ڕەمزە بۆ سەرکەوتن و دەرباز بوون.

**٤- لادانی قۆناغیی:** لادان پەیوەندییەکی پتەوی بە قۆناغ و ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە تێیدا ئەنجامدراوە؛ چونکە شێواز کە بەرهەمی لادانە ((پتر لە زەمەنێکی هەیە کە پەیوەستە بە چوارچێوەی کولتووری و سەردەم، لە لایەك بە هۆی پەیوەستی زمان پێیانەوە، لە لایەکی تر بە زەمەنی ساتەوەختی ناوەکی لە پەیوەستیدا بە ئاخاوتن))[١٠٤: ١٦٠]؛ چونکە زمان، کە سەرچاوەی هەڵقوڵانی لادانە لە گۆڕانی بەردەوام دایە؛ بۆیە پێویستە توێژەری لێکدانەوەی لادان لە هەر دەقێکدا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ورد لە پێوەندی جۆری لادانەکە بە

قۆناغەکـە وردبێتـەوە، بەمـەش دڵنیـا دەبێـت لـە زیندوویـەتی ئەزموونـە کەسیەکان و ئەو خاڵانـەی جیـای دەکەنـەوە لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەری و دەگاتـە کرۆکـی ڕەسـەنایەتی داهێنـانی شـاعیرەکە[١٠١:١١٧]؛ بۆیـە لادانـی قۆنـاغی هـەموو ئـەو جـۆرە لادانانـە دەگرێتـەوە، کـە لەلایـەن شـاعیر و نووسـەرانی قۆنـاغێکی دیـاریکراو پـەیڕەوکراون بـە هـەموو جـۆر و ئاسـتە جیاوازەکانـەوە، بـە مـەرجێك ئـەو لادانانـە بنەمایـەکی شـێوازییان بـە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە بەخشی بێت. بۆ نموونـە: شـیعری داسـتان ئـامێز، یەکێکە لەو لادانانەی کە شاعیرانی ئەم قۆناغە ئەنجامیانداوە، کە بریتییە لـە تێکـەڵکردنی داسـتانە قارەمـانی و دڵدارییـەکانی وەك (خـەج و سـیامەند و سـێوێ و محەمـەد و برایمـۆك و پـەریخان و داسـتانی مامـە یـارە و داسـتانی بەردە قارەمان)، بە واتایەکی تر هۆنینەوەی ئـەو داسـتانانە بـە شـیعر، ئـەم لادانـە لـە شـیعری (برایمـۆك و گـۆرانی بـەفر و منـداڵیم)ی [٢٦: ٦٧– ٨٥] و شـیعری (داسـتانی مامـە یـارە) [٤٠: ٢٣ – ٦٠]، شـیعری (داسـتانی بـەردە قارەمان)[٤٠: ٩٩ – ١٧٩]لای (شێرکۆ بێکەس)، لە شیعری ( کەڕی خەنجـەر لــە زەماوەنــدی ســێوێ دا)[٦٢: ١٥٩ – ١٧١] لای (قوبــادی جــەلیزادە)، هـەروەها لادانـە واتییـەکانی وەك: (بەرجەسـتەکردن و بـە مرۆڤکـردن و بـە زیندەوەر کردن و پارادۆکس) و (لادانی شـێوەزاری) لـە ئاسـتی وشـە لادانـی قۆناغیین؛ چونکە لەلایەن بەشێکی زۆری شاعیرانی قۆناغەکە پەیڕەوکراون.

### ٤ - ٣: لەسەر بنەمای ئێستێتیکا

لادان و ئێستێتیکا پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە؛ چونکە ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەدەب بە گشتی و – شیعر– بەتایبەتی بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بە بەرداکردنی بەرگ و ڕۆحێکی ئیستاتیکییە بەدەقەکەدا، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك شاعیر بتوانێت ئەم جوانییە بەرجەستە بکات؛ بۆیە بە لادانەکە ئەرکەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، هەروەك (کۆهین) ئاماژەی پێکردووە (( هەموو شێوازێك لادانە، بەڵام هەموو لادانێك شێواز نییە))[١٠١:١٨٢]؛ چونکە شێواز ((دەرکەوتنی سیما زمانییەکانە لە دەقێك، یان کۆمەڵە دەقێکدا کە خاوەن تایبەتمەندی ئیستاتیکین))[١٢١: ١٥]لە سەر ئەم بنەمایە لادان چەند جۆرێکی هەیە:

**١– لادانی ئیجابی (پەسەند):** ئەو وێنە و بنەما تەواوکارییانەی، کە ئەدگارە ئەدەبییەکان پێکدێنن، لادانی ئیجابین[١٢١: ٤١]، وەك پێکهێنانی وێنەی شیعری، ڕەگەزەکانی مۆسیقا و ریتم.....تاد، ئەو لادانانە سوودمەندن و ((لە پێناوی کاریگەری شوێنکات و جوانی و مەودای دەلالی دروستکردنی توانای نوێ و گەڕانە بە دوای پەیوەندییەکانی مانا و شێوازە شیعرییەکانی ئەدەب))[٦: ١٦٠] (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:

**هەموو شەوێ**
**پەنجەرەکەم لە سەر پشتە**
**ئەڵێم بەڵکو**
**چرپەیەکی تۆی لێوەبێ**
**شەماڵێ خۆی کا بە ژوورا و**
**بۆنی عەتری تۆی پێوە بێ**[٣٠: ١٦١]

شاعیر وێنەیەکی شیعری جوانی کێشاوە، لادانێکی ئیجابییە، سەروای ئازادی پەیڕەو کردووە و وشەکانی (لێوە، پێوە) وشەکانی سەروان، کەوتوونەتە کۆتایی وێنەکان، لێرەدا لادان لە بونیاتی وێنە و مۆسیقا تێکەڵ

بـوون، هـەروەها لـە وشـەکانی (کـا و ژوورا) پیتـی قرتانـدوون، لـە بنچـینەدا (بکات و ژووردا)ن کە لادانێکی وشەیی شێوە زارییبن.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:[٢٦: ٤٥]،

**- لەم بەرەوە-**

**خۆشەویستیت بۆتە شووشەی**

**((آب جۆ))یەکی خاڵی و لە سەر سەری،**

**فەرهادەکەت...بە نیشانە ئەینێنەوە..**

**تەق**

**تەق**

**تەق**

**تەق**

**ئەینێنەوە.. ئەیشکێنن**

**ئەیشکێنن.. ئەینێنەوە**

**ئەی پەری خان**

لـەم دەقـەدا شـاعیر کۆمـەڵێك لادانـی لـە ئاسـتە جۆراوجۆرەکانـدا ئەنجامداوە، لە شێوەی نووسینی ئاسایی لایداوە و لادانێکی وێنەیی نوێی بۆ دەقەکەی بەرجەستە کردووە، کە هاوکاتـە لەگـەڵ شـێوەی شووشـەی ئـاوی جۆیەکـە، هـەروەها وشـەی (تـەق)ی چـوار جـار دووبـارە کردووتـەوە، لـە لەتـەکانی پـێش کۆتـایی وشـەکانیان بـە پێچـەوانەی یـەکتر دووبـارە کردوونەتـەوە، هـەموو لادانـەکان ئیجـابین؛ چـونکە ڕووکـارێکی داهێنەرانـەی نوێیـان بـە دەقەکـە بەخشـیوە، بـە کارهێنـانی وشـەی (اب جـۆ)لادانێکی وشەییە، لادانی ڕستەیی پاش و پێشخستنی لە ڕستەی سەرەتا ئەنجامداوە، کە لە بنەڕەتدا ڕستە بەم شێوەیە (خۆشەویستیت بۆتە شووشەیەکی خاڵی و بە نیشانە لە سەر سەری فەرهادەکەت ئەینێنەوە).

**٢- لادانی سلبی (ناپەسەند):** ئەو لادانانەی نابنـە سەرچـاوە و هۆکـاری بەهایـەکی واتـایی کاریگـەر، لادانێکـی نـا پێویسـت و زیـادەن لـە بونیـاتی

ئێستێتیکی و واتایی دەقەکە[١٩٤: ١١٩]، بە لادانی سلبی ئەژمار دەکرێن؛ بۆیە نابنە جێگای سەرنجی خوێنەر و چێژ و خۆشی پێ نابەخشن، لە بونیاتی دەقەکە هیچ گرینگی و بەهایەکییان نابێت.

(ئەنوەر مەسیفی) لە کۆتایی شیعری (جارێکی تر خۆرباران)دا دەڵێت:

**کەسێ، بزانێ گڵ و بەرد بخوێنێتەوە،**

**لە گۆرانییەکانی ئاو بگا،**

**لە گۆرانییەکانی با بگا،**

**لە گۆرانییەکانی من بگا،**

**دەزانرێ ئێرەش زۆر لە مێژە لە سووڕاندایە.**[١٠٥: ٤٧]

شاعیر چەند دەستەواژەیەکی بە هەمان شێوە لە لەتەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم دووبارە کردوونەتەوە، لادانێکی سلبییان دروست کردووە؛ بۆیە دەیتوانی هەر سێ لەتەکە کورت بکاتەوە و بەم شێوەیان لێبکات (لە گۆرانییەکانی ئاو و باو و من بگا)، هەمان واتا دەگەیێنێت، بونیاتی دەقەکەش پوختر دەبێتەوە.

هەروەها هەموو ئەو هەڵە ڕێزمانییانەی لە تەوەری دووەمی بەشی دووەمدا باسمان لێوەکردن، دەچنە خانەی ئەم جۆرە لادانە؛ چونکە لە بێ ئاگایی شاعیران دروست بوونە و بە کەموکورتی دادەنرێن لە بونیاتی دەقە شیعرییەکاندا بڕوانە: نموونەکانی (هەڵەی ڕێزمانی) لاپەڕەکانی (٩٢–٩٤)ی ئەم توێژینەوەیە.

**٣– لادانی لۆژیکی (ماقووڵ):** ئەگەرچی لادان بنەمای سەرەکی زمانی شیعرییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و دەبێت لێیان تێنەپەڕێت. (لیچ) پێی وایە ((لادان دەبێ تا ئەو ئاستە ڕێگای پێبدرێ کە پێوەندی نێوان بنێر و وەرگر نە پچڕێنێ))[٢٥: ٢٨]، ئەمەش بۆ توانای شاعیر دەگەڕێتەوە، لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەك لە نێوان دەق و خوێنەر، ((کە تێیدا بتوانێ لە لایەکەوە هەستی خۆی بە تەواوی و بەو جۆرەی دەیەوێ دەربڕێت، لە لاکەی تریشەوە، دەربڕینەکە بە جۆرێك بێت، کە خوێنەر تێی

بگـات و ئـەرکێکی عـەقڵی وای تـووش نـەکات، کـە بـە ناچـاری دەسـت لـە شـیعرەکە هـەڵبگریّ))[٦٨: ٤٠٩]؛ بۆیـە ئـەم جـۆرە لادانەکـە لێکدانـەوەی لۆژیکی بۆ دەکرێت و ((دەتوانرێـت ئـەو جیاوازییـەی لـە نێـوان ڕەگـەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێڵرێت))[٥: ٢٥٨]، بۆ نموونە: (قوبادی جەلیزادە) لە شیعری (قەڵا)دا دەڵێت:

**کە مردن دەرگای پیّ گرتم**
**هاوارم بردە بەر شیعریّ،**
**بەژنی شیعرە: بوو بە قەڵا**
**من بووم بە میر**
**کەللەی ووشە: بوو بە قوللە**
**پیت بوو: بە تیر**[٦٢: ١٥٤]

واتای گشتی شیعرەکە و وێنەکانی لێکدانەوەی لۆژیکیـان بـۆ دەکرێـت، شـاعیر مەبەسـتی ئەوەیـە کـە شـیعر چـەکێکی بـەهێزە و مـرۆڤ لـە هـەموو نەهامەتی و ناخۆشـییەك دەپارێزێـت، درێـژیی و وشـەکانی دەتپـارێزن، واتـا مرۆڤ بە گوتن و قسە دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو شتێك بێتەوە، شۆڕش هەر بە چەك و شمشێر نییە؛ بەڵکو قەڵەمیش چەکێکی بەهێزە.

(ڕەفیـق سـابیر) لـە کۆپلەیـەکی شـیعری (لـە کـویّ بتنێـژم)دا کـە بـۆ هاوڕێکەی (شەفیق کەریم) نووسیوویەتی دەڵێت:

**بایەکی سپی زامەکانم بە خۆڵەمێش دەشواتەوەو**
**بەرەو ئاسۆی لێڵی ونبوون هەڵمدەگرێت**
**پەنجەکانم وەکو چیلکە ڕەق و ویشك دەکاتەوە**
**بە پەنجەی سڕ و بیّ نینۆك چەپکە گزنگێك، بۆ زامەکانت**
**چۆن بچنمەوە؟**
**داستانی سوورت لەسەر تاوێر و باڵای ئێوارە**
**چۆن بنووسمەوە**
**دڵیشم شەختە و گڕ تەنیویەتی**

**چۆن تەرمەکەتی**

**تیا بشارمەوە؟** [٣٢: ٢٨٣- ٢٨٤]

شاعیر باس لەو چرکەساتانە دەکات کە هاوڕێیەکی خۆشەویستی لەدەست داوە و لە ڕێگەی لادانە واتاییەکان و لێکچواندن چەند وێنەیەکی هونەری کێشاون، دەقە شیعرییەکە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی بۆ دەکرێت و واتا و مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە.

**٤- لادانی نالۆژیکی (نا ماقووڵ):** ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی لادان بونیاتنانی ڕووکار و بنەمایەکی هونەرییە لە دەقی شیعرییدا، بەڵام هەندێك جار ((لە ڕووی بونیاتەوە بە نێگەتیڤ دەشکێتەوە و ئەو جیاکارییە شیعرییە نا خولقێنیٚ و بونیاتنانەوە نییە))[٦: ١٦٥]؛ چونکە، یان بە بیٚ ئاگایی ئەنجام دەدرێت، یان هیچ سنوورێك بۆ جۆر و مەودای لادانەکان دانانرێت، بە پێی ئەو ڕێباز و ڕێچکەی شاعیر پەیڕەوی دەکات، وەك سورياليیەکان، کە ئامانجی سەرەکی ڕێبازەکەیان نووسینە بە زمانێکی نالۆژیکی و دوور لە عەقڵ و تێگەیشتن؛ چونکە ئەو جیهانەی ئەوان دەیانەوێت گوزارشتی لیٚ بکەن جیاوازە لە جیهانی واقیعی و بینراو؛ بۆیە وێنە و شیعرەکانیان بەرەو ناماقووڵیەت دەچن و لێکدانەوەی لۆژیکیان بۆ ناکرێت، هەروەك (ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت: ((نا ئاسایی لە شیعردا واتە نائاسایی لە واقیعدا. نائاسایی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ نائاسایی زمان و نائاسایی واقیعیش دەگەڕێتەوە بۆ نائاسایی دەستوور))[١٤١:١٠٥]؛ چونکە ئەو دەستوورەی ئەوان لەسەری دەڕۆن ئەو بارە نائاساییەیە، بۆ نموونە: شاعیر لە بەشێکی شیعری (جل و بەرگ)دا دەڵێت:

**لە**

**ناو**

**دارستانان**

**تێلخانە**

**کۆخین**

**چووپ**

**کاول لەسەر دارەبازان**

**لە ناو پیرەمێردان**

**سە لەسەر ئەو بەفرانەی**

**نەشێلدراون گۆتن**

**ناو ئارەقەی مەییو دەکەمەوە**

**کۆڵان لیکی گۆرانیبێژان تووتن**[١٨: ٢٥-٢٦]

واتــای گشــتی ئــەم پارچــە شــیعرە لێکدانــەوەی بــۆ ناکرێــت، ڕەگــەزە پێکهێنەرەکانی وێنەکانی لێك دوورن و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییــە؛ چــونکە لادانــەکان زیــاتر لــە ســنووری خۆیــان بڕیــوە و دەقەکــەیان بــەرەو ناماقووڵیەت بردووە.

(سەباح ڕەنجدەر)یش لە چەند وێنەیەکدا هەمان ئــەو لادانانــەی پــەیڕەو کردووە وەك:

**یادەکانی سەرمایەتی**

**خوشکەکانی باران**

**ئێسکیان کلە لە چاوی درەختی کوژراو**[٤١: ٢٣]

لە شوێنێکی تر بە هەمان شێوە دەڵێت:

**باران لەشی شەقام**

**شانی ڕاستی**

**سۆراخی دووڕیان**

**شانی چەپی**

**گەرمایی لە ئاگرە خراپەکان دەستێنێتەوە**[٤١: ٣٤]

وێنەکان چەندین لادانیان لە ئاســتە جۆراوجۆرەکــان تێــدا پــەیڕەوکراوە؛ بۆیە قاڵبێکی نالۆژیکییــان وەرگرتــووە، لێکدانــەوەی واتــا و پێوەنــدی نێــوان ڕەگەزەکان قورسە و دوورە لە بارودۆخی ئاسایی و لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن.

کەواتا بە پێی ئەو پۆلێنەی بۆ جۆرەکانی لادانمان کردووە، هەموو جۆرەکانی لادان لە ئاست و بنەما جۆراوجۆرەکان لە شیعری نوێخوازی کوردی ئەم ماوەیەدا بوونیان هەیە و شاعیرانی ئەم قۆناغە پەیڕەوییان کردوون، بەڵام هەموو لادانەکان لە بەرهەمی تاکە شاعیرێك کۆنابنەوە، بەڵکو هەر شاعیرە و لادانێك، یان چەند لادانێکی پەیڕەو کردووە، بەمەش شێوازێکی قۆناغییان بەم ماوەیە بەخشیوە، هەموو جۆرەکانیش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لادان لە هەر بونیات و لایەنێکی دەق هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرە لادانێکی تر بووە لە ئاست و بونیات و پێکهاتەیەکی تر.

## ئه نجام

١– توێژینەوە لـە چـەمکی لادان و لـە ژێـر ناونیشـانی ئـەم چـەمکەدا لـە ڕەخنەی ئـەدەبی کوردیدا مێژوویـەکی کـۆنی نییـە، زۆربـەی هەوڵـەکان لـەم بارەیەوە بۆ ساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیە دەگەڕێنەوە.

٢– لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، نزیکـەی یـانزە زاراوەی هەمـەجۆر بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـۆ چـەمکی لادان بـەکارهێنراون، واتـا ڕەخنــەگرانی کــورد هــاوڕا و کــۆك نەبوونــە لــەبارەی بــەکارهێنانی تاکــە زاراوەیەك، بەڵام لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا زاراوەی (لادان) لە هەموویان زیاتر بەکارهاتووە و پێمان وایە گونجاوترینیانە.

٣– لادان لــە ڕەخنــەی ئــەدەبی کوردیــدا، وەك کردەیــەکی داهێنــان ئەگەرچی زیاتر بە شیعری کۆن و نوێـوە پەیوەسـتکراوە، بـەڵام کردەکـە لـە پەخشانە شیعر و ڕۆمان و چیرۆکیشدا تیشکی خراوەتەسەر.

٤– نــەبوون و دەستنیشــان نــەکردنی بنــەماکان، لــە پــۆلین کردنــی جۆرەکـانی لادان لـە لایـەن ڕەخنـەگرانی کـوردەوە، جۆرێـك لـە تەمومـژی و تێکەڵاویی لە ناونان و دابەشکردنی جۆرەکانی لاداندا دروستکردووە، زمانیش تاکە بنەمای هاوبەشە لای سەرجەم توێژەران.

٥– ڕەخنــەگرانی کــورد هــیچ پێــوەرێکی تایبــەت بــە زمــانی کــوردی و جیاوازییان لـە پێـوەری ڕەخنـەگرانی ئـەوروپی و فـارس و عـەرەب بـۆ لادان دەستنیشان نەکردووە و پێوەرەکان لە هەموو زمانێکدا هاوبەشن.

٦– دەقــە شــیعرییەکانی ئــەم قۆناغــە، نابــاوی و سیســتەمێکی نــوێی زمانییـان پێوەدیـارە، ئەمـەش بـە لادان لـە ئاسـتی وشـە و ڕسـتەدا بـەدی دەکرێت:

أ– لـە ئاسـتی وشـەدا، بـە گشـتاندنی یاسـا وشـە ڕۆنانییـەکان چـەندین وشەی نوێیان داهێناوە، بە لادان لـەم یاسـایانەش چـەند لادانێکـی وشـەییان ئەنجامداوە.

ب- شێوەزارە جیاجیاکانی زمانی کوردی و زمانە بێگانەکان سەرچاوەی دروستبوونی چەند لادانێکی وشەیین لە دەقەکاندا، وەك لە هەندێ لە دەقەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)، (ئەنوەر مەسیفی)، (سەباح ڕەنجدەر)دا دەبینرێت.

ت- گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەی خەڵك و سوود وەرگرتن لە وشە پەراوێزخراوەکانی زمانی کوردی، سیمایەکی تری لادانە وشەییەکانی شێوازی شاعیرانی ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٩١)ن.

پ- شاعیرانی ئەم قۆناغە (١٩٨٠ – ١٩٩١) بۆ مەبەستی بەرجەستەکردن و ڕێکخستنی ریتمی شیعر، هەندێك کەرەستەیان لە ڕستە شیعرییەکاندا کرتاندووە، هەندێك جاریش پاش و پێش خستن و بە لووتکە کردن و (دەستکاری کردنی ڕۆنانی ڕستە)یان ئەنجامداوە.

ج- بێ ئاگایی هەندێ شاعیران لە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی بۆتە هۆکاری هەڵەی ڕێزمانی لە ڕستە شیعرییەکاندا، ئەمەش بە لادانێکی نەرێنی لە پێکهاتی دەقەکان دادەنرێت. وەکو لە هەندێ لە دەقەکانی (موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) و (ئەنوەر مەسیفی) و (قوبادی جەلیزادە) و (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)دا بەدی دەکرێت.

ح- نووسین بە زمانێکی خەون و خەیاڵئامێز و دوور لە یاسا، لای چەند شاعیرێکی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی، ناتەواوی ڕستەی شیعریی و نادیاری و ئاڵۆزی واتایی بەدی هێناوە، بە تایبەتیش لە هەندێ دەقی (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر).

٧- شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە لادانی واتاییان ئەنجامداوە، زێدەڕۆیی و پارادۆکسی و دانەپاڵ کە (بەزیندەوەرکردن و بەتەنکردن و داماڵین و بەڕەوانکردن و ڕەنگپێدان و هەستگۆڕکێ و نەگونجانی ئاوەڵناوی)دەگرێتەوە، دیارترین جۆری لادانە واتاییەکانن.

٨- لێکچواندن و خواستن، وەك دوو میکانیزمی گرینگ، زۆربەی لادانە واتاییەکانی ناو دەقە شیعرییەکانییان بەرهەم هێناون.

٩- ڕەمز وەك ئەدگارێكی لادانە واتاییەكان، بە هەردوو جۆری (ڕەمزی خودی و ڕەمزی گشتی) پەیڕەوكراوە، بە پێی سەرچاوەی وەرگرتنیش جۆری ڕەمزەكان بریتین لە: ڕەمزی ئایینی، ڕەمزی كەلەپووری، ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمزی سرووشتی، ڕەمزی ئەدەبی، ڕەمزی ژمارەیی.

١٠- تەمومژ، ئەدگارییێكی لادانە واتاییەكانە و بە شێوەی تەمومژی تەنك و تەمومژی ئەستوور لە دەقە شیعرییەكاندا دەبینرێت.

١١- لە دەقە شیعرییەكانی قۆناغی (١٩٨٠-١٩٩١) لادان پەیوەست نەكراوە بە لایەن و بونیات و بنەمایەكی دیاریكراوی دەق؛ بۆیە لەسەر چەند بنەما و ئاستی بونیاتەكانی دەرەوە و ناوەوەی دەق لادانی هەمەجۆریان ئەنجامداوە.

١٢- شاعیرانی ئەم قۆناغەی شیعری كوردی ناونیشانیان بە بونیاتێكی گرینگی دەق سەیر كردووە و زیاتر لە ڕێگەی لادانە پێكهاتەیی و واتاییەكان و بەكارهێنانی نیشانەی خاڵبەندی لادانییان لە بونیاتی ناونیشانەكاندا ئەنجامداوە، وەك لە دەقەكانی: (سەباح ڕەنجدەر) و (فەرید زامدار) و هەندێ دەقی (قوبادی جەلیزادە و جەلال بەرزنجی و كەریم دەشتی)دا دەردەكەوێت.

١٣- شێوەی نووسینی دەقی شیعری لادانی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینییوە، نووسین بە ئاراستەی ستوونی و هەڵوەشاندنەوەی كەرەستەكانی ڕستە و نووسینی پلیكانەیی و نووسینی وێنەیی دیارترین ئەو لادانانەن، وەك لە هەندێ دەقی (شێركۆ بێكەس و قوبادی جەلیزادە و ڕەفیق سابیر و ئەنوەر مەسیفی و عەبدوڵلا پەشێو) بەدی دەكرێت.

١٤- لادان لە خاڵبەندی لای شاعیرانی ئەم قۆناغە بە دوو شێوەی پێچەوانەی یەكتر پەیڕەوكراوە،

یەكەم: لادان بە بەكارهێنانی نیشانە و كەرەستەكانی خاڵبەندی. دووەم: لادان بە بەكارنەهێنانی نیشانە و كەرەستەكانی خاڵبەندی، وەك لە دەقەكانی (سەباح ڕەنجدەر)دا بەدی دەكرێت.

١٥- كێش و سەروا وەك دوو بنەمای بونیاتی مۆسیقای دەرەوە لادانیان تێدا ئەنجامدراوە، كێشی هەمەڕەنگ و جووت سەروا بەكارهێنانیان زۆر كەمە.

١٦- شاعیرانی ئەم قۆناغە - ئەوانەی لە سنووری نامەكەدان - خۆیان ئازادكرد لە هەموو قاڵبە كۆن و باوەكان؛ بۆیە كێشی ئازاد پەیڕەوكراوە و سەرواش بە چەمكە كۆن و باوەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەرەو نەمان چووە.

١٧- هەندێك لە دەقە شیعرییەكان لەسەر ئاستی واتایی گشتی دەق لە یەكێتی بابەت لایانداوە، هەندێك لە دەقە شیعرییەكانی: (ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر)یش نادیاری و ئاڵۆزی واتایان تێدایە.

١٨- ریتمی ناوەوە چڕ و كاریگەرە و لادان لە بونیاتی ئەم ریتمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لادانانەی لە بونیاتی مۆسیقای دەرەوە ڕوویانداوە، دووبارەكردنەوە (بە شێوەی جیاواز و لە ئاستی جۆراو جۆر) و ریتمی سیمانتیكی كە (دژیەك، هاوتایی لە ریتم، ڕەگەزدۆزی)بەشداری لە دروستبوونیدا دەكەن، ریتمی ناوەوەیان بونیات ناوە.

١٩- ئەو لادانانەی لە بونیاتی وێنەی شیعری وەك بونیاتێكی ناوەوەی دەق ئەنجامدراون، دەگەڕێنەوە بۆ لادان لە بونیاتی واتا و بونیاتی مۆسیقا؛ بۆیە وێنەی شیعری لە شیعری ئەم قۆناغەدا ڕەهەندێكی گرینگە؛ چونكە توانیویەتی ئاستەكانی دەنگ و واتا پێكەوە گرێ بدات.

٢٠- جۆرەكانی لادان لەسەر بنەمای داهێنان و بەكارهێنان بریتیین لە: **لادانی خودی** كە دەبێتە (لادانی شێوازی و لادان لە شێوان)، **لادانی گشتی**، **لادانی باو**، **لادانی قۆناغیی**، سەرجەمیشیان لای شاعیرانی ئەم قۆناغە پەیڕەوكراون.

٢١- لادان لەسەر بنەمای ئێستێتیكا **لادانی ئەرێنی** و **لادانی نەرێنی** و **لادانی لۆژیكی** و **لادانی نالۆژیكی** دەگرێتەوە، ئەم جۆرە لادانانەش لە دەقە شیعرییەكانی ئەم قۆناغەدا دەبینرێن.

## بیبلۆگرافیا

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ- کتێب**


١- ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، پ.د. وریا عومەر ئەمین، بەرگی ١، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

٢- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی خوێندنی باڵا، بەغدا، ١٩٩٠.

٣- ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤- ئەنوەر مەسیفی لە سێ ئەزموونی شیعریدا، حەکیم مەلا ساڵح، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.

٥- ئێستێتیکای دەقی شیعری کوردی (کوردستانی عیراق ١٩٥٠-١٩٧٠)، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د.عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سلێوە عیسا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩

٨- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ - ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٩- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ( ١٩٨٥-٢٠٠٥)لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٩.

١٠- بێ دەنگی گەورە، عەبدوڵڵا عەباس، الزمان، بغداد، ١٩٨٥.

١١- تۆ لە نێوان کۆچی شەو و ماچی ڕۆژدا، عەبدوڵڵا عەباس، چ. علاء، بەغدا، ١٩٨٠.

١٢- تەمە سپییەکانی رۆح (هۆنراوە)، کەریم دەشتی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨.

١٣- تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٤- پارادۆکسیزم و تێگەهێ وێ د هوزانا نویخازا کوردیدا ل دەڤەرا بادینان، عیسمەت خابوور، ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد دهۆك، چ.١، چ.هاوار، ٢٠٠٦.

١٥- پەخشانە شیعر (تەکنۆ- سیمانتیکی گوتاری شیعر)، د. محەمەد بەکر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٦- پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، شەرمین ئیبراهیم عەزیز، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٧- جارێکی تر خۆرباران، ئەنوەر مەسیفی، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٨٤.
١٨- جل و بەرگ و جمکەکان، ئەنوەر مەسیفی، دار الکتب و الوثائق، بغداد، ١٩٩٠.
١٩- جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ئیدریس عەبدوڵڵا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢٠- خۆر کۆچ ناکات، موکەڕەم رەشید تاڵەبانی، ١٩٨٦.
٢١- خەون وا خۆی گێڕایەوە، سەباح ڕەنجدەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٢- دەچنە رێواسان، موحسین ئاوارە، مطبعة الثقافة و الشباب/أربیل، چ١، ١٩٨٥.
٢٣- دەقی ئەدەبی (ئەدگار.چێژ.بەها)، د.فوئاد رەشید محەمەد، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٤- دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین، ئەدۆنیس، و: ئومێد عوسمان، دەزگای موکریان، ٢٠٠٨.
٢٥- دەنگی بلوورینی دەق - رەخنە و لێکۆڵینەوە-، عەبدولخالق یەعقووبی، چ.راز، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٦- دوو سروودی کێویی، شێرکۆ بێکەس، مطبعة الأدیب، بغداد، ١٩٨٠.
٢٧- دوو کتێب لە بارەی شیعرەوە، سەباح ڕەنجدەر، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠١١.
٢٨- دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، د.دڵشاد عەلی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٩- دیوان، عەبدوڵڵا پەشێو، چ:١، سوید، ٢٠٠٢.
٣٠- دیوان، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ب١، چاپخانەی تیشک، چ:١، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٣١- دیوان، لەتیف هەڵمەت، ب١، چ٢، چاپخانە شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٢- ڕاز و گومان، رەفیق سابیر، ب٢سەرجەم شیعرەکانی، چاپخانەی ڕەنج، چ١، ٢٠٠٦.

٣٣- ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، پەرێز سابیر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٣٤- ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن ( ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونەوە)، د.عەلی تاهیر حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٥- ڕەنگ لە ڕەنگداندا، لێکۆڵینەوەی چامە شیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس)، ئەحمەد سالار، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٦- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتا ناسی)، عەزیز گەردی، بەرگی سێیەم، چ.کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٩.
٣٧- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)، عەزیز گەردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.
٣٨- ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لە ساڵانی (١٩٨٠ — ١٩٩١)دا، د.حوسێن غازی کاکەمین،چاپخانەی حاجی هاشم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٩- ڕستەسازی کوردی، محەمەد مەحوی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.
٤٠- ڕووبار (چیرۆکە شیعر)، شێرکۆ بێکەس، مطبعة علاء، بەغدا، ١٩٨٤.
٤١- ڕووەکەکانی خواوەند، سەباح ڕەنجدەر، ئۆفیسی هەولێر، هەولێر، ١٩٩٩.
٤٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤٣- زانستی هێما، هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، محەمەد مەحوی، ب ١، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤٤- زمان، بوون، شیعر، خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعرەکانی هاشم سەڕاج، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای موکریانی، ٢٠١٠.
٤٥- زمانەوانی (سەرەتایەك لە زمانەوانی بە زمانی کوردی)، د.محەمەد مەعرووف فەتاح، هەولێر، ١٩٨٧.
٤٦- زمانەوانی، سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بەرگی ١،٢،٣، چ٢، چاپخانەی هەولێر، ٢٠١٠.
٤٧- زێوان، سەباح ڕەنجدەر، چ:٢، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤٨- سەروا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا)، عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.

٤٩– سوریالیزم له ئەدەبی نوێی کوردیدا، حەمه مەنتك، دەزگای ئاراس، چ ١، هەولێر، ٢٠١١.
٥٠– شەڕی وشەکان نیو نوقته له ژێر نیودا، سەرجەم شیعرەکان، فەرید زامدار، چ١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥١– شەهید به تەنیا پیاسه دەکات، قوبادی جەلیزاده، دەزگای ئاراس، هەولێر، چ.٢، ٢٠٠٧.
٥٢– شیعر چی یه؟ لۆرانس پیرین، و.د. ئەبوبەکر خۆشناو، چ. پیرەمێرد، چ. ١، ٢٠٠٨.
٥٣– شیعری نوێی کوردی (١٨٩٨ – ١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، دەزگای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥٤– شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چ.رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.
٥٥– شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (( لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە))، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.
٥٦– شێواز و شێوازگەری، د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چ.ڕۆژ هەڵات – هەولێر،٢٠١٠–٢٠١١.
٥٧– شێوازگەری (تیۆری و پراکتیك ڤەکۆلینەکە دبیاڤێ هۆزانێ دا)، نیعمەتوڵڵا حامید نهێلی، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٧.
٥٨– شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی ئەحمەد، کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٥٩– چۆڕاوگه، موحسین ئاواره، الكرادة الشرقية، بەغدا، ١٩٨٤.
٦٠– گەڕان بەدوای ئیقاعی وشەدا، تەیب جەبار، سلێمانی، ٢٠٠٩
٦١– فەلسەفەی جوانی و هونەر، د.کەمال میراودەلی، چ٢، سلێمانی، قانیع، ٢٠٠٥.
٦٢– قەڵەمێکی ڕدێن سپی، قوبادی جەلی زاده، ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨.
٦٣– کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ب ١، چ: زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، ١٩٨٧.
٦٤– کێش و قافیه له شیعری کوردیدا، مارف خەزنەدار، چاپخانەی الوفاء، ١٩٦٢.
٦٥– کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عەبدولڕەزاق بیمار، چاپی یەکەم، (دار الحرية)، بەغدا، ١٩٩٢.

٦٦- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی فارسیدا، عەزیز گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
٦٧- لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار)، عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦٨- لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، پ.د.محەمەد مەعرووف فەتاح، هەولێر، دەزگای موکریان ٢٠١٠.
٦٩- مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، محەمەد مەحوی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٧٠- مەولەوی و تەقینەوەی زمان، حەکیم مەلا ساڵح، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٧١- ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ، جەمال شارباژێڕی، مطبعة علاء، بەغدا، ١٩٨٥.
٧٢- نرخ شناسی، عەلائەدین سەجادی، دار المعارف، بەغدا، ١٩٧٠.
٧٣- نیگەرانیی، نەوزاد ڕەفعەت، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٥.
٧٤- هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا (کۆ شیعری ١٩٨٠ - ٢٠٠٥)، عەبدوڵڵا پەشێو، چ:٣، هەولێر، ٢٠٠٨.
٧٥- هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیرباڵ)، دلێر سادق کانەبی، موکریان، ٢٠٠٩.
٧٦- هەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی کوردی، هەولێر، د.محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید، چ:ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٧٧- هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر، جەلال بەرزنجی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٧٨- هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، سلێمانی، دەزگای چاپی ڕێنما، ٢٠٠٤.
٧٩- هونەری شیعر، هۆراس، و: حەمید عەزیز، چ: الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
٨٠- واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، پ.د.عەبدولواحید مشیر دزەیی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٨١- واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، د.تاڵیب حوسێن عەلی، چ.ڕۆژهەڵات، چ (١)، هەولێر، ٢٠١١.

ب- فەرهەنگ:


٨٢- فەرهەنگی ڕستە، مەلا مەحموودی گەلاڵەیی، دار المعرفة، ب١، ٢٠١٠.

٨٣- فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، د.کەمال میراودەلی، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٨٤- فەرهەنگی شێخانی، عەبدولوەهاب شێخانی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨٥- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، هەژار موکریانی، تەهران، سرووش، چاپی سێیەم، ١٣٨١ هەتاوی.


پ- نامەی ئەکادیمی (ماستەر و دکتۆرا):


٨٦- بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، بەکر عومەر عەلی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،١٩٩٢.

٨٧- بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)دا، کەژاڵ حەمە ئەمین ئەحمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠١٠.

٨٨- پەیوەندییەکانی نێو دەق، قەیس کاکل تۆفیق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، ٢٠٠٢.

٨٩- ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (١٩٧٠-١٩٩١)، پەخشان سابیر حەمەد، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٢.

٩٠- زمانی شیعرەکانی حاجی قاری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، خانزاد عەلی قادر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٤.

٩١- زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە نموونە)، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٩.

٩٢- شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، خەلیل ئیبراهیم مستەفا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، ٢٠٠٩.

٩٣- شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، نامە ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٧.

٩٤- شێواز لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی، شیاو ڕەشید ئەبوبەکر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨.

٩٥- شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، سافیە محەمەد ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، ٢٠٠٩.
٩٦- چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.
٩٧- لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، ناز ئەحمەد سەعید، نامەی ماسەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان،٢٠١٠.
٩٨- میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، بەکر عومەر عەلی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٩٩- هەندێ لایەن لە پێوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تالیب حوسێن عەلی، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، ١٩٩٨.

**ت- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١٠٠- جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی ڕەش و سپێتی، عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، گ.کاروان، ژ: ١٢، خوولی ڕاپەڕین، هەولێر، ١٩٩٤.
١٠١- خەیاڵکردن و هونەری شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی، ئەحمەدی مەلا، گ.ڕامان، ژ. (٦٧)، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢.
١٠٢- خزان لە شیعری نوێدا، ئەکرەم قەرەداغی، گ.ئایندە، ژ.٦٧، تەمموزی ٢٠٠٦.
١٠٣- شیعری وێنەیی، ڕەحیم گەنەبۆیی، گ.شین، ژ (١)، ئاداری٢٠٠٤.
١٠٤- شێواز چییە؟، سەعید غانمی، و:نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گ:ڕامان، ژ:٣٨، ٥ی ئابی ١٩٩٩.
١٠٥- گۆڤاری شین، ژ:١٥، دەزگای ئاراس، هەولێر، ژمارەی تایبەت، تشرینی دووەم، ٢٠٠٥.
١٠٦- کاری (بریتی بوون لە....) لە زمانی نووسیندا، د.شێرکۆ بابان، گ.ڕامان، ژ: ١٢٥، ٢٠٠٧.
١٠٧- لە بارەی زمانی شیعر و ڕۆشنبیری سەردەمەوە، ئاوات محەمەد ئەمین فەتاح، گ.ڕامان، ژ.١٢٥، ٥/١٠/٢٠٠٧.
١٠٨- لێکچواندن و ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف)دا، سەردار ئەحمەد گەردی، گ.زانکۆی سلێمانی، ٥/١١/٢٠٠١.

١٠٩– هەڤپەيڤین لەگەڵ ئـەنوەر مەسـیفی، گ.شـێن، ژ. (١)، دەزگـای ئـاراس، ئـاداری، ٢٠٠٤.
١١٠– هونـەری تێکشـکانی زمـانی بـاو لـە شـیعرەکانی مەحویـدا، حـەکیم مـەلا سـاڵح، گ.نووسەری نوێ، ژ.١٣، ئاداری ٢٠٠٠.
١١١– وێنەی شیعری لـە لای نـالی، دلێـر ئەحمـەد قـەرەداغی، گ.رامـان، ژ. (٧٤)، ١ ی ئابی ٢٠٠٢.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

**أ– كتێب:**

١١٢– الإبهام في الشعر الحداثة ( العوامل و المظاهر و آليات التأويل)، د. عبدالرحمن محمد القعود، عالم المعرفة، الكويت، ٢٠٠٢.
١١٣– اتجاهات الشعرية الحديثة (الأصول والمقالات)، يوسف اسكندر، ط (١)، بغداد، دار الشؤون الثقافية، ٢٠٠٤.
١١٤– الادب والدلالة، تزيفتيان تودوروف، ت: محمد نديم خشفة، مركز الأنماء الحضـاري، سوريا، ١٩٩٦.
١١٥– الأسلوب والأسلوبية بـين العلمانيـة والأدب الملتـزم بالأسـلام، د.عـدنان علـي رضـا النحوي، دار النحوي، ط ١، مملكة العربية السعودية، ١٩٩٩.
١١٦– الأسلوبية الرؤية والتطبيق، أ.د.يوسف أبو العدوس، دارالميسرة، عمـان – الأردن، ٢٠١٠.
١١٧– الأسلوبية منهجاً نقدياً، محمد عزام، دمشق، ١٩٨٩.
١١٨– الأسلوبية و الأسلوب، د.عبد السلام المسدى، دار الكتاب الجديـد المتحـدة، ليبيـا، ط ٥، ٢٠٠٦.
١١٩– الاسـلوبية و التداوليـة مـداخل لتحليـل الخطـاب، د. صـابر محمـود الحباشـة، عـالم الكتب الحديث، اربد – الاردن، ٢٠١١.
١٢٠– الأسـلوبية و تحليـل الخطـاب، د.منـذر عياشـي، مركـز الأنمـاء الحضـاري، دمشـق، ٢٠٠٩.
١٢١– الأسـلوبية و خصـائص االغـة الشـعرية، د.مسـعود بودوخـة، عـالم الكتـب الحـديث، الأردن، ٢٠١١.

١٢٢- الأسلوبية (مدخل نظري ودراسة تطبيقية)، د.فتح الله أحمد سليمان، مكتبة الأداب، القاهرة، ٢٠٠٤.
١٢٣- الأسلوبية، جورج مولينيه، ت.د.بسام بركة، ط:٢، مؤسسة الجامعة، بيرو ت – لبنان، ٢٠٠٦.
١٢٤- الانزياح الشعرى عند المتنبي ( قراءة في التراث النقدي عند العرب)، د. أحمد مبارك الخطيب، دار الحوار، سوريا، ٢٠٠٩ط.١.
١٢٥- الأنزياح في منظور الدراسات الأسلوبية، د.أحمد محمد ويس، دار مجد، ط ١، بيروت، ٢٠٠٥.
١٢٦- بلاغة الخطاب و علم النص، د. صلاح فضل، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والاداب، الكويت، ١٩٩٢.
١٢٧- البلاغة و الأسلوبية نحو نموذج سيميائى لتحليل النص، هنريش بليث، ترجمة و تقديم و تعليق د. محمد العمرى، أفريقا الشرق، بيروت- لبنان،١٩٩٩.
١٢٨- البلاغة و الاسلوبية، د.محمد عبد المطلب، الشركة المصرية العالمية للنشر – لونجمان، ١٩٩٤.
١٢٩- بنية اللغة الشعرية، جان كوهين، ترجمه: محمد الولى و محمد العمرى، دار توبقال، ط ١، ١٩٨٦.
١٣٠- تحليل اللغوي للنص، كلاوس برينكر، ترجمه وعلق عليه و مهد أ.د.سعيد حسن بحيري، ط١، القاهرة، ٢٠٠٥.
١٣١- تحليل النص الأدبي بين النظرية و التطبيق، محمد عبد الغني المصري و مجد محمد الباكير البرازي، مؤسسة الوراق، الأردن، ٢٠٠٩.
١٣٢- تحليل النص الشعري، مهاد نقدي، ت:د.محمدأحمد فتوح، ط١، النادي الأدبي الثقافي، جدة المملكة العربية السعودية، ١٩٩٩.
١٣٣- التركيب اللغوي للأدب، د.لطفي عبد البديع، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٩٧.
١٣٤- تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، د.نعيم اليافي، تقديم الدكتور محمد جمال طحان، صفحات للدراسات والنشر، سورية – ديمشق، ص ١٧٩ – ١٨٠.
١٣٥- التفكير الأسلوبي، رؤية معاصرة في التراث النقدي و البلاغي في ضوء علم الاسلوب الحديث، د.سامي محمد عبابنة، عمان – الاردن، ٢٠٠٧.
١٣٦- جماليات الأسلوب و التلقي دراسات تطبيقية، د.موسى ربابعة، ط:١، دارجرير، الأردن، ٢٠١١.

١٣٧– جماليات الاشارة النفسية في الخطاب القرأني، د.صالح ملا عزيز، دار الزمان، سوريا، ٢٠١٠.
١٣٨– جماليات النص الشعري (قراءة في أمالي القالي)، د.مصطفى أبو شوارب، ط:١، دار الوفاء، الأسكندرية، ٢٠٠٥.
١٣٩– جوانب من نظرية النحو، تشومسكى، ت:مرتضى باقر، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٥.
١٤٠– الحقيقة الشعرية (على ضوء المناهج النقدية المعاصرة و النظريات الشعرية دراسة في الاصول و المفاهيم)، د.بشير تاوريريت، عالم الكتب الحديث، الاردن، ٢٠١٠.
١٤١– خصائص الاسلوب في الشوقيات، د.محمد الهادي الطرابلسي، جامعة تونس، ١٩٨١.
١٤٢– دراسات أسلوبية في تفسير الزمخشري، د.مسعود بودوخة، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠١١.
١٤٣– دلائل الأعجاز، الشيخ الامام أبي بكر عبد القاهر بن عبدالرحمن محمد الجرجاني النحوى، قرأة و علق علية محمود محمد شاكر، مكتبة الخانجي، ط:٥، ٢٠٠٤.
١٤٤– دلائيليات الشعر، مايكل ريفاتير، ١٩٩٩.
١٤٥– رماد الشعر، عبد الكريم راضي جعفر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٨.
١٤٦– الرمز الشعري عند الصوفية، د. عاطف جودة نصر، دار الاندلس، بيروت – لبنان، ط.٣، ١٩٨٣. ١٤٧– الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، د.محمد فتوح أحمد، دار المعارف، ط.٢، القاهرة، ١٩٧٨.
١٤٨– الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين، المحور الرابع: اتجاهات نقد الشعر العربي المعاصر. (ظواهر تعبيرية في شعر الحداثة – د.محمد عبدالمطلب) اعداد عائد خصباك، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٩.
١٤٩– الشعر و اللغة، د.لطفي عبد البديع، مكتبة النهضة المصرية، ط (١)، ١٩٦٩.
١٥٠– شعرية الأنزياح– دراسة في شعر محمد على شمس الدين، أميمة الرواشدة، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان، ٢٠٠٥.
١٥١– شعرية الأنزياح، د.خيرة حمرة العين، دراسة في جمال العدول، دار اليازورى، ط١، عمان – الاردن، ٢٠١١.
١٥٢– الصورة الأدبية، د.مصطفى ناصف، دار الاندلس، بيروت – لبنان، بدون تاريخ.

١٥٣- ظواهر الاسلوبية في شعر بدوي الجبل، عصام شرتح، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
١٥٤- العلاماتية و علم النص، د.منذر عياشي، مركز الأنماء الحضارية، دمشق، ٢٠٠٩.
١٥٥- علم الأسلوب مبادئه و أجراءاته، د.صلاح فضل، دار الشروق، ط١، القاهرة، ١٩٩٨.
١٥٦- علم الدلالة، أحمد مختار عمر، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٦.
١٥٧- علم العنونة (دراسة تطبيقية)، عبدالقادر رحيم، دار التكوين، ط.١، سوريا، ٢٠١٠.
١٥٨- العمدة في صناعة الشعر ونقده، ابن رشيق (أبو الحسن بن رشيق القيرواني)، تحقيق: د. مفيد قحيمة، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ١٩٨٣.
١٥٩- العنوان و سيموطيقا الاتصال الادبي، د.محمد فكرى الجزار، الهيئة المصرية العامة الكتاب، القاهرة، ١٩٩٨.
١٦٠- في الأسلوب الأدبي، د.علي بو ملحم، دار و مكتبة الهلال، بيروت – لبنان، ٢٠٠٨.
١٦١- في الشعرية،د.كمال أبوديب، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٧.
١٦٢- في النقد و النقد الألسني، د.ابراهيم خليل، منشورات امانة عمان الكبرى، ٢٠٠٢.
١٦٣- قضايا الشعرية، رومان ياكوبسن، ت: محمد الولي و مبارك حنون، ط١، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨.
١٦٤- كتاب المنزلات، طراد الكبيسي، ج.٢، منزلة النص، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٥
١٦٥- لغة الشعر (دراسة في الضرورة الشعرية)، د.محمد حماسة عبداللطيف، دار الشروق، ط (١)، ١٩٩٦.
١٦٦- اللغة الشعرية (دراسة قي شعر حميد سعيد)، محمد كنوني، ط. ١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٧.
١٦٧- اللغة في الأدب الحديث (الحداثة و التجريب)، جاكوب كورك، ت: ليون يوسف و عزيز عمانوئيل، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٩.
١٦٨- المحور التجاوزي في شعر المتنبي، د.أحمد على محمد، دراسة في النقد التطبيقي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٦.
١٦٩- مدخل الى علم الاسلوبية و البلاغة العربية، سحر سليمان عيسى، دار البداية، عمان – اردن، ٢٠١١.

١٧٠- محاضرات في علم الدلالة، د.نوارى سعودي أبو زيد، عالم الكتب الحديث، الاردن، ٢٠١١.
١٧١- المدخل الى علم الألسنية الحديثة، د.جرجيس ميشال جرجيس، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، بدون تاريخ.
١٧٢- معايير تحليل الاسلوب، ميكايل ريفاتير، ت: د.حميد الحمداني، منشورات دراسات سميائية لسانية (دراسات سال)، ط:١، ١٩٩٣.
١٧٣- مفاهيم الشعرية، حسن ناظم، المركز الثقافي العربي، ط١، ١٩٩٤.
١٧٤- مفاهيم في الشعرية (دراسات في النقد العربي القديم)، محمود درابسة، دار جرير، ط:١، الأردن، ٢٠١٠.
١٧٥- مقالات في الأسلوبية، د. منذر عياشي، منشورات اتحاد الكتاب العرب ١٩٩٠.
١٧٦- مقدمة في النظرية الأدبية، د. عبد المنعم تليمة، دار العودة، بيروت، ط.٢، ١٩٧٠.
١٧٧- النزعة الكلامية في اسلوب الجاحظ، ڤيكتور شلحت، ط (٣)، دار المشرق، بيروت — لبنان، ١٩٩٢.
١٧٨- نظرية الأدب، تيرى ايغلتون، ت: ثائر ديب، دار المدى، ط١، سورية، ٢٠٠٦.
١٧٩- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلون، ت: سعيد الغانمي، ط١،دار الفارس، بيروت — لبنان، ١٩٩٦.
١٨٠- النظرية البنائية في النقد الادبي، د.صلاح فضل، دار الشروق، القاهرة، ١٩٩٨.
١٨١- نظرية الشعر عند الفلاسفة المسلمين، د.ألفت كمال الروبى، دار التنوير، بيروت، ٢٠٠٧.
١٨٢- النظرية الشعرية، جون كوين، ترجمة و تقديم وتعليق، د.أحمد درويش، دارغريب، القاهرة، ٢٠٠٠.
١٨٣- نظرية النقد الأدبي الحديث، د.يوسف نور عوض، دار الأمين، القاهرة، ١٩٩٤.
١٨٤- النقد التطبيقي و الموازنات، د.محمد الصادق العفيفي، مكتبة الخانجي، مصر، ١٩٧٨.

**ب- فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا:**

١٨٥- فەرهەنگی شيرين (عربى - كوردى)، فازل نيزامەدين، سلێمانى، چ ٤، دەزگاى سەردەم، ٢٠٠٧.

١٨٦- لسان العرب، لأبن منظور، للأمام العلامة ابى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظورالأفريقى المصرى، دار صادر، بيروت، مجلد ١٣، ط ٤، ٢٠٠٥.
١٨٧- معجم الصحاح، للأمام اسماعيل بن حماد الجوهرى، دار المعرفة، بيرو ت- لبنان، ط٣، ٢٠٠٨.
١٨٨- معجم المصطلحات الادب، مجدى وهبة، مكتبة لبنان - بيروت، ١٩٧٤.
١٨٩- معجم المصطلحات البلاغية و تطورها، د.أحمدمطلوب، المجمع العلمي العراقي، ١٩٨٧.
١٩٠- معجم مصطلحات الادبية المعاصرة، د.سعيد علوش، دار البيضاء، بيروت، ط١، ١٩٨٥.
١٩١- معجم مصطلحات الادبية، ابراهيم فتحى، المؤسسة العربية، تونس،١٩٨٦.
١٩٢- معجم مصطلحات العربية في اللغة و الأدب، مجدي وهبة و كامل المهندس، مكتبة لبنان، بيروت، ط.٢، ١٩٨٤.

**پ- گۆڤار و ڕۆژنامە:**
١٩٣- الأسلوبية و النص الأدبي، حسين بوحسون، مجلة الموقف الأدبي، ع:٢٧٧، تشرين الأول ٢٠٠٢.
١٩٤- الأنزياح في شعر حاجى قادركويى، پ. د.ظاهر لطيف كريم، مجلة سردم العربى، ع ٩، ٢٠٠٥.
١٩٥- الحداثة، السلطة، النص، د.كمال أبو ديب، مجله فصول، القاهره، مجلد ٤،ع ٣، ١٩٨٤.
١٩٦- لماذا النص الموازي؟ جميل الحمداوي، مجلة الكرمل، ع. ٨٨ - ٨٩، ٢٠٠٦.
١٩٧- النص الموازي للرواية (استراتيجية العنوان)، شعيب الحليفي، مج. الكرمل، ع ٤٦، ١٩٩٢.

**ت- نامەی ئەکادیمی (ماستەر و دکتۆرا)**
١٩٨- الأنزياح في شعر ذي الرمة دراسة الاسلوبية، هاژە عباس علي، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية اللغات، ٢٠٠٥.
١٩٩- الأنزياح في شعر نزار قباني، محمود عبد المجيد عمر، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين - أربيل، كلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠١٢.

٢٠٠- البحث الدلالي في كتاب سيبويه، دلخوش جارالله حسين، أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين - كلية الاداب، ٢٠٠٣.
٢٠١- البنية الايقاعية في شعر الجواهري، مقداد محمد شاكر، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين - أربيل، كلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠٠٧.
٢٠٢- البنية الشعرية في مسرحيات محيي الدين زنگنه، باوەدين كريم مولود، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، كلية اللغات، ٢٠٠٦.
٢٠٣- التفكير الأسلوبي عند ريفاتير، مونية مكرسي، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر - باتنة - الجزائر، كلية الاداب و العلوم الانسانية،٢٠١٠.
٢٠٤- دلالات البناء الأيقاعي في الشعر، شاهۆ سعيد، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ١٩٩٩.
٢٠٥- شعرية الأسلوب الرؤيوية في خطاب محمود البريكان، طاهر مصطفى علي، رسالة دكتورا، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين - أربيل، ٢٠٠٥.
٢٠٦- ملامح سريالية في شعر أدونيس و صباح رەنجدەر - دراسة مقارنة-، سرور حسن محمد، رسالة ماجستير، كلية االلغات، جامعة السليمانية، ٢٠١٠.

**ج- سایت و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان:**

٢٠٧- الانزياح و اللغة الشعرية، ريمة الخانى،
http//www.omferas.com/vb/archive/index.php/t-15461.html
٢٠٨- الشعرية اللسانية و الشعرية الأسلوبية، محمد القاسمي،
http//www.algabriaabed.net/n kasimi.
٢٠٩- نظرية الأنزياح من شجاعة العربية الى الوظيفة الشعرية، د.فتيحة كحلوش، مجلة علوم الأنسانية، السنة السابعة، العدد (٤٣)، خريف، ٢٠٠٩،www.ulum.nl.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی**
**أ- کتێب:**

210- Linguistic Guide to English Poetry (GEOFFRY N. LEECH) London and New york LONGMAN1969

**ب- فەرهەنگ:**

٢١١- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی - کوردی)، سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٩.
٢١٢- فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی - کوردی)، ئیحسان عەلی، چ٧، ٢٠٠٧.
٢١٣- قاموس المورد (أنجليزى - عربي)، منير البعلبكى، بيروت - لبنان، ط.٣، ١٩٧٠.

214-Crystal A Dictionary of Linguistics & Phonetics David Fifth Edition 2003.
215-Oxford Advanced Learners Dictionary 8th Edition 2010
216-Aglossary Of Literary Terms 7th Edition K. M. H.ABRAMS 1990.

**پ– سایت و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان:**

217-http:// writing hood.com/ Style /grammar / Principles – of – Stylistics.
218 – http://edu- clg.kufauniv.com ،Deviations in English Poetry

# پاشکۆ

## پاشکۆی لادانە وشەییەکان*

### ١- وشەی فەرامۆشکراو**

| | |
|---|---|
| - کەریم دەشتی | ١- خنە: خنۆکە، ٢- جوزام: نەخۆشییەکی پێستییە (حساسیە) |
| - قوبادی جەلیزادە | ١- دارساون: پەلاماردان، ٢- گالّ دەدەم: دادەخەم، ٣- سواندە: ئەستووندە، ٤-حەل: دەمکات |
| - سەباح ڕەنجدەر | ١- لەخۆگەڕاوە: بەتەمەن داچووە، ٢- بەرەواژی: بەراوپشت، ٣- شەولەبان: باگردان، ٤- ئاوەسۆ: ئاوی زوخاو، ٥- لەمەچێتر:جنۆکە، ٦- گلّوازە: هەنجیری وشکراو، ٧- گەز: مەتر |
| - شێرکۆ بێکەس | ١- سەرا: خانووی حکومی، ٢- قشلّە: قەلآت، ٣- بازەولێدراوە: جۆرە شێوازێکی دوورینە، ٤- خم خۆرکیّ: زەوی خراو بە زەلکاو |
| - ئەنوەر مەسیفی | ١- بۆنسۆ: بۆنێکی ناخۆش، ٢- هوڕەبا: گڕە، ٣- پێخوست: هاتوچۆ، ٤- عەیامەکە: سەردەمانێکە، ٥- زی: یەخە، ٦- چیخ: پەرژینی قامیش، ٧- لەمەچێتر: جنۆکە، ٨- سۆل: پێلآو، ٩- گاشەبەرد: بەردی گەورە، ١٠- قەپووچکە: سەریەکلآو، لووتکە،١١ - قۆپ: کەیکە شاخ، ١٢- |

* لە لێکدانەوە و دیاریکردنی واتای وشەکان، جگە لە سوود وەرگرتن لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی کوردستان و پەراوێز و فەرهەنگۆکی کۆ شیعرەکان، سوودمان لە زانیاری (١- پ.ی.د.ئیبراهیم قادر جاف، مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنیاتی زانکۆی سەلآحەدین - هەولێر. ٢- پ.ی.د سەباح ڕەشید، پسپۆڕ لە وشەسازی و پراگماتیک، لە زانکۆی ڕاپەڕین) وەرگرتووە.

** ئەو وشانەی لەلایەن زیاتر لە شاعیرێك بەکارهاتوون و هەمان واتایان هەیە، تەنیا یەکجار واتاکەمان نووسیون، ئەو وشانەی واتاکەشمان نەنووسیوون، نە لە فەرهەنگ و نە لای ئەو کەسانەی زانیارییمان لێوەرگرتوون، دەستمان نەکەوتن.

| | |
|---|---|
| | گەڕاپێچــــە:لوولدان، ١٣- بـــــەخۆوە: چوارشــــانە، ١٤- چۆلگەنە:ساراو بیابان. |
| عەبدوڵڵا پەشێو | ١- سندم: کۆت، ٢- کژ: وەرز، ٣- ئاو و هەروا، ٤- پەژمردە: سیسهەڵاتوو، ٥-سۆل: پێڵاو، ٦- گەردن کێـل: گـەردن بـەرز، ٧- قنیات: قەناعەت |
| نەوزاد رەفعەت | ١- بەدووم: شووم، ٢- بەڵەد:شارەزا، ٣- بێ ئەنوا:بێ پەنا، |

**٢- داهێنانی وشە**

| | |
|---|---|
| - عەبدوڵڵا پەشێو | ١- کێویلە: کێوی، ٢- تیرێژێك: درێژایی، ٣- دوو پێیـەکم: مرۆڤ، ٤- چاو برێژی: چاوڕشتن، ٥- دڵێژگە: دڵـی بچـووك، ٦- ماڵنووسـتنان: نووسـتی مـاڵان، ٧- تاقچـکەی: تـاقی بچـووك، ٨- ڕۆحئـەنگێو: رۆحبـەر، ٩- گـورگزادە: نـەوەی گورگ، ١٠- هەڵەبجەخنکێن: گازی کیمیاوی، دوژمنی کیمیا بەکارهێنەر |
| - موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ١- شاباس: باسی سەرەکی، ٢- شاباخچە: باخچەی چـاك، باخچەی گـەورە ٣- سـتەمگەری: سـتەمکردن، ٤- ئەسـپی درۆ: درۆی گـەورە، ٥- وەرزی شـین: گریـان، ٦- هــەوری بۆر: بارودۆخی خراپ، ٧- سمکۆڵانیە: سم کوتان لە زەوی، ٨- قەبرغە: لاپەراسوو، ٩- کڕنووشـگە: شـوێنی کڕنـوش، ١٠- پیرەوشە: پەندی پێشینان، ١١- پـیلان چـنین: پـیلان گێڕان، ١٢- هەنگویناویی: شیرین، رەنـگ هـەنگوینی، ١٣- وشکە وەرز: وشکەساڵی، پایز |
| ئەنوەر مەسیفی | ١- خۆراو: تیشکی خۆر، ٢- ماڵنووستنان: نووستی مـاڵان، ٣- خراپگە: شوێنی شتی خراپ، ٤- شەوبا: بای شەو، ٥- کوپەژن: ژنی خڕو پان، ٦- بە خووس: زوقم، ٧- لاق جۆ، ٨- قەبرفرۆشـان، ٩- بزنـدار: خـاوەن بـزن، ١٠- ڕدێـن خوری: ڕدێن سپی، ڕدێنی زۆر. |
| شێرکۆ بێکەس | ١- گۆڕیچـە: گـۆڕی بچـووك، ٢- دەنـووك کـراو: دەنـووك بڕدراو، ٣- دڕکەز: دڕکاوی، ٤- سـیخناخ: لێـوان لێـو، ٥- پەیاغ، ٦- مەتەرێز: سێرە، ٧- جابنێز: جۆرە تفەنگێکە. |

| | |
|---|---|
| – سەباح ڕەنجدەر | ١– دار شەخسەکان: داری سەرمەزاری پیاوچاکان، ٢– نهێنیبین: پەیامبەر، ٣––قلیمقاس: قەڵاندۆشە، ٤– تکەی تیزاب: دڵۆپە تیزاب، ٥– پاڵەوانباز: مەیدانخوازی، ٦– وجاغڕوون: ئەو کەسەی منداڵ و نەوەی هەیە،٧– تەمەنکشاو: تەمەن درێژ، ٨– دڵ ئاگا: دڵ بەئاگا، وریا، ٩– چلوان:چلەی زستان، ١٠– جوانەکیژ: کچی لاو و جوان، ١١– جۆگەوان: جۆگە ڕێکخەر، ١٢–گیانباز: ١٣– خوێنی گێلاس: شەربەتی گێلاس، ١٤– پایپی پاشا: سەبیلی تووتن، ١٥– پەیتوون: گالیسکە، ١٦– پاقژگە: شوێنی پاکبوونەوە، ١٧– لارە مل: مل خوار، ١٨– ماسیەوان، ڕاوچی ماسی، ١٩–مامزگر: ڕاوچی مامز. |
| قوبادی جەلیزادە | ١– پووشین: جۆرە سەرپۆشێکە، ٢– هەڵدەشاخێ: بە شاخدا هەڵدەگەڕێ، بەربوونەوە لە شاخ، جنێودان و هەڵمەت بردنەسەر ٣– جامبێزاران: بێزاربوون لە گیانی خۆ، ٤– نەرمەغار: غاردانی ئەسپ بە هێواشی، ٥– شابەژن: بەژنێکی درێژ، ٦– زەوی کوژە: ملە. |
| کەریم دەشتی | ١– فەرشیلە: زەوی فەرشکراو، ٢– کاڵفام: کەم تێگەیشتوو، ٣– گورمیلە: خۆخڕکردنەوە، ٤– ماسیلە: ماسی بچووک. |

**٣– لادانی شێوەزاری**

| | |
|---|---|
| کەریم دەشتی | ١– هەوك: قورگ، ٢– کێشکە: چۆلەکە، ٣– کەڤراو: جۆگە بەفر، ٤– مز: مس، ٥– دەولکە: سوراحی، ٦– ئاڵتوون: زێڕ، ٧– کەسك: سەوز، ٨– گاڵ: داخستن، ٩– کەفچەڕ: کەفێکی زۆر، ١٠– جەحێلی: گەنجییەتی، ١١– ئاور: ئاگر، ١٢– خەناوکە: ملوانکە. |
| – قوبادی جەلیزادە | ١– قژ: پرچ، ٢– دەبێژم: دەڵێم، ٣– دەنوێ: دەخەوێ، ٤– بارتەقای: بەئەندازەی، ٥– پەنگر: پشکۆ، ٦– پەز: مەڕ، ٧– بەژن، باڵا، ٨– کەینێ: کەی، ٩– نەشۆردبێ: نەشووشتبێ، ١٠– خەناوکە، ١١– ردێن:ریش، ١٢– مامز: ئاسك، ١٣– |

| | |
|---|---|
| | کوێندەر:کوێ، ١٤– مەزن: گەورە، ١٥– عەرد: ئەرز، ١٦– پەلك: گەڵا، ١٧–گەروو: قوڕگ، ١٨– ئەمن: من، ١٩– بەتەنێ: بە تەنیا، ٢٠– ئەنگوستەچاو، ٢١– تخووب: سنوور، ٢٢– کسۆك: سەگ، ٢٣– لەیلووك: جۆلانە، ٢٤– دۆتمام: کچەمام، ٢٥– گرمژنە: حساسیەی گەرما، ٢٦– کێرد: چوقۆی گەورە، ٢٧–مشکی: خۆڵەمێش |
| – سەباح ڕەنجدەر | ١– گوفەك: شوێنی زبڵڕێشتن، ٢– کیها: کامە، عارد، ٣– ڕۆخ: کەنار، ٤– کیژ: کچ، ٥– ڕەژوو: خەڵووز، ٦– گەمە: یاری، ٧– زەرتك: زەردوویی، ٨– پەلك: گەڵا، ٩– مزگەفت:مزگەوت، ١٠– جەمەدانی: جامانە، ١١– تازیە:پرسە، ١٢–مەگێرانی: بێزوو، ١٣– شە: شانە، ١٤– جغارە، ١٥– قوشکاغەز: کۆلارە، ١٦– بالیف سەرین، ١٧– عەلاگە، ١٨– خاولی: پەشتەماڵ، ١٩– پوولەکە: پوولەکەی کراسی ئافرەت، ٢٠– پۆرگ: بلۆق، ٢١– دەرۆزکەر:سواڵکەر، ٢٢– تفر، ٢٣– قرپۆك: لاواز، ٢٤– بەژن، ٢٥– پەنگر، ٢٦– پشکفت، ٢٧– بزر، ٢٨– غار:راکردن، ٢٩–کەپوو: لووت، ٣٠– چێورمە: شوورە بەردی دەوری گۆڕ، ٣١– ئەوی دی، ٣٢–پاگژ: خاوێن، ٣٣– گۆپاڵ: گۆچان، ٣٤– دووگرد: بەرماڵ، ٣٥– چێشتەخەو: خەوی بەیانیان، ٣٦– گەچڵاو: لۆچاوی، ٣٧– داوەت: شایی، ٣٨– برادەر: هاوڕێ، ٣٩– قرێژ: چڵك، ٤٠– ئەشکەفت، ٤١– کەڵە باب: کەڵە شێر، ٤٢– قادرمە: پلیکانە، ٤٣– تەشقەڵە: شەڕییێفرۆشتن |
| – موحسین ئاوارە | ١– کۆر: کوێر، ٢– گوفەك: زبڵخانە، ٣– زگ:سك، ٤– کوارگ: قارچك، ٥– خر: هەموو. |
| – شێرکۆ بێکەس | ١– مشکی:خۆڵەمێش، ٢– سنگێوە: سنگییەوە، ٣– گەڕەك:جارێك، ٤– خڕ: هەموو، ٥– پەلك، ٦– گەروو، ٧– مڵە، ٨– خڕکە: بەردی خڕ،٩– بالیف، ١٠–ڕاکە، ١١– تەرزە: تەزرە |
| – ئەنوەر مەسیفی | ١– زیندی، ٢– تەزرە، ٣– ئاقاری: دەشت، ٤– بەشکەم: بەڵکو، ٥– پەنگر، ٦– کێشکە، ٧– وێکرا: بەیەکەوە، ٨– |

| | |
|---|---|
| | خانی: خانوو، ٩- کیژ، ١٠- دەبدەبە: میزڵدانی منداڵان، فوودانە، ١١- ڕەشمار: ڕەشماڵ، ١٢- دەسێتەوە: دەحەسێتەوە، ١٣- جغارە، ١٤- کۆر: کوێر، ١٥- خنۆك: قورقوراگە، ١٦- ئاور: ئاگر، ١٧- زی: یەخە، ١٨- قۆرت: چاڵ، ١٩- کێل کەوە: بەرزکەوە، ٢٠- مزگەفت، ٢١- هیشکایی: وشکایی، ٢٢- هێسك، ٢٣- گاشە بەرد: بەردی گەورە، ٢٤- چونکێ،٢٥- پۆلی: پشکۆ، ٢٦- چادان، ٢٧- واگا: بە ئاگا، ٢٨- چۆلگەنە: شوێنی چۆل، ٢٩- کەسك: سەوز، ٣٠- سەوییە، ٣١- گوشە: هێشوو، ٣٢-چەتوون: ڕەزیل، ٣٣- قرێژ، ٣٤- زگ پڕ: دووگیان، ٣٥- دژوون: بە چڵك، ٣٦-جغارە، ٣٧- ڕەژوو: خەڵووز، ٣٨- کۆرە، ٣٩- قۆدی: قووتوو، ٤٠- خڕکە: بەردی خڕ، ٤١- کەپوو: لووت، ٤٢- هەوی، ٤٣- خاکەناس: بێل، ٤٤- پەلك، ٤٥- چاك: باش. |
| - موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ١- زار: دەم، ٢- زوڵف: پرچ، ٣- بڵند: بەرز، ٤- مست، ٥- ڕۆدەنیشت: دادەنیشت، ٦- کوچکە: بەرد، ٧- غار. |
| - عەبدوڵلا پەشێو | ١- هێسك: ئێسك، ٢- زەنگۆ: ئاوزەنگی، ٣- خڕ: هەموو، ٤- ئاخافتن، ٥-بەژبڵند: بالابەرز، ٦- هەسپ، ٧- کیژ، ٨- قامك: پەنجە، ٩- کۆك: جوان، شەنگ، ١٠- تالۆکە: بەپەلە، ١١- بالیف: سەرین، ١٢- بێژە: گووتن، ١٣- دیرۆك: مێژوو،١٤- باوێژە:بیهاوێ، میوەیەك با بەریداتەوە، ١٥- نەوخیزە، ١٦- هەوك: قورگ،١٧- پشکەئاو: دلۆپەئاو. |
| نەوزاد ڕەفعەت | ١- ئەوك: قورگ، ٢- پشك: دلۆپە، ٣- تووك:دوعای خراپ، ٤- داییسێ: دگیرسێ، ٥- ستران: گۆرانی، ٦- قامك: پەنجە، ٧- کناچە: کچ، ٨- کەڤر: بەرد، ٩- گراوی: دۆست، ١٠- گۆلم: مشت، ١١- گەچران: ژاکان، ١٢- هەمێز: ئامێز. |
| جەمال شارباژێری | ١- گەز: مەتر، ٢- قابلەمە: مەنجەڵ، ٣- پەلك: گەڵا. |
| فەرید زامدار | ١- بەژن: بالا، ٢- هەوك: قورگ ٣- مێش هەنگوین: هەنگ، ٤- نەینۆك: ئاوێنە، ٥- گوفەك: شوێنی زبڵ. |

**٤- وشەی بێگانە**

| | |
|---|---|
| - عەبدوڵڵا پەشێو | ١- گرامەر: رێزمان،٢- قوتب: جەمسەر |
| - قوبادی جەلیزادە | ١- عەسا: گۆچان، ٢- ماشێن: ئۆتۆمبێل، ٣- خەت، هێڵ، ٤- موستەحیل: ئەستەم. |
| - کەریم دەشتی | ١- وەجد:حاڵەتێکی سۆفیانەیە دوایین پلەی گریان، ٢- ئەشك: فرمێسك، ٣- قەرار: بڕیار، ٤- مەلەکوت: فریشتەی گیانکێش |

**هاوتەریبی رستەیی تەواو**

بۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ | غەریبی | من | دەگری |
| بۆ | تەنیایی | خۆی | دەگری |

ئامراز+ ئاوەڵناو+ جێناو+ کار [٩:٩٣]

| | | | |
|---|---|---|---|
| دادی | قژی | ژاکاوی | تۆ |
| دادی | دڵی | شکاوی | تۆ |

ئاوەڵناو+ ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو+ جێناو، [٩:١٢٣]

| | | |
|---|---|---|
| تەنیا تۆی | کەشتیوان | نەبێ |
| تەنیا تۆی | شەوبێدار | نەبێ |

نیهاد + تەواوکەر+ کاری بێهێز [٩:١٦٧]

| | |
|---|---|
| دار | سووربووە |
| بەرد | سووربووە |

نیهاد+ گوزارە[٣:١٥٤]

| | | |
|---|---|---|
| ئەو | لەسەر | پشت |
| ئەو | لەسەر | دەم |

جێناو + ئاوەڵکار + ناو [٧:١٥٤]

| | | |
|---|---|---|
| لەگەڵ وشەدا | رێ | ئەگرێ |
| لەگەڵ وشەدا | رێ | ئەبرێ |

تەواوكەری بەیاریدە+ ئاوەڵكار+ كار [٧:١٧٦]

| | |
|---|---|
| خەوێكی | چەندە گرانی |
| خەوێكی | چەندە شیرینی |

نیهاد + گوزارە [٥:١٧]

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوی ڕەش | دێت | هیچ | دەنگ مەكە |
| ئاوی زەرد | دێت | هیچ | دەنگ مەكە |
| ئاوی سەوز | دێت | هیچ | دەنگ مەكە |

بكەر + كار ........ئامراز + كار [٢:٣٨]

| | | |
|---|---|---|
| تادێ | چراكان | كز دەبن |
| تادێ | خانووەكان | ڕۆدەچن |

ئاوەڵكار + ناو+ كار [١٠:٥٨]

| | |
|---|---|
| لە كۆمەڵێ | خەمی ئاڵۆز |
| لە كۆمەڵێ | خەمی پیرۆز |

تەواوكەری بە یاریدە + ئاوەڵناوی لێكدراو [١٠:١٦٠]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تۆ | هەموو | شتێكی خۆت | دا | بە من |
| من | هەموو | شتێكی خۆم | دا | بە من |

جێناو + ئاوەڵكار + تەواوكەر + كار + تەواوكەری بە یاریدە[٦:١٤٨]

| | |
|---|---|
| لە چاوی تۆدا | جەنگەی بەهارە |
| لە چاوی مندا | چلەی زستانە |

تەواوكەری بە یاریدە + تەواوكەری كارە ناتەواو [١٣:٨٤]

| | | |
|---|---|---|
| بۆ هاواری | خۆم | دەگەڕێم |
| بۆ هاواری | خۆم | ڕادەكەم |

تەواوكەری بە یاریدە + جێناو + كار[٥٠:٢١٥]

| | | |
|---|---|---|
| خۆم | وەك | جاران |
| خۆم | وەك | ئێستا |

جێناو + ئامراز + ئاوەڵکار [٥٠: ٣٤١]

| | |
|---|---|
| ئەوەی | دەبینرا |
| ئەوەی | دەبیسترا |

جێناوی نیشانە + کار[٧٧: ٣٣٨]

| | | |
|---|---|---|
| مرۆڤەکان | وایان | پێ خۆش بوو |
| تەیرەکان | وایان | پێ خۆش بوو |

نیهاد + تەواوکەر + تەواوکەری کار[٧٧: ٣٤٠]

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم: چەمکی لادان و ڕەخنەی ئەدەبی کورد** | ٩ |
| **تەوەری یەکەم: چەمکی لادان** | ٩ |
| ١-١-١: لادان لە ڕووی زمان و زاراوە | ٩ |
| ١-١-٢: پێوەرەکانی لادان | ١٩ |
| ١-١- ٣: ئەرکەکانی لادان | ٣٣ |
| ١-١-٤: جۆرەکانی لادان | ٤٠ |
| **تەوەری دووەم: چەمکی لادان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا** | ٥٧ |
| ١-٢-١: لە ڕووی زاراوەوە | ٥٧ |
| ١-٢-٢: چەمکی لادان لە دیدی نووسەر و ڕەخنەگرانی کورددا | ٦٧ |
| ١-٢-٣: لە ڕووی جۆرەکانی لادان | ٧١ |
| ١-٢-٤: پێوەرەکانی لادان | ٨٩ |
| **بەشی دووەم: لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکاندا** | ٩١ |
| پێش باس | ٩١ |
| **تەوەری یەکەم: لادان لە ئاستی وشەدا** | ٩٧ |
| ٢-١-١: داهێنانی وشە | ١٠٠ |
| ٢-١-٢: وشەی پەراوێزخراو | ١٠٣ |
| ٢-١-٣: کرتاندن | ١٠٥ |
| ٢-١-٤: لادانی شێوەزاری | ١٠٧ |
| ٢- ١-٥: بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە | ١١١ |
| ٢-١-٦: تێکدانی ڕۆنانی بەربڵاو | ١١٣ |
| ٢-١-٧: بەکارهێنانی وشەی بێگانە | ١١٥ |
| **تەوەری دووەم: لادان لە ئاستی ڕستەدا** | ١١٨ |
| ٢-٢-١: کرتاندن | ١٢٠ |
| ٢-٢-٢: پاش و پێش خستن | ١٣٠ |
| ٢-٢-٣: بە لووتکە کردن | ١٣٤ |
| ٢-٢-٤: تێکدانی ڕۆنان و شێوەی باوی ڕستە | ١٣٦ |
| ٢ -٢-٥: هەڵەی ڕێزمانی | ١٣٨ |

٢-٢-٦: ڕستەی ناتەواو ١٤٠
٢-٢-٧: هاوتەریبی ڕێزمانی ١٤٣
**بەشی سێیەم: لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکاندا** ١٤٩
پێش باس ١٤٩
٣ -١: جۆرەکانی لادانی واتا ١٥١
١- زیادەگوتن ١٥٢
٢- پارادۆکسی ١٥٣
٣- دانەپاڵ ١٥٦
٣-٢: میکانیزمەکانی لادانی واتایی ١٧٢
١- لێکچواندن ١٧٣
٢- خواستن ١٧٦
٣-٣: ئەدگارەکانی لادانی واتایی ١٧٩
أ- ڕەمز ١٧٩
ب- تەمومژی واتایی ١٩٨
**بەشی چوارەم: هەندێك جۆری تری لادان** ٢٠٥
٤-١: لەسەر بنەمای بونیاتی دەق ٢٠٥
٤-١-١: لادان لە بونیاتی دەرەوەی دەق ٢٠٥
٤-١-٢: لادان لە بونیاتی ناوەوەی دەق ٢٣٥
٤-٢: لەسەر بنەمای داهێنان و بەکارهێنان ٢٧٠
٤-٣: لەسەر بنەمای ئێستێتیکا ٢٧٦
ئەنجام ٢٨٣
بیبلۆگرافیا ٢٨٧
پاشکۆ ٣٠٢